# گەماڵ

خوسرەو جاف

# گـەمـاڵ

ڕۆمـان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هـەولێر – هـەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

خوسرەو جاف
گەماڵ – ڕۆمان
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٦٤
چاپی دووەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٢٣ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: چرا کاوە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. بۆکان نووری

## گەماڵی ١٩٩٥

نووسین لە سەردەمی دەسەڵاتی دڕ و سەرکوتکەردا ئاسان نییە، ببورە کاتێك دەڵێم نووسین مەبەستم نووسینە نەك سزیاژەنێ وە شان تەکاندن.

ئەوی زانراوە لە بواری ئەدەبیاتدا رۆمان بەسەختترین بەشی ئەدەبیات دانراوە. زۆر دەمێك بوو بیرم لەوەی دەکردەوە ئازار و کوشت و کوشتاری میللەتەکەم لە رۆمانێکدا گلاڵە بکەم و بەشێوەیەك لە شێوەکان بیخەمە بەردەستی خوێندەواری کورد، زەمانێکی زۆر بەو بیرەوە دەتلامەوە، دەمزانی داوودەزگای پان بەعسیم و فاشیسەی سەردەمی سەدام حوسێن بێ هیچ رەشبگیرە، هەر لەو رۆژەی بەڵگەشی بەدەستەوە بدرێت ئەوەشم دەزانی پۆلیسی چاودێری چاپەمەنی و وردە خەفیەکانی ناو بواری دنیای رۆشنبیری ئەو کاتە کەڵەگایانە فکریان دەکردەوە و لە هیچ دەیانتاشی و وتراوە (سەد رەحمەت لە کفندز) باوەڕ بکە پۆلیسە عەرەبەکان لە چاو برێك پۆلیسی بەحیساب نووسەری کورددا بەحەوت ئاو شورابوونەوە، من نامەوێ ناوی کەس ببەم، ئەو رموزنامە ناسراوی لای زۆر کەسن و هەر هەموویان ناسراوبوون.

کاتێك راپەڕین رووی دا منیش وەك هەزاران کەس وڵاتم بەجێ هێڵا و گوزەرم کەوتە ئەو بناری ئەوروپایە و لە شاری (لەندەن)دا گیرسامەوە، ساڵێك و دوو سەرئەنجام بەناچاری گەڕامەوە شاری بەغدا (نامەوێت باسی جۆری ئەو ناچاریەی بکەم).

لەو غەریبستانەی ئەم رۆمانەم نووسیبوو، کەوتمە کەڵە کەڵەی لە چاپدانی لەلایەکی تریشەوە ترسی و تۆقیانی بەعسیشم لە دڵدا بوو دوودڵ بووم خوایا چونی بەچاپ گەیەنم دەمزانێ تام و چێژی (گەماڵ) هی ئەوەیە لە بەغدای ئەو رۆژەدا بەچاپ گەیەت ئەگینا لە دنیای ئازادا ئەو جۆرە ئەدەبیاتە زۆر لە شکۆمەندی خۆی لە دەست دەدا، سەرئەنجام بڕیاری لە چاپدانیم دا و خۆیشم بوو سەرئەنجام و ئاکامەکەشی ئامادە کرد.

(گەماڵ) کەوتە لای چاودێرێکی چاپەمەنی ناسراوی سەر بەئاسایشی ئەو وەختە

و بۆ خۆی پێوەندی پێمەوە کرد و وتی: مۆڵەت بەبڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆمانە سەد دەردە سەری بەدواوەیە نەك بۆ تۆ بەتەنیا بگرە بۆ منیش، بەڵام دەکرێ مۆڵەتی پێ بدرێت من ئەو مەترسیەی دەخەمە بەر خۆمەوە بەمەرجێك ئەوەندەم بدەیتێ.. بەگوێرەی ئەو سەردەمە و گەورەیی مەترسییەکە زۆر نەبوو.. گەماڵ بەرەڵا کرا.

یادی بەخێر خوالێخۆشبوو (محەمەد بەدری) ڕۆژێك هات و وتی: وا گەماڵم کردووە بەعەرەبی دەڕۆیتە ژێر هەزێنە و بودجەکەی؟.

وتم: بەڵێ.. بەڵام تۆیش دەڕۆیتە ژێر سەرئەنجامەکەی؟. هەردووکمان بڕیاری خۆمان دا و گەماڵ بەعارەبی درایە (ڕەقابە) مانگێك و دوو دە و ساڵێك و هەشت مانگ مایەوە تا زانیمان بەلای کێیەوە.. من بۆ خۆم ڕۆیشتم بۆ لای، هەر کە باسی گەماڵم کرد وەك گایەکی تووڕە و ئاڵۆز شاخی کرد و نەڕۆیشتە ژێری بەڵێنی بەرەڵاکردنی دەیوت: ئەگەر مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی بدەمێ ئیعدامم دەکەن.. ئیدی (گەماڵ) دیسان خوێری خوێری بێ خیوو و خاوەن مایەوە.. مانگێك و دوو و سێیە و چوار.. دووبارە یەخەم بەکابرا گردەوە.. مەسەلێکی ئەڵمانی هەیە دەڵێت: هەموو شتێك بەپارە ناکرێت.. بەڵام بەپارەیەکی زۆرتر دەکرێت..

دوای دوو ساڵ (گەماڵ) لە بەند ئازاد کرا، چەند مانگێك بەسەر بڵاوکردنەوەیدا گوزەرا چاوساقانی دەستگا کەوتنە تەقالاوە.. لیژنەی پرس و جۆیان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق پێکهانی دوای هاتوچۆی زۆر و چەندان جار (إستنطاق) و با ئەویشە بڵێم یارمەتی برێك لە برادەرە ناسراوەکانم دەستیان لە یەخەمان کردەوە.

تۆی خوێنەر.. یەك کار هەیە بیکە، ناوی ئاژێڵەکان بگۆڕە و نەختێك بەوردەکارییەوە بیخوێنەوە ئەو دەم پەنجە مۆری ئەم پێشەکیەم بۆ دەکەی.

بەهەرحاڵ جۆری تێفکرین، ڕەفتار، کردار، گفتار، ئینسان هەتاوەکو جلوبەرگ و سەرئەنجام نووسین هەر هەموو ئەوانە زەمان و جێگە و شوێن و هەلومەرج لە چۆنیەتیدا کاریە.

خوسرەوجاف

٢٠١٠/٢/٢٠ هەولێر

باوەڕ بکە کە سەری بەسەر شان و گەردنیەوە نەرم نەرم دەجوولاندەوە و تاو تاو بۆنی بەگەردن و بناگوێیدا دەکرد و هەناسەی چەند تاڵێکی خەرمانی زێڕینی زوڵفی پەرێشان و دڵنیانە چاوە زیتەکانی بەفیزەوە هەڵدەهێنایەوە و کلکی نەرم و نیان دەهەسواندە سینە و بەرۆکی خڕ و مڕ و گۆشتنیدا.. سەد خۆزگەم پێ دەخوارد.. بەناز و نیعمەتی بەڕێز و حورمەتی..

خراوم لێ تێ نەگەی.. نەکەی وا بزانی دژ بە مافی جانەوەرانم نە ئینشائەڵا بگرە خۆم بەسەر سوپوردە و کەمەر بەستەی هەر مافێکی رەوا دەزانم، بێ دەربەست لە ڕەنگ و دەنگ و رواڵەت و رەگەز، هەتاوەکو مافی مێش و مێشوولە و مەگەز..

جا ئازیز منی شەرقی دەربەدەر، راونراوی ئەملا و لای زۆری بەشەر، ئاواتخوازتن بەڕەوا دەزانم و رەوایە بەتەمای ژیانی باشتر و ئاسایشی زۆرتریم لەم دوا دواییەدا یەك دوو ساڵێکی تر لەو بناری ئەوروپایەدا دیسان خۆمم ئاوارە کرد و ویستم منیش دوور لە کێشە بۆ هەمشیە لەنگەری لێخەم و تەنیا بۆ سەردان بگەڕێمەوە لەگەڵ خۆما تەقالا و ململانێیەکی زۆرم کرد و ئاخری بریق و هۆڕی ئەوروپا و خوانی نەیانتوانی ڕام گرن و گەڕامەوە و نەمتوانی..

دەمێك بوو کەوتبوومە خولیای ئاوا رۆمانێکدا و خەو و خواردن و خەیاڵیشی گردبووە خۆ.. لە سەرەتاوە دەچوومە نێو پارك و باخچە گشتییەکاندا و بە ئاسپایی و وردەکارییەوە بیگرەوبەردە و زەبوونی دەروونیی ڕۆهەلاتی و ئاسیایی و ئەفریقایی دانشتووی سەر تەختە کورسیەکانم دەخستە ژێر زەڕەبینی

لەیەکدانەوە.. تا چەند مانگێك ئەمە کارم بوو.. لەم دوا دوایەدا نیازم بەو دور دزی هەڵسەنگاندنە نەما و بۆ خۆم چوومە ئەو پێستەوە.. هەمان موعانات، هەمان قورِبەسەری، هەمان دەربەدەری بەو هەستەوە دەستم بە گەماڵ کرد.. گەماڵ توتگەی ئەو بەرە ژانانەیە، گەماڵ شەوچەرەی تفت و تاڵی ئەو دەمەیە، گەماڵ ئاوێنەنمای شیوەنێکی بێدەنگ و ئەو خەمەیە.

لەگەڵتم.. پڕ لە دەرد و ئازارە ئەم ڕۆژگارە پڕ ئەتك و چەڵەمەیە ئەم ژینە، بەڵام لە بیرت نەچێت هەرچی بێت بەرد لە جێگەی خۆیدا سەنگینە.

خوسرەو جاف

لەندەن – ١٩٩١

# ١

– ئەم جارە وەك جارانی پێشوو نییە.. بێ ڕەحمانە هاتوون. بجووڵێ وەختی قەواڵە خوێندنەوە نییە! بمان گرن پێستمان دەکەنن.. !!

– خوا یەکە و بە دوو نابێ تا ئەم کۆڵانە دەرنەکەم جوممە ناکەم!

– قەینا نایکەی، بەڵام وەرە دەرەوە سەیرێ کە... هەر دییەو پڕووزەی دەڕواتە ئاسمانا، ئاخرزەمانە، ئاخر زەمان..! سەلمەکۆڵە مەوجێکی دا بە شاناو ویستی لە دەرگەی ژوورەکە بیباتە دەرەوە.. مەوجی هەڵئاوساو لەملا و لای دەرکە گیربوو، هــەرچی وزاقی دەدا نەیدەتوانی بیگوزەرێنێت.. قیژاندی.. بۆ حەپەساوی خۆ دەمبینی.. پاڵێکی پێوەنێ؟

فەرەج تا ئەو حەلە چنچکە بە دیار کۆڵ بەستنی سەلمەوە دۆش دامابوو هەستا و دەست و سنگی نا بە کۆڵە مەوجەوە، سەلەش چوو گاجووتێك گاسنەکەی لە بەرد گیرکا پای لە زەوی گیر کردبوو، دەماری ملی هەستابوو.. هەی زۆری بەخۆ دەهێنا کۆڵەمەوج لە دەرگە دەرپۆقییە دەرەوە، سەلمە بە دەما کەوت و لەژێر کۆڵە مەوجدا گلۆڵەبوو، لوورەی لێ هەستا:

– خوا هەڵی نەگرێت! ئەوەی وای لێ کردین ڕووڕەشی دنیا و قیامەت بێ! دیناری وەفلس نەڕوا ئینشائەڵڵا!.

فەرەج پڕی بردە مەوج و مەوجی لە کۆڵ کرد و وتی:

ریوەریو.. تا من دێمەوە بڕۆ بە دوای منداڵەکاندا سۆراخێکیان لێ بگرە... تۆ وا بکەی بە وەجاخکوێری سەر دەنێیتەوە!. سەلە وەك لە خەوێکی گران و هەراس ئەنگێز هەستێتەوە مەنگ و گێژ هەستا و لە حەوشێ هاتە دەرەوە دەستی کردە سایەبانی هەردووچاوی تا دەینواڕی زۆرتر دەمی دەکرایەوە... بە پەلە خۆی

گەیاندەوە فەرەج و دەستی لە کۆڵە مەوجی سەر شانی فەرەج گیر کرد و پەشۆکاوانە وتی:

بە قوربانت بم منداڵەکان... لە کۆڵ گەڕێ... تۆ برۆ بە دوای برایمدا و منیش ئەوانی تر..!

– نازانی برایم باخەلی بەرەو چ لایەك بردووە؟

– نەیوت باوەڕ ناکەم دوور چووبێت . هەر ها لە خوار و سەری مەزارەکەوە!!.

ئیتر فەرەج چاوەڕوانی دیسان وتنی سەلمەی نەکرد و کردی بە گاڵۆکەکەیدا و بۆی دەرپەڕی. دێ شێواو بوو بەسەریەکدا زڵلەی خەڵك و قارەی مەڕ و بزن و بۆڕەو هارەی تانك و زنجیرەکەی لەگەڵ سەرەی نێرەکەری بەرەڵلادا تێکەڵ بووبوون. هێشتا خەڵکەکەی دوودڵ بوون.. بازێك نائومێدانە شتومەکیان بە پەلە لە ماڵ وەدەر دەهێنا و لە دۆڵ – و لاپاڵی دێدا دەیانشاردەوە. بازێك سەڵت و قوڵت دەستی منداڵەکانیان گرتبوو لە دێ دوور دەکەوتنەوە.

تەقە نزیك بوو بووەوە.. ژاژوری مەتریلۆز و تۆپ و خومپارە.. دوور و نزیك دەبیسرا و دەیدا لە زەوی.. فەرەج لەوەڕگای بەرخەکانی دەزانی، پڕتاو خۆی گەیاندە لەوەڕگا. لە دوورەوە ورچە دەوەڕی، هەرچی چاوی گڕ دا نە بەرخ و نە برایمی وەدی نەکرد، ئاوڕی لە ورچە دایەوە دی خوێن بەسەر تووکی ڕانییەوە قەتماخەی بەستبوو. هێندە بە زمان لێسابوویەوە دەم و قەپۆزەی لە خوێنی خۆیدا ڕەنگین بووبوو. بە شەلەشەل تاوتاو بە دەم وەڕینەوە پڕتاو بەرەو خوار دەبوویەوە و دیسانەوە دەگەڕایەوە لای فەرەج و نووزە و قۆزەی دەست پێ دەکرد . ورچە بە زمانی بێ زمانی داستانی بۆ فەرەج گێڕایەوە. فەرەج بە هەردوو چەپۆك ماڵی بەسەریدا و بانگی لێ بەرز بوویەوە.. ئەی هەناسەی ساردم! ئەی ماڵی وێرانم! رۆڵەڕۆ!.

ئیتر وەك دێوانەیەك بێ ئەوەی سەیری بەرپای خۆی بکا بەرەو دێی هەوارە بەرزە چاو لە دوور بەقونە و هەرا وەڕێ کەوت جارجار پای لە تل و دەوەن هەڵدەکەوت و سەرەولێژ دەبوویەوە و هەڵدەستایەوە.. زۆری تر نەڕۆیشت درایە بەر

تەقە بە پەلەقاژێ خۆی گەیاندە بن گابەردێك و دەم دەم سەری وەردەهێنا و بەرەو خوار دەینواڕی.. لەگەڵ هەر سەر دەرکردنێکدا گوللەباران دەکرا.. نەیانهێڵا نە بەرەو دوا و نە بۆ پێشەوە بجووڵێتەوە.. بێ ئاگا لەوەی لە پشتەوە پارێزیان لێ هێناوە. ویستی دیسانەوە ئاورێك داتەوە لەگەڵ هەستاندا و پڕ بەدەمی وتی:

– ئای!. ئای! براڕۆ سووتام!

گل بووەوە خوارەوە، چەن چەکدار خۆیان گەیاندێ یەکێکیان رووی کردە پارێزهێنەرەکە و وتی:

– خوا بتگرێ. ئەم بێ چارەتە بەفیڕۆ بۆچی کوشت؟

لە دوورەوە گاڵۆکەکەیم بە تفەنگ زانی!.

فەرەج بە نەرمی چاوی هەڵهێنایەوە لەسەرخۆ و ژمێراو وتی:

– ئەرێ تۆ.. خوا.. م منداڵێك و چەند ب بەرخێکتان نەدیوە؟

وەڵامیان دایەوە: با ..

– منداڵەکە س ساق و

– ساقە. دڵنیابە.. هیچی پێ نەهاتووە.

فەرەج ئۆخەیەکی کرد و گەردنی بە لای چەپدا شل بوویەوە، یەکێك لە چەکدارەکان باخەڵەکانی پشکنی و هیچی تێدا نەبوو. ئنجا بە نائومێدییەوە ئاورێکی لە ورچە دایەوە و وتی:

– کوڕینە من سەگی وا زل و زەلامم لە دەمێکەوە نەدیوە. ئەگەر بۆم بکرێت بیگرم.. ڕای دەگرم. ورچە خوێنێکی زۆری لێ ڕۆیشتوبوو.. تاو و توانای کەم ببوویەوە بە زەحمەت دەجووڵا، سەری نابووە سەر هەردوو دەستی و بێ تاقەتانە دەینواڕییە لەشی بێ گیانی فەرەجدا.. کابرای چەکدار پشتوێنەکەی کردەوە و نەختێك نانی لە توێی دەرهێنا و وردەوردە لە ورچە ڕۆیشتە پێشەوە نانی پێشان دەدا و جار جاریش کوت کوتێکی بۆ دەکرد و تیکە نانێکی بۆ دەهاویژت..

ورچە لە سەرەتاوە بە گومانەوە تێی دەنواڕی. کابرا مووچە نانی خستە بەر

دەستی و لێی چووە پێشەوە و لەسەرخۆ پشتوێنی لە گەردنی بەست و دووراو دوور پشتوێنی ڕاکێشا.. لە سەرەتاوە ورچە دوو سێ جار ملی سوور دا نەرۆیشتە ژێر بار.. خەریك بوو پشتوێنەکە داماڵێنێت، کابراش دەستبەردار نەبوو.. بە زۆر و بە ڕەزا ورچەی پەلەکێش کرد.

هەر لە دوورەوە دێ درابوویە بەر تۆپ.. پێش قەرەوڵان گەیشتبوونە بەرەوە.. خەڵك دێی چۆڵ کردبوو. لەبەر دەرگە و نێو حەسارەکاندا کۆڵ و بار و بوخچە بەسەریەکەوە تۆپەڵە کرابوو، سندووقی ئاوێنەداری وێنەی دۆڵ دوڵ لەسەر لە پەلە و شپرزەییدا دەرکەکەی ئاواڵە بووبوو. با کە دەهات دەیچەرخاندەوە جیرێکی ڕیتمداری لێوە دەردەچوو تالان و چەپاو دەستی پێ کردبوو.. هەر یەك دووانێك چەند مەڕ و گا و گوێرەکەیەکی دابوو لە پێش. چەند کەسێك بەدوای مریشك و قاز و قەلدا بە کۆلانی دێدا فرتەیان دەهات بازێکیان جامانەکانیان کەوتبووە ملیان ئەگەر پێیان نەگیرایە گوللەیەکیان لێ دەدا و سەریان دەبڕی. ئەوەی ناو ماڵە بوو لە ژوورەکان هێنایانە دەرەوە، چەند کەسێکی شاپڵیتە بەدەست بە نۆرە خانووبەرەیان گڕ تێوە بەردەدا.! تانکەکان لە بەرزاییی دەوروبەری دێدا یەك و دووان رووجۆراوجۆر پەخش و بڵاو بووبوونەوە.. جاروبار بۆ خۆنوان و ترساندن تۆپێکیان بە دۆڵ و دەربەندی چیاکەدا دەتەقاندەوە لە چیادا دەتەقییەوە و دەنگی چەندان بەرانبەر دەبوو.

دووکەڵی بنمیچی سووتاو لە سنگی چیاوە ئەژدیها ئاسا لرفەی دەهات و بەرز دەبوویەوە. دووکەڵ و تەمومژی ئاسمان دەبوونە فۆرم و فۆنی تابلۆیەکی خەماویی تەماشاخانەی فەرهەنگی دوا هەناسەی سەدەی بیستەم.

## ٢

سەد هەزار جار شوکر واسەگم.. بەشەر بامایە چم بکردایە؟

زوربەی زۆری ئەم ڕەگەزە هەر چۆنێ پێی خۆشە بای دەدا و ڕای دەدا و مۆری ڕەواشی پیا دەنێ و بڕیار و یاساشی بۆ دەردەهێنێ!!

ئەو فەرەجە بەستەزمانە نەیزانی کێ کوشتی و لەسەر چیش کوژرا. دەیانگوت گالۆکەکەی دای بەکوشت. بێ چارە ئەو گالۆکەی لە دەست نەدەکەوتە خوارەوە بە دارەکەی حەزرەتی مووسای دەزانی، شەوانیش دەیخستە ژێر دەمی دۆشەکەکەی. چەندان جار گوێم لێ بووە لە تەپاوتلی شەوانەدا سەلە ئای لێ بەرز دەبوویەوە قەوچی و قونگی گالۆك لەژێر کەفەڵی و قورساییی لەشی فەرەجدا تۆپز دەبوویەوە. سەلە تاو توانای ژانەکەی نەدەبوو لە تاوا حەز و هەوەسەکەی لە بیر دەچووەوە.. گالۆك گالۆك نەبوو! شوێنی تەواوی گرێکانی یەشتا لە لەشما ماوەتەوە! خۆ من سەگێکی سەهەنە و دەخەڵیش نەبووم.. خوا عافووی کا بۆ ترساندنی ماڵ و منداڵ و جاروبار بۆ فیزیش گالۆککوژی دەکردم. هەر من بووم بەرگەم دەگرد و نەدەمردم.. ئەم بەشەرە ڕەگەزێکی سەیرن! قەت بە دوی خۆیان ناڵێن ترش.. دەڵێن دار هەڵگرە سەگی دز دیارە، ئێمەی سەگ ڕەنگە لە برساگەنە دەخەڵیەك بکەین بۆ تێربوون. با وەك من بۆ خۆم دزی و دەخەڵیم پێ چاك نەبووە و بەردەوام سەگە برسییەکانم هان دەدا تامولّی برسییەتییان هەبێت و بەرگەی بگرن. ئێستاش گالۆك بە دەستێك دەبینم خۆمم پێ ڕاناگیرێ و پەلاماری دەدەمێ.. چەند جار نان و دەرزییان پێ دام خراپم بەسەر دەهات، هەر جارێك لە کلکی دەگەڕاوە دەبوا تیا بچوومایە... بڕێك دەیانوت سەگەنازی گردووە فەرەجیش دەیزانی نان و دەرزییان پێ داوم ویژدانەن حەشری بۆ دەکردم! هەموو کات لە گرفتارییەکانما پیاوانە دەهاتە دەممەوە، کەسەگەنازم دەگرد سەلکە پیازی دەکردە ملم.. شەوانە کورتانی

دەدا بەسەرما، لەسەرم دەهات جواو، بەهەمان گالۆك چەندان جار شەڕی لەسەرم کردبوو و لەسەر من سەری عەبە تەورەی شکاند و خەریك بوو لە دێدا گۆبەننێکی گەورەی لێ بێتەوە، چاك بوو مەلای دێ – کاری راست بێ– کەوتە نێوانەوە و ئاگرەکەی کوژاندەوە. سەلە زۆرجار یەخەی پێ دەگرد، تا دەست لە گالۆك هەڵگرێ.. رازی نەدەبوو دەیگوت:

– ژنەکە تۆ نازانی.. بەبێ گالۆك ئیدارەم پێ ناکرێ، بە دەستمەوە نەبێت گێر دەڕۆمە ڕێوە. فرەبە دەرد دەخوا.. بەشەرە. هەزار شتی لە رێگە دایە.. خلیسکانە. جانەوەرە. سەگە. ئاژیڵە. کوڕە دەم هەراشە. ئیتر هەزار شت!.

– باشە گالۆك بێ بە ئاگر کوێ دەسووتێنی؟ هەر دەبێ شتێکت پێ بێت. زۆر شت هەیە هەڵی گریت.

– مەسەلەن چی؟

– چوزانم! تەزبێحە، دارجگەرەیە، دەستەسرە، کوڕە خنجەرە.. شتێکی ئاوا؟!

خوا عافووی کا بە «گەوجیی تۆ نازانیت» باسەکەی دەبڕییەوە.. تا ئاخری گالۆك کولەی کوتاو دای بە کوشت. ئێستاش ئەم خاوەنە تازەیەم بۆ خۆی کابرایەکی سەیرە. سەرێکی هەیە و هەزار سەودا. با ئەوەش بڵێم ئەشهەدو باشم راگیر دەکات.. لە جویەی گالۆك تفەنگ هەڵدەگرێ رۆژێ سەد جار تفەنگەکەی ماچ دەکات و دەڵێت:

– بابم بە قوربانت کەم ئاوا.. هەر خۆت دەزانی شت بسەلمێنیت. بەو هەموو نەخوێندەوارییەوە سازشکارێکی تاقی کراوەیە، زیرەکانە گوزەران دەکا و دەزانێت چۆن شان بتەکێنێ و لە هەلیشا بیکرێنێتەوە. ئەوەتەی خۆی کردووە بە خاوەنم و لەم (رەبیە)دا رای گرتووم زۆر شتم لێ دیوە، چەند شەو لەمەوبەر لەگەڵ دوو هاواڵیدا سەر قیرتاوەکەیان گرد و چەندان ترومبێلیان رووت کردەوە و بە سبەینێ دابەشی ئەستێرە لە شانەکەی ناو شاریشیان هەنارد و پێرێ شەویش دوو شەڵتان فیشەك و تەقەمەنییان بە دیاری هەنارد بۆ برادەران و پسووڵەی موتمانە و دڵنیاییان لە تەنکەی باخەڵ نا. بۆ چەسپاندنی کاروباری خۆی هەموو شتی لێ

دەوەشێتەوە. دوێنێ لە ژێر ساباتی ڕەبیەکەدا گوێم لێ بوو دەیوت:

– بیستوومە مشیرئاغا. بە دوای سەگێکی چاکدا دەگەڕێت. سبەی گەماڵە شەلی بە دیاری بۆ دەبەم. یەکێك لە هاوالآنی قسەی پێ بڕی و وتی:

– وەك من بزانم موشیرئاغا نوێژ دەکا و حەزی لە چارەی سەگ نییە و تازە سەگەکەی تویش شەلە و شەلێکی خراپیش.!

ئەویش دەیوت:

– دەزانم ئاغا سەگ ڕابگیر نییە، پێم وایە بۆ دیارییەتی. سەیری شەلیی گەماڵە بۆر مەکە.. قەد و قەوارە و کەڵبە و قەپۆزەیەك بەلای گەماڵە شەلەوەیە کەم بینراوە.. هەر فرەنایابە ئەوەی سەگ بناسێت بۆرەی لای منی چاو پێ بکەوێت حەیرانی دەبێ حەیران..

## ٣

– ناوت چییە؟

– ورچە..

– جا بۆ ورچە.. خۆ لە ورچ زلتری؟

– چیت عەرزکەم.. دەبوا لەوەت پرسیبا وا ناوی لێنام.

– خەڵکی کوێنەیت؟

– ئەو کەژ و کێوی دەوروبەرە!!

– چی تۆی گەیاندە لای ئێمە؟

– چ خەوەرتە کابرا؟ پیاوم خواردووە، زیانیم کردووە، وا پرسیارپێچم دەکەیت؟!

– کاکی خۆم دڵگیر مەبە. مەبەستمان تەنیا ناسینە. ئاخر ناشوکری نەبێت دەبێ پێکەوە گوزەران کەین. جگە لەوەش تا بە ئەورۆ بابەتی تۆمان نەدیوە.. لای ئێمە سەگی جۆراوجۆری هەموو بابەتمان فراوانە زل و هەراش، ریزە و بچووك هەتاوەکو وردیلانەش. ئەوی راستی بێت وەك تۆمان چاو پێ نەکەوتووە ، بەتایبەت سەروکەللە و کەڵبە و قەپۆزەت هەر فرە نایاب و دیدەنییە. لێمان مەگرە وا تێت دەنوارین.

– حەزێ دەکەن تا سبەی ئەم کاتە بنوارن.

– راستی لە تۆ زلتر و قەبەترتان تێدا هەڵکەوتووە؟

– ئەی بێ قەزا بیت لە کوێی کاری؟ من یەشتا توولەم با دوو ساڵ پرکەمەوە ئەو حەلە. بروانە!. ئەگەر مامەمت بدیایە شێت دەبوویت. لە بارینەیەك زل زەلامترە!

– کوڕە مەڵێ!؟ بە چاوی خۆم بیبینم باوەڕ ناکەم. خاوەنی پێشووی من لە ئنستیتویەکدا بوو هەرچی ڕەگەز و نەوع و رەنگی سەگ هەیە تێدا دەبینرا.. هەر یەکە پێناسی خۆی و خاك و بووم و رەنگ و دەنگ و قەد و قامەتی و تامولّی لە گۆشەیەکدا دانرابوو هەر هەموو یەکتریشیان دەناسی بابەتی تۆی تێدا نەبینرا. ناڵێی ئێوە تا ئێستا لە کوێ بووگن؟

– ڕاست دەفەرمووی ڕەگەزی ئێمەی تیا نابینرێت. بەڵام مانای ئەوە نییە نەبین.. ئەوەتەی ئەم زەوییە خولّقاوە لەو بناری زاگروسەدا ژیاوین.. ئەی ئێوە؟ لەوە نارِوات خەڵکی ئەم بنار و بوومە بن! دەکرێت بپرسم کوێنەریت؟

– بەڵێ بێگانەین.

– نەتوت ناوت چییە؟

– وەڵفی!.

– وەڵفی یانی چی؟

– ناوی فامیلیا و تیرە و تایەفەمانە.

– خەڵکی کوێن؟

– لەو بناری ئەوروپایەوە هاتووین.

– کوێیە..؟

– ئەوروپا

– ئێ ئێ.. ناوی لۆندەرەم بیستووە.. نەتوت چۆن گەیشتوونەتە ئەیرا..؟

– قیسمەت و چارەنووس

– بۆچی ئێوەی لۆندەرەیی باوەڕتان بە چارەنووسی هەیە؟

– ئەی چۆن..؟ گوایا بۆ نەمان بێت؟

– ئاخر ئێوە.. ئێوە..!!

– ئێمە چی؟

– بەباشی نازانم.. دەڵێن باوەڕتان بە زۆر شت نییە.

بگوزەرێم نەتوت چۆن گەیشتوونەتە ئەیرا؟

– خاوەنی پێشووی ئێمە وەك وتم لەگەڵ ئەم خاوەنەماندا ناسیاری هەیە و ئێمەی بۆ هەناردووە.. تۆ ئەم خاوەنی ئێستایەت دەناسی؟

– نەخێر. کاتێك بردمیانە بەر دیوانی موشیرئاغا گوێم لێ بوو دەیوت: «ئەمە ئەوەیە کاك رەسوڵ داوای کردووە. قەینا شەلە» هەر ئەوەندەی دەیناسم.. خوا بکا پیاوێکی باش بێت.

– لەوەی مەترسە. حەیف هەموو کات لەیرا نییە ئەگینا کەموکورتیمان نەدەبوو!

– بۆچی لە کوێیە؟

– دەڵێنماڵیان لە شاری بەغدایە و مانگی یەك دوو جارێك سەرێ لە شار دەدا. کە دێت دەوروبەری فرە قەرەباڵغە.. بۆ خۆی دەم لە نووسین و شاعیری دەدا. شەوانە هەر لێرە لەگەڵ برادەرانیدا کۆ دەبنەوە ئیتر مۆسیقا و گۆرانی و شیعر و سەرخۆشی و جارجاریش هەرا.

– هەرا بۆ؟

– دەکرێت شاعیر و نووسەر لەگەڵ یەکدا بخۆنەوە و سەرخۆش بن و لە یەکتر باش بخوێنن.. تامووڵ کە بۆ خۆت دەیانبینی..

لەم باسانەدا قالە چوارچاو زنجیر بە دەست هات بە ژووردا و زنجیری لە ملی یەکێك لە سەگەکان ناو بەرەو دەرەوە کێشی کرد و وڵفی وتی:

– دیارە کاك رەسووڵ بە رێگەوەیە دێ بۆ لامان؟

– چۆن دەزانی؟

– قالە هەر بزانێت کاك رەسووڵ لە هاتنە هەمووومان ئاوەڕووت دەکا و دەمانشوا. ئەم خوانەناسە ئەوەی نەیبێت ویژدانە.

– تا ئێستا بۆچی تەقەلایەکتان نەکردووە؟

– کردوومانە.. مانمان گرد.. تۆراین.. قۆزانمان.. لوورانمان.. فایدەی نەبوو..

کوڕە وەرە بمکوژە، ئەم لامەزەوە بە بەرچاومانەوە کلك و گوێی توولەکانمان لە بن و بێخدا دەبڕێت. قۆزەیان دەگاتە قوبەی ئاسمان هەرکێ بیانبیسێ.. ناو سکی دەبێتە برێشکە.. بە قۆزەیان پێ دەکەنێ.. کاکە نەخۆشە.. نەخۆش حەزی لە ئازار و ئەشکەنجەیە.

– مام وەڵفی!. لە کوێتە جارێك؟ لەم وڵاتەدا زۆر شت ماوە تا بیزانی، لای ئێمە کلك و گوێ برین ئاو خواردنەوەیە. لە مێژە فێری ئەم کلك و گوێ برینەین بۆچی گوێی براوی منتان نەدیوە؟

مام وەڵفی سەر و گوێلاکی ورچەی بە وردییەوە تێ نواڕی و ئنجا وتی:

– بۆچی؟ گوێیان بڕیوی؟

– ئەی بێ قەزابیت نەك هەر من. باو و باپیرانیشم بە گوێ براوی سەریان ناوەتەوە.

– ماشەڵڵا سەر و کەللە و قەپۆزەت هێندە زل و بە قەوارەیە و تووکنە. گوێی براوتی پێوە دیار نییە. من بۆ خۆم سەرم سڕماوە ئەم گوێیە و کلکە بۆ دەبڕن؟ سەرمایەکە.. مێش و مەگەز ڕاونانێکە .. کوڕە ئێمەی سەگ ئەگەر تاوتاو کلکمان نەخەینە سەرشانمان و گوێ قوتوو نەکەینەوە بە ژیانی نازانین. شتێك خوا داویەتی ئەمانە چ بە ئاسان بۆت دەبڕن.. داخۆ چ سوود و سەفایەکی بۆ ئەوانی تێدا بێت؟ دەڵێن خێرا دەبێت!!

– مەبەستیان لە خێرابوون دەبێ چی بێت؟ هەر کەسێك توانا و کردەوەیەکی پێ دەکرێ و لێی دەوەشێتەوە.

– لای ئێمە ئەمانە نییە. ئەوەی خێرا نەبێت کاری زارە و نانی پێ نادرێ و خوێڕی دەکرێ. خوێڕیبوون و بێ خاوەنیش لەم وڵاتەدا یانی تیاچوون!

قالە چوارچاو دیسان گەڕایەوە و زنجیری ئاواڵەی گەردنی ورچە کرد. ورچە مڕی لێ بردەوەو کەڵبەکانی بۆ وەدەرخست. قالە بە دوودڵییەوە دیسان لێی چووە پێشەوە و لەبەر خۆیەوە دەیوت:

«چغە. چغە. باوەحیز خێوە! سەیر سەیر چ لەندەهورە! بە قەد جاش قاترێك دەبێت!»

ورچە زانی ئەگەر لە ئێستاوە نەکەوێتە خۆی. ئەمیش وەك ئەوان دەستەمۆ دەکا و کڵاوی با بردوویەتی و بە فەتەراتدا رۆیشتووە.. قالە وردە وردە لێی دەچووە پێشەوە، ورچەش تا دەبوو مرەمرەکەی زۆرتر دەکرد و کەڵبەکانی بۆ دەردەخست و دوو سێ جار تێی حەپان. قالەش تا هێزی تیابوو زنجیرێکی ماڵی بە سەر و گوێلاکی ورچەدا. هەر زنجیری بەرکەوت یەکڕاست پڕی بردە قالە و هەردوو دەستی خستە سەرسنگی و قالە توانای قورسی و هێزی ورچەی پێوە نەبوو لەسەر گازەرەی پشت تەخت بوو ورچەش شانی برد بە دەما و قالە لە ژانا زریکە و هاواری لێ هەستا و دەکۆشا خۆی رزگار کا. توانا و گوڕی ورچە لەوەدا نەبوو. ژنەی قالە هاتە هاوارییەوە، دانەکانی ورچە چوار گردە کونی لە لەشی قالەدا سمی بوو، خوێن لە چۆخەکەیەوە فوارەی بەست و بە دەم ئای و ئۆیەوە لە ژوور رۆیشتە دەرەوە و لەبەر خۆیەوە دەیوت:

کێرەکەت وەدایکم سەگەشەل بۆر. ئا سەیرم کە بزانە چۆن لە گۆڕت دیەم! با کاك رەسووڵ بڕواتەوە مەرج بێت دارێکم لە حەوا بێ و یەکێکم لە سەر تۆ. باوەحیز خێوە!!

هەتا قالە دوور کەوتەوە وەڵفی و سەگەکانی دێ ناخۆئاگا بەرەو ورچە هاتن و سەری رێز و حورمەتیان بۆ تیا نەوەستاوییەکەی داهێنایەوە.

## ٤

– تکایە هەر کەسێك بە سەلامەتیی دانیشتووی بن دەستی بخواتەوە!!

– تۆ کە بۆ خۆت راوەستاوی!؟

– من بە سەلامەتیی هەر هەمووان دەخۆمەوە.

بازێك بە حاڵ و نەحاڵ تەنیا دەمیان تەڕ گرد و بازێکی تریش چۆڕچۆڕ لەلا کەلاوەیانەوە دەتکایە سەر بەرۆکیانا تەنیا کاك شوان دەستی بۆ لێوانەکەی درێژ نەکرد و هەروا زاق زاقی دەینواڕی. نەخواردنەوەکەی سەرنجی کاك رەسووڵی راکێشا و رووی تێ کرد و وتی:

– باخێکی بەسەفاو دوور لە هەرا. دەنگی بۆق و جریوە جریوەی چۆلەکەی سەر درەختان و سەگەلی جۆراوجۆر دوور و نزیك دەورەی داوین.. ئەوە دێنێ بۆ تاوێك خەم و تەمی رۆژانەمان لە بیر کەین و چەند مژێك لە مەی دەین.

– من کە ئەهلی خواردنەوەم.. بەڵام لە بن دەستی عوسمان قەڵەم کوڵدا چ دەتوانم بخۆمەوە. تازە بە سەلامەتیی ئەویش؟! بەخوا جوانە! هەر ئەمەم ماوە !

– برا.. سەختی لێ مەنوە.. شەوێکە لە شەوان.. مۆسیقا و گۆرانی و خواردنەوەیە.. وردە حیسا و هەر نەبێت ئەمشەو فەرامۆش کە و با یەکتر بە قەرز بدەین و سبەی دەستی پێ بکەنەوە!!

– کاك رەسووڵ لە کاکە شوان ناپرسیت بۆ وا دەم بێزێنێت؟

– عوسمان من تۆبم بە سەلامەتیی کاك شوان دەخۆمەوە!

– ئەی نەتدی خواردمەوە؟ وا لەسەر قسەی ئێوە دووبارەش دەخۆمەوە.. عوسمان دەستی بۆ لێوان برد و مژێکی لێ دا و وتی:

– ئەمەشی لەبەر ئێوە! باشە؟

دانیشتوان دایان لە ریزی چەپڵە. شوان و عوسمان دەمێك بوو ساردی لە نێوانیانا بەردەوام بوو. چەند جارێك لە رۆژنامە و كۆوارەكاندا لە یەكتریان خوێندبوو ئێوارە كە دانیشتن هەردووكیان بە لای یەكەوە دانا تا ساردیی نێوانیان كۆتایی پێ بهێنن. كاك رەسووڵ بۆ ئەوەی باس نەكەوێتە من من و تۆ تۆ رووی كردە كاكە فریاد و وتی:

«ئاخ بۆ هونەرمەندێك، بۆ برایێ.. ئاخ بۆ ئاوازێ بۆ نەوایێ»

كاكە فریاد بە سەلارییەكەوە عوودەكەی لە ئامێز گرد و بە پەنجە زێڕینەكانی ژێی هێنایە لەرزین. ژێ چوو ساوایەكی وێڵ لە دایك، ئارام و نەرم و نیان هاتە گریان. دانیشتوان ناخۆئاگا چوونە خلسەی روح و دەروون و ئەندێشەوە، لە پڕ چریكەیەك لە دەروونێكی گڕگرتووەوە بەرز بوویەوە:

«ساقیا! وا بادەوە، وا بادەوە»

یەكێك لە دانیشتوان زار زار چوو باوك مردوویەك بانگی گریانی لێ هەستا، هەرچی تەقەلایان لەگەڵدا دەكرد ژێر نەدەبوویەوە. برادەرێك هەڵی دایە و وتی:

لێی گەڕێن دڵی گەرمە، حەقیەتی با لە جێی هەموومان بگری!! یەكێكی تر رەگی گەردنی بەرز بوویەوە و وتی:

– دەتوانی لە جوێی تۆ بگری. لە منداڵییەوە فێرە گریانم. كەس بۆی نییە لە جوێم بگری. هەرچی نەزانم لە گریان بێگانە نیم!.

– جا چی تێدایە؟ ئەوا لە جێی ئێمەشدا گریا؟

– نە كاكە من ئەگەر بگریم نە لە ئاوا جێگەیەكدا دەگریم و نە ئاواش دەگریم.

– مامۆستا گریان گریانە؟.

– نەخێر. گریان خۆ تەنیا لووشكە لووشكەكە نییە!! مامۆستا دەڵێی كەللەت گەرم بووە!؟

– كەللەم گەرم بووە، بەڵام نە بەئەندازەیەك بیری سبەینێم پێوە نەمابێ و

لەسەر هیچ بخرێمە ژێر گاز و تاوەوە.

– ئاوەها..؟

– ئیدی بە زیادیشەوە. ماران گەزتوو لە بەنە بازەڵەیش دەترسێ!

کاک رەسووڵ لەولاوە هاتە نێو وتووێژەکەوە و وتی:

– کوڕینە! تکاتان لێ دەکەم با لە کێشە و قسە بەزۆران دانەوەوە دووربین. ڕەنگە خۆشترمان لێ بگوزەرێت!! سەگەکان لە پڕ پێکەوە کەوتنە حەپین. لە حەپەدا کەس گوێی لە قسە نەبوو، کاک رەسووڵ قیژاندی:

– قالە! ئەو سەگانە بێدەنگ کەرەوە.

قالە باوەك دەستی لە ملیدا بوو یەشتا هەر زمانی درێژ بوو.. لە دوورەوە چغە چغەی بەرزبوویەوە. جگە لە ورچە وەڕین بێدەنگ بوویەوە.. لە دوورەوە. ئای ئای دەبیسترا.. تەقە دانە دانە دەهاتە گوێ. تەقە بوو بە ژاژۆر. دانیشتوان ژڵێژان.. هەر یەکە کەوتە بیری چۆن گەڕانەوەی خۆیەوە.. کاك رەسووڵ بۆ ئارامکردنەوەیان وتی :

– نیگەرانی پێ ناوێ.. تەقە شتێکی تازە نییە تاوێکی تر دەبڕێتەوە..

هاتو نەبڕایەوە.. لێرە لێی دەڕمیەین و دەیکەینە خەو!!

تەقە تا دەبوو زۆرتر و هەموو جێگیرتر دەهاتە گوێ. ورچە لە وەڕین بەردەوام بوو.

مام وەڵفی لە ورچە نزیك بوویەوە و وتی:

– دیارە یەکەمین جارە لە شاردا گوێت لە تەقە دەبێت؟

– بۆ دەپرسی؟

– هەروا..!

– نا، دەمەوێت بزانم.

چیت عەرزکەم!؟ ئێمەش لە سەرەتاوە وامان دەزانی تەقوتۆقی کەرنەڤاڵە.. بەڵام لە دوو شت سەرمان سڕمابوو. یەکەم ئەم هەموو کەرنەڤاڵە بۆ چی دەگێڕن؟

دووەم دەنگمان دەبیست و ڕەنگمان نەدەدی.. تا شەوێك سەگێك بە پەلەقاژێ خۆی کرد بە باخدا و پەرێشان.. زمانی لە کەلاوەی دەمییەوە شۆڕ بووبوویەوە، بە دژوار هەناسەی بۆ دەدرا. ئازا ڕۆیشتینە دەمییەوە لەبارەی بێ ڕەنگیی کەرنەڤاڵمان لێ پرسی بە زەحمەت و بچڕبچڕەوە وتی:

ماڵتان.. بەقوڕ.. بگیرێت. ئاوا.. دەڵێی لە گوێی گادا نووستوون!. کەرنەڤاڵی چی؟ تەڕەماشی چی؟ تا خۆم گەیاندووەتە ئێرە لە ترسا خۆم پیس کردووە، ئەگەر ئازان سەرێك بکێشنە دەرەوە. تا بزانن کەرنەڤاڵی لای ئێمە چۆن چۆنینە!؟!

## ٥

– مێردەکە! بیکە لە ڕێگەی خوادا نانێك بدە بەو بەسەزمانە خوا هەڵناگرێ! دوایی تیا دەڕوا و وەڵامی کاك ڕەسووڵ چی دەدەیتەوە؟ خۆ دەزانی بە چ منەت و شاباشێك ئەو سەگەیان بۆ هێناوە. قورئان بەهەقت.. بە مانات! ئەو سەگە بتۆپێ ئەم زستانە لاوانەواز دەکرێین و حەقیشمانە!!

– ژنەکە! بەس ڕیوەڕیو بکە.. چەند جارم وت بە گوێرەی دەمت قەپ بکوتە.. یەشتا وام لێ نەهاتووە ژن بێتە چاوساق و ڕێنمام! باش دەزانم چی دەکەم. دەبێ تۆڵەی ئەو کەڵبانەی لێ کەمەوە.. تا بزانێت مەنێك ئارد چەند کولێرەی تێدایە، تا نەیکەمە مۆم و لە دەستما نەی هەنووم، وازی لێ ناهێنم، ئاتۆ سەیرم کە!!

– سەیری چیت بکەم کە تۆ بی.. ئەو حەلە باش سەیرت دەکەم و یەکتر دەبینینەوە.

– فڵتەفڵت!. بەخوا.. بەخوا تامی زەباد ناکا تا ڕای نەهێنم.. حەیف کاك ڕەسووڵ لە دەستم دەری دەکا و دەیبا بۆ بەغدا.. دەترسم.. پیاڕانەگەم ڕقەکەمی پیا بڕژم. بڵێی ئەم زل حیزەت بۆ چییە؟

– باشە.. ئاخری خێر بێت! ئەوە لە بیرم نەبوو.. چەن جارێکە سەگێکی چوار چاوی بازوو لەناو سەگەکاندا دەبینم یەك دوو جارێك ڕاوم ناوە ویستم بزانم ئەمەت زانیوە؟.

– منیش جارێك دیومە، پڕم دایە دەرگەی حەوشە بگرم و سەگە حەوشەیەکی چاکی پێ بکەم.. نەمزانی لە کوێوە بۆی دەرچوو.. دەترسم سەگەکان توشی نەخۆشی کا. ئاخر ئەم سەگە خوێڕییانە هەموویان نەخۆشن و هەزار جۆر دەرد و ئازاریان بە دواوەیە..!

گەرما دار و دیواری تاو پێ سەندبوو، سەرتەل و پەلوپۆی ناسکی درەختەکان سووتاو دەهاتنە چاو. تەڕی و نەرم و ناسکییان تا دەچوو وشکتر دەبوویەوە تاوتوانای سەمای دەم ڕەشەبایان پێوە نەمابوو با دەی لەخشاندنەوە پەلوپۆیان دەکەوتە قرچەقرچ و وەك شیوەن بگێڕن و پرچ بڕنن چل و پەلیان دەقلیشا و دەکەوتنە زەوی! دەمی شار کەفی چەرمووی کەوتبووە کەلاوە، لە بێ ئاویدا هەناسەی شار کڕوگڵپەی لێ هەڵدەستا، هاڵاوی دەروونی دانیشتوان تا دەبوو زاری شاری وشکتر دەکرد، خەڵکی بەدوای ئاودا پەلی دەکوتا، کوننە و جەوەنە و تیانجەوپوت لە شان کۆڵان بە کۆڵان بۆ ئاو دەگەڕان لەشکری تاو هەڵگیرسێنەری هاوین هەموو کەس و هەموو شتێ گۆی سەندو بۆ چز و بۆ کڕووزی لێ هەڵدەستان. لە ئاوا بڵێسەیەکدا گوریس لە مل شەتەکدراو لە ژوورێکی تەنگوتاردا برسی و تێنوو ورچە بە کۆلەکەیەکەوە سفت و سەخت بەسرابوویەوە. هێندە گەردنی سوڕدابوو گوریس لوول و شەتەکی خواردبوویەوە مەودای هەر جموجووڵێکی لێ بڕیبوویەوە.. هەر جووڵانەوەیەك گوریس گرێیەکی تری تێ دەکەوت و مەوداکەی کورتتر دەبوویەوە و سفتتر لە ملی دەچەسپا و دەیتاساند. قالەش جارجار سەری لێ دەدا و لە زەبوونییەکەی قاقا دەچوو بە پشتا و دەیوت: «ئەوە دەردت بێت باوەحیز خێوە! تا تۆ بی و پا لە بەرێ خۆت زۆرتر درێژ نەکەیتەوە.. تۆیێ.. بزانیت لەگەڵ کێدا دەیکێڵی و ململانتە.. جارێك ئێوارەیە.. لە کوێتە.. زۆرت ماوە قالە بناسیت..» ئنجا دەیدا بەسەر سنگی خۆیدا و بە دەم کەنینەوە دەیوت: «ئەمە قالەیە قالە.. ماوتە جارێك.» قاقاکانی قالە پێش خۆی لە ژوورەکە دەچوونە دەرەوە دەگەیشتنە گوێی مام وڵفی و سەگەکانی تر.

گورگی تازە گەماڵێکی هەرزەکار و تیژپەڕ ڕەفتار بوو.. لەم دوایانەدا دەمی لە گەماڵی دەکوتا، لە دێڵە سلقەر و مام وڵفی کەوتوبوویەوە. بەرهەمی یەکەمین تەرەکینی غەریبایەتی بوو، تەواوی دنیای بە چوار دیواری حەوشەی باخەکەی دەزانی، لە چوارچێوەی قالەوە دەینواڕییە ڕەگەزی بەشەردا. بۆی بلوایە تەواوی بەشەرییەتی هەڵدەدڕی. قول و قۆڵی زۆر ڕێبوار و میوانانی باخی بردبوو بە دەما. هەرچی سلقەر و وڵفی ئامۆژگارییان دەکرد. مڕی دەبردەوە و نەدەچووە ژێر!.

كە قاقای پڕ گاڵتەی قالەی بیست شێتانە هاتە مڕە و بە ئەسپایی بەرەو قالە کەوتە ڕێ تا لە پێشەوە بپەڕێتە کۆڵی و کەڵبە لە بۆقەتەی ملی گیر کا و تۆڵەی کلکی بڕوای خۆی و ورچەی لە بەند کێشراوی لێ کاتەوە. وەڵفی دڕییەتی و سەرپلیی گورگی دەناسی خێرا تاوی دایە و پۆزەی لە ملی گیر کرد و بە هەردوو چەپۆك خستییە ژێر، تا نەگاتە قالە و تووشی شەڕی خراوتری قالە نەیەن!!

تۆزی سمی ئەسپی سوپای گڕ بە دەستی هەتاو نیشتوو بوویەوە سووریی ئاسۆ وەدەر کەوتبوو.. خاك و خۆڵ و دار و دەوەن و تل و سەنگ، بێدەنگ کەوتووبوونە هەناسەدان دار و درەخت شپرزە و مەنگ پەلوپۆیان بۆ شەو کردبوویەوە. دەرگەی حەسار داخرابوو سەگەکان هەر یەکەیان لە بن دارێکدا هەڵموتابوون.. دەم دەم لرخەلرخی ورچە دەگەیشتە گوێ. مام وڵفی مات و مەلوول لە سەر پاشوو نائومێدانە موتکەی دابووەوە و زمانی لەلا دەمییەوە هێنابووە دەرەوە و لە بێدەسەڵاتیی خۆی بیری دەکردەوە.. گورگی بە ئاسپایی خۆی گەیاندێ و وتی.

– بازە هاتووەتەوە..!!

– دەرگە گیراوە چۆن توانیوێتی بێتە حەوشەوە؟

– لێم نەپرسی.

هەردووکیان کلکیان نا بەسەر بڕبڕاکەی پشتیان و بەرەو لای بازە وەڕێ کەوتن. بازە ماندوویی وەدەر دەکرد، لەژێر دارتووە گەورەکەی نێو حەساردا لێی ڕمابوو. هەر گەیشتنە بازە مام وەڵفی پرسی:

– ئەتۆ پێم ناڵێی چۆن چۆنی هاتوویتە حەسارەوە ؟ بازە باویشکێکی دا و مەغروورانە وتی:

– جا ئەتۆ خوا ئەوە پرسیارە؟ ئەگەر ئەمن و ئەوانی وەکی ئەمن نەتوانن بچنە ناو حەسارەکی، خۆ هەر لە هێوارێوە لە برسان دەتۆپین، ژیان لە بۆ مە حەتا لێی هوردبییەوە سەخت و دژوارە. ئەگەر وشیار و زرینگ نەبین کڵاومان با دەیبا.. ئەدی! زۆر بە ئاسانی هاتمە حەوشەی، لە ئاوڕۆکەی..

– ئاوڕەوەکە گەلێ تەنگ و تەسکە چۆن لەشتێ کێشا؟

– ئەی بابە. ئەگەر بمەوێتن و پێویست بکاتن وەکی لاستیکی چەند گەزی شای کێشی خۆم دینم.

– کوڕە فشەفش!. دیارە سەرحاڵی؟

– چت عەرزکەم. ئەمن بە شەقازللەی رووی خۆم سۆر دەکەمەوە، ئەوەی هەمە و نیمە گیان سەختیمە. ئەدی ئەنگۆ چتانە وەها سەرتان لێ شێوایە؟ چتان نەکردییە. کابرایەکی وەك کاك رەسوولتان لۆ کەر بووە و بە ئاسانی حەموو شتەکتان دێتە بەردەستی. حەللەلا.. لۆخۆتان لێ دەدەن ئەمەش هەتا قاپەکی دەخۆین هەزار جاران چغەمان لێ دەکرێ و دارمان پێ دەکەوێ.

– کاکە بازە! سەد خۆزگەم بەو برسێتی و تەقەلایە! هەرنەبێت پیاوی خۆتی.. نی لەژێر رەحمەتی جانەوەرێکی چوو قالەداو فەرمانبەری نیت.. ئەمن بەشبەحاڵی خۆم ئاواتەخوازی مەرگم. چەند رۆژ پێش سەگێکی لای ئێوەیان هێناوەتە لامان، هەر یەگجار زل و زەلام و بە قەد و قەڵافەتە.

– بێت و نەبێت.. هەوە هەوشارییە.

– هەوشار مەوشار نازانم . نەك تەنیا زل زەلام و زەبەلاحە بێ ئەندازەش بە جەرگ و ئازا و نەترساویشە، وا بۆ چەند رۆژ دەڕوا قالە جانەوەر بێ ئاو و بێ نان لە ژوورێکدا چوارمێخەی کێشاوە. وا بڕوا لەناو دەچێت.

– ئەدی ئەنگۆ حەولەکتان لۆ نەدایە؟ پێ دەچیتن ئەنگۆش فەرەنگی ناوی گەورە و گوندی وێرانن.

– بۆچی تۆ دەتوانییت یارمەتی بدەیت؟

– دە.. ئەنگۆ نیشانم بدەن و حەقتان نەبێ.

مام وەڵفی و گورگە کەوتنە پێشەوە بازەش حەکیمانە وەك بیبەن بۆ سەر نەخۆشێك ئاغر ئاغر هەنگاوی دەنا. هەر گوێی بەلاپوزەیدا شۆڕەوە کرد و کلکی لە حەناسی بربراکەی پشتی زیاتر بەرز نەکردەوە، بە دوایانەوە، مەکارانە بەچەپ و ڕاستەوە ئاوڕی دەدایەوە، ئامادەی هەر رووداوێکی کتوپڕی.. ڕاونراو، تاودراو، باران دیدە و پاش ماوەی هەزاران پەلامار!!

ورچە بێ حاڵ بەلاداکەوتبوو گوریس هێندە لە گەردنیدا هەڵەفە و لوولی خواردبوو وەك ڕەگ و ڕیشووی داربەڕوو سفت و سەخت گەردنی تاساندبوو، لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا لرخەلرخێکی ژاناوی بەرز دەبوویەوە. چاوانی پەڕی بوویە تەوقی سەری. هەر سپێنێکەی وەدەردەکەوت. بازە لەو ورچە نزیك بوویەوە سەر و خواری گوریسی تاقی کردەوە و لەسەرخۆ پوزەی بردە پێشەوە. گوریسی خستە ژێر هەردوو کاکیلەی و هەجووی و هەجووی، ئنجا کێشایەوە و بە گورگەی وت:

« ئەدەی ئەنگۆ جحێل ترن، هەوەی بکە ئەمن کردم..» گورگە لە هەمان حەن گوریسی خستە نێودەمی و هەجووی.. بازە و گورگە مام وەڵفی بە نۆرە گوریسیان هەجوی و هەجووی و هەجووی تا گوریس بچڕا! ورچە چاوی بەست و کردییەوە و بێ هێزانە هەڵسایە سەر چوار پەل و لە بازە نزیك بوویەوەو بۆنێکی پێوە کرد و هەر چوار سەگ لە ژوور هاتنە دەرەوە بازە رووی تێ کردن و وتی:

لۆچی نایەن بزانن لەو دەورو قوڕەی چ لە لەگۆڕێ دایە و ئەمن و ئەوانەی وەکی ئەمنن کوو ژیانیان بەسەر دەبەن؟ وەرن شارتان پێ نیشان دەم، جادەکان.. کۆلانە تەسکەکان. قەسابخانە و قەسابانتان پێ نیشان بدەم. وەرن دار و درەختی بێ ئاو و باخچە و قەبرستانەکانتان نیشان بدەم. شارەکەمان شاری عاجباتییە، هەموو چشتەکی تێدایە، شارەکەمان شاری فەرەنگە، حەیفە چاوتان پێ نەکەویتن. مام وەڵفی وتی:

ئێمە ڕێگە نازانین، وێڵ دەبین. ئەو حەلە چی؟

– ئەتوو کابرا زۆر عەنتیکەی. ئەمنت لەگەر بم. کوو بزر دەبی؟ ئەوەندەی لۆ پارچە نانەکی.. لۆ کۆرانان ملیان لە دوو نایمە، زۆرم لێ کرایە دەبا شارەوانی شار بامایە! دار و بەرد و کون و قوژبنی شارم پیوایە. سوعبەتان ناکەم. چاوساغی شارتان لەگەرە.

مام وەڵفی وتی:

من و کاك ورچە دێین. گورگەش بەلای بەقییەوە دەمێنێتەوە. ئنجا بازە ژیرانە

سەر و کلکێکی لێ بادا و وتی:

– بە شەڕەفم عاسمانیش ناتانیتن ورچە لە کونی ئاوەڕۆیەکە بباتە دەرێ.

ئەوجا رووی کردە ورچە و وتی:

– نەدەبوو ئەوەندە قەبە نەبای؟

ورچە گلێنەی چاوی لە کاسەکەیدا چەپ و راست سوورێك پێ دا و هیچی نەوت. وەڵفی بیری دەکردەوە و لەبەر خۆیەوە وتی. مەگەر لەسەربانەوە خۆمان هاوێژینە خوارەوە.

– لۆ.. قادرمەی وەهاتان هەیە؟

– ئەی چۆن؟

– بێ عەقر ئەدی لۆ زووتر نەتدەگۆ؟!.

٦

– کاکە بازە تۆ سەر دەلیل و چاوساقمانی.. نالێی بەرەو کوێ دەمانبەیت؟

بازە هەر کات ڕووی دەمتان تێ کردایە و پرسیارەکە بۆنی دەمسپییەتی ئەوەی لێ بهاتایە کلکی لە بنەوە سوور دەدا و ئەو حەلە وەڵامی پرسیارەکەی دەدایەوە.

– دەمەوێ پێشتر دەعوەتێکی شاهانەتان لۆ بکەم. ئەدی ئەو وەزعی ورچەی نابینن لە برسان چی لێ هاتییە؟ ورچە لە دوورەوە لەسەر پاشوو بێ هێزانە بە سەخڵەت خۆی ڕاگرتبوو وتی:

– بەقوربانە فریام کەون.. خەریکم لەبرسا دەبووریمەوە.

– دەك بابانت بەقوڕێ گیرێ. ئەوەندە زەبەللاحی بە هیچ تێر نابی ئاخری کاك ڕەسووڵ دەخەیە دەرۆزەکردن! سەر گوفەکەك پێ دەزانم. قەت قەتی بۆگەنی لێ نابڕێت. ئەوانەی وەك من خوێرین و بێ خاوەنن لەوێدا گلێر دەبنەوە لەگەر یەکدا بەشەڕ دێن. هەرچی دەریێم.. کورە عەیبە بێ فایدەیە، هەر بەردەوامن لەسەر شەڕێ.

– یەعنی دەڵێی لاکی بۆگەن و تۆپیو بخۆین؟

– مام وەڵفی.. دیارە بە تێری قسان دەکا! هێشتا لە برسان زگی قۆڕەقۆڕی پێ نەکەوتییە. ئەدی حەقیەتی وا قسان دەکا. با توولەکانی لە برسان بقۆزیەنن ئەو دەمەی دەزانیتن لۆ دەعوەتی سەر سرکەوانانی لێ دەکەم!؟

– کاکە بازە! لێم مەگرە، من بۆگەنیم پێ ناخورێ. نازانم بۆ کاکە ورچە؟!

– لەکن کاك ورچەی وا بزانم بۆگەنی خواردن شتەکی تازە نییە ورچە سەی بەر مێگەل و ڕەفیقی شوانان بووە.

ورچە بە دەنگە زەنگوڵەدارەکەیەوە وتوویژی مام وەڵفی و بازەی پچڕی و وتی:

– راستــە سەگــی لای ڕان و هــامــڕازی شوانــان بــووم. تــابــە ئــەوڕۆ بــۆگــەنــیــم نەخواردووە. مردارەوەبووم چێژاوە، نە جارێك سەدان جار. کاتێك سەرم تیٚ ناوە هــەڵــم و هــاڵاوی گــەدە و نــاوسکــی لــپ و لــەوسمــی خــوێنین کــردووە. چ دەڵــێی؟ برسییەتی بیٚ ئامانە!.

– کاکە وەرفی. ئەتو ئازادی.. لۆ خۆت دەخۆیت یان نا مەیل و کەیفی خۆتە. ئــەمــن دەمــەویٚ شتــەکــی تــر بــرێم.. دەرێم بــەم هــەییــەتــەی بمــان بــیــنــن خــەرکێکی زۆرمان لیٚ گلیر دەبێتەوە.. با نەبینە عاجباتی.

– جا دەڵێی چی بکەین؟

بازە دیسان لە بێخدا کلکێکی سووڕدا و وتی:

– لۆ ئەوەی کەمتر ببینە سینەما و خەرکی تەماشامان نەکەن.. هەندەکیش زگیان پێمان بسووتیٚ دەرێم.. گێتان شۆڕ بکەنەوە، دەمار و گەردنتان : گرژ مەکەنەوە، کلکتان بخەنە ناو گەرانتان و بە سەر شۆڕی هەنگاوان بنێن. ورچە باوەك لە برسا لاکەی لێوە دەهات خۆی پیٚ ڕانەگیرا و وتی:

– ئیٚ ئیتر چی؟

– ئەوەها.. رەنگبیٚ، بەبیٚ سەرێشە نەرم نەرم خۆمان بگەیەنینە سەر کەلاکەکە!

ورچە یەك جار دوو جار مڕاندی و چاوی سپی کردەوە و وتی:

– من یەکێك ئەگەر لە برسا تۆپیوم، نە کلك بە ناو گەڵ دەخەم و نەمل خۆسیشم پیٚ دەکرێت. ژیان کەی ئەوە دێنیٚ؟

– کابرا! کەر مەبە.. ئەوەی ئەمن دەیرێم سیاسەتە سیاسەت. ئەو کەللەڕەقییە هەتا کەینیٚ دەستی لە یەخەمان بەرناداتن. دووڕۆژێکی مابی بە تەواوی داکمان بەگان دەدا.

وەك وتم.. تا ماوم کلك بە ناوگەڵخەر نیم!!

– لە بۆ جارەکی هیچی تێدا نییە. سیاسەت فێر بە، دەور و زەمانی کەللەڕەقی تێپەڕی. بیٚ عەقر.

– نەبرا.. نەء! هەر کەسێك بە کلکەیەك حیز دەبێت. ئەمەیان بەمن ناکرێ. هەر هەتیوە خوێڕییەکی بەشەریشم بێ بە دەوردا هەڵی دەدڕم. دوایی بە گلەیی نەبێت و نەڵێی بۆ نەتوت؟.

– باشە کاکی خۆم. خۆمان و بەختمان. ئەگەر هاتو بوو بە فڕکان فڕکانی، ئەو حەلەلۆی دەردەچین.

– بۆی دەرناچین.. دەکشێینەوە. لە کشانەوەشدا خێرا بۆی دەرمەچن، وەك دەزانن گوللەی نامەردم پێوەیە، پام پاشم لەگەڵ نایە و بە قولی ئێوەدا پێ ڕاناگەم.

– خەمێ مەخۆ سەد ساری یەکەم زەحمەتە.

– کەی خەفەتم خواردووە؟ ئەو هیچی بۆ نەهێلامەوە و خواردمی.

بازە چوو پێش قەرەوڵێکی کارامە و چاپك و چالاك و تاقی کراوە بە هەرچوارلادا چاوە زیتەکانی خول دەدا و دەچەرخاندەوە. هەردوو گوێی کردبوو بەرادار، هەر دەنگ و هەر جووڵانەوەیەکی هەڵدەسەنگاند و ئەندازەی دۆستی و دوژمنی کێشانە دەکرد. لەوەش دڵنیابوو لەنێو ئەو بەشەرانەدا دەگمەن دۆست و بێ ئازاریان تێدابێت، تەنیا پێچی کۆڵانێکی مابوو بگەنە سەر سرکەوان، بازە قونەو نەرمە یەرغە و رەوتی کەم کردەوە سەرێکی بۆ دواوە وەرچەرخاند و ئنجا لە تیژاییی سووچی کۆڵانەکەدا لەسەرخۆ سەرێکی کێشا و دیسان لایەکی کردەوە و لەسەر پاشوو لێی دانیشت و تك تك عەرەق لە زمانی دەچۆڕا، بە دەم هەناسکەبڕکەوە کلکێکی لێ بادا و وتی:

– ئەو کاك ورچەیە دیارە بەختی سپی بووێتەوە، کوڕانی لەو دەورەی بە تۆپ تۆپانی مەشغووڵن.. هەر نەبێ هەتا نیو سەعاتەکی تر لێ نابنەوە و نایان پەرژێتە سەرمە.

– جا بە نیو سەعات چی بە چی دەکەم؟

– لەوچە لەوچ! ئەو دوو قەپۆزەی تۆم هەبێ بەنیو سەعاتی گۆلکەکی دەخۆم.

بازە دیسان کەوتەوە پێشی، هوشیار و ئاگەدار، ورچە و وەڵفییش بە دوایەوە. لە

کەلاك نزیك بوونەوە. چەند سەگێکی برسیی تر سەریان تێ کردبوو.. هەڵپە هەڵپ و مڕەمڕی ورچەیان بیست و پاڵ و گۆپاڵیان وەدی کرد نەرم نەرمێك کشانەوە ئەولاوە و لە دوورەوە هەڵمووتان. بە نواڕینیاندا دیاربوو هەڕەشەیان لە بازە دەکرد بۆ نەڕە گەورێکی وای هیناوە. ورچە تا لای هەردوو چاوی نیشتوبووە خوێنی رەش و چەوریی لینج و سەنێر، کاتێك دەمار و رەگێکی سفت دەکەوتە بەر کەڵبەکانی پای لە زەوی گیر دەکرد و سپێتیی چاوی زۆرتر دەبوویەوە و کەلاکی بە قەپۆزە بەرز دەکردەوە. سەگە هەڵمووتاوەکان لە ترسا چەند هەنگاوێکی تر دوورتر دەکەوتنەوە. ورچە سەری لەسەر کەلاك بەرز کردەوە، زمانی بە چەپ و راستی سمێڵیدا چەرخاند و دوو سێ جار لێسایەوە و نواڕینێکی سەروەرانەی گردە سەگە هەڵمووتاوەکان و وەك بڵێت «من تەواو.. نۆرەی ئێوەیە» کلکی کردە پەرچەم و کەم کەم لەلاك دوورکەوتەوە و لەلای بازە و مام وەڵفی دا تێرووپڕ.. مڕ هەڵویساو..! بازە رووی تێ کرد و وتی:

– عافێتت بێ. چاکت خوارد!؟

– کاکە بازە.. یاخوا برسێتی دەرگە بە کەس نەگرێت راستە دەڵێن هاری بە دەمەوەیە. چی دەڵێیت لەگەڵ نامەرداندا، ڕۆژێکم مابێت، ئەو قالەیە سفرەتڵیش دەکەم.

– نا کاکە نا.. وەختی ئەوەمان نەهاتییە. ئەدی کاری وا بە زەرەری هەمووان تەواو دەبیتن. ئەوجا خۆشیت بێ و ترشیت بێ، ئەوە ئەو کابرایە رۆژگار کردیتییە سەرپەرشتت.

مام وەڵفی هاتە نێوان باسەکەوە و وتی:

– من بەشبەحاڵی خۆم زەرەر و زیان و زەبوونیی قالە و ئەوانەی وەك قالەن ئاواتی دوور و نزیکمە. بەڵام پێم وایە کاکە بازە ژیرانە هەڵی دەسەنگێنیت. جارێك رۆژی ئەوەمان نییە. تامووڵ دەکەین، چاوەڕوان دەبین. ئەگەر کاك رەسووڵ لێمانی دوور خستەوە وا باشە، ئەگەریش هەروا بە سەرمانەوە راگیرا بیرێکی تری دەکەینەوە.

– یانی دەڵێی چ بیرێك؟

– ئەوەی تۆ پێت خۆش بێت تێکڕا پێکەوە دەیکەین.

ورچە بە ناڕەزایەتییەوە سەر و قەپۆزەی سووڕاند و چاوی چوار پێنج جار بەسەر یەکدا توند توند نووقان و کردەوە ئنجا وتی:

– باشە بە گوێتان دەکەم. بەڵام بە یەك مەرج.

– چ مەرجێك؟

– هاتو مانەوەی درێژەی کێشا و ئێمەش بە هەوای لابردنی و دوورخستنەوەیەوە مانگ بدەینە دەست مانگەوە و هەی ئەوڕۆ.. نا.. سبەی.. ئەمە خۆخەڵەتاندنە. وا ناکرێ. دەبێ ماوەی بۆ دانێین.

وەڵفی وتی:

– ساڵێك باشە؟

– ساڵێك لەگەڵ قالەدا گوزەرانکردن، هەروا بە دەم ئاسانە!

– شەش مانگ چی؟

– هەر زۆرە!. زۆر نییە؟

– تا سەری ساڵت قبووڵە؟

– لەبەر ئێوە قەینا قەبووڵمە.

بازە کلکێکی بۆ سووڕدا و وتی:

– عافەرم. ئەوەیە سیاسەت، ئێمەی سەگ دەبێ هوردە هوردە بکەوینە ناو فڕوفێڕی سیاسەتبازانەوە، ئەو دنیایە لەسەر دەستی سیاسەتبازانی دەسووڕێتن نەك لەسەر دەستی ملهوڕان و لەندەهۆران.. جا چ دەرێن بەو بۆنەیەی لەگەر دێرە سەگەکی نازدار پێکدیتان بناسێنم. مام وەڵفی وتی:

– خۆ زۆر خۆشە. ئەوسا دوور لە ئێستا لەو بناری ئەورووپایە خۆشمان ڕادەبوارد، پیری گاڵتەی پێ ناکرێ، داری داوە بەروح و ڕەوانمانا.

– ئەدی هەر شکاتت لە پیرییە. یاترسی سلڤەر خانمت لە دڵدایە. ترسی پێ ناوێت. دەممان قفرە و ناکرێتەوە.

– کەواتە فەرموون با برۆین.

– ڕێ دەکەوین، بەران بەو ئاسانییەی نییە. ئەتۆ تێ دەگەی؟ یەك دوو چشت هەیە ئەگەر بە عاقری لێیان بچنە پێشێ ڕەنگە تووشی چ ناخۆشییەکی نەیەین.

– نافەرموویت چین؟

– با برات پێت بڕێ: قامەت و بەژنی ڕەنگە بەرگەی ورچە نەگرێ زۆر زەریفە، باوەك بۆ هەر گەمارێکی سەری پێوە نییە. ئەمن لۆ خۆم چەند جارەکی بوویمە مێوانی. ئای نازانی چەند نازدارە! حەتتا ئێستا سەری لە دەرکەی حەوشێ نەبردیتە دەرێ، کە گەمارەکی دەبینی خۆی لۆ ڕا ناگیرێ، هەزار جاران خۆی لە دەوری دەگێڕێ و تێی هەر دەسوی. گەردەنبەندی وەهای لە ملە پارە و خەرجی وراتەکییە. کوڕینە باوەڕێ بکەن کە چاوی نازی هەردێنی گەمارم دەوێ خۆی لۆ ڕابگیرێ. واتێ بگەم خەرکی وراتی مام وەرفییە، بەڵام لە پاك و خاوێن و زەریفەکانە، نەوەك زنجیرکێش و لا کۆرانی.

– ئافەرین کاکە بازە. مەگەر ئێمە لا کۆرانیین؟

– دەبێ ببووری مام وەرفی.. لەکنە نگۆش ئی وەکی منی خوێڕی کرای ڕەنگە کەم نەبێ؟!

وەکو تو.. زۆر هەن. ئەدی وەك تۆ گوزەران کردن نا.

– بەهەر حارەکی، گرینگ ئەوەیە ئەمە بێ شەروشۆڕ لە دیواری حەوشەی برۆینە ژووری لەبەر دەرکی حەوشەی دوو سێ چەکداری سمێر بابڕی وەك داهۆری ڕاوەستاینە و لە خەرکی مۆڕ دەبنەوە. دەترسێم دەستمان لێ بوەشێنن.

– جا دەڵێی چ بکەین و چارە؟

– ئەمن کە ڕۆییشتیمە ئەوێ لە حەوشی ئەو جیرانەی پشتیان خۆم گەیاندیتێ، لە بەینی هەردوو حەوشەکە کونۆکەکیان کردیتەوە، دیارە دوو جیرانی باش و ڕێکن. لۆ وەی سەرنج ڕانەکێشن یەك یەك بە دوای مندا وەرنە مارێ، لە عەینی

وەختیدا بە قەولی کاك ورچەی حازری کشانەوە بن. کوڕە بابە مەسەلە فەوتانە خۆ گەمەی منداران نییە!

دوو سەگی تامەزرۆ هەنگاو هەنگاو بە دوای بازەی لێزان و کارامەدا وەڕێ کەوتن، لە حەوشی پشتەوە نەرم و نیان و بێ گاڵە خۆیان گەیاندە دێڵی نازداری تەنیای بێ یار و یاوەر. دێڵەسەگ بە دیتنی سێ گەماڵی فیلەتەن لە خۆشیدا حەپەسابوو. بەرەو شاگەشکەی مەرگ دەچوو. کورتیی کات و تامەزرۆیی دێڵ و ترس لە رووداوی کتوپڕی، کاتی درێژدادڕی نەهێلابوویەوە. سەخت تێکەڵ بووبوون. قۆزە و نووزەیان گوریسێك ڕێ دەچوو، دێڵە بە ناز و حەز و لەزەت مرخەی تێکەڵی هەناسەی دەکرد، گازی لەدەر و دیوار و زەوی دەگرت. بە نۆرە خەریکی بوون و تێر نەدەبوو بازە دەم دەم دەیوت:

– سەگی چاك بن و لە سەرخۆبن، دوایی پێمان بزانن خراپمان پێ دەکەن. دێڵەسەگەکە خۆی پێ ڕانەدەگیرا و گوێی نەدەدایە ئامۆژگارییەکانی بازە. ئنجا بازە چاوێکی لە ورچە و وەڵفی هەڵتەکاند و وتی:

– هەر نەبی ئەنگۆ دەست هەرگرن. بەم وەعزەی بێنە سەرمان هیچمان پێ ناکرێ و مندارەك سواری ملمان دەبی.

سەگەل گوێیان لێ نەبوو، لە هاتوچۆ و نیخەنیخی خۆیاندا بەردەوام بوون تا بازە قیڕاندی و وتی: هێدی و لەسەرەخۆ بن. ئەوە شێت بووینە؟ گوێتان لێ نییە دەنگی ترومبێل دێ؟

سەگەل هەریەکە لە جێگەی خۆی راوەستا و کشومات گوێ قوڵاخ بوونەوە، دەنگی ئوتومبێل تا دەبوو نزیکتر دەبوویەوە بازە چاوی زیت کردبوویەوە، یەکێك لە گوێیەکانی بەرزتر دەنواو وتی:

– ئەوە دەنگی مەکینەی هەشت سلەندرە، لەوە دەچێ مارسیدس بێ. دێڵی بەناز پەروەردە و بێ خەم.. بێ ئاگا لە ترس و هەراسی گەماڵەکان مێنگینانە وتی:

– ئۆی! ئەوە چیتانە بۆ راوەستاون؟ دەڵێی ماندوو بوون.. لابە.. بێ زەوقانە.. ئەوە دەنگی ترومبێلی خاوەنەکەمە.

بازە هاتە پێشەوە وتی:

– ترومبێلەکەی مارسیدسە.. وا نییە؟

– دەڵێی جادووگەری. چۆن دەزانی؟

– کوڕە بابە بازە زۆر چشتان دەزانێ تا نەقەومایە با لۆی دەرچین.

ورچە ئازا تێی هەڵکێشا و وتی:

– بۆی دەرناچین.. دەکشێینەوە.. کشانەوە.

ناز و ناڵەی دێڵ نەیتوانی کشانەوەیان وەدوا بخات بازە دیسان چوو فەرماندەرێکی ئازا و تاقیکراوە کەوتەوە پێش و بێ ئەوەی وەرچەرخێتە دواوە وتی:

– هێشتا زۆری مایە. با سەرێکی قەسابەکانیش بدەین لەو شارەیدا هەر کۆرانەی یەك دوو قەسابی تێدایە! زۆر نەڕۆیشتن دانە دانە تەقە دەبیستراو.. تا دەبوو نزیکتر دەبوویەوە. وەڵفی وتی:

– دیارە دەیانەوێ بە ڕۆژیش کەرنەڤاڵ بگرن. بازە بە تووڕەبوونەوە وتی:

– مام وەرفی.. لەوە دەچێت بە تەواوی گوێت گران بووبی ئەوە چییە لەو ناوە بێ مەعنایە ناگەڕێتن.. ئەوە تەقەیە.. تەقەی تفەنگی.. پێم عەنتیکەیە ئەوە لۆ ڕیزی شەست تیرانی تێدا نییە؟

لەم باسانەدا بوون سدارەی دوو پۆلیسی تاپڕ بە دەست لە سووچی کۆڵانەوە وەدەرکەوتن، یەکێك لە پۆلیسەکان وتی: «ئەرێ وەڵڵا. ئەو سێ دانەیە بەختی خۆمن، ئەتۆ دەستیان لێ ناکەیتەوە، بۆ خۆم لە پێشدا دیانمە و بۆ خۆمیش دەیانکوژم».

بازە تا ئەو حەلە چەندان جار گرفتاری پۆلیسی تاپڕ بە دەست بووبوو، هەر جارێك ئازانە و بازانە خۆی دەرباز کردبوو ئەو دەیزانی کەی پۆلیس دەرژێنە ناو شار و سەرکۆڵانان و شەقامەکان دەگرن. ئەم تەقە تفەنگی ئەمڕۆیە دوور لە بەرنامە و ڕەواڵی هەمیشە گیانە.. یەشتا زۆر لە توولە و تووتکەکان سەر و مل و

قـول و پـایـەکـی ئـەوتـۆیـان نـەگـردووە بـۆ کـوژران بشێن، چ بـاسـە وا بـەم زووە کوشتاریان دەست پێ کردووەتەوە. دیمەنی هاوڕێ پێشووەکانی بۆ ساتێك هاتەوە بەرچاو و وتی:

– نامەردتان نەکەن، هەتا زووە با خۆمان دەربازکەین، ئەگەریش تیا چووم لە بیرم نەکەن!

ئەمەی وت و بە تەواوی چوار پەل چەپ و ڕاست و مارپێچ بۆی دەرچوو بە جۆرێك لە پۆلیسی تفەنگ بە دەست نزیك بوویەوە، پۆلیسەکان تەماح گیربوون و بەدوای کەوتن، بازە درایە بەر نۆ گوللەیێ لە ناو تۆزدا وەدی نەدەکرا. پۆلیس دەستبەردار نەبوو.. بەدوایدا بێ ئامان ساچمەیان دەباراند. ورچە و وەڵفییش بەرەو خوار بەگوڕ بۆی دەرچووبوون دەنگی تەقە نەدەبیسرا. دوای ماراتۆنێکی نێوان مەرگ و ژیان، لە گۆڕەپانێکدا گیرسانەوە و چاوەڕوان  لێی پاڵ کەوتن. بەهەوای گەڕانەوەی بازەی هاوڕێیان ماندوویيان دەرچوو.. بازە نەگەڕایەوە. چاوەڕوانی دیسانەوە ماندوویانی کردەوە، نە دەنگ و ڕەنگی بازە نەبیسرا و نەبینرا! ورچە وتی:

مام وەڵفی! دەزانی من هەست بە نیگەرانی دەکەم، دەترسم بازە شتێکی بەسەردا هاتبێت. خۆ گوێت لەو هەموو تەقانە بوو کە دەکرا؟!

– من نازانم تەقە بۆ دەکرا؟ بۆ خۆمیش تا ئێستا نازانم بۆ وا ڕام دەکرد و لێرەدا چاوەڕوانم. راستی.. ئەو تەقانە لە چی بوو؟

– دە برۆ سوپاسی هاوڕێیەك وەك بازە و چوار پەلت کە، ئەگینا ئێستا سوور بووبوويت لە خوێناو کون.. کون!!

– بۆچی لەسەر چی؟ من کە کارێکی ناشایستەم لێ نەوەشاوەتەوە، هەتاوەکو لێشم ڕووبدا.. بەم ئاسانییە حەقی کوشتنم نییە.. یانی بەم ئاسانییە؟

– ئەی بێ قەزا بیت! لەم وڵاتەدا هەرزانترین شت روح و گیانی گیانلەبەرانە! تاوانبار بیت یان بێ تاوان، دوای کوشتنت دەپرسنەوە لەسەر چی کوژراوی؟.. ئەم باسە دوور و درێژە، هەستە بابرۆینە دوای بازەدا تا بزانین چی بەسەر هاتووە؟.

پەرێشانانە و هوشیار و ئاگەدار تێکەڵ بە ترس و ئومێدەوە بەرەو هەمان کۆڵان کەوتنە ڕێ وا بازە پڕتاو پیاداچوو.. لە دوورەوە چەند منداڵێك بە یەکدا دەچوون هەنگاوەکانیان خێراتر کردەوە، نزیکتر چوونە پێشەوە.. کە وردبوونەوە پەلی بازەیان بە دەستەوە بوو بە کۆڵانا ڕایان دەکێشا، بن دەستی ساچمە هەڵی تەکاندبوو.

ورچە قورس و سەنگین خۆی گەیاندە منداڵان، قەد و قەوارەی ورچە و کەڵبە سپییەکانی ترسی خستە دڵی منداڵەکانەوە و لەلاکی بازە دوور کەوتنەوە. ورچە لوورەی لێ هەستا، چەند هەنگاوێك دوور دەکەوتەوە و دووبارە گەڕایەوە سەر کەلاکی بازە و بۆنێکی تری پێوە کرد و دیسانەوە پۆزەی بەرەو ئاسمان ئاواڵە دەکردو دەیلووراند. وەڵفی باوەڕی نەدەکرد بازەیان کوشتووبێت، لەبەرخۆیەوە دەیبۆڵاند و دەیوت:

– بۆ.. لەسەرچی؟

دووره بەردی منداڵان تا دەبوو زۆرتر دەباری، بەناچاری لاکی لە کەنگاو هەڵژەناوی بازەیان بەجێ هێڵا و دوور کەوتنەوە. چۆن بگەڕێنەوە، نە ڕێگە دەزانن.. نە نیشان.. بەهەر کوێدا دەڕۆیشتن نامۆ بوو بۆیان. شەو لە شەقام و کۆڵاناندا مانەوە!..

قالە کە دەنواڕێ نەك تەنیا ورچە پەتی بڕیوە و بۆی دەرچووە وەڵفییش دیار نییە؟! چەند مووچە نان دەخاتە گیرفانی و بەرەو گەڕەك و کۆڵانانی ناو شار بەڕێ دەکەوێ و لە دوای تەقەلا و هەرا و هەڵپەیە زۆردا دەیاندۆزێتەوە. مووچەنان لە گیرفانی دەردێنێ و وردە وردە نزیك دەبێتەوە و تاو تاو پارووییەك نانیان بۆ دەهاوێژێ. ورچە و وەڵفی ئاوڕێك لە یەك دەدەنەوە. وەك بڵێن ئەوە چەندی بە چەند؟! قالە نزیکتر و نزیکتر دەبێتەوە.. کۆت کۆت دەست پێ دەکا و هەر یەکە مووچە نانێك دەهاوێژێتە بەردەمیان.. ڕس لە گیرفان دەردێنێ و لە ملیان دەکا و وەڕێ دەکەوێ. تاوتاو ئاوڕێکی دوا دەداتەوە ورچە و وەڵفی بێ گرێ بەدوایەوەن. باوەڕی نەدەکرد و دیسان ئاوڕێکی تری دەدایەوە!!

٧

وەڵـفـی قـەپـۆزەی خستـبـووە سەر هـەردوو دەستـی، تـەمـەڵانـە سارد و بـێ روح دەینواڕییە خاڵێکدا و لە بیر و ئەندێشەی جۆراوجۆردا دەکوڵا و دەخولایەوە و ژیان و بەسەرهـاتی خۆی شی دەکردەوە و نەدەگەیشتە جێگەیەك. جارە و بـار بۆڵەیەکی لێ بەرز دەبوویەوە و دەیوت:

«تـۆ سەیـرکـە! بـزانــە زادەی کـوێین و گـەیشتـوونـەتـە چ دەوروبـەرێکـی پـڕ سەیروسەمەرە! خۆ ئێمە بە رەفتاری ناڕەوا و دڕندەخوویی قالە رازین، بەڵام ئاوا بەئاسانی کوشتن؟! ئەم بەشەرە سەیرن! خاوەنە پێشووەکەشم یەکێك بوو لەو تـوخمـە زۆڵانـەی رۆژگار. دەستی تـەواوی ساختـەچییـەکانی دنیـای لـە پشتـەوە بەستبوو. بەناو لایەنگیری مافی جانەوەرانە و لێزانی رەگەزە جۆراوجۆرەکانی سەگی رووی زەوییە و یاریدەی سەگە چەوساوەکانی دوور و نزیکە.. جارەوبار بەزمی بۆ دێڵ و گەماڵەکان پێك دەهێنا و دوای چەند مانگێك قۆزە و نووزەی توولە سەگ لە هەر قوژبنێکەوە دەگەیشتە گوێ. من بۆ خۆم یەکێکم لەو توولە سەگانە. بەمەشەوە ڕانەدەوەستا تاك تاك و جووت جووت دەمانیفرۆشتە بسێنە دوور و نزیکەکان! مێشە سەگانەیەك هاژەی کردە ناو تووکی لاشانی وەڵفییەوە و شریتی تێفکرینی بڕی و خوریان کەوتە لەشییەوە. چەند جار شان بەشان بوو.. خوریان هەر بەردەوام بوو، کەڵبەی بۆ شانی خۆی هێنایەوە دانەکانی دوو سێ جار چووقەیان هات، خوریانی لێ نەبڕا! خۆی لە خۆڵەپەتەکەدا گەوزانەوە..

ورچە مۆن و گرژ نزیك بوویەوە، بێ تاقەتانە هەنگاوی دەنا زۆرتر شەلیی پێوەوە دەردەکەوت.. هەر گەیشتە لای وەڵفی سەرێکی سووڕدا و وتی:

– دەبینی چ دەور و زەمانەیەکە تێی کەوتووین؟

– چاکی دەبینم! هەرچی دەکەم لێی تێ ناگەم.

– تۆ بۆ؟ منێکی پەروەردەی ئەو کەژە و کێوە تێی نەگا رەنگە هەقم بێت، تۆ کە لەو فەرەنگستانەوە هاتوویت و دەبێت زۆر شت تێ بگەیت و زۆر شت بزانیت!!

– حەقمە هیچ نەزانم. کاکە گێژی گێژ بووگم، تێی ناگەم. بێ ڕێزی و تێ خوڕین و لێدان و برسییەتی هەر نەیسە! ئەم بە ئاسانی کوشتنە و بێ پەروا لەناوبردنە، پێم وا نییە لە هیچ کوێی دنیادا باوی مابێت. نازانم بەشەری ئەم ناوە بەم کوشت و کوشتارە دەیانەوێت چ بڵێن و چی ڕوون کەنەوە؟.

– چاوترساندن و خۆ چەسپاندن تا نەخۆشی بڵاو نەبێتەوە.

– کوشتن هەرگیز هیچ گرفتارییەکی چارەسەر نەکردووە.. بگرە بەپێچەوانەوە.. بێ دەسەلاتی و سەرلێشێواویی شارەوانی وەدەردەخا.. ئەمە کەی چارەسەرکردنە؟!

– شارەوانی دەڵێت بڕیاری کوشتن هەر بۆ سەگە بێ خاوەنەکانە.

– من و تۆ خاوەندارین.. ئەگەر بازەی بێ خاوەن خۆی نەکردایەتە قوربانی نەدەکوژراین؟

– با..!!

– کەواتە شەڕی سەر و ماڵییە. کوشتنەکە تێکڕاییە. شارەوان لەسەر بەرنامە و بڕیار و پڕۆژەیەکی نەژادی دەجووڵێتەوە.. وا بڕوات و دەنگمان نەگاتە جێگەیەك ماڵ بەماڵ دەگەڕێن وەدەرمان دێنن و لەناومان دەبەن.. ئەمە بێ خێوییە، بۆیە وامان لێ دەکەن. من هەروا دەستەپاچە دانانیشم!

– مام وەڵفی ئەیرا لۆندەرە نییە دانانیشی چیت لە دەست دێ؟

– بمانەوێت؟! لەدەستمان دێت.

– چۆن چۆنین؟

– کاکە کۆڵنەدان لە سکاڵاکردن.. روونکردنەوە.. کردن.. پێوەندی کاکە پێوەندی!

– لەم بارودۆخەدا وا ئێمە تیادایان وا نازانیت پێوەندیکردن کارێکی سادە نەبێت و.. تازە پێوەندییەکەش لەگەڵ کێدا بێت؟.

– لەگەڵ خەڵکدا.. لەگەڵ رێکخراوە جیهانییەکاندا لەگەڵ ئەنجوومەنی

پاراستنی مافی ئاژیل دا.. کاکە لەگەڵ بریجیت باردۆدا..

– کێ؟

– بریجیت باردۆ.

– ئەم کابرایە چ کارەیە؟

– هونەر پیشەیە. لە تەواوی دنیادا ناسراوە نازانی لە سینەمادا چ قەشەنگ و لێزانانە هونەر دەنوێنێ.. سەرمایەی میللەتێکە.

– مام وەڵفی.. خەریکی دەمشێوینیت.

– بۆ دەشێوێیت؟

– لای ئێمەش چاوشی هونەرمەندی زۆرمان هەیە پێیان دەڵێن لۆتی..!

– چیی؟

– لۆتی. کە شایی و زەماوەن و خەتەنە سوورانە دەکرا. هەڵپەڕکێ دەستی پێ دەکرد نەسەعاتێك و نە دووان.. ئیتر بەزمێك بوو نەدەبێتەوە.. سەد جار خۆیان دەکرد بە قوربانی چاوشەکان بۆ خۆیان و هونەریان.

– مادام لایەنگیرانی وا زۆریان هەبێت نامە بۆ ئەوانیش دەنووسین و پێوەندییان لەگەڵ دەکەین.

– نە، مام وەڵفی.. لای ئێمە چاوش تەنیا لە شایی و هەڵپەڕکێ لایەنگیری هەیە. شایی تەواو بوو دیسانەوە دەکرێتەوە لۆتییەکەی پێشوو.

– بەهەرحاڵ دەبێت کۆڵ نەدەین.. لەم دنیایەدا زۆر کەس هەیە گوێ لە سکاڵا و دەردمان ڕادەگرێ.

لەم کاتەدا زللە و هەرایەکی قەبە و فراوان لە دوورەوە دەبیسرا، هەراکە تا دەبوو نزیکتر دەبوویەوە و باشتر دەگەیشتە گوێ. لێ دە!. بەقوربانە.. با دەرنەچێت.. دەست خۆش.. ئافەرین.. تێکەڵ بە نووزە و قوزەی سەگێك، قووزەکەی هیچ ململانێ و بەربەرەکانییەکی تێدا نەدەبیسرا لە دەمێکی ژاناوی دەهاتە دەرەوە. زۆری نەخایاند.. سەگێکی پەڕپووتی شل و شێواوی پاشوو لە قوڕدا هەڵژەناو، خوێن و کەف بەدەم و قەپۆزەی دەچۆڕایە خوارەوە. کلکی لەناو گەڵ و ژێر سکیدا

گرمۆڵەکراو ژڵێژاوانە خۆی کرد بە باخدا.

ورچە و وەڵفی و گورگە خێرا لە باخ دەرپەڕینە دەرەوە دار بەدەستان و خڕك هاوێژان بەدیتنی گەماڵەکان راوەستان و نەیانوێرا زۆرتر بڕۆنە پێشەوە.

گورگە لە داربەدەست و بەردهاوێژ چەکەرەی نەکردو لێیان چووە پێشەوە پڕی بردە یەکێکیان و خستییە ژێر و کەڵبەی لە لەشیدا نوقم کرد و کابرا ناڵە و هاواری گەیشتە ئاسمان.. ورچە و وەڵفی لە داربەدەستان زۆرتر چوونە پێشەوە تا داریان نەگاتە گورگە.. گریان و زاریی کابرا شایانی بەزەیی بوو، گورگە لە سەری هەستا و بە مڕەمڕەوە تووکی تەواوی لەشی گژ کردبوویەوەو لەملاترەوە ڕاوەستا و ئامادەی هەر رووداوێك.

هەرسێ گەماڵ لەسەرخۆ گەڕانەوە باخ و یەکسەر چوونە سەر سەگی پەناهێناو.. سلڤەر لە پێشدا خانمانە هاتبووە دەمییەوە.. خوێنەکانی لێسابوویەوە، پاشووی تەڕی تەمیز و وشك کردبوویەوە.. تا رادەیەك هاتبووە سەرخۆ.. کە زانی گورگە یەکێکیانی کەڵپە ئاژن کردووە، سوپاسگوزارانە وتی:

بەقوربانت بم بۆ خۆت و غیرەتت.. ئەگەر چەند جوان خاسی وەك تۆمان هەبایە.. رۆژمان بەم رۆژە نەدەگەیشت.. رەحمەت لەو دایکەی گۆشی کردوویت. ورچە و وەڵفی لە کەنارەوە ڕاوەستابوون، مام وەڵفی وتی:

– ئێ برا.. نەتوت ناوت چییە و چ کارەی؟

– ناوم قوتەیە.

– قوتەی رووت..؟

– بەڵێ. قوتەی رووتوقووت. پێشم وا نییە کارەیەك بم. لەم دەور و زەمانەدا خاوەندارەکانیش بێ کارەن تا بگاتە من.. بۆیان بکرێت وەك یەك دەمانپلیشێننەوە. بۆ ئەوان سەگ .. سەگە!

– کاکە قوتە.. دیارە زۆرت پێیە. لێی گەڕێ با بێیتەوە سەر خۆت و هۆشێك بکەیتەوە ئەو حەلە لە یەکتر چاکتر تێ دەگەین.

– ئا بە قوربانت بم .. هەرچی ئەعزای ئەندامم هەیە چوو ئایەنەمەل دەزریکێنێ.

٨

– بەهبەهـ!. ماشەڵڵا.. زامەکانت تۆژیان کردووە و ڕەنگ و ڕووت هەڵهێناوەتەوە.. نـامـەردانـە.. هـەرفرە خراپیـان بـەسـەرا هـێنـابـوویت دەمـوت بـە مـانگێکـی تریش نایەیتەوە سەر خۆت.

– چی بکەین؟! ئێمەی سەگ ئەگەر گیان سەخت نەبین لە دەمێکەوە توخماتمان دەبڕایەوە و بە تەواوی لەناو دەچووین بەس نییە خوا ئەم بەهرەشی پێ داوین.

– دەی.. کاکە قوتە هێندەی سەخت لێ مەنوە.. ئەم ژیانە پڕ دەردەسەرە بۆ ئێمە شتێکی تازە نییە.. میراتی باو و باپیرانمانە بۆمان بەجێ ماوە.

– لەوە لاتر بڕۆن بۆ خۆیان و میراتێك وا بۆ ئێمەیان بەجێ هێڵاوە.. تا پەل دەکوتین.. خراپتر تێدا دەچەقین!

– خۆشییەکەی ئەوەیە ژیان تاڵی و سوێری تێدا نەبێت کەی ژیانە؟ چ تام و چێژێکی تێدایە؟

– کاکە ورچە! تۆ.. بەگونتۆ.. چیت نەکراوە. دەم بۆ هەرچی دەبەی لە بەردەست دایـە.. خـوا کـابـرایـەکـی وەك کـاك ڕەسووی بـۆ هـێـنـاونـەتـە سەمـا لـە هـیـچ شتێك درێغیتان لێ ناکا. نانە هەتانە، ئاوە هەیە، کەس نایەتە سەرتانا.. ڕاو نانرێن و فڕکە بەردتان تووش نایەت.. منیش لە جێی ئێوە بم هەر وا تێ دەفکریم.. ئێمە ڕەشوڕووتی برسی و تامەزرۆی لا کۆڵانی و بن دیواران بە تەواوی تیاچووین. خـۆزگـە بـە وردی لـەم شارە وردەبـوونـەوە.. ئـەو حـەلـە دەتـانـزانـی چـی تـێدا دەگوزەرێت.. ئێوە خوا پێ داون و کەمتەرخەم.

– نە برا.. نەء.. واشمان نەوت.. هێندەش بێ ئاگا و کەمتەرخەمیش نین.. من بۆ خۆم داخی ڕۆژگارم پێوەیە چەند ڕۆژ پێشیش لەگەڵ برادەرێکدا لە شاردا بووین

پـۆلـیس تـێمـان نـیشت، بـەخت یـاری و لـە خۆگوزەشتـەیـی ئـەو بـرادەرە نـەبـووایـە کوژرابووین. داخەکەم ئەو برادەرەمان خۆی کردە قوربانیی دەربازبوونی ئێمە و بوو بە گوللەی پۆلیسەوە.

– ناوی چی بوو؟

– بازە.

– ناشێ بازە کلکە بڵێیت؟..

– ئەگەر نەیانبڕی بێت.. هەر هەموومان کلکمان هەیە. ئەمە نەبووە ناتۆر!.

– ئاخر بازە.. هەر وەخت قسەی بکردایە لە پێشدا دوو سێ جار کلکی سووڕ دەدا.

– خۆ بازەی هاوڕێی ئێمەش هەروا بوو.

– سا هەر ئەوە.. لە کوشتنەکەی ئاگەدارم. ئاخر ئێمەی سەگە خوێڕییەکانی نێو شار پێوەندیمان لەگەڵ یەکدا هەیە و یەکتر دەناسین. دەمزانی هاتوچۆی ئێوە دەکا و پێوەندی لەگەڵتانا پتەو بوو. لە سەرەتاوە وا بڕیار بوو من پێوەندیتان لەگەڵدا ببەستم.. لەبەر نزیکی و سەرنج ڕانەکێشان.. بازەیان هەڵبژارد.. حەیف لە دەستمان چوو.

– من بۆ خۆم.. هەر کات لاشەی بێ گیانی لە سیانەی ناو کۆڵان هەڵژەناوی دێتەوە بیرم.. قەس دەکەم هەرچی ڕەگەزی بەشەر هەیە هەڵی دڕم.. ئەگەر بتوانم!!

مام وەڵفی سەلارانە هاتە پێشەوەو وتی: لەسەر خۆتان با دەنگتان نەگاتە قالە.. ئەوەتانێ لە چیمەنەکاندا ڕاکشاوە و لێی داوە و لەگەڵ لووتی خۆیدا شەڕیەتی.. ئەگەر قوتەی لێ ئاشکرا بێت خراوی بەسەر دێنێ و ئێمەش بێ عارەق دەرناکا.. کابرا مەرافە گیرە و خوێناوی ڕەفتار!

– مام وەڵفی. لەو نامەردە گەڕێ بە شەرەفم ئەم جارە خۆی لە قەرەم دا سفرە تڵیشی دەکەم. هەرچی دەبێت با بوێت.

– کاکە ورچە! لەسەر ئەمەمان نەکردبوو، مەگەر بڕیارمان نەداوە زائدە؟

جارێك سەر نەنەینە سەری و رۆژگارەکە راکێشین تا دەر و دەروازەیەکمان لێ دەکرێتەوە؟.

– با.. بەڵام زوڵم و زۆرداریش مەرز و ئەندازەی هەیە.. خوا بکا زۆر پا نەناتە سەر کلکمانا، من پێمەوە.. نەماوە!!

– ژیرانە رەفتار کەین.. دەتوانین بێ دەردەسەر بیگوزەرێنین، کەڵپەکانی تۆیش کەمێك ژیری کردووەتەوە و وەك دەشزانی تووڵەکانمان وردن و دەنگمانیش بە هیچ کوێ ناگا، ئەگەر بۆ سیاسەتیش بووە جارەوبار کلکێکی بۆ بلەقێنین.

گورگە لە دەمێکەوە بێ دەنگ لموزی دابوو زیت زیت دەینواڕی خۆی پێ ڕانەگیرا و قسەکانی باوکی بڕی و وتی:

– منی لێ وەدەربهێنن. کاکە ورچەش فێری کلکەلەقێ بێت من یەکێك لەوانە نیم. تا گەرمی لە گیانما بێت بۆ ئەم رەگەزە ناپاکە ئەگەر هەزار کلکم هەبێت یەکێکیان نالەقێنمەوە.

– رۆڵە تۆ گەوجیت و نازانیت.. ئەم توند و تیژپەڕییەت ئاخری کار دەدا بەدەستەوە.. ئەم رەگەزە خۆ هەر هەموو خراپ نین، چاکیشیان زۆرە و نیمداشیشیان تێدایە.. جگە لەمانەش لە تۆ گەورەتر وەستاون و قسە دەکەن ناماقووڵە وا تێ هەڵدەکێشیتە ناو باسەوە و..

قوتە قسەکانی مام وەڵفی بڕی و وتی:

–مامە. من لەمەدا لەگەڵتا نیم. گورگەبرا نە گەوجە و نە تیژپەڕ، بەپێچەوانەوە باشی هەڵسەنگاندووە و جوانی بۆ ڕۆیشتووە.. من بەم هەمووی بێ هیچیمە و، بەم بێ خاوەنی و برسییەتی و بێ پەنایەوە یەشتا کلکم بەسەر پشتمەوەیە لە تۆڵەی کلکیشیدا بووە حەقییەتی وا تێفکرێت.

– قسە هەزارە و یەکێك بەکارە، کە دەنواڕمە کلۆکی شکاو و پای شەل و سەقەت و لار و قەوچمدا. ژیری و هێمنیم لەدەست دەدەم و چاوم بەرایی نادا ئاغاییی ئەم رەگەزە پێ نەکەوتووە بەسەر خۆمەوە ببینم. بەڵام چی دەڵێی؟ رۆژمان نییە و چوار دەورمانیان تەیمان چن کردووە.. ئیتر هەڵە و هەڵەشەییی پێوە نەماوە. دەبێ

ژیرانە هەنگاو بنێین.

– دەم خۆش کاکە ورچە. ئەمەیە قسەی پەسەند و حیساوی.

قوتە نواڕی کاتی ئەوە هاتووە بڕواتە ناوجەرگی باسەکەوە لەسەرخۆ و ژمێراو هاتە بەینەوە:

– وەك دەزانین جارێك ئێمە توانای راستەوخۆ و خۆپێشاندانمان پێوە نییە، بەڵام مانای ئەوە نییە دەست لەسەر دەست دانێین و تەنیا و خەمگین گلەیی لە بەخت و ناوچەوانی خۆمان بکەین و تەماشاکەری بەردەوامی زۆر و زوڵم بین و ورتەمان لە دەمەوە وەدەرنەیەت.

کوڕینە!. زۆر کار هەیە دەتوانین بیکەین، هێندەش دەستەپاچە و داماو نین، زۆر شتمان لێ دێت.. باوەك مام وەڵفی خەڵکی ئەم وڵاتە نییە و بەناو بێگانەیە، هەر نەبێ لەم خاك و بوومەدا دەژی و تەماشاکەری زوڵم و زۆرێکی فراوانە دژ بە رەگەزەکەی کە ئێمەی سەگین. جگە لەمانەش تووڵەکانی لەم خاکەدا چاویان تروکاندووە و پەروەردە بوون بنواڕنە قەد و قەپۆزەی گورگەبرادا.. یەك پارچە جەواهیرە جەواهیر.

– کاکە قوتە! پێش هەموو شتێك ئەمن بۆ خۆم گیانلەبەرێکی ئازادە و دژ بە زۆردار و ملهوڕانم، زۆر لە هەر کوێ بێ و لە هەرکێ بکرێت بۆ خۆی بەلامەوە ناڕەوایە و ناپەسەندە، هەر هەموو زۆردارێك بە دوژمنی خۆمی دادەنێم. لەم رووەشەوە لە دەستم بێ درێغی ناکەم.

گورگە دیسانەوە هاتەوە ناو راوێژەکە و ئەم جارە ژیرانە داوای مۆڵەتی کرد تابیری خۆی دەربڕێ و وتی:

من زۆر حەزم لە وتن نییە و کوڕی کردەوەم، ئەگەر راست دەکەن؟ بیسمیللا ئەمە گورز و ئەمەش مەیدان.

– کوڕە تۆ کوڕی دواڕۆژیت.. جێگەی ئومێدێکی فراوانی. خۆ تیرە و تایەفە و بنەماڵەی کاکە ورچە پێویستی بە باس نییە. لە مێژەوە خوێن و عەرەقیان تێکەڵی ئەم خاك و خۆڵە بووە و تاقی کراونەتەوە و لە شەڕی نێوان حەق و ناحەقدا هەموو

کات پێش قەرەوڵ بووگن. کاکە ورچە وا نەبێت ڕێ و ڕێبازی باو و باپیرانی خۆی گوم کردووە، ئەوەش لە کەسێکی وەك ورچە هەرگیز ناوەشێتەوە. پێم وایە کاتی ئەوە هاتبێت دەمەتەقێیەکی ڕاستەقینە لەگەڵ یەکدا بکەین. وا چەند ڕۆژێکە لێرە ڕماوم، ئاخۆ لە خۆتان نە پرسیوە ئەو هەموو تێڵا بەدەستە و کوچکە فرە تل هاویژتنە چۆن چۆنین لە من گلێربوونەوە؟

مام وەڵفی هاتە جواو و وتی:

– سرنجی ڕاکێشابووم، بەڵام دام نابوو بۆ دوادەم.. باش بوو وا خۆت لە خۆت دەپرسی، ڕاستی بۆ وا بەقینەوە تێکڕا بەدواتەوە بوون قەسی کوشت لێیان دەدای؟

گورگە بە ئەدەبەوە وتی:

– بۆ و مۆی ناوێت. دوژمن دوژمنە و ئاو بێرە و دەست بشۆ!

– نە، گورگە برا، نەء. ئەو هەموو خەڵکە بە ڕێکەوت لە من گلێر نەبووبوونەوە تەنیا لەبەر دوژمنایەتی.. زۆربەی زۆریان هان درابوون. دەمیان شیرین کرابوو تا لەناوم بەرن.

– بۆ لەسەر چی؟ مەگەر خەزینەی شات بڕیوە؟

– ئەی بێ قەزا بیت. داستانی من دوور و درێژە. نازانی بە بۆنەی منەوە ئەو خاوەنە چەوساوەیەم چی بەسەردا هات و چییان بەسەردا هێنا!؟

چەندان جار فڕێ درایە قوژبنی بەندیخانەوە. لێدان و تێهەڵدان و چەرمەسەری نۆشی گیان کرد تا سنك کراو منیان بدا بە دەستەوە، کابرا بە ناچاری چووە ژێر بەدەستدانم، بەڵام کوڕینە!. روح شیرینە، هەر زانیم ئاوا خەیاڵێکی هەیە چوارپام هەبوو دووانی دیم بۆ قەرز کرد و کوڕانە بۆی دەرچووم. نازانم تووشبوونەکەم ناو بنێم هەڵەوەڕی یان دروست کاری؟ هەرچی ناو دەنێن بنێن؟ لە گەڕەکی ماڵی خاوەنەکەمدا دوو دەستە هەن بەردەوام مەرافە و گاڵەیانە. هەردوو تاقمیش تا ژێر چەناگەیان غەرقن لە تەقەمەنیدا. ڕۆژ نییە بە یەکدا هەڵنەگژێن و یەکتری خوێن ئاوڵ نەکەن و شەوانەش دەست لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ بەرانبەر یەك لە سەنگەردان، لە هەمان نزیکیدا عەمارێکی ئازووقەی زل و زەبەلاحی دەوڵەتیش

چووە بە ئاسماندا. شەوی لێ دێت چەند دەمسپییەکی ناسراو دەستودەمی تێ دەخەن و تا سەحەر کێشەی لێ دەکەن و ئەو خەڵکەش بۆ گوێڵێ ئارد دەڕۆنە دارا.. منیش خۆم پێ ڕانەدەگیراو تێیان دەحەپێنم. بۆیە بڕیاریان داوە لەناوم بەرن و زەر و زۆرەوە کەوتوونەتە دوام.. ئەگەر ئێوە بێنە بەرەوە رەنگە بتوانین رسوایان کەین.

ورچە و گورگە بێ یەك و دوو ئامادەی هاوکاری بوون و مام وەڵفی لەسەرخۆ پرسی:

– روونت نەکردەوە چۆن چۆنین دەتەوێت رسوایان کەیت؟..

– زۆر بەئاسانی! ئەگەر بتوانین کارێکی وا بکەین دزەکان غافڵگیرکەین و بیانپەشۆکێنین و دەست بدەنە تفەنگ گەیشتووینەتە مەراز.

– روونتری کەرەوە. مەسەلەی ژیان و مەرگە. خۆ گاڵتە نییە؟

– مام وەڵفی.. حەوسەڵەکە. هەر تەقەیەك بکرێت لە هەرچوار لاوە دەبێتە ئاگرباران و مەشخەلان، قۆڵچی شەو و پۆلیسیش بۆ تەڵەکەش بووە ئازاخۆیان دەگەیەنن. ئەو حەلە بێی و تەماشاکە.

– کاکە قوتە. وەك وتم.. حەزم لە چارەی زۆرداران و نامەردان نییە. بەڵام لەگەڵ خوێن ڕژتنیشدا نیم. شێوە و ڕێبازی بەرامبەرکێ گۆڕاوە. دنیای ئازادی لەگەڵ چەك و کوشتن و بڕیندا نییە.

– مام وەڵفی.. ئەمەی وا دەیفەرموویت بەجێیە و ئێمەش ئەلف و باکەی دەزانین و رەنگە تا ڕادەیەکیش لەسەر ئەم باوەڕە بین. لە بیرت نەچێت ملهوڕانی ئەم شارە زمان نازانن لە پەیڤ و واژەی زۆر و خوێن زیاتر.. چارەیان بۆ نەهێڵاوینەتەوە، هەر دەبێت بەو زمانە بدوێن کە تێی دەگەن.

– کاکی بەڕێز.. قوتەی ئازیز! لەزمانی منەوە بیگەیەنە لە خۆت چاوساقتر، خوێن بەخوێن ناشۆرێتەوە دنیا دنیای وردەکاری و هەڵ هەڵقۆزینەوەیە. ویرانەڕێ و ڕێباز دۆزینەوەیە. مافی ڕەوا هەر وەردەگیرێت.

– ئەمانەی دەیفەرموویت قسەی ناو قەرائەتە کەم جار شەمەندەفەری ڕەوا لە

کاتدا دەگاتە جێ یان هەرگیز ناگا. مام وەڵفی.. تۆ دێی .. یان نەء؟!

– دێم. بەڵام لەگەڵ هەڵهەڵە و گژگژەدا نیم.

– کەواتە.. سارەشەو..!

گورگە هەڵی دایە و وتی:

– ئەی ئەمشەو عەیبی چییە؟

– سارەشەو رێکوپێکتر ئەنجام دەدرێ. ئەوەش با بڵێم دەبێ فرە هوشیار بین. تا بڵێی دڕوشرەتن.. دەست لە هیچ ناپارێزن کاکە ورچە دەزانیت چی دەڵێم.

– داخێکیان کردووم تا ماوم پێمەوەیە.

سلفەر بە هەرا هاتە ژوورەوە بە ئەسپایی وتی: بێدەنگ بن.. قالە وا بەرەو ئێرە دێت!. قوتە بەرەو مەکۆکەی بۆی دەرپەڕی.

## ٩

لە دوورەوە دەنگی جگەرسووتاوێك سۆزی دەروونی دەدا بە دەم شنەی شەماڵەوە، لە دەروونی پەژموردە و تاڵەوە، شەپۆلی ژاناویی دەنگ خۆی لە دەر و دەروازەی ملهوڕان دەخشاند و چەکەرەی لە دڵدا دەچاند و ترسی لە ڕوودا دەڕواند. دەنگ پێچی دەخوارد و لوولی دەخوارد..

« حەیران دەرێ...

ئەستێرەکم لێ هەرات لە سەربەنێ.

ئەمن دەمگوتە چاوی ڕەش کۆکە پەرچەمت زەردە مەینێ لە خەنێ»

***

لە تاریکستانی ئاواشەوێکدا ئەستێرەکان گیرەی خەرمانی خەمیان دەکرد، جەنجەڕی بێ خەبەری پەیتا پەیتا بەرهەمی ئاوارەگی و دەربەدەری لە هۆڕ و توورەکەی زەمان هەڵدەڕێژا.. کاروانکوژە دۆش داما و، سارد و بێ روح و ڕچاو، لەبەر ترووسکەی فانوس بەستو نووستوو بوو، کەمەری وێڵکردنی کاروان و زەوارێکی دی بەستووبوو..

«حەیران دەرێ...

حەیران حەیرانە حەیرانی لێ دێ

گەردەنی زەردە خەناوکەی لێ دێ»

چوار سەگی ستەم دیدە و چالاك و هوشیار، ئارام و لەسەرخۆ بەرەو بۆسەی تۆڵە و پەلامار دیوار بەدیوار، پەنا بەپەنا، بەدوای یەکتردا بێدەنگ هەنگاویان دەنا!!

قوتە کۆڵانەکانی بە خاسی لە پەنجەکانی چاکتر دەناسی، تل و بەرد و کوچك

و خڕکی  بەڕەنگ و ئەندازە دەناسییەوە، زوربەیان لە بندەستی کەوتووبوون و ژانی مەرگیان پێ گەیاندبوو، زۆر جار بەناو گەنگاوی جۆگەی کۆڵانەکاندا پەت لە قولەقاپە ڕاکێشرابوو، بست بستی پێچ و پەنای کۆڵانی بە خاسی، جوان دەناسی.

چاپوك چالاك و تاوتاو گوێی قوت دەکردەوە و بۆ ساتێك ڕادەوەستا و هەناسەی لەخۆ دەبڕی و ئنجا هوشیار دەکەوتەوە قونە و یەرغە. بە ئاوا وردەکارییەکەوە خۆی و گەماڵەکانی گەیاندە دەوروبەری عەماری دەوڵەتی. بۆ هەر گەماڵێك قوژبنێکی دیاری کردو ئەرکی سەرشانی پێ ڕاگەیاند.. مام وەڵفی دەیویست گورگەی لێ دوور نەکەوێتەوە لە هەرزەکارییەکانی دەترسا گرفتاری کا، گورگە قوتە نەچوونە ژێر باری داواکەی، گورگە هەڵەشانە رووی کردە باوکی و وتی:

دیارە کەمترین باوەڕت نە بە ئاوەزم هەیە و نەبە کردەوەم. سەیرم بیر لێ دەکەیتەوە، نەکۆڕپەم و نەگەوجیش.

– کوڕم وای لێك مەدەرەوە. خراوم لێ تێ مەگە. ئەم جانەوەرانە تفەنگیان بەدەستەوەیە و نە خوا دەناسن و نە دەستیش دەپارێزن، ئاوا تێ هەڵچوونێك تەنیا بە ئازایی و ملهوڕی ناکرێت. ژیری دەوێت وردەکاری پێویستە، گۆترە نییە خۆ؟.

– ئەمانەی دەیفەرمووی بە جێگەی خۆی، ئەوەنەش گێل نیم بەموفت و خۆڕایی خۆم بە کوشت دەم، لە من مەترسە.. تۆ ئاگەداری خۆت بە.

– ئا بەقوربانت بم.. وریا بە.

قوتە بەسەر رێگەی هاتوچۆی دزەکاندا گوریس گوریس دابەشی کردبوون. ورچەی خستبووە سەر چەقی رێگە سەرەکییەکە، بڕیار وابوو کەس پەلاماری هەڵەشانە نەدا تا دزێك بەتەنیا گیر نەیەنن! هەر یەکە لەلای خۆیەوە ئامادە و چاوەڕوان سات ژمێری دەکرد. لە دوورەوە قۆزەی سەگێك بێ دەسەڵاتانە لە ماتەمی شەودا دەنگی دەدایەوە. تاریکی دەستی نابووە بینی شەو.. شەو سەخت و بێ حاڵ و ژمێراو هەناسەی دەدا. فیکەی شاوری قۆڵچی شەو لەولاترەوە دەبیسرا، لە دوورەوە ترووسکەی بێ گیانی چرا لە شووشەی شکاوی پەنجەرەی خانووە

قوڕەکانەوە پتەپت دەبینرا.

خرمەی سمی ئەسپێك تا دەبوو نزیکتر دەبوویەوە قوتە لەولاوە ڕای گەیاند وا گەیشتنە بەرەوە، ئەسپ چوار پاچکەیەکی ڕادەکێشا پێشکە و لرخە و مرخە مرخی گوێ بە ڕەوانی نەیدەتوانی پڕ بە برناخ هەناسە هەڵکێشێ قەپۆزەیان بەبەن و شریت شەتەك دابوو نەکا لە ناکاودا بکەوێتە سەر خەیاڵی حیلکە. دوو سێ لە دزەکان لە دوور و نزیکی عەماردا دابەش بووبوون، یەکێکیان لە کەناری ورچەدا خۆی دابووە پاڵی دیوارێك و چنچکە لێی دانیشت پاکەتی جگەرەی لێ دەرهێنا و جگەرەیەکی ئاگر دا کە دەیبرد بۆ دەمی هەردوو دەستی بە دەوری سوتووی جگەرەکەدا دەکردە تۆپ و مژی لێ دەدا. شەو بەجارێك تاریك و ڕەش دەنوا. کولکی ورچەش زەوی ڕەنگ بوو دەشیزانی چۆن چۆنین بجوولێتەوە بەئەوپەڕی وردەکارییەوە دزی جگەرەکێشی خستبووە ژێر چاودێرییەوە، جووڵانەوەی نەرمە کۆکەی، مژلێدانی، هەناسەهەڵکێشانی.. لە هەمان کاتدا زیرەکانە ئارام لێی نزیك دەبوویەوە، جگەرەی یەکەمی تەواو کرد و دووەمیشی داگیرساند، چەند گەزێکی شای مابوو بگاتە سەری و ویستی پڕی داتێ. دوودڵ بوو نەکا دەستی لە کاردا بێت! دەیزانی هەرکاتێك جگەرە دادەگیرسێنێت تفەنگەکەی بەدیواردا هەڵدەسپێرێ.. چاوەڕوان ما تا جگەرەی سێیەمی داگیرساند. ورچە بە ئەندازەی نیازی خۆی لێی نزیك بووبوویەوە لە پڕ وەك ڕەشەبای بناری گۆیژە هەڵی کرد و خۆی پێ گەیاند و شان و دەستی برد بە دەما. کابرا لە سەرەتاوە وای زانی دیوار هەرۆژاوە بەسەریا تا هەناسە و مڕەمڕی ورچە هوشیاری کردەوە. وزاقێکی دا تا لەژێر قورسایی ورچە دەرباز بێت. کەڵبە و قەپۆزەی ورچە بازوو و مەچەکی بردبوو بە دەمیا و لوولاقی مەچەکی کردبووە خڕخاڵ و لەپی دەستی بە چەرمەوە شۆڕ بووبووە خوارەوە. گوڕ و توانا و هێز و هەرەکەتی ورچە لەوەدا نەبوو هیچ کوڕێك بەرگەی نەدەگرد، نائومێدانە هاواری لێ هەستا: «هاوار! فریام کەون.. خوریام پیاما بگەن لە ڕێی خوادا.. تیاچووم».

ورچەش پەیتا پەیتا کەڵپەی لێ دەدا، دزەی ئەولاتر وردە وردە هۆشیارانە سەری دزیبوویەوە و کۆمەکۆم بەرەو هاوڕێی هاوار لێ هەستاو دەهات. لەپڕ

گورگە لەناو گەڵییەوە هەڵگڕا بەسنگ و بەرۆکیدا کەڵپەی لە گەردنی گیر کرد، کابرا پەنجەی بەسەر پەلەپیتکەی کلاشینکۆفەوە بوو لە ژانا بەدەم ئایەوە پەنجەی پەلەپیتکەداو حەفتا و پێنجی.. شێتانە و شێواو پەرێشان دوور و نزیکی ئاوپڕژێن کرد.

لەولاترەوە یەکێك لە سەنگەرگرەکان بە ناو قیڕاندی:

– «نامەردینە! دێنە سەرمان؟ ئەگەر پیاون خۆتان دەرخەن. ئەمشەو تاك لە چنتان دەکەین.» ڕیزی دەست پێ کرد. لە سەنگەری ئەولاترەوە قورستر وەڵامیان دایەوە:

– «سا بەخوا ئەمشەو لە دەستمان دەرناچن و تۆڵەی کۆن و تازەتان لێ دەکەینەوە..»

ورچە و گورگەش لە کەڵپە و گازگردنی خۆیاندا بەردەوام بوون و دوو دزیان کەڵپە ئاژن دەکرد و قوتەش ڕۆیشتە یارمەتییانەوە. گوللە چوو برێشکە دەباری، دوو دەستەی بەشەڕهاتوو تا دەبوو زۆرتر دەبوون، دەنگی ترومبێل و فیکەی پۆلیس لەناو هارەی شەست تیر و هاواردا گوم بووبوو.. دزەکانی نێو عەمار دوو هاوڕێی بریندار و چوارپاچکەیان بەجێ هێشت. قوتە فەرمانی کشانەوەی دا، تەقە هەر بەردەوام بوو.. ڕۆشنایی لە ئاسۆی چیاکانی دووری شارەوە تاڵەکانی وەدەردەکەوتن.. فیقە فیقی «ئەمبولانس» دەبیسرا باوکەڕۆ و براڕۆ بەرز بووبوویەوە.. چەند تەرمێك لە دوو لا کەوتووبوون.. لەولاترەوە دوو تەرمی نیوە گیانی نەناسراو درێژ کێشرابوون.

ورچە و گورگە و قوتە وەك دەمیان لە کەلاك نابێت قەپۆزەیان سووربوو لە خوێنا، هەردەم بە زمان سمێڵی چەپ و ڕاستیان دەلێسایەوە. قوتە باویشکێکی دا و وتی:

«بازەی ئازیز! دڵنیا بنووە.. ئێمە هوشیارین!»

دەمێك بوو برادەرانی نێو قەڵام نەدیبوو، هەوەسی دیدەنییانم دەكرد. ئەم شارە خراو كەلی داچەقاندووە، خۆ هەر گەڕەكێكی بووە بە شارێك. كاكە هەرایەك بوو نەبێتەوە، هەر خەڵك و ترومبێل و ماشێنی كەن دڕ بوو وەك شارەمێروولە و لافاو لێی دابێ پۆلێك دەهات و پۆلێك دەچوو. برادەران دەیانوت: برێك لە فەڕەنگەوە هاتوون دەڵێن ئەم شارە كۆنترین شاری سەرزەوییە.. بۆ دەمێك ناوەستن، شەو و ڕۆژیان بۆ نییە، گوایا شتی سەیر سەیریان دۆزیوەتەوە دەركەوتووە.. ئەوسا خەڵكی ئەم بنار و بەندەنە چاوساقی دنیا بووگن و دەستیان فرەخاس ڕۆیشتووە و باج و سەرانەیان لە دوور و نزیك سەندووە. دەمڕاستێكی حیساوی بوون.. حەیف بۆ ئەوڕۆ.

– كاكە قوتە فەڕەنگی چۆن چۆنین؟ لەگەڵ خەڵكی ئەم ناوەدا چ جیاوازییەكیان هەیە.. یا هەر وەك بەشەرەكانی ئێرەن؟

– گۆرگە برا! بەشەر بەشەرە ئەگەر یەكێكیان سوور و سپیتر و ئەوی تریان رەش و ژەنگاویتر بێت دڵیان وەك یەك پڕە لە قین و كینە و رەشی! وەك ئێمەی سەگ چۆن رەنگ و كولكمان ڕەنگاوڕەنگە ئەوانیش هەروا جۆراوجۆرن.. وەك وتم بۆ ئێمە.. هەر رەنگێك بن، بەشەرن

– بۆ جارێك لەگەڵ خۆتا نام بەیتە دەرەوە؟ پێم خۆشە جارێك ئەو كۆڵان و قەڵا و شارەم چاو پێ كەوێت و لە نزیكیشەوە فەرەنگەكانیش دەبینم، خۆ لەم چوار دیواریەدا دڵم تۆقی.

– ئامادەم بتبەم. بە مەرجێك مام وەڵفی ڕازی كەیت.

– یانی هیچ.. ئەو كە ڕازی نابێ و وا دەزانێت یەشتا توولەم و لە گوان نەبڕامەتەوە.

– ئەمەیان بە جێگەی خۆی، دڵی مام وەڵفیم لا گرینگە نامەوێ لێمان زویر بێت. دەزانی گومبوونی کتوپڕی تۆ تووشی چ گێژاو و ماخولیایەکی دەکا؟

– بەکاکە ورچە دەڵێین، تێی دەگەیەنێ.

– گورگە برا، بمبوورە! ئەمەم پێ ناکرێ، مەگەر خوا بزانێت چەنێك مام وەڵفیم خۆش دەوێ. تا ئێستا بێم کارێك بکەم ئەو پێی خۆش نەبێت؟ نا.. کاکە.. نەء.. لێم دەبووری.. ها؟

– قەینا.. مەمبە. من بێ تۆ دەڕۆم.

– چ دەڵێیت؟ تۆ کە شارت نەدیوە، نازانیت چی تێدا دەگوزەرێت؟ بێ من مەحاڵە سەرکەویت.

– یەکجار واش نییە، ڕۆیشتم. هەر چۆنێك بووە دەشگەڕێمەوە.

– وای لێ هات؟

– زۆری لێك دەدەیتەوە. وام نەدەزانی ئاوا پابەندی بازێك بیروڕای پڕوپووچ بیت!

– باشە لەگەڵتا دێم. بەڵام دەبێت کاکە ورچە بە چاکی تێ گەیەنم ناچار کراوم. شار شارە و هەموو شت لە ڕێگەدایە، پڕە لە دڕندەی دووپا.

– قەینا. هەرچی دەڵێی بڵێ.. کەی دەڕۆین؟

– دەمەو شەفەق.

لەش و لاری ڕێز و بێ ژماری نەمام و درەختەکان هەناسەی ساردی پێش قەرەوڵی زستان دەیشەکاندنەوە و نائومێدانە گەڵا و پەل و پۆیان نیوە مردوو.. خۆڕاگرتوو بەسەر پۆپەکانەوە سەمای مەرگیان دەگێڕا. پایز شان و ملی رووت بووبوو.. دوا کۆزەری تاو و هەڵاو و گەرمای هاوینی کاوێژ دەکرد.. باڵندە و پەلەوەرە ئاوارەکان پۆل و تاك و جووت ترسی کڕێوەی زستان دای گرتبوون.. برسی و زار پەنایان هێنابووە ناو شار.

گورگە هەموو شتی لا تازە و دیدەنی بوو.. دەم دەم گەماڵە تاوێکی دەدا و قەپۆزە

و کەپووی لە تل و دار و بەرد دەخشاندو بۆنێکی پێوە دەکرد و پایەکی  پاشووی بەرز دەکردەوە و خۆش خۆش گمیزی پیا دەکرد و دووبارە خێرا دەکەوتەوە دوای قوتە. قوتە لە دوورکەوتنەکانی ئاڵۆزبووبوو لەپڕ قیڕاندی:

وا بکەیت دەگەڕێمەوە. ئاخر تۆ.. ئەمانەتی ئەمانەت! دەبێ بە ساغی بتگەڕێنمەوە.. شتێکت بە سەردا هات وەڵامی مام وەڵفی چی  بدەمەوە؟

گورگە بۆ تاوێك ژیرانە ئارام و بە دوایەوە ملی ڕێگەی دەگرد و چەند گوریسێك دەڕۆیشت یاد ئاوەرییەکانی قوتەی لە بیر دەچوویەوە، دیسان پڕتاو دوور دەکەوتەوە و قوتە ناچاری چاوەڕوانی دەکرد و نیوە وەستاو نیوە هەرا گەیشتە دامێنی قەڵا و لەلا ڕێگەوە بە ئەسپایی خۆیان گەیاندە نێو قەڵا. لەسەر بانان و پاڵ دیواری کەلاوەکاندا ئەستێرەی تەپلەی چەك بە دەست هەتاو لێی دەدا و دەبریسکانەوە.. قوتە سڵۆکایەوە. لە سووچێکدا لەسەر پاشوو لێی دانیشت و گورگەش لە تەنیشتییەوە سەرسامانە دەینواڕییە دەوروبەردا. قوتە گێژ و مەنگ بووبوو، هەرچی تێ دەفکرا دیسانەوە پۆلیس سەر کۆڵانانیان گرتووە. چ باسە؟ هەمووی چەند ڕۆژێك لەمەوبەر کەوتبوونە ناوشار و کوشتیان و گرتیان و چەوساندیانەوە.. دیسان وا زوو زوو دەستی پێ بکەنەوە، ئەمە کارێ تازەیانە لە پێشدا نەبووە و نەکراوە.. وەنەبێت نەزانن توولەکانمان کەی قول دەگرن و بەکەڵکی کوشتن دێن؟ تووتکەی شیرەخۆرە کوشتن حەز و لەزەتێکی ئەوتۆیان پێ نادات.. قوتە بەدەم بیرکردنەوە هەردوو گوێی کردبووە ڕادار هوشیارانە هەر دەنگ و ڕەنگ و ورە و خشەیەکی لە یەك دەدایەوە. لە سووچی کۆڵانی بەرامبەریدا سەر و گوێلاك و قەپۆزەی سەگێکی وەدی کرد، لێی ورد بوویەوە (گورزە)ی ناسییەوە. گورزە یەکێك بوو لە گەماڵە ناسراوەکانی ناو قەڵا. تەواوی سەگەکانی کووچە و کۆڵانی نێو قەڵا قسەیان لێ دەبیست و بە چاوساقی خۆیان دەزانی.. گورزە سەرێکی بۆ سووڕدان و گورگە بەرەو لای کەوتنە قونە. چاو و گوێ و کوڵك و یاڵی گورگە بەلای گورزەوە تازە بابەت دەنوا.. هەروا بە وردی تێی دەنواڕی. قوتە شریتی بیری پچڕاند و وتی:

– ئەرێ ناڵێی چ خەوەرە؟ دەر و دووکان داخراوە پۆلیس بە هەرچوار قوژبندا

پەخش و بڵاوە، ناشێ دیسان کوشتار بێ و ڕەشبگیر؟ وەك دەزانی پۆلیس بە فیڕۆ خۆی ماندوو ناکا.. ناو و تەمەن و ڕەگەزی تەواوی توولەکانمانیان لایە و دەزانن کەی دەشێت بۆ دەست بۆ هێنانیان و ڕەشبگیری.

– مەترسە. کاتی کوشتن و ڕەشبگیری جارێك نەهاتووە.. لێپرسراوانی بەشەر دێن بۆ لای لێزانە فەرەنگییەکان، ئەو پۆلیسانەش بۆ کارقایمی و پتەوی کاری و پارازتنە. بەڵام تۆ نەتوت ئەم برادەرە کوێنەرییە و ئێمەت بە یەکتری نەناساند؟

– ئای– ڕاست دەکەی– ئەوی ڕاستی بێت بریقەی ئەستێرەی تەپڵە و سێوەری لوولەی تفەنگ نەختەکێك پەشۆکاندمی.. لێم مەگرە.. ئەم برادەرە کاکە کورگەیە.. گورگە برا یەکێك لەو برادەرانەیە پێکەوە بەرنامەی عەمارمان ئەنجام داوە بێگومان ناوت بیستووە، گورزە بە گەرمی لێی ڕۆیشتە پێشەوە و ملی لە ملی گورگە خشاند و دۆستانە بۆنێکی پێوە کرد، ئنجا وتی:

– بەهبەهـ! چ سەعادەتێك! ئەی بەخێرهاتی.. بەسەرچاوان. فەڕوەقەدەمت هێنا.. ئێمە هەر لە دوورەوە دەماننناسیت وا بەخزمەتیش گەیشتین. ئێمە و برادەران ڕێزێکی تایبەتیمان بۆ تۆ و باوکت و کاك ورچە هەیە. کارێك ئێوە کردووتانە جێگەی شانازیی هەر هەمووانە.

– کاکە گورزە! ئێمە هەر چیمان کردبێت هونەرەکەی بۆ کاکە قوتە دەگەڕێتەوە، داڕژتن و هەڵبژاردن و پیادەکردنی بەرنامە و کات زانینی کاکە قوتە کارێکی وای کرد هەموو شتێك لە ئاو خواردنەوە ئاسانتر بکات.

– نە گورگەبرا.. نەء.. ئەگەر ئازایی و تیانەوەستان و لێبووردنی ئێوە نەبووایە.. تەنیا بەرنامە داڕژتنی من هیچی بە هیچ نەدەکرد.

– بەهەرحاڵ ئێوە و کاکە قوتە تەقینەوەیەکی نوێتان لە ئەندێشەی سەگەلەکاندا پێك هێناوە. بەتایبەت سەگەکانی نێو شار.

– دەڵێم واز لەم قسانە بهێنن. گورگە برا دەیەوێ لە نزیکەوە بەشەرە لە فەڕەنگ هاتووەکانی چاو پێ بکەوێ.

پۆلیسەکان جموجووڵیان پێ کەوتبوو، شەش حەوت ترومبێل لووتیان نابووە

سەریەکەوە لە شەقامە تەنگەکەی پشتی قەڵاوە بەرەو قەڵا سەردەکەوتن. لە تۆپزی قیرتاوەکەدا نرکەیان بەرزتر بوویەوە. زۆری نەخایاند دانەدانە لووتیان لە دەروازە هەروژاوەکەی قەڵاوە دەرکەوتن بە چەپ و ڕاستدا زرمەی ترومبێلەکان بوون. شابوویەك هەراوهوریا ژڵیژاندی و جێگەی هەمیشەکی بۆ ئەوان بەجێ هێڵا و دای لە شەقەی باڵ. گورزە چاوساقانە لە پێشەوە دەچوو وەرچەرخایەوە و وتی:

– پۆلیس بە دار و پۆستاڵ هاتووەتە وێزە و سەرو موقل و پاوپلی بەشەرەکاندا تا لە لێپرسراوان دوورکەونەوە پێم وا نییە ئێمەی سەگ بتوانین زۆر لێیان نزیك بینەوە. بەڵام دەتانبەمە سەربانێك هەر هەموویان لەژێر دەممان دا وەدی دەکرێن. ئەگەر وا نەبووایە دەمانتوانی لە فەرەنگییەکانەوە نزیك ببینەوە ئەگەرچی ئەوانیش بەشەرن هەر نەبێ چغەمان لێ ناکەن. ئەگەر کەسیان لادا نەبێت دەستێك بە سەر و کلکماندا دەهێنن، شتێکمان بۆ فڕێ دەدەن هەموو کات بە برادەرانم ڕاگەیاندووە زۆریان لێ نزیك نەبنەوە، بەشەر هەر هەموو جێگەی متمانە نییە.

بەسەربانەوە گورگە سەری هەڵبڕی و ئاورێکی ڕۆژهەڵاتی دایەوە و کەژ و کێوی دوور و نزیکی وەدی کرد هەی دەینواڕی نەیدەزانی چین و چییان پێ دەڵێن. بەشەرمەوە لە قوتەی پرسی:

ئەوانەی لە دوورەوە دیارن چین و چییان پێ دەڵێن؟

– چیایان پێ دەڵێن.

– چیا چییە؟

ئەو پرسیارە سەرنجی گورزەی ڕاکێشا و پرسیارەکەی بەلاوە گەلێك سەیر بوو. هەروا گوێگرانە دەینواڕی قوتە نەیهێڵا زۆر لە سەرسامیدا بمێنێتەوە و هەڵی دایە و وتی:

– گورگە چاوی تررووکاندووە تا بە ئەوڕۆ لە حەوشی نەڕۆیشتووەتە دەرەوە ئەمڕۆ یەکەمین جارێتی.. حەقێتی.. تابە ئێستا جگە لە بەرنامەی عەمارەکە نەبێت

لە چوار دیواری حەوشی باخەکە نەبێت سەری نەبردووەتە دەرەوە. هەر باشە چیای بە جانەوەر نەهاتە بەرچاو؟

ئنجا رووی کردە گورگە و وتی:

چیا لە دوورەوە ئەوەیە کە دەیبینی، بۆ خۆم ڕۆژێك دەتبەمە دیدەنی.. تا لە نزیکەوە بیبینی.. دنیایەکە بۆ خۆی.

– تۆ لە نزیکەوە دیوتە؟

– زۆرجار.. چەند جارێك هەر لەگەڵ ئەم کاك گورزەی حازرییەدا پێکەوە رۆیشتووین بۆ دیدەنی برادەران..

– مەگەر برادەران لەوێش هەن؟

– ئەی بێ قەزابیت.. لەوێ هەر خۆیان حساون.

– جا بۆ چی رۆیشتوونەتە ئەوێ؟

– ئەوان وەك ئێمە وەتاقەت و تامۆڵ نین.. زۆر و ستەمی بەشەریان پێ هەڵناگیرێ. پەنایان بردووەتە ئەو کەژ و کێوانە تا لە بەشەرەوە دووربن و دەنگیان بە گوێیاندا نەڕوا.. برۆ سەیرکە چ کۆمیتە و ئەنجوومەنێکیان پێك هێناوە.. جیگەی ئومێدی لێقەوماوانن.

– با بڕۆین بۆ لایان.

– بە ڕاستتە؟

– گاڵتەش ناکەم!

– ئەمەیانم ئیتر پێ ناکرێ.. بۆ ئێرە هاتنمان شەرمەزاری لای مام وەڵفیم تا بگاتە چیا رۆیشتن.

– کاکە قوتە! خەریکی لەگەڵما ناخۆشی دەکەی نەتوولەم و نە زڕگەماڵ و نە ناسك نارنجیش.. جگە لەمانەش خۆ من تەنیا باڵ نیم باوکم چەندانی وەك منی خستووەتەوە و ئێمەش هاتین دایکم لە پاری گوانی دەهات.. ڕەنگە تا بگەڕێینەوە شەش حەوتێکی تری خستووبێتەوە . بۆ خۆم ئەوەی بە باش دەزانم دەیکەم، چیا

شار و کۆڵان و گەڕەك نییە.. ها ئەوەسانێ بەبێ تۆیش خۆمی پێ دەگەیەنم چ بمبەیت و چ نەمبەیت هەر دەڕۆم.

– گورگە برا! خەریکی گووی تێ دەکەی!

– نەخێر کاکە قوتە.. من ئازادم چۆن تێ فکریم و چۆن هەنگاو بنێم و بۆ کوێ بڕۆم؟

– تۆ بۆ ئەمە تێ ناگەی؟. دەزانی تووشی چ رووزەردییەك دێم بە لای باوکتەوە؟

گورزە وتووێژەکەیانی پچڕاند و وتی:

چی تێدایە.. لێی گەڕێ با بڕوا.. گورگە بۆ خۆی نێرە گەماڵێکی تەواوە.. تۆیش نەیبەیت بۆ خۆم لەگەڵی دەڕۆم.

قوتە زانی کار لە کار ترازاوە.. وتی: منیش ئەمە دەزانم، بەڵام چی بکەم پام گیری کردووە بەلای باوکییەوە، ئەگینا دەزانم گورگە کوڕی میحنەت و لێقەومانە. باشە دەڕۆین بەڵام زوو دەگەڕێینەوە.

گورگە دیسان نەڕۆیشتەوە ژێربار و وتی: ئەوی راستی بێت ئەگەر ئەوێم بە دڵ بێت رەنگە هەر نەگەڕێمەوە.. تاکەی گیرۆدەی فەرمانڕەوایی جانەوەرێکی وەك قالە بم؟

– گورگە برا! تۆ پای من لە مەسەلە دەربهێنە و لە شەرمەزاری دەرم کە.. مەرج بێت لەگەڵتا بگەڕێمەوە.

– قەول؟

– قەول..!

گورزە وتی:

– مەگەر بەخۆراناوادا بۆی دەرچین ئەگینا رەبیەکانی دەوری شار گوللە ئاژنمان دەکەن.

لە خوارەوە لێپرسراوان و فەرەنگییەکان بە دەوری گۆزە و پەیکەرە دۆزراوەکاندا دەهاتن و دەچوون و هەریەکە بەجۆرێك دانی لێ تیژ کردبوو. چۆن چۆنیی یەکی

دوو تیکە و دانەیەکی کش لێ کا. لەناو گۆڕستانەکەی لە نێوان دوو ڕەبیەوە بۆی دەکشێن.. ئاسۆ ڕەشەوە بووبوو.. لەدوورەوە قۆڵی باشوورەوە قوتە و گورگە و گورزە چووبوونە بۆسەوە تا تاریك دابێ و تیشك ئاوێژیان بە ئاسماندا هەڵدەکرد. گورزە وتی:

تا حەوت دەقیقەی تر ڕادەوەستین.. دوای چارەکە سەعاتێکی تر یەکێکی تر هەڵدەکەن، حەوت دەقیقە بە ئاسمانەوە دەبێت، لە چارەکە سەعاتی خامۆشیدا دەبێ لە نێوان دوو ڕەبیەوە بۆی دەرچین بە ئەندازەیەکیش دوورکەوینەوە لە بۆردی شەستیرەکانیان خۆ دەربازکەین واتە پڕتاو یەك چارەکە سەعات ڕانەوەستین ئەگینا خراومان بەسەردێنن.

تیشك ئاوێژەکە تا دەبوو بێ گیانتر دەنوا.. هەرسێکیان بە ئارامی لەناو گۆڕ و کێلەکانەوە هاتنە دەرەوە و لە لێواری گۆڕستانەکەدا چاپك و چالاك ئامادەی دەرپەڕین بوون تیشك بە ئاسمانەوە هەناسەی بڕا و کوێرەوە بوو، هەرسێکیان وەك تیر لە کەوان دەرچیت پڕ تاو بۆی دەرچوون، بێ دەربەست لە دڕك و دەوەن و دار و بەرد مارەتۆنی ژیان و مەرگیان دەپێوا. بەسەر جادە قیرتاوەکەوە خرمەی زنجیری تانك کزەبای پایز تاوتاو لەگەڵ خۆدا دەیهێنا و نەرم نەرم دووری دەخستەوە زەردی تیر ئاوێژی دووەم بە ئاسمانەوە درەخشایەوەو بەرپایانی ڕۆشن کردەوە، گورزە بە دەم هەناسکەبڕکێوە زمانی لە کەلاویەوە هاتووبووە دەرەوە وتی:

«خەمتان نەبێت لە بوردی تفەنگیان هاتووینەتە دەرەوە».. گەیشتوبوونە دامێنی چیا و لەناو گابەردەکاندا ماندوو زمان دەرهاتوو لێی ڕمان. ئەستێرەکان چۆن پڵپڵەی سەر پارچەی مەخمەڵی ڕەش منداڵانە جریوەیان دەهات و گەوجانە بزە و کەنینیان بۆ یەکتر دەنواند.

بەدوای گورزەدا قوتە و گورگە بە تووڵە ڕێگەی پڕ پێچ و خەمی داکشاودا سەردەکەوتن. گورزە لەسەر پاشووی بەسەر گابەردێکەوە دانیشت و وتی:

وا لە دەشت هاتووینەتە دەرەوە و جێگەکەمان جێی متمانەیە، بەم تاریکەشەوە

لەمە زۆرتر با نەڕۆینە پێشەوە.. نە نهێنیی شەو دەزانین و ڕێ و بانەکەش بە چاکی ناناسین دەڵێم با لە نزارێکدا بڕۆینە مەکۆوە تا ڕۆشن دەبێتەوە ئەو حەلە دەکەوینە ڕێ، ئەم لووتکەی چیایە هەم شاری لێوە دیارە و هەم دۆڵ و دەربەندی برادەران.

گورگە پرسی:

زۆرمان ماوە بگەینە جێ؟

– هەڵەت و بەردەلانی نەبووایە بە چوار سەعات دەگەیشتین. ڕەنگە تا چێشتەنگاو بگەین.

قوتە پێشنیازەکەی گورزەی قۆزایەوە و وتی: وا من لێی ڕامام!

تاوتاو ئەستێرەیەك ئاسمانی تاریکی سەرتاسەر هەڵدەتلێشاند و خۆی دەگەیاندە قووڵاییی گەردوون و کوێر دەبوویەوە.

بەرەبەیان قاسپەی کەوی مەست و شەیدا لە دۆڵ و دەربەندا دەنگی دەدایەوە. گورزە و قوتە بە سەرەسەری نێرەکەرێك هوشیار بوونەوە. سەرە لە دامێنی ڕۆژهەڵاتەوە دەبیسترا. سەرەکە نە هی هەوەس بوو نە هی من منم.. تۆنی! سەرەکە ئاوای هاواری تێدا دەبیسرا، ئاوڕیان دایەوە گورگەیان وەدی نەکرد، بەگورجی بە تووڵە ڕێگەی پڕ بەردەلانیدا سەروخوار بوونەوە بەرەو ڕۆژهەڵات و نێو دۆڵی پان و پۆڕ لە سەرەسەر نزیك بوونەوە، گورگە لەسەر پاشووی چنچکەی دابوو ئارام و خوێنسارد دەینواڕییە نێرەکەر و جاش و ماکەرەکاندا ترنجابوونە قەڵوەز و تەنگەبەرێکدا.. لە گورگە نزیك بوونەوە، قوتە پرسی:

– کوڕە ئەمە لە کوێیت؟ دیسان نیگەرانت کردین، ترسام وێڵ بووبوویت!؟

– دەمەو بەیان کە چاوم کردەوە سایە و سێوەر و تارماییی ئەم کەژ و کێوەم هاتە بەرچاو خۆمم پێ ڕانەگیرا داکشامە خوارەوە، لووتم تەقی بەم کەرانەدا، هەر کە منیان دی ترس دای گرتن و ئالان بەیەکدا و پەیتا پەیتا سەرەیان دەست پێ کردەوە و هەر نایبڕنەوە.

نێرەکەر بە دیتنی قوتە و گورزە سەرەی بڕییەوە و بەیەرغە هاتە پێشەوە، یەشتا

هەر دوودڵ بوو زۆر نەڕۆیشتە بەرەوە گورزە تێی خوڕی:

– خۆمانین، برا خۆمانین. لە چی دەترسیت؟

– ماڵتان بە قوڕ گیرێت بەم کەوە شەفەقییە پێمان گەیشتوون و دەڵێی نەترسین؟

– ترسێکی پێ ناوێ. شتێك نییە لێی بترسیت؟

– ئێمە لە تۆو هاوڕێکەت ناترسین بەڵام حەقی خۆمانە لە گورگ بترسین، بە پێی بڕیارنامەی نێوان برادەرانی ئێوە و دەم چەرموانی بنەماڵەی گورگەکان.. ئەم دۆڵ و بەندەنە هاتوچۆی گورگی تێدا قەدەخەیە و حەقی گوزەریان تێدا نییە.

– چ دەڵێی کام گورگ؟

– ئەی ئەوەی بن دەستت کەروێشکە یان چەقەڵە؟

کاکە یەکێك لە ماکەرەکان لە ترسا بەری خست و وا پەرێشانە، دەڵێی نەترسین؟

قوتە و گورزە ئاورێکیان لە گورگە دایەوە ئنجا وردتر بوونەوە و قاقا چوون بە پشتا!! نێرەکەر گێلانە دەینواڕی و نەیدەزانی بۆچی وا پێ دەکەنن؟ گاڵتەی پێ دەکەن یان رەنگە بڕیارنامەی سازشی نێوان گیانلەبەران بە هەمی خواردووبێت؟.

گورگە تێ گەیشت خراوبووە بەمایەی ترس و ئاشوفتەبوونی کەرەکان نەختێك رۆیشتە پێشەوە و کەرە چەند هەنگاو گەڕایەوە دواوە. گورگە لە جێگەی خۆیدا ڕاوەستاو ملێکی سووڕ دا و گەردنبەنەکەی ملی لە گەردنیا چەرخا بە رەزوانەکەی بریسکایەوە و ئنجا وتی:

«گورگ گەردنبەندێ ناکەنە مل». ئنجا ملی بەلای بەرەزوانەکەدا چەرخاند و وتی:

«بنواڕن گەردنبەندم لە ملدایە!؟ تا ڕادەیەك حەقی خۆشیانە ترساون، بەڵام هەر دەبوا کلکی بڕاومتان بدایایە. ئاخر ئێمە و بنەماڵەی کورگ یەك رەگەزین و لە بنچکەدا توخمی پشتێکین، باو و باپیرانی ئێمە بوونە نۆکەر و کاسەلێسی بەشەر و. ئەوان نەچوونە ژێرباری سەرشۆڕی.. ئێوە حەقی خۆتانە منتان بە گورگ

زانیبێت. باوکم ناوی وەڵفییە و بنەماڵەکەشمان بە وەڵف ناسراون، بە ئەڵمانی یانی گورگ.. بەهەرحاڵ بە گەورەیی خۆتان بمبەخشن و لە شەرمەزاری وەدەرم بهێنن. کەر کە زانی گورگێك لە مەیدانا نییە سەرەیەکی کەرانەی کرد و وردە ئاهەنگی پاشۆویشی هامرازی سەرەکەی و لەگەڵ هەر بین خواردنەوەیەکدا شریتێکی بەرەڵڵا دەکرد، ئنجا وتی:

– نازانم ئەم خەڵکە تا کەی ژێر نابنەوە بە خۆڕا ئێمە بە بێمێشك و گەوج دادەنێن.. لەناو بەشەر و تەواوی گیانلەبەراندا گەوج و گێلی وا هەیە ئێمە لە چاویاندا موفتیین، کەچی هەر ناوی ئێمە بەدناوە ئەمەش پاداشتی کاروبار و زەحمەتی چەند هەزار ساڵەی ئێمەیە و پێی داوین.

گورگە لە قوتە نزیك بووەوە و وتی:

– ئاتۆ پێم ناڵێی ئەم کەرانە بە بێ خاوەن چۆن گوزەران دەکەن.. تا ئەوێی من لێی دەزانم کەر جەماعەت بەبێ خێو و خاوەن سەخت هەڵدەکا و بەئاسانی گوزەران ناکەن.. ئەمانە لەم دۆڵ و ناو دەوەنەدا بێ خاوەن تا ئێستا چۆن هەڵیان کردووە؟

نێرەکەر هەردوو گوێی وەك ڕاداری ژێر دەریایی ئاواڵەی دوور کردبوو گوێی لە پرسیارەکەی گورگە بوو نەیهێڵا قوتە وەڵام بداتەوە قاقایەکی تێکەڵ بە سەرەسەرەی کرد و ئنجا وتی:

– دیارە ئەم برادەرە هەموو شتی سەیرە. لەوە دەڕوا خەڵکی لای خۆمان نەبێت و بێ ئاگای ڕووداو و هاوبەستەگی و پەیمانی نێو گیانلەبەرانە، بۆیە وا دەڵێت یان حەق نییە هەر بەتەنیا بە ئێمە کەر بڵێن؟

قوتە کەوتە تەنگەبەرییەوە و بە دەوری خۆیدا سوورێکی خوارد و گورگە نەیهێڵا هیچ بڵێ و وتی:

لە ڕەگەزدا بێگانەم، بەڵام لەم وڵاتەدا پەروەردە بووگم و هاتوومەتە دنیاوە و ئەم وڵاتەش بە وڵاتی خۆمی دادەنێم، بۆ لەمەولا دەبم...

– تۆ نەتوت ناوت چییە؟

– گورگە.

– ناویشت تۆقێنەرە، جا کاکە گورگە با بۆ خۆم وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە چاکترە، وەك وتت ئێمەی کەر بێ خاوەن نامان کرێ و هەڵناکەین، چ دەڵێیت ئەوە ئیتر وایە و لێقەومانەکە تێکڕاییە و هەموو جێگیر، کاتێك دێهاتی چوار تەنیشتیان هەڕووژاند ئێمەش وەك خاوەنەکانمان ئاوارە و دەربەدەر بووین.. بڕیارمان دابوو ئالکێکی بژی و نەمری و تێکەڵ بە هەزار نارەوایی دیسانەوە نەڕۆینەوە ژێر باری بێگاری بەشەرەوە.

لە سەرەتاوە گورگ چەند جارێك تێمان نیشت و چەند دانەیەکمانی هەڵدڕی و لەو خوارەوە بەشەر بەلۆرییەوە هاتبوون بۆ سەرەوخواربردنمان، ئەوەی توانی دەرچوو.. بازێکیانیش لێ سوارکردین و بەرەو خوار بردیان. کۆبووینەوە و شکاتمان بردە لای برادەران و کۆبوونەوەیەکی تێکڕایی کرا و چەند بەندێکی ئاسایشی لە نێوان گیانلەبەراندا مۆر و ئیمزا کرا، بۆ هەر رەگەزێك سنوور و هەرێمێك تەرخان کرا، کە تۆمان لە دۆڵی تەرخانکراوی خۆماندا دی.. یەشتا نەترسین؟

قوتە قسەی نێرەکەری بڕی وتی:

– داوای لێبووردنت لێ دەکەین، خەتای کەس نییە وا پێش هات ئێمە درەنگمانە، دەبێ رێکەوین.

ئەمەی وت و گورزە کەوتە پێشەوە بەچەقی دۆڵدا بەرەو نێو دەربەند، زۆر نەچووبوون لەبن گابەردێکدا یەك دووانێکیان لێ ڕاپەڕی و بە دەنگ یەکێکیان خوڕی:–

– کوڕە.. کێن؟

قوتە وەڵامی دایەوە:

– خۆمانین.. ئاشناین بۆ لای برادەران دەڕۆین.

– رێگە دەزانن؟

– بەباشی؟. نەء!

قیڕاندی:

– شالاّن بکەوە پێشیان.

شالاّن ئازا کەوتە پێشەوە بەناو بۆ شارەزایی لە راستیشدا بۆ چاودێری و بەرگری لە خراوە نەکردن.. تا دەڕۆیشتنە پێشەوە نیشانەی برادەران و جولاّنەوە و بۆنیان بە چاکی وەدی دەکرا دووکەڵی ئاگر و سووتەمەنی لە دۆڵ و نزارەکاندا بەئاسماندا دەچوو.. دار و درەختی جۆراوجۆر پرچ و چڵ و پەلوپۆیان تێکەڵ بووبوو توولەڕێگە وەك رێچکەی ئاوی ژێرکا لەژێر سێوەری کڕ و تێردا دەکوژایەوە و ون دەبوو دیسان وەدەردەکەوت تەمومژ و هەور و هەلاّ ئالاّبوونە کەمەری کێودا هەتاو تاوتاو تیرئاویژ لە تۆیەی شڕۆڵی تویژە ناسکەکانەوە خۆی لە زەوی دەخشاند.. پێچ و لوولی رێگەی نێو دار و درەخت بەسنگی کێوداچوو ئەژدیهایەکی ئەفسانەیی دەهاتە چاو، شالاّن هەروا لە پێشەوە دەڕۆیشت بێ ئەوەی هەڵچەرخێتەوە وتی:

– لە شارەوە هاتوون؟

گورزە وەلاّمی دایەوە: بەڵێ.

– کەی دەگەڕێنەوە؟

– سبەی.

– منیش خەڵکی نێو شارم و دەمەوێت بگەڕێمەوە نێو شار، دەڵێن دەوروبەری شاریان رەبیەچن کردووە و منیش شارەزا نیم. ئەگەر بکرێت پێم خۆشە لەگەڵ ئێوەدا بگەڕێمەوە. دەکرێت؟

– بۆ نا؟ سبەی پێکەوە دەگەڕێینەوە.

## ١١

خرمە و زرمەی چەکمەی چەکمە لە پێیەکانی شەو شاری شەکەتەوار کردبووە خەو، شار لە دوورەوە تارماییيەك، چوو پەڵەهەورێکی تاريك و دێز لە پانتاييی دەشتی پڕ ماتەمدا دەقی بەستبوو، دەستی رێکەوت و زەمانی نابووە ژێر سەری و ماندوو و پەکەر نووستووبوو.. تاك و تەراك ترووسکەی لاساری مۆمی شەوبێداران نەبێت نيشانەی زيندەگی وەدی نەدەکرا.

کاتێك تيشك ئەندازان تيشکی چلچرای مەرگيان بەرەو ئاسمان هەڵدەدا چوارنێرە گەماڵ گەيشتبوونە دامێنی شار سنگ و سکيان لە زەوی گير کردبوو بەتەمای کوێرەوەبوونی چلچرای مەرگ ئامادەی تێپەڕبوونی نێو دوو رەبيە و خۆ بەناو کۆڵانی شاردا بوون. گوڕەی ترومبێلی ئێشك ديران کشوماتيی شەقامی دەشڵەقان. لە دوورەوە تارمايی قۆڵچی لاشەری شەو وەدەردەکەوت و لاتەراسکەيان دەبەست شاڵان لە گەماڵەکان جوێ بوويەوە و بە کۆڵانێکدا دزە رۆيشت دەچوو ڕادەوەستا، گورزە و قوتەش گورگەيان بەرەو باخ بردەوە، باو نەسيمی هەڵکردووی شەو بۆ نيسانی گەياندبووە لووت و پووزەی مام وەڵفی لە باخدا دەهات و دەچوو. گورگە لە ئاوڕەوی باخەوە رۆيشتە ئەو ديوداو لە پڕ لەلای مام وەڵفی و سلڤەر خانمدا موتکەی دايەوە. سلڤەر نەيتوانی خۆشحاڵی خۆی وەدەرنەخا دوو سێ قۆزە و نووزەی کرد و چەند جارێك بەدەوری گورگەدا هات و چوو لەولاترەوە هەڵمووتا!

ورچە لێی مڕ بووبوويەوە بێ ئەوەی هيچ بڵێ دەيوت: گەماڵ.. ئەگەر درۆ بکا و بێ بەڵێن بێت نيوەی راستی لە دەست داوە. هەرگيزيش نابێتە گەماڵ. گورگە لە ئاوڕ و مڕبوونەوەی تێ گەيشت وتی:

دەزانم بێ قەوليم کردووە. دڵنيام تۆيش بوويتايە هەر وات دەکرد. دوايی بە

درێژا بۆت دەگێڕمەوە. هەستە برۆ نەرە و مڕەمڕی باوکم بۆ چارە کە! مام وەڵفی تا ئەو حەلە هەر لە حەوشیدا خۆی خەریك کردبوو بە دزی و ئاشکرا چاوی بڕیبووە هەڵسان و دانیشتن و ورەوڕی قالە کە دڵنیابوو هاتە ژوورەوە بە تووڕەبوون وتی:

– هەتیوی خوێڕی سەرمان تیا دەبەیت؟ ئەم گێرە و کێشە و نیخەنیخە بە تۆ چی؟ بۆ ڕەحەت لێی ناڕمێیت؟

– بۆ مەگەر چیم کردووە؟

– خۆ وەڵڵا هیچ! ماست نییە بەدەمەوە دیار بێت! ئەمە چوار ڕۆژە لە کام جەهەنەم خانەیەکیت؟

– ئەم قسانە بۆ توتکە دەکرێت. من بۆ خۆم گەماڵێکم و چاکە لە خراو بەباشی جیا دەکەمەوە. تازە پێم وا نییە کارێکی ناپەسەند و هەڵەشم لێ وەشابێتەوە، چوار ڕۆژ لە دەرەوە بووگم لەناو سەگەلی یەکی یەکیدا بووم بەنان و دەرزییەوە دەخورێن.

– باشە نابێت بە ئێمە بڵێی؟ هەر نەبێت ئاگەدار بین کەی دەگەڕێیتەوە؟! ئاخر ناسەلامەتی ئێمە باوك و دایکین و غەریبییەکەشمان سەرباقی؟

– مەگەر کاکە ورچە پێی نەوتوویت؟!

– با.. وتی.. بەڵام نەیوت چوار ڕۆژ. قوتە نەدەبوو ئاوامان لەگەڵ بکات. ئەمە پاداشتی پیاوەتیمان بوو پێی داین؟

– نازانم بە چی سوێنێك باوەڕ دەکەیت.. کاکە قوتە بچووکترین گوناحی نییە، ئەویش نەهاتایە بۆ خۆم بەتەنیایی دەڕۆیشتم.. دیسانیش دەڕۆمەوە. نازانی ئەو کێوو کەژە برادەران چ بەزمێکی تێ دەگێڕن بەشەر بە دوو چاو وەدی ناکەین ئەگەر بیشیبینی ئەمانە نین وا لێرە خۆیان بە شای سەر زەوی دەزانن.. دوور لە گۆبەن و شەڕ و مەرافە تەواوی ئاژێڵەکان بێ مەرافە پێکەوە دەژین.

ورچە پووزەی نابووە سەر هەردوو دەستی و بەسەر سکدا ڕاکشابوو.. سارد دەینواڕی، ئارام چاوی دەپرتان، قسەکانی گورگەی بڕی و وتی:

– حەیفە گوللەی نامەرد گێڕ و گەوارەی کردووم! ئەگینا ئەوێ جێگەی من بوو

نەك لێرە بەلای قالەوە!

– کاکە ورچە! لە جیاتی ئەوەی سەرزەنشتی کەیت.. کەچی وا دەڵێیت؟

– مام وەڵفی.. من نازانم چۆن تێت گەیەنم، گورگە گەماڵێکی تەواوە.. لێی گەڕێ هەرچی پێ چاکە با بیکا: ئەوەندە بە دەوری دامەیە و تەڕ و وشکی مەکە و نازدار بە باری مەهێنە. لەم شار و دەور و بەرانە ئەوەی باری لە گا کەوێت کەم کەس دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکەن.

گورگە سەرنویشتی خۆی هەڵبژاردووە بابە رەزای تۆ بڕواتە دوایدا. مادام دەتوانێ و پێی دەکرێت کاسە و گۆزەی کاسەلێسی تووڕدا و وردوهان کات ئافەرینی دەوێت.. ئافەرین!!؟

قیژەی ژنەکەی قالە چەند پەلەوری سەردارەکانی هەراسان تاراند:

– خۆشت بێ و ترشت بێت هەر ژن دێنم.. ژن کە ژن ناخوات، تا چواریش حەڵاڵە و حەقی خۆمیشە. ئەو پووڵ و پارەیەم نییە ئەگینا ئیمانم تەواو دەکرد.. کەی بە دیار تەختە ڕەقێکی وەك تۆوە دانیشم؟! ژنەش دەیوت:

– پاداشتی کوێرەوەری و برسییەتیم وا دەدەیتەوە؟ تا ڕەجاڵ بوویت رەق و تەق نەبووم.. ئێستا دەستت دەگاتە دەمت و ژن دێنیتە سەرم.. خوا بتکاتە قوربانی ئەو سەگانە! دەبووا بەزەیەکت بەم منداڵانەدا بهاتایە.. هەی نامەرد.

جریوە کەوتبووە نێو پەلەور و پاساری و چۆلەکەی نێو درەختەکان، قووقەی دووری کەڵەشێرێك مژدەی ڕۆشنایی دەدا، ئاسمانی شار پڕبوو لە دەنگی«الله أکبر». ترومبێلە بارییەکان لە شار دەردەچوون نرکەیان شایەتی باری قورسیانی دەدا.. ئاسمان ڕۆشن بووبوویەوە، دەرگەی باخ ژلێژاوانە لێ درا.. بەسەر دیوارەکاندا سدارەی چەند پۆلیسی چەك بەدەست قوتەیان دەهات. سەگەکان کەوتنە خۆیان. قالە دەری کردەوە، پۆلیسێکی باڵ بازوو بە مۆنی و تووڕەبوونەوە وتی:

– هاتووین گورگە ببەین. کوا لە کوێیە؟

– گورگە.. زەمانێکە لێرە نییە و خوێڕیمان کردووە.

– درۆمـان لـەگـەڵ مـەکـە ئـەمشەو هـاتـووەتـەوە، هـاوڕێـی خـۆی پـێی وتـووین. گوزەرمـان وەگیر هێناوە و قوتـە و گورگە مـاون. لـەدەستمـان کـە دەرنـاچن.. خـۆت بیـاندەیتـە دەستـەوە بـاشترە... ئـەگینا تووش دەبـەین!!

– ئـەمـانـەی وا تـۆ دەیـڵێی هـەری لـە بڕ نـاکـەمـەوە.. گورزە کێیە و قوتـە کوێندەرییە؟ ئـەساسـەن بـەمن نـاڵێی ئـەمـانـە چ کـارەن و لـەبـارەیـان.. لـە من بـۆ دەپرسن؟

– گـاڵتـەمـان پـێ دەکـەیت؟

– هـەر شـەش تـەڵاقم کـەوتـوو بێت ئـەمـانـەی دەیـڵێن– گـورگـە نـەبێت– هیچیـان نـەدەنـاسم و نـەدیومن.

– ئـاخر درۆ نـەکـەیت بـاشترە، ئـەمـانـە هـەرسێکیـان نـەخـۆشن بگـەنـە هـەر کـوێ نـەخـۆشی بڵاو دەکـەنـەوە. میقرۆبن.. مـافـەتـەن.. وەبـان بڕیـارە دەبـێ لـەنـاو بـچن. ئـەگینا شـار پڕ دەکـەن لـە نـەخـۆشی.

ئێوە موسڵمـانن یـا نـا؟ نـازانم بـە چ سوێنێك بـاوەڕ دەکـەن تـا بـۆتـان بـخـۆم، گـورگـە نـەبـێت ئـەویش مـاوەیـەکـە خـوێڕیمـان کـردووە.. ئـەمـانـەم بـەدوو چـاو نـەدیوە، پـەیمـانیش بێت لـەم دەوروبـەرە وەگیری بهێنم بـە سنك کراوی بیدەمـە دەستتـانـەوە.. مـەیموون جوان بوو ئـاوڵـەش دەرکـا. رەفتـار و کرداری فرەجوان بوو نـەخـۆشیی واگیریش بڵاو کـاتـەوە؟.

ورچـە و مـام وەڵـفـی گـوێیـان هـەڵـخستبـوو لـە ڕاوێژی قـالـە و پـۆلـیسـەکـان. کـەوتبوونـە بیری دەربـازکردنی گورگـەوە. دەیـانزانی بـە رۆیشتنی خێڵی پۆلیس قـالـە کون و قوژبنی بـاخ دەپشکنێ و سـەروژێری دەکـا. بـەگـورگـەیـان ڕاگـەیـاند لـە ئـاوڕەوی بـاخـەکـەدا خـۆی بشـارێتـەوە هـەر پۆلیس رۆیشت ئـەویش بـۆی دەردەچێت.

پۆلیسـەکـان هـاتنـە سـەر ئـەو بـاوەڕە قـالـە گورزە و قوتـەی نـەدیوە و نـەنـاسیوە، بـەرەو شـار کشـانـەوە و گورگـەش لـە ئـاوڕەوی بـاخـەوە فرتـەی بـۆ کرد .. بـۆ کـوێ؟ نـەیدەزانی.. بـەو ڕێگـەدا ڕۆیشت لـەگـەڵ قوتـەدا پیـا چووبوو.. شـەقـامـەکـان گیرابوون، پۆلیسی تفـەنگ بـەدەست ڕشـابوونـە نـاوشـارەوە خـەڵکی لادێکـانیـان قۆڵبـەست دەکرد و بـەرەو ئۆردووگـا دەیـانبردن.

گورگە لە شەقامە پانوپۆڕەکان لاتە راسکەی بەست و خۆی بەرەو کۆلانی تەنگ و باریك دەکوتا تا لە تفەنگ بە دەستانەوە دوور کەوێتەوە. تا چاوی بڕی دەکرد کۆلان و گەڕەك بوو، بۆ هەر لا دەڕۆیشت نامۆ بوو بۆی. تاوێك بەهەرا و دەمێك لەسەرەخۆ بێ وچان و بێ مەبەست دەڕۆیشت و دەڕۆیشت. لە سەرە کۆلانێکدا لووتی تەقی بە چەند منداڵێکی تێلا بە دەستەوە. تیژتر قولی نا.. منداڵان شێرگیر بوون و دوای کەوتن. چەند جار لێیان هەڵپلایەوە و مڕەی لێ بردنەوە منداڵان بڵاوەیان لێ دەکرد و دیسان چەند کوڕێ بڕیان دەدایەوە و دوورە بەردی دوورترەکانیش مۆڵەتی ململانێی بە گورگە نەدەدا. چەند جارێك نیشتە ناویان و دڕنی پێ دان. زۆریان لەوەدا نەبوو چەند دانەیەکیان لاسارتر و چاو نەترساوتر بوون بێ مەبادا لێی دەڕۆیشتنە پێشەوە.. گورگە پاشووی کردە دیوارێك و کەڵبەکانی دەرخست و چەند لۆچ و پێچێکی خستە سەر پۆزەی و چاوی سپی کردەوە. منداڵان تا دەبوو لێی دەچوونە پێشەوە. داری چەند دانەیەکیانی پێ دەگەیشت.. گورگە نواڕی وا بڕوات کاری زارە و فەوتاوە. قسەکەی کاکە ورچەی کەوتەوە یاد: بازێك کشانەوە.. ئازایی و چاو نەترساوی دەوێت.. بەهەموو کەس ناکرێت! لەپڕ وتی.. یا سەگی ئەسحابی کەهف و پڕتاو.. بۆی دەرچوو. منداڵی چەمۆش و ناکەس رەفتاریش بەدوایدا چەند شەقام و کۆلانێکی بڕی و خۆی کرد بە کووچەیەکی تەنگ و باریکدا. زۆر نەچوو ڕوانی کووچە کوێرە و بن بەسراوە منداڵانی تێلا بەدەستیش دەست بەردار نەبووبوون، بەسەرییەوە تۆپەڵەیان لێ کرد و پا. پا.. لێی دەچوونە پێشەوە و بارانی کوچکە فڕەش بەسەریدا دەباری.. پاشووی کردوویەوە دیوار، بەڵام خراو کەوتووبووە تەڵەوە.. یەشتا مڕەمڕی نەبووبوو بە قۆزە و نۆزە تێلا بەدەستان بێ ئامان دایان دەهێنایەوە. گورگە نەیدەزانی خۆی لە کام دار بپارێزێت.. هەروا وریاییەکی فراوان نرابوویەوە. چەند دەرگەی ماڵان کرایەوە.. گورگە بە ناچاری لە لنگەی یەکێك لە دەرگەکانەوە خۆی بە حەوشێ داکرد یەك دوو ژن قیژەیان گەیشتە ئاسمان:

– هەیرۆ. هارە. سەگی هار.. هاوار!!

قیژەی سەگی هار هاوار لە کۆلاندا دەنگی دایەوە.. گەڕەك خرۆشا، لەژێر تاش و

دەوەن هاتنە دەرەوە زۆری نەمابوو بگەنە ئاسایشگای برادەران. زرمە هەستایەوە، هەروا هەناسەکەی چەند گەزێك تووڕی دان، دیسان هەستانەوە، تۆپێکی تر داهاتەوە، کەوتنە هەرا، برادەران لە دەروازەی ئەشکەوتەکەدا تەماشاکەری داهاتنەوەی تۆپ و هەرا و هەستانەوەیانیان دەکرد، سەرئەنجام بە پەلەقاژێ خۆیان گەیاندە ئاسایشگا.

یەکێك لە برادەران وتی:

– نەدەبوو چاوەڕوان بایەن تا دەبڕایەوە ئەو حەلە بهاتانایە؟

– هاتین، دەستی پێ نەکردبوو. لە ناوقەدی ڕێگەدا گیری هێناین.

قوتە زۆر پێچوپەنا نەڕۆیشت، یەکڕاست چووە چەقی باسەکەوە و بیر و بەرنامەی خۆی بۆ گێڕانەوە، یەکێك لە برادەران سەرپەرشتی ئەو جۆرە جوولانەوانە بوو وتی:

ئێمەش بیرمان لێ کردووەتەوە، چەند کەسێك ئامادەی بەرنامەکەن. لەبەر بێ شارەزایی بە دوامان ختووە، وا خوا ئێوەی گەیاندووە.

جائیتر بەدوای مەخەن، وا من شارەزام و هاوڕێی کوژراویشم، تەنیا دوو کەسی نەترس و باوەڕپێ کراوم بخەنە تەك، دەچمە ژێرباری ئەنجامدانی بەرنامەکە– ئنجا چۆنیەتیی ئەنجامدانی بۆ برادەران روون کردەوە و برادەران پرۆژەکەیان سەلماند و بڕیار درا بەسبەینێدا هەر چواریان بەرەو شار وەڕێ کەون.

ئاژێڵەو دەبنە خەفیە و جاسووس!. ناپاکن.. هەر پای ئێمە بێتە نێوانەوە هەموو دەبنەوە یەك! دەنگی وەڕینی پڕ لە قینی دوو سەگ شریتی بیری گورگەی بڕی و لە پەناگا هاتە دەرەوە. دوو سەگ کەڵبەی قینیان لە مل و لەشی یەکتر گیر کردبوو یەکتریان دەخورماندەوە.

گورگە بە سن وساڵ نەبووبووە گەماڵێکی تەواو، بەڵام کوڵك و تووك و یاڵ و گۆپاڵی هەیبەتێکی لە چاوی تەماشاکەردا دەنواند و گەماڵی لەخۆ زل زەلامتری دەترساند.. لە دوو سەگ نزیك بوویەوە و نەڕاندی بەسەریاندا.. دوو سەگ خاوبوونەوە و هەریەکە لەلایەکەوە هەڵمووتان و گورگەش لە نێوانیاندا لەسەر

پاشوو لێی دانیشت و وتی: چییه؟.. بۆ خەریکن یەکتر دەخۆن؟.

– لەو نارەگەزە بپرسە. بە هەزار حاڵ ئێسکێکم گیر هێناوە دەیەوێت بەزۆر بیبا! مەگەر هەر کەس بۆ خۆیەتی! یان ئاش بەتاڵە؟..

– هەر کەس بۆ خۆی.. کە.. نییە. بەڵام تۆیش بەهیچ تێر نابیت. لە چەند فەرسەقێکەوە توانای دۆزینەوەی ئێسقانت هەیە و بە ئاسانی خۆتی پێ دەگەیەنیت دەست نابەیت ئێسکێکمان تێ گریت. ئاخر هاودەردی و هاورەگەزی ئاوەها دەبێت؟

– هەر کەسێك نانی زرنگی خۆی دەخوا.. تۆ گێل و دەبەنگی بەمن چی؟

گورگە رووی کردە سەگی بۆن پیس و وتی:

– تۆ کە خوا بەهرەیەکی وای پێ داوی رەوا نییە تەنیا هەر لە بیری ورگی خۆتا بیت. ئێمە دەردەکەمان یەکە و دەرمانیشی هەر یەکە. دوێ شەو ئەو هەموو ئاگربارانەت خۆ چاو لێ بوو؟ لە سەرەتاوە لە ڕاونانی منەوە دەستی پێ کرد، نابینی بەشەر چی بەسەر هێناوم؟ لە خۆت بیر ناکەیتەوە لە چ گێژاوێکدا دەژیت؟

– جا بەتەنیا بەمن چی دەکرێت؟

– بە تەنیا تۆ.. یا من.. کەرێك لە ئاو ناکرێت، بەڵام ئەگەر ئەویش بێتە هانامانەوە هەموو شتمان پێ دەکرێت.

دوو سێ ترومبێلی قۆڵچی شەو لەلای کەلاوەکاندا ڕاگیرا و چەندان کەسی لێ دابەزی گورگە شەوی پێشوو کەمی بەسەردا نەهاتبوو بە سەگەکانی وت:

– تا بۆ فیز نەکوژراوین.. با بکشێینەوە.. ئەمەی وت و بە تاو بەرەو ناو کۆڵانەکانی شار بۆی دەرچوو.. برسیەتی ئامانی لێ بڕیبوو، هەرچی لە زەویدا دەدی بۆنی پێوە دەکرد. دەیزانی «شاڵان» ناوی داوە و گورزەیان گرتووە و بە دوای ئەوانیشەوەن، کەوتە بیری ئەوەی چۆن قوتە بدۆزێتەوە. قوتە لەوانە نەبوو.. هەزار تەڵەی بە کلك تەقاندبوو.. باران دیدە و سەخت و هەڵەتی ژیانی زۆر دیبوو. ئاسانی شوێن پای هەڵنەگیرێت و نادۆزرێتەوە. جێگەیەکی واشی نەدەناسی تا بۆی بڕوا بە هەوای یەکێك ناسینەوە بە قەڵادا سەرکەوت. چەند

کووچە و کۆڵانێك گەڕا کەسی لە برادەرانی وەدی نەکرد. نەك نائومێد هاتە خوارەوە برسیەتی دیسان ناچاری مل و مووشی کردەوە. بۆنی چێشتخانەکانی دامێنی قەڵا هات بە قەپۆزەیدا.. لە پشت جامخانەکانەوە کەلەپاچەی کوڵاوی دەدی.. کەللەکان بە سەریەکەوە وەك دیوارێکی بیەشەین دەنوان. لە عەزرەتا ئاوەلیکاو بە دەمیدا دەتکایە زەوی. لە بەردەم دەرگەی یەکێکیاندا هەڵمووتاو چاوی بڕییە دەستی کابرای زل زەلامی کەلەپاچەفرۆش، بەڵکو شتێکی تێ گرێ. کابرا لووتی بەسەر پێشی خوانەکەیدا چڵمی قەل شۆڕ کردبوویەوە. گورگە لە خەیاڵی ئێسك و ریخۆڵەدا بوو لە ناکاو شاگردی کەلەپاچەخانەکە کەرپووچێکی ئالاندە بن دەستیدا. بەدەم ژانەوە بۆی دەرچوو. گەیشتە لای چایخانەکەی مچکۆ، کە وردبوویەوە زۆریانی دەناسی.. دیسان هەرایان بوو بازێکیان خێسەیان لە یەکتر دەکرد، کاتێك توولە بوو لە باخەکەی رەسووڵدا چەند دانەیەك لەو برادەرانەی وەدی کردبوو بە هەوای ئەو ناسینەوە کەمێك زۆرتر رۆیشتە پێشەوە. بێ ئەوەی سەیرکەن بە ناچاری یەك دوو جار کەوتە کلکەلەقە و خۆبادان. شاگرد چایچییەکە بە جامێکەوە لێی نزیك بوویەوە.. گورگە لە برسا کلکێکی بۆ لەقاندەوە.. شاگرد زۆرتر لێی نزیك بوویەوە. گورگە سەر پۆزەی بە چەپ و ڕاستدا وەرچەرخاندەوە و دوو سێ جار نووزاندی کابرای جامێ پڕ لە ئاوی کوڵاوی کوڵی ڕژاندە سەر شان و گەردنی گورگەدا و قاقا چوو بەپشتدا و دەستی بۆ درێژ دەکرد و دەیدا بەسەر ڕانی خۆیدا و بەقۆزەقۆزەکەی گورگە پێ دەکەنی. ئاوی کوڵاوی کوڵ پێستی شان و ملی داماڵاند و سۆزی ژانی مل و شانی تێکەڵ بەدەردی برسیەتی و ئاوارەگی بوو. دیسانەوە کەوتەوە ڕێ بەرەو کۆڵان و گەڕەك. لەبەر دەرگەیەکدا کابرایەك ڕاوەستابوو.. گورگەی ماندووی برسی ئاوارەی بێ پەنا و سەرلێشێواو سەر و پۆزی خستە سەر هەردوو دەستی و لێی ڕما. کابرای بەردەرگە رۆیشتەوە ماڵەوە! دیسان هاتە دەرەوە، وردە وردە لە گورگە نزیك بوویەوە.. دەستی بۆ درێژ کرد و بە کوت کوت لێی چووە پێشەوە.. نەختێك نانی بۆ هاوێشت.

گورگە بەچاوێکی پڕ لە شك و گومانەوە تێی دەنواڕی، بەشەر و نانێ بۆ فڕێ دا؟؟ دوودڵ لەسەر چوار پەل راوەستا.. ئەم بەشەرانە جێگەی متمانە نین! کابرا

زۆرتر لێی هاتە پێشەوە پارووییەك بەقەوارەتری نانی بۆ فڕێ دا... ئەوە چەندی بەچەندە؟! خۆ کوێر نیم. وا نانم بۆ دەهاوێژێ. کورە ئەم بەشەرانە پیاوی چاکیشیان تێدایە؟ من رەش بیر دەکەمەوە، گورگە ئاورێکی ناوچاوانی کابرای دایەوە و سەیرێکی پارچە نانی کەوتووی سەر زەویی کرد، بە گومانەوە لە نان نزیك بوویەوە و بۆنێکی پێوە کرد.. نەخێر.. خۆ نانە! دیسانەوە ڕووی کابرای بە نوارینێك هەڵسەنگاند.. شتێکی تازەی نەخوێندەوە. زمانێکی هەڵدایە پاروونان و هەڵی لوشت. کابرا.. دیسان نانی فڕێ داو ڕۆیشتە پێشەوە گورگە کەوتە سەرزەنشتیی خۆی. « کابرا. تۆ ئەم رەشبینی و دڵڕەشییەت لە چییە؟ ئاخر چی؟»..

کابرا دوو سێ تیکە نانی پێکەوە بۆ هاویشت.. گورگە ملچەی دەمی کابرای شیرگیرتر کرد و زۆرتر لێی نزیك بوویەوە و یەکێك دوو جار دەستی بەسەر پشتی گورگەدا هانی و وردە وردە دەستی بەرەو گەردنی گورگە درێژ کردەوە. برسیەتی شەرمی لە گورگە بڕیبوو. کابرا ئارام بەرە زوانەی گەردنبەنەکەی گورگەی کردەوە و تاهێز لە پایدا بوو شەقێکی ماڵی بەسنگ و قەپرغەی گورگەدا– تیکە لە گەروویدا گیری کرد و هەناسەی بۆ نەهاتە سەرێ.. بە پەلەقاژێ لە کابرا دووکەوتەوە. دیسانەوە وەڕێ کەوت، سرکەوانێکی وەدی کرد چەند سەگی خوێڕی ملومووشیان بەسەرەوە دەکرد، لێیان چووە پێشەوە و بوو بە هاوڕێیان، هەروا قەپۆزەی شۆڕ کردبووە نێو خۆڵەکەوە و سەنێر و نایلۆن و تەنەکەی خاڵیی رۆنی شاپەسەندەوە کە لای کردەوە قوتەی وەدی کرد، لە خۆشیدا تەواوی ئازارەکانی لەبیر ڕۆیشتەوە.

قوتە بەتوڕەبوونەوە وتی:

– کابرا! ئەمە لە کوێیت؟ کون و قوژبنی ئەم شارە نەماوە نەگەڕابم، دوو ڕۆژە چاوەڕوانم. پێوە نەماوە دەربەدەر بەدواماندا دەگەڕێن، لە شاردا مانەوەمان بۆ نەماوە، دەبێ بەرەو لای برادەران وەڕێ کەوین ئەگینا تیاچووین دەستبگیرمان دەکەن.

– باشە بڕۆین، بەڵام لە برسا وا خەریکە دێمە لادا.

– خێراکە پێشم کەوە خواردنت بۆ پەیدا دەکەم.

## ١٢

شارەوانی وای بڵاو کردبووەوە تەواوی سەگەکانی نێو شار هەر هەموو نەخۆشن و نەخۆشییەکەشیان واگیرە و ئەوەشیان تا ئەو حەلە تووش نەهاتووبێت سبەی تووش دەبێت. جا خاس و خراو و پاك و پیسی لێ نەکردن، بە ژەهر، بەنان و دەرزی، بە تەقە تفەنگ.. تاك تاك و پۆل پۆل بەرەو مردن رەوانەی دەکردن! تەنیا گرفت و تەگەرەیەك کەوتبووە بەرنامە و پرۆژەکەیانەوە ئەو سەگانە بوو لە ماڵە گەورە و باوەڕپێکراوەکانی شارەوانیدا دەژیان و دەپارێزران.

دۆزینەوەی سەگی نەخۆش و واگیردار کارێکی سادە و ئاسان نەبوو، تەنیا سەگ دەیتوانی بیاندۆزێتەوە و پەنجەیان بۆ ڕاکێشێ ئەم بیگرە و بەریدە و نیخەنیخەش بۆ رزگاربوونی چەند سەگێك نەیدەهێنا خۆیان بخەنە گیروگرفتێکی وا پێچ پێچ و پڕ لە گرفتارییەوە، سەگ سەگە و هەموو بۆ کوشتن باشن.. ئەمڕۆ بێ و سبەی ڕەچەڵەکیان وەدەردێنن، بەڵام لەبەر زویربوونی چاوساقەکانیان نەختەکێك دەستیان لە سەگە خۆماڵییەکان دەپاراست. شالان دوای بەدەست دانەوەی گورزە و چەند سەگێکی تری ناو شار بوو بە جێگەی متمانە و باوەڕی شارەوانی، گەشتی ڕەشبگیریی شارەوانی بۆ هەر کوێ شالاوی بردایە شالانیان لە پێشەوە بوو، بە بۆنێك دەیسەلماند و مۆری مەرگی پیا دەنا. ئاوازە و ناوباوی نامەردی و ناکەس ڕەفتاریی شالان لە شار چووبووە دەرەوە. ناوی خۆی بیستبوویەوە چ چەکەرە و ترسێکی خستووەتە دڵانی بێ دەسەڵاتانی نێوشارەوە، باج و خاوەی لە زۆر کەس دەسەند، شەوانە هەڵی دەکوتایە سەر دەڵەسەگە بێ پەناکان و بەزۆر سواریان دەبوو خانەبگیریانی دەکرد، شارەوانیش دوور و نزیك چاودێری لێ دەکرد و دەیپاراست و هانی دەدا و شیرگیرتری دەکرد. لە ترسی بیانووی نامەردانە و مۆری مەرگی شالان زۆر لە سەگەکان زاتی سەر شەقام

ڕۆیشتنیان لە خۆدا نەدەدی و دەرنەدەکەوتن، هەر ئەو ڕەفتارە بوو بە هۆی ڕەوی زۆر لە سەگەکان و شاریان بەجێ هێڵا و پەنایان بردە کەژ و کێو.

قوتە لە دەست کرداری نامەردانەی پڕ تاوانی بێ ژماری شالاّن دڵ و دەروونی گزپەی دەهات، تاو تاو بەرۆکی لێپرسراوانی دەگرد و تاوانی بێ دەربەستی و کەمتەرخەمی دەخستە ئەستۆیان:

« ئێوە گیان و ژیانی خەڵکیتان بە دەستە. ئێوە باوەڕ پێکراوی خەڵکین دەبێ وردەکارتر بن، دەبێ دانەدانە خەڵکەکە بناسن. هەر ماوەیەك جارێ شالاّن ناوێك سەدان ئاوارە دەکا و چەندانی وەك گورزەش بەکوشت دەدا. ئەم بەزمە تاکەی؟

برادەران تاوێك بە تووڕەبوونەوە. گایەك بەشێنەیی وەلاّمیان دەدایەوە.

بەفر نیشتوبووە زەوی، دەشتودەر، کەژویاڵ، نزار و لاپاڵ بێ حال لەژێر باری چەرمووی بەفردا نقەی دەهات باوەهۆی بەفر چاڵ و چۆڵی یەکسان کردبوو تاوتاو هەتاو وەدەردەکەوت و ئەڵماسەی زەوی کفن پۆش سات سات و تاوتاو دوور و نزیك جریوەی دەهات.

قوتە و گورگە لە پاڵ باگیری ئەشکەوتەکەدا لە سەرما ترنجابوونە یەك هاژە و هووژەی بای تێر و تەسەلی پڕ لە سەرماچوو چەقۆ هەر گیانلەبەرێکی توێ توێ و دەپچڕاند. قوتە چاوی بڕیبووە خاڵێك و خەمگینانە دەینواڕییە بنمیچی ئەشکەوتەکە و پەیتا پەیتا هەناسەی دوور و درێژی هەڵدەکێشا.

گورگە بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ، بەدەم خوماری و کەرخی سەرماوە بێ حالاّنە وتی:

– جا تۆ بەم حاڵەوە بەکوێ دەگەی؟ لە بیرتە دەتوت شەو تاریکە و ڕێ باریکە و کەوش و کڵاشی پۆلایینمان دەوێت. یەشتا خۆ هەر ئێوارەیە! قوتە وەك خەنجەری پیامالّن، لاتەراسکەی بەست و چەند لۆچی خستە سەر قەپۆزەی و چاوانی جن جن بوویەوە و وتی:

– کابرا! بزانە چۆن قسە دەکەیت؟

گورگە هەروا ڕاکشابوو نیوە ئاوڕێکی لە قوتە دایەوە و وتی:

– من کە خراوم نەوتووە قسەکانی خۆتت بەبیر دەخەمەوە.

– نەخێر ناماقوڵیت کردووە.

– جا بۆ ناماقووڵم کردووە؟ دەتوت.. نەتدەوت؟

– بۆچی پەشیمانم لەوەی وتوومە؟

– ئەی پەشیمانی شاخی هەیە؟ دەزانی لە چ گێژاوێکدا دەتلێینەوە.. ناتلێیتەوە؟

قوتە دوو سێ جا سەری سووڕدا و چەند هەنگاوێك دوور کەوتەوە و دیسانەوە لە گورگە نزیك بوویەوە و سەر و قەپۆزەی خستە سەرشان و ملی گورگە و وتی:

– حەقی بە تۆیە، زۆر لە پێویست بیری لێ دەکەمەوە، ئەم وردەکارییانەی من داخوازیم زۆرمان ماوە پێی بگەین. زۆر مەتەڵی رێکخراوی هەیە یەشتا بۆ ئێمە رازە و ماویەتی هەڵی بهێنین. خاوەی نەزانینە. دەبێ بیدەین. بمانەوێت رەنگە تێگەیشتنی فرە دژوار نەبێت.

– ڕاست دەکەیت دەتوانین.. بەڵام وەختی دەوێ. تاقیکردنەوەی دەوێ، بەشەریش بێ ڕەحمانە دەستی داوەتە بینمان و دەر و دەروازەی پێ گردووین و چارەی بۆ نەهێڵاوینەتەوە جگە لە بەرانبەرکێی راستەوخۆ نەبێت.

– جا کاکە قوتە چی لەمە باشتر لەم کەژ و کێوەدا دەتوانین تا هەزار ساڵی تر بەرانبەریان ڕاوەستین.

– دەتوانین. ئا.. دەتوانین.. سەرکەوتن بەشەڕ و خوێنڕژان نایەتە دەست. چاوت لێ بوو گورزە چۆن بوو بە قوربانی بێ بەرنامەیی و سەردەرگومی؟ بەمن دەڵێن خۆ ئێمە جادووگەر نین چی لە بیری تەواوی خەڵکەکەدایە؟ چوزانین بە چی ئەڵگێزەیەکەوە پەنای هێناوەتە ئەم کەژ و کێوە؟

– خۆمانین.. راست دەکەن بەم هەموو کەموکورتییەوە بەم هەموو گرفتارییەوە چۆن دەیانپەرژێتە سەر ئەم وردەکاریانە و هەموو کەس بخەنە تای تەرازووەوە؟

– نەخێر. بۆرو زۆر هەموو کات مایەی دەردەسەر بووە، ئەمانە گیان و ژیانی خەڵکیان بە دەستەوەیە.. ناگونجێت هەڵەشانە هەنگاو بنێن، هەڵەیەکی گچکە و

هیچ تیا بەسەر نەبوو بەنرخی گیانی سەدان تەواو دەبێت. گاڵتە خۆنییە.

– دەڵێم؟

– دەی

– بۆ شالآن لەناو نەبەین؟

قوتە هەر دوو گوێی ڕەپ ڕەپی ڕاگردوو دوو سێ جار لەسەر یەکە چاوی پتاند و هەڵپلایە سەر شانی چەپی دا و وتی:

– زەمانێکە بیرم لێ کردووەتەوە، نەختێکیش بۆی جووڵاوم عەیبی کار ئەوەیە دەمانناسێت و بە ئاسانی ناتوانین لێی نزیك بینەوە.

– جا با بماننناسێت، شێرانە هەڵدەکوتینە سەری و دەست لە دەست و هێزیش لە خوا.

– نە گورگە برا، نا. ئەم کارە بەملهوڕی ئەنجام نادرێت و وردەکاریی دەوێ. دەبێ لەگەڵ برادەرانا قسە بکەین. بابزانین ئەوان چی دەڵێن. ئەگەر دوو کەسمان بخەنە تەك دەچمە ژێر باری بەرنامەکە تەنیا بەمن و تۆ.. ئەم کارە سەرناگرێ. هەستە با بڕۆین بۆ لای برادەران و پێیان ڕاگەیەنین.

بەفر وەك لۆکەی دەمی کەوانی هەلاج شی کراوە دەهاتە خوارەوە. گورگە پۆزەی نابووە پاشۆی قوتەوە شوێن پای هەڵدەگرد. لە پڕ هاژە هات و ناڵەیەك لە دۆڵا دەنگی دایەوە، تۆپی دوو بورد یەك بەدوای یەکدا دادەهاتەوە، شاخە و شریخەی تا دەچوو دەتەقییەوە، دووکەڵ و هەڵمی زەوی ڕەچاو کزەبای ساردی لەش تەزێن ئامێختە دەبوون. قوتە و گورگە گورجانە خۆیان هاویشتە بن تاش و دەوەنێك تۆپ یەك بەدوای یەکدا هاژەی دەهات و تا دەبوو لە ئاسایشگاکانەوە نزیکتر دەبوویەوە وەك بەپێی نەخشەی لێزانێك دابێتە خوار، وەتا دەبوو نزیکتر و نزیکتر دەبوویەوە.

لە سەرەتاوە ناڵەی تۆپ و بزیسکە و بریسکەی تەقینەوە و ئاگر و دووکەڵ گورگەی شپرزە کرد و دوای ساتێك خۆی گردەوە و هاتەوە سەرخۆی.

قوتە پرسی:

– ترسایت.. نەترسایت؟

– ڕاستت دەوێ.. با!

– کەواتە با ڕێ بکەوین وا جارێك خامۆشە.

سەگی هار.. سەگی هار.. گورگە بە پلەکاندا لە بیرەوە کەوتە سەربان، لەو سەربان بۆ ئەو سەربان قەڵەمبازی دەدا.. لە دوورەرە دەیبیست: «هارە. ئاگەداربن» هەر کەس لە ماڵی خۆیەوە دەستی داوە تفەنگ. تەقە لە هەرچوار لاوە بریشکە ئاسا دەتەقییەوە. دراوسێ وەڵامی دراوسێی دەدایەوە. گەڕەك بەرامبەر یەك ژاژوریان دەکرد. لەناو شاردا بڵاو بوویەوە چوار گورگی هار نیشتوونەتە ناو شار سەدان کەسیان گەزیوە و هەڵدڕیوە.

گورگە لە چەندان لاوە سەر و موقل و شان و ملی بریندار کرابوو.. دەستی ڕاستی لە زەوی نەدەخست.. لە گەڕەك و منداڵان دوور کەوتبوویەوە، خۆی هاویشتە ناو کەلاوەی چەندان خانووی هەروژاوە.. نەك گورگە نەهەنگیشی تیا ون دەبوو.

قیژە و قوولەی ئەمبولانس لە شاردا شیڕەی دەهات. تاریك داهاتبوو.. تاك و تەراك گوللەی ئاگردار چوون ئەستێرەیەکی داکشاو بەرەو سەهۆڵبەندانی ئاسمان دەچوو دەکوژایەوە.

گورگە ماندوو، برسی، سەر و قەپۆزە شکاو، ترساو نەیدەتوانی لە کەلاوە بێتە دەرەوە. برسییەتی تەنگی پێ هەڵچنی و قرم و هووڕی ریخۆڵە و گەدەی تەقینەوەی جۆراوجۆری لێ دەبیسرا. جگە لە خۆی چەندان گیانلەبەری جۆراوجۆر لە کەلاوەکاندا لمیان دابوو. بەشەری ڕاونراوی بێ پشت و پەنا و کەری سەقەتی وێڵکراو، سەگی خوێڕی برسی و ترساو ئاوڕی ترسیان لە یەك دەدایەوە. گورگە دنیایەك خەم و پەژارە و بێ دەرەتانی لەناو چاوانی بەشەرە ڕاونراوەکاندا دەدی دڵی ڕێگەی بەزەیی پیا هاتنەوەیانی بەخۆ نەدەدا و دەیوت:

– لێیان گەڕێ، باوەڕیان پێ مەکە. لەژێر هەر تەڵێك موویاندا هەزار شەیتان نووستووە.. دەستی خۆیان نییە لە ئەزەڵەوە ڕەگەزێکی چەپاوکەر و هێرشبەر و بێ ئامانن. لەم کەلاوەدا هەر نەیکەن بەسەر ئێمە.

# ١٣

هەر لە بنکە وەڕێ کەوتن ئاسمان ناوچاوی دابوو بەیەکدا و هەڕەشەی دەکرد، زەوی لەژێر بەفری گراندا نقەی دەهات، هەر کەوتنە دامێنی چیا ئاسمان پەلاماری زەوی دا و باران چوو تەیمان شان بەشان دەهاتە خوارەوە، دڵ و دەوەن و چەم و چڕستان هاژەی ئاوی پیادەچوو.

بەشەر رەگەزێکن وەك ئێمە تاووتامولّی سەرما و سۆڵە و بەفر و بارانی پێوە نییە، هەر بروزەیەك زەویی تەڕ کرد، دەخزێنە ماڵەوە، لە سەرەتاوە بەشادییەوە بەرەو پیری باران رۆیشتین دەمانزانی بەبوونی باران بە ئاسانی دەکشێینە ناو شارەوە، بارانەکە لەوەدا نەبوو، وەك ملیۆنەها کوننە و جەوەنە ئاو دەمی لە ئاسمانەوە کرابێتەوە و شوڕشوڕی لە زەویدا گتی نەهێڵا بە ئەسپایی لەژێر دەمی سەنگەرگیرانی رەبیەکانەوە لە قۆڵی خانووە قوڕەکانەوە خۆمان کرد بە ناو شاردا کووچە و کۆڵان نان و بانو گەڕەك و شەقام، دەر و دیوار چۆڕەی ئاوی دەهات. بەدژوار بنمیچێکی باران لێ نەدراومان وەگیر هێنا و تێی خزاین. بۆ مەباداش تویشووی چەند رۆژێکمان لەگەڵ خۆدا هەڵگرتبوو، دوای خۆتەکاندن و خۆ کزرکردنەوە، بەدوو برادەرەکەم راگەیاند، لە کەلاوە وەدەرنەیەت تا سبەی ئێوارە دێینەوە.. لەگەڵ گورگەدا بەرەو باخ و مەنزڵگای مام وەڵفی و ورچە وەڕێ کەوتین، هەر لە باخ نزیك بووینەوە کابرایەك گۆرانیی دەچڕی، سەرم سڕمابوو قالە و گۆرانی؟

لە ئاوڕەوی باخەوە چووین بەو دیوا، لەسەر نووکی پەنجە و ئارام بەرەو هەنووزگا هەنگاومان دەنا– ورچە بۆنی کردبووین– لەپڕ لەلایەکەوە لێمان راپەڕی، باش بوو یەکترمان ناسییەوە. مام وەڵفی دەردە پیری گرتبووی، بەڵام سلڤەر خانم دیسانەوە سك و گوانی هەڵئاوسابوو ورچە لەوسا بێ تاقەتتر وەچاو دەکەوت، تاوتاو باوێشکی دەدا و زمانی لە نێوان کەڵبەکانی خوارەوەی دەهێنایە

دەرەوەو چاوی چەپی ریپۆقی گرتبوو.. ئیتر خەم لە هەوارگەدا بەزیبوو، قوتە رووی کردە مام وەڵفی و وتی:

– ئەریّ دنیا گۆڕاوە یا ئێمە خراو دەبیسین کە دەهاتین قالە گۆرانی دەوت؟.

– قالە و گۆرانی؟

– ئەریّ گورگە برا گوێت لە گۆرانی نەبوو؟

– با..!

– ڕاست دەکەن.. مام ڕۆسەمە تاوتاو دەچرێ.. لەڕ و لاوازیی ئێمە و بۆ دەرچوونی گورگە و شکاتی ژنەی قالە هەر هەموو کۆمەڵ بوو بە سەر یەکدا و کاک ڕەسووڵ وەدەری نا و ئەوەی گۆرانیی دەوت بەشەرێکی لای خۆیانە هێناویتی. نازانی چ پیاوێکی چاکە؟! هەر لە بەشەر ناچێت. زۆری ئاگا لێمانە بەتایبەت کە ورچەی فرە لا ئازیزە، بەڵام حەیف؟

– جا بۆ چی حەیف؟

– ئاخر کاکە ورچەمان لیّ دوور دەخەنەوە و دەیبەن بەرەو خوار!

– جا ئەمە جێی نیگەرانی نییە؟ زل زەلامیی کاکە ورچە لە خانووە بچووکەکانی بەغدا جێی دەبێتەوە؟ چەند ڕۆژێك لەویّ دەبیّ بە ناچاری دەیگەڕێننەوە.

– بریا وابایە.

ورچە لەگەڵ هەناسەدانا مرەشی دەهات. گورگە بە پەرۆشەوە وتی:

– دەتەوێت چی بڵێیت؟

– دەڵێم گەلێك دوور دەکەوێتەوە، بەرەو ئەورووپای دەبەن.

قوتە وتی:

– کویّ؟

– وڵاتی ئەوسا و ئێمە؟!!!

ورچە وەك ورێنە بکا لەبەرخۆیەوە وتی: من و مام وەڵفی زەمانە و ڕێکەوت شوێن و هەوارمانی ئاڵشت کردووە! ئنجا گورگە لە ورچە نزیك بوویەوە و نەرمە گازێکی لەلا گەردنی گرت و پێستی ملی رادەوەشاند دەیوت:

– ناشێ بڕۆیت! دەڕۆیت؟ نا وەرە لەگەڵ ئێمەدا. مەڕۆرە ژێرباری هەوەسی گەوجانەی کاك رەسووڵ. نازانی ئەو کەژ و کێوە چ بەهەشتێکە! دنیایەکە بۆ خۆی.

– گورگە برا من لەو کەژ و کێوەدا چاوم تروکاندووە و یەکەمین وەڕینم لە دەم هاتووەتە دەرەوە. گوزەران لەو کەژ و کێوەدا بەم گێڕی و گەوارییەی وا بەمنەوەیە کارێکی سادە و ئاسان نییە. نامەوێت بومە بار و بکەومە ئەسکۆی برادەرانەوە. پێم خۆشە لەو نامۆییەدا تیاچم تا شایانی بەزەیی بم. ئەگینا ئەویَ جێگەی منە نەك ئاوا ژیانێکی پڕ لە کاسەلێسی و لە سایە و سێوەری قالەدا ژیان.

– دەمەوێت تیَ بگەم.. ئەم کاك رەسووڵە دەیەوێت چی بسەلمێنێت وا تۆی گەیاندە ئەورووپا. کەچی؟

مام وەڵفی ئەندێشمەندانە سەری چەند جارێك لەقانەوە و لەسەرخۆ وتی:

– رۆڵە.. تۆ یەشتا جوانکەیت و زۆر ماوە سەری لیَ دەرکەیت و بزانیت. قەیناکا کاك رەسووڵیش بەشەرە و لە دوو پاکان دەژمێردرێن. ئەوەندەش گەوج نییە مەبەستی ناسینە. رۆڵە ناسین.. رۆژگار بەم شێوە گوزەرکا و بەشەری ئەم دەورووبەرە بەم چەشنە رەفتارکا  توخم و نەتەوەی کاکە ورچە دەبنە خەیاڵ و داستان و تۆویان دەبڕێتەوە. بۆ ئێمە ئاسمان یەك رەنگە. بەڵام بەشەری بناری ئەورووپا بەم زەقی و دڕندانەیە کە لێرە دەیبینین و رەفتارمان لەگەڵ دەکەن و چەوساندنەوەمان باوێکی هەموو جێگیرە، لەویَ وا نییە، بەڕواڵەتیش بوو چوارچێوە ڕووکەشێکیان بۆ داناوە.

– یانی تۆ پێت چاکە بڕوا. وانا؟

– نا. رەنگە من لام چاکتر بێت لەگەڵ ئێوەدا بیَ پەسەندترە، بەڵام وا دەبینن بۆ دەرەوە نایەتە و رۆژگاریش وا بڕوا و شالان و ئەوانەی وەك ئەو وان دەم چەرمۆی شاربن سبەی سەدی وەك رەسووڵمانیش  خاوەن بێت. هەر تووش دێین.

گورگە خەریك بوو بێتە سەر باسی شالآن.. قوتە چاوێکی لێ هەڵتەکان. سلڤەر خانم گەلاوگەڵ دەڕۆیشت و دەهات، لە پاری گوانی دەهات، لێزمەی باران بڕابوویەوە هەور و هەڵای ئاسمان تا دەبوو دەکرایەوە و دڕنی دەدا و روو رواڵەتی رۆشنتر دەبوویەوە.. مام وەڵفی وتی:

– بابیکەینە شەو.

بەرەبەیان ئاسمان پیروزەیی دەنوا، تا دەبوو شینییەکەی کاڵتر دەبوویەوە و سایەقەی ساماڵ و تیشکی هەتاو زەوی پرشەی لێوە دەهات.. چۆلەکە و کۆتر باڵندەی تەڕ و ئاوەڕووت کراو بەسەر گێسەبانانەوە چاوبرسییانە دەیان نواری.

لە دوورەوە هاژە و هاوار دەهاتە گوێ، لافاوی دەشت و چیا سەراژێری ناو شار و لە کۆردەرێی ناو شاردا پەنگی خواردبوویەوە. شارەوانی کۆردەرە ئاوەڕۆکانی دابووە چاوساقانی و کردبیانە خانووبەرە. لافاوی پەنگخوراوە بەرەو شەقام و کۆلانەکان هاژە و هوشپەی دەکرد و لرفەلرف بێ دەرلێدان دەچووە ماڵەوە. مام وەڵفی وتی:

– ئامان.. نەکا هەوەسی. ناو شار بکەن، ئەوڕۆ لە شاردا هەرا و بەزمە. هەرایە، خۆپێشاندانە.

– هەم بۆ چی؟

– دەڵێن بێگانەکان لە هەڵکەندنی نێو قەلادا پەیکەری بتێکیان دۆزیوەتەوە بە بەرگ و سیپاڵ و گورز و گۆپاڵی شەڕەوە. شارەوانی لە گۆڕەپانی شاردا دای ناوە دووکان و قوتابخانەو داوودەزگای شاری بەستووە و خەڵکی راپێچاوە و وادار کردووە بە بەردەمیدا ڕێژە بڕۆن و سوپاسی خوا بکەن بۆ خەلاتێك وا داویە پێیان. هەر لە شەفەقەوە یاساوڵەکانی شارەوانی بەسەر شەقامەکاندا بەخش بوونەتەوە هەموو جوولانەوەیەکیان خستووەتە ژێر چاودێرییەوە.

مام رۆسەم داس بە دەست لەناو باخدا بژاری گیای هەرزەی دەکرد، ورچە و مام وەڵفی لە ژوور چوونە دەرەوە. نەکا مام رۆسەم لە ناکادا بێتە ژوورەوە و گورگە و قوتەی چاو پێ کەوێت و گوبەنێك بناتەوە.

لافاو لرفەی دەهات، چەند گەڕەکێکی شاری ڕاماڵی و لەولاتریشەوە بە زۆر و

بەڕەزا شار زللەی دەهات لە دەوری بت گلێر کرابوونەوە. لافاو ئامانی نەبوو، پەی و بنەڕەتی خانووی دەخووسان، دیوار دەهەرۆژا، بەسەر ئاوەوە دۆشەك و بێشکە و سندووق و لێفە و مەوج دەبینرا. رەنجی چەند ساڵەی بێ دەرەتانانی چەپاو دەکرد.. ئاو.. گرمەی دەهۆڵ و فیقەی سڕناژەنان هاوارەکانی خنکاندبوو. سەرچۆپی کێشانی هەرزەکەمەر دوایان بادەدا و دەست و دەستماڵیان سوور دەدا و لە خەمی خەڵك و خوا بێ خەبەر. کۆمەڵێ مەردوومیان دڕن دەدا و بە دەوری بتدا دەچەرخان و دەیانقریوان! بتەوانەکان مشتیان گرێ کردبوو. هانی سەما، هەڵپەرکێ ماندوو نەبوون. خۆ لەخشان بەردەوامی نەوەستان. هەنێ بەکینە و کەنینەوە دەستیان ڕادەوەشان!! ئاسمان وزاقی دەدا دەستی دابووە یەخەی دادەڕی بای ساردی کێوان هەڵکردووی دوای بەفر و باران پارچەی نووسراوی هەڵواسراو و پەرچەمی ڕەنگاوڕەنگ و فوودانی ڕەنگاوڕەنگی چوتەرمی هەڵواسراوان دەشەکاندەوە. خەڵکەکە بڵاوەی کردبوو. تاك تاك و پۆل پۆل بەرەو گەڕەك و کۆڵانان دەچوون. پیرەمێردێکی داماوی لە گل کەوتوو، دەست و پل چڵکن بە دەنگێکی زەنگڵەدارەوە تاوتاو دەیوت:«کێشکە.. کێشکەی کورایە.. کێشکە!»

هەتاو بێ ڕەنگ و بێ تاقەت و ڕەنگ زەرد شا ڕێگەی هەمیشەکی گردبووە بەر و تا کەمەری نیشتوبووە نێو ئاسۆی خوڵاویی. زۆری نەخایاند تەنیا جوقە و پاپوونەکەی مایەوە. ڕۆشناییی نائومێدانە تەقالای مانی دەکرد.

قوتە و گورگە لە باخ هاتبوونە دەرەوە هوشیار و چالاك سووچ بە سووچ کۆڵان بە کۆڵان خۆیان گەیاندە کەلاوەکانی خانووە قوڕەکان. دوو هاوڕێ شانیان لە دیوار گیر کردبوو خەوەنووچکە دەیبردنەوە، هۆشی سەرما لێدراویان تا ڕادەیەك بەستبووی بە بۆنی هەناسە و خشەی پای قوتە و گورگەدا هوشیاربوونەوە. قوتە هاتە نێوانەوە لە چەقی چوار دیواردا موتکەی کرد و وتی:

– پێم وایە کاتی ئەوە هاتبێت چۆنیەتیی پیادەکردنی بەرنامەکەتان بۆ روون کەمەوە. دەبێ هەر کەسێك بە وردی نەخش و ڕۆڵی خۆی بزانێ و بە چاکی ئەنجامی دا وەئیلا سەرناکەوین. سەرنەکەوتنیشمان ڕووڕەشییەکی هەتاهەتایە. جا کوڕینە خۆتان و غیرەتتان! تۆپاندنی شاڵان بە زەقی و ملهوڕی بێ دەردەسەر

و مەلامەت سەرناگریّ، جا من ریّگەیەکی ئاسانتر و سەرکەوتووترم هەڵبژاردووە ئەگەر بەختمان یار بیّت بیّ زیان لەناوی دەبەین. وەك من دەزانم و وایش باوە خاڵی بیّ هیّزیی ئەم نامەردە میّنگینەیە و بەس. بۆنی پاشۆی هەر دەڵیّك لە هەر کویّ هەڵکابیّ یەك و دوو خۆی پیّ دەگەیەنیّت.. دەڵیّك دەناسم هاوڕا و هاوبیری ئیّمەیە، لە هەمان کاتدا ڕەنگ و روویەکی کراوەو سمت و کەفەڵیّکی خڕپنی بەلاوەیە، چەند جار راسپیّری شالانیان پیّ گەیاندوە و نەڕۆیشتووەتە ژیّر، لەم بەرنامەدا بەشدارە و بە تەواوی توانایەوە هاوکاریمان لەگەڵ دەکا و لە پیّشدا قسەمان لیّ کردووە، ئیّستاش چاوەڕوانمە بۆ ئەوەی زۆر لە شاردا ماتەڵ نەبین دەبیّت چاپوکانە بجووڵیّنەوە. ئیّوە لیّرە نەجووڵیّن تا من دیّمەوە.

قوتە لە چوار دیوار هاتە دەرەوە نیّرەکەریّك لە نزیکەوە دەیسەڕان، سەرپنەکەی زۆرتر لە لووشکە دەچوو. قوتە ڕاوەستا تا سەرە تەواو بیّ، یەکیّك لە برادەران هەڵی دایەوە و وتی:

– نازانی لە دویّنیّوە ئەم بیّ چارەیە تاویّك دەمی بەیەکدا نەناوە، خۆم نەگرت و چوومە سەری، کە نواڕیمە پەلوپۆی دا لوولاقی دەستیّ لە پیّستییەوە وەدەرهاتووە و چلّك و کیّمی چوو شانەی هەنگوین چۆڕاوەتە خوارەوە. زانیم سەرەکانی سەرەی دەرد و ژانە نەك هەوەس و بوغرایی.

قوتە کلکیّکی بۆ سووڕدا و فرتەی بۆ کرد و لە تاریکیدا توایەوە.. فیکەفیکی شاوری قۆڵچیی شەو تاوتاو کزە با دەیهیّناو دڵنیایی بەشەرەکان و دەچوونە خەو، چەخماخەی ئاسمان بست بست بۆ ساتیّك چوار دەوری رۆشن دەکردەوە و رەنگ و رواڵەتی قەلای وەدەردەخست. قەلا ئارام و بیّ دەنگ و سەلای هەڵدەدا، هەزاران ساڵە چاوگە و هەوارگەی بەلایە.. قەلا.

قەلا لە یەکەمین پاپلکەی ژینەوە، لە دەرزی دەروازەی ئاسنینەوە، قەلا ڕازی میّژووت بۆ هەڵدیّنیّ، گویّلیّ خاکی پیّیە، پۆدرەی ئیّسکی یارانە و ناوکەی ئومیّدی تیا دەچیّنیّ، قەلا هەزاران ساڵە تویّشووی خەمی هەڵگرتووە، ئای سمی ئەسپی ملهوڕانی میّژوو شیّلای.. قەلا ما و تا بە ئەمڕۆ نەمردووە.

قەلا تانەی سەرچاوی فەرهەنگە.. نەبوو فەریادڕەسی، چین چین هاتن و چوون

گرتیان و بردیان، خواردیان، لە مێژەوە خۆراکی هەڵووشینی نەهەنگە.

قەلا دڵ و دەروونی فراوانە، بەتوانایە، مەڵبەندی زانیار و دانایە. شوێن پای ڕووداوی داپۆشیوە.. دەشتودەر.. کێو و کەمەر یەك ڕەنگ سەراسەر تێکڕا سەرتاپا کفنی پۆشیوە.. هەزاران ساڵە، هەوارگەی بەلایە.. قەلا! شەوگار دوو بەشی چووبوو قوتە بەهەناسکەبڕکەوە خۆی گەیاندەوە کەلاوە. بەچاوی ڕای گەیاند لێی گەڕێن تا ماندوویی وەدەردێت، برادەرانیش بەتاسەوە چاوەڕوانی ئاکامی تەقالای بوون.. پشووی دا و، هەناسکەبڕکەی نیشتەوە و هاتە قسە: ئەگەر ڕووداوێکی پێشبینی نەکراو روو نەدا، سبەی شەو دەگەینە خزمەتی کاك شالانی بەڕێز. ( قولاو) دەیوت: شالان زۆر بە دەورما هات و زۆر خەڵکی هەناردە سەرم ڕێم پێ نەدا، با ئەوەش بڵێم بە یەکجاری دەستم بەسنگییەوە نەناو نائومێدیشم نەکردووە، ئێستا کوڵە هەواڵێکی بۆ بنێرم بۆ هەر کوێ هەوەسم هەبێت ڕەشمۆی دەکەم. منیش پێشنیازی خانووە قوڕەکانم پێ کرد، سارەشەو سەعات دوازدەی شەو. دیتت:

دڵنیابن بێ دەردەسەر بە پای خۆی دەیهێنمە بەردەستتان ئیتر ئێوە و غیرەتتان.

گورگە وتی:

– ئافەرین قولاو.

قوتە بەدوو برادەری وت:

– بۆ ئەوەی زۆریمان سرنج ڕانەکێشێ من و گورگە دەگەڕێینەوە بۆ باخ و سبەی شەو دەگەڕێینەوە .

گورگە لە ژوور ڕۆیشتە دەرەوەو سەرێکی بە چەپ و ڕاستدا کێشا و هاتەوە و وتی:

– دەور چۆڵە.. بڕۆین.

لە دەرەوەی شارەوە تیشك ئاوێژ هەڵدەدرایە ئاسمان، دیاربوو برادەران دەهاتنە ناو شارەوە، دەنگی ریزی مەتریلۆز دەگەیشتە گوێ.. کاك ڕەسووڵ لە شاردا بوو، بە مام ڕۆسەمی راگەیاندبوو ورچە تەڕ و تەمیز کاتەوە تا بەرەو خوار بیبا، قوتە و گورگە هاتنە سەر ماتەمینی نزیکبوونەوەی سەفەری بێ گەڕانەوەی کاکە ورچەدا.

گورگە سەرشێتانە پای کوتابوو بەزەویدا و نارەزایی لە سەفەرەکەوە دەردەبڕی و تۆمەتی بەزین و بێ دەربەستی دەخستە گەردنی ورچە و جنێوی بە کاك رەسووڵ دەدا، لە ئاوا هەرایەك دا شەویان بردە سەر.

کە رۆژ بوویەوە قوتە و گورگە لە ترسی ئاشکرابوونیان ورتەیان لە خۆ بڕیبوو.. ورچەش هەر بەبەریانەوە لە دەرگەی ژوورەکەی مام ڕۆسەم دا لمۆزی دابوو تا بە دوایدا کون و قوژبنی بۆ نەگەڕێ و چاوی بە گورگە و قوتە نەکەوێت چەند تووتکەیەکی خرپن بێ مەبەست مندالانە پرتاو دەهاتن و دەچوون، دەم دەمیش لە چوارپەلی دایکیان دەئالان و بە دەم رێکردنەوە خۆیان بەگوانیدا هەڵدەواسی، پیری و هەزار عەیب – لیکی دەمی مام وەڵفی تك تك لە زەوی دەکەوت، چاوی داقڵیشابوو، پەیتا پەیتا ئاوی پیا دەچۆڕا بەتاسەوە سەیری جوولانەوە و سەگەنازی تووتکەکانی دەکردو چەند چرە دڵ و گەماڵی خێرا دەورەی دابوو، شادمانانە سەری دەلەرزاندەوە و لە بەرخۆیەوە دەیوت:

– ئافەرین گورگە! تۆ لە من ژیرانەتر هەنگاوت نا. چاکت کرد تێکەڵی ژان و ژیانی ئەو خەڵکە بوویت. سبەی ئەم توولانە هەست بە نامۆیی و بێکەسی ناکەن قامچی چ سوور بێت یان رەش ژانیان بەسەر لەشەوە وەك یەك وایە. ئێمەی گیرۆدەی زۆر و زوڵمی بەشەر نزیك و دوور، مەرز و سنوور لە کۆڕا نییە. لە هەر کوێ بین.. ئاسمان یەك رەنگە.

مام ڕۆستەم خەریکی شۆردنی کوڵەکانی ورچە بوو، خنەی دەهات و دەیوت:

– سەگ؟.. سەگی چی؟ بڵێ جاش هێستر، نەوەن گا ئاوا بێ زاگەرۆز بۆ خۆت و ئاو و هەوات! قوتە و گورگە کەوتبوونە جموجۆڵ. خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، پەلەوەرەکانی دەشتودەر لە تاوی سەرما و کرێوەدا بەسەر چڵ و تەڵی درەختەکانەوە تۆپەڵ بووبوون و پەنایان هێنابووە شار. دوای نووزە نووزێکی دوور و درێژ قوتە و گورگە لە ورچە جوێ بوونەوە و لە ئاورەوەوە بۆی دەرچوون، کۆلان بە کۆلان بە هوشیاری و پارێزەوە خۆیان گەیاندەوە خانووە قورەکان.

هەر چواریان نیگەرانییان پێوە دیاربوو، نەدەترسان. ترسی نەهاتنی شالان ختوورەی دەکرد لە دڵیاندا قوتە دیسانەوە ڕای گەیاند. کوڕینە ئەمشەو شەوی تۆڵە

و ئازایەتییە خۆتان و هیمەتتان. سەعات دوازدە قولام دەیکێشێتە ناو چوار هەیوانە هەرۆژاوەکەی لای جادەکەوە، ئێمەش لەوێدا خۆمان شاردووەتەوە. تا دێتە بەردەستمان دەنگتان لە دەم نایەتە دەرێ تا من پڕی دەدەمێ، ئەو حەلە چوار کەسە دەڕژێینە سەری و دەیتاسێنین.

– ئەی ئەگەر کەسی تری لەگەڵ بوو چی؟

– ئەو بۆ رابواردن دێت.. خۆ فوتبۆڵێن ناکا. هاتوو یەکێکی تریشی وەلابوو، بەرنامە هەر بەرنامەیە ئەنجامی دەدەین .. ئەوان دووان و ئێمە چوار. دڵنیا بن قولاو لەوە زرنگترە و کارامەتر. کاری دوورە لە هاژە و هەڵەشەیی.

نێرەکەرە بریندارەکە دیسانەوە سەڕاندی.. هەر چواریان وەڕێکەوتن. قوتە هوشیار و ئاگەدار لە پێشەوە دەچوو لە چوار هەیوان و دەوریدا زیرەکانە دامەزران، هەر یەکە لە گۆشەیەکەوە قین لە دڵ و چاو لە ڕێگە و چاوەڕوان.. دەوروبەری سەعات دوازدەی شەو لە دوورەوە وڕەوڕێك دەبیسرا.

– دە مەڕۆ.. ئێرە باشە.

تاموول کە.. سەرجادەیە.. خەڵك و خوامان لێ گلێر دەبنەوە! شاڵان بێ ئۆقرانە پۆزەی لە پاشۆی قولاو دەخشاند و تاوتاو دەیلێسایەوە. قولاو لێزانانە خۆی بۆ فشۆڵە دەکرد و کەفەڵی نەرمە سووکێکی پێ دەدا و شاڵان گڕی دەگرد و سواری کۆمی دەبوو هەردوو دەستی لەژێر سکییەوە توند دەکرد. قولاو دەترسا هەوەسی دامرکێتەوەو پاگەز بکا و بگەڕێتەوە، بەنازەوە سمت و کەفەڵی نەرم نەرمی دەکشانەوە و دەیوت:

– چییە بۆ وا دەکەی؟ ئۆقرەت هەبێت! من لە تۆ خراوترم، با بگەینە چوار هەیوانەکە دەمبینی چ دەریایەکی حەز و هەوەسم.

قولاو هەڵگەڕایەوە ناوگەڵی شاڵانی مڵچە مڵچ چەند جارێك لێسایەوە و دیسانەوە کەوتەوە ڕێ و بە بەرز وتی:

– ئەمشەو فرە ساردە تا سەحەر لە ئامێزت دەگرم. قولاو لە پێشەوە هاتە چوار هەیوانەوە شاڵان حەز و هەوەسی گێژ و مەنگی کردبوو.. دەیویست هەرچی زووتر

ئاگری هەوەسی دامرکێنێتەوە. هەر پای خستە نێو چوار هەیوان نیشتە کۆڵی قولاو، قولاویش فش بۆی هەڵۆیسابوو، شالان خنەخنی دەهات، دڵۆپ دڵۆپ عەرەق لە زمانییەوە دەتکایە سەر پشتی قولاودا. قولاو جاروبار نەرمە چەرخرنێکی بە پاشۆی دەدا و دەیویست درێژە بە کارەکە بدا. هەر کە سوورێکی بە کەفەڵی دەدا شالان مرەمرێ بەرز دەبوویەوە و چاوی بازووتر دەکردەوە. قولاو خەریك بوو نائومێد دەبوو، وا دوای ئەم هەموو تەقەلایە و لێکدانەوەیە بەم تەمیزییە شالانی هێناوەتە ئێرە، کەسیش وەدیار نییە! شالان هەناسەی سوار بووبوو، مرەکانی خاو بووبوونەوە.. لە پڕ قوتە لە پشتەوە پەڕییە کۆڵی شالان، گورگە یەکڕاست کەڵبەکانی لە بینی گیرکرد، نەمرەو نە قۆزەی بۆ نەهاتەدەر! یەکێك لە برادەران کەڵبەی لەناو گەڵی گیر کرد و لە بێخ وەدەری هێناو، ئەوی تریان نەرمەی سنگی هەڵتلیشان و گەدە و ریخۆڵەی هێنایە دەرەوە کەڵبەی گورگە چوو مەنگەنە لە سەرەتاوە تاساندبووی بۆ متمانەیەکی زۆرتر بەتەواوی ورگیان ڕادا و سی و جگەریان هێنایە دەرەوە ئنجا هەر یەکە لەلایەکەوە هەڵمووتان، هەر چواریان تالای چاویان نیشتبووە خوێن. جارە و بار زمانیان بە چەپ و راستی پۆزەیاندا دەهێنا و دەلێسایەوە یەکێك لە برادەران وتی:

– ئێستا ئەگەر بشکوژرێم. سەرفرازم! قوتە وتی:

– دڵنیا بە بە ئاسانی لە کوشتن نایەین. ئەو دەمە تێپەڕی و گۆڕ بەگۆڕ کرا. ئێمە لە شاردا کارێکمان نەماوە، قولاو خانم دەگەڕێتەوە ئێمەش هەر لێرەوە یەکڕاست بەرەو بنکە بۆی دەردەچین.

شاخە و شریخەی ئاسمان مەشخەلانی نابوویەوە، بزیسکە و بریسکە هەورە ڕەش تاڵەکانی بەهەڵهەڵەی ئاسمانەوە دەم دەم وەدەردەخست.. ئاسمان تۆفانی تیشکی هەڵ کردبوو، شار باوەك نووستووبوو، زەردەخەنەی بە میژوونووسانی ئەوساو ئێستا نیشان دەدا. چوار گەماڵی خێرا و چالاك بەرەو ژوور، بەرەو ئاسۆی دوور ڕێگەی ئومێدیان گرتە بەر. پاڵ بەپاڵ، یاڵ بەیاڵ خۆیان گەیاندە دامێنی چیا. چیا ئامێزی بۆ کردنەوە و دەستی نەوازشی پیر و قرچەڵۆکی ملیۆنەها ساڵەی خۆی بە سەردا کێشان چیا!!

## ١٤

چوارپەل و گەردنی سفت و سەخت بەمیلەکانی دوای پیکابەکەدا جەڕابوو، هەر ئەوەندەی بە دەمەوە بوو بتوانێ هەڵسێتە سەر چوارپەل. بەتایبەت پەتی گەردنی هیچیان بەدەمەوە نەهێڵابوو تا سەر لە چەپ و راستی پیکاب وەدەرنەبات دڵخۆشیی خۆی دەدایەوە: بەس نییە پاشووی بەرەو خوارەوەیە بە باشی بۆ دوا جار چیا و دەشتودەر و قەڵا دەبینێ. کزەی سەرما چزەی لەشی تێکەڵ بە قرچەی دەروونی دەکرد و تەڵ تەڵ مووی لەشی گرژ دەبوویەوە، هۆن هۆن فرمێسك بە چاوانیدا دەچۆڕا، وردە وردە بەتەواوی ئاوەزییەوە دەینواڕییە پۆپەی سپی و کفنپۆشی چیا سەلارەکاندا. قەپۆزەی بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوە، جۆش و خرۆشی دەروونی کەفکردووی بە لوورەیەکی سامناك دەگەیاندە قووڵاییی کەون و گێتی. ورچە کاتێك گوللەی نامەردان کڵۆکی سمیبوو جارێك نەیلووران. دەمێك نەیقۆزان. ژانی ژیان و کردار و رەفتاری بەشەری بەتوانا و تامووڵەوە دەگرتە خۆی بە ئومێدەوە چاوی لە ئاسۆی لێڵ هەڵ نەدەگرد و دەیوت.. نا قەینا سبەی!! پیکاب بەرەو خوار گل دەبوویەوە، تەنیا تارمایی و سایە و سێوەری پۆپەی قەڵا لە ئاسۆدا دەبینرا. ورچە پۆزەی هێنابووە خوارەوە، لوورە لووری بڕیبووەوە. لێخوڕەکە تاوتاو لە ئاوێنەکەوە ورچەی دەپێوا لە پێچ و لوولی جادەکەدا پابەپادەبوو تەرازووی تێك دەچوو ئەگەر شەتەك نەدرابا ڕەنگ بوو داکەوێتە خوارەوە، ورچە تووڕەبوونی بە دوو سێ جار حەپین وەدەردەخست لێخوڕەکە قاقا دەکەنی، لە خاڵە جۆراوجۆرەکانی پشکنینی سەر ڕێگەدا پۆلیسەکان جارەوبار سەرە نێزەیەکیان پێوە دەژەند دوو سێ حەپەی لەسەریەك تێ دەگرتن لە ترسا تەکیان دەدایە دواوە. ئیتر لە هەر خاڵێکدا پیکاب ڕای گرتایە بێ سەرەنێزەش ورچە کەڵبەکانی وەدەردەخست و دەوەڕی. دەیزانی ئازاری هەر پێ دەگەیەنن.

لەبەر دەرگەی ماڵی کاك رەسووڵ پیکاب ڕاوەستا و کاك رەسووڵ هاتە دەرەوە و پەتەکانی ورچەی کردەوە و پەتی گەردنی گرد بە دەستەوە، ورچە بێ دەردەسەر لە پیکاب دابەزی ئارام کەوتە دوای کاك رەسووڵ، لەحەوشێدا بەدرەختی ناو چیمەنەکەوە بەستیانەوە.

ژنەکەی کاك رەسووڵ ئاوڕێکی لە ورچە دایەوە و بە مۆنییەکەوە بە کاك رەسووڵی وت:

– ئەم جانەوەرە لێرە جێگەی نابێتەوە، حەوشەکە هەر بەشی ئەم پارینەی دەکا، سبەی هەر مێش دەمانخوات.

– ئەمانەی دەیڵێی راستە. تەنیا چەند رۆژێك لێرە دەبێ و رەوانەی ئەورووپای دەکەم. لە دەمێکەوە وەعدم داوەتە دونالد. هەر چەنێك باسی ورچە و رەگەزی ورچەم بۆ دەکرد بە گومانەوە سەری دەلەقاندەوە و دیاربوو باوەڕی نەدەکرد ئاوا رەگەزێك بەسەر زەوییەوە بژین منیش بۆ ئەوەی پێی بسەلمێنم بەڵێنم دا کە دانەیەك لەم رەگەزەی بۆ بنێرم.. دەیوت:

– ئەمەی تۆ دەیڵێی ئەگەر وابێت زۆر ناخایەنێت توخماتیان دەبڕێتەوە. جا منیش فایل و پەروەندەی لە ئەنستیتۆدا بۆ دەکەمەوە. هەر نەبێت با چەند توخماتێکی لەم بنارەدا چاو بترووکێنن، وەك وتم ورچە میوانە و دەڕوا. میوان قبووڵ ناکەی؟.. دەیکەیت؟

– میوان قبووڵ دەکەم و دەیخەمە سەر چاوم، بەڵام نەك نەوەن گا.. بەم لەندەهورییە چۆن چۆنین دەینێری؟

– دەیخەمە قەفەس.

– کام قەفەس ئەم نێرە حەیتەی تێدا جێ دەبێتەوە؟

بۆی دروست دەکەم. هەفتەی داهاتوو ئامادەیە و تا ئەو حەلەش کاروباری شرینقە لێدانیشی تەواو دەبێ. یەکێك لە دەرگەی ماڵەوە سەری وەدەرهێنا و وتی: کاك رەسووڵ تەلیفۆن بانگت دەکەن. ورچە هەروا لەژێر چاوەوە دەینوارییە ژنەی کاك رەسووڵ، ژنە بەتووڕەبوونەوە وتی: دەی! وەرە بمخۆ! سەیر چۆن تێم

دەنواڕی؟ ژنە ڕۆیشتە ماڵەوە، ورچە لەبەر خۆیەوە دەیوت : شرنقە و قەفەس و دەربەدەری و لە کوێتە جارێ؟ ورچە کەمی ڕۆیشتووە و زۆری ماوە.. دەبێ بەرگە بگری. دەبێ تامووڵ و توانات لەدەست نەدەی. ڕاستی ئەوە بۆ وا خەم دای گردوویت؟ تۆ کە لە زوڵم و زۆر بێگانە نیت، لەگەڵیا پەروەردە بووگیت. ڕۆژێك کەم و ڕۆژێك زۆرتر بەزمەکە ناگۆڕێت... پشتاوپشت ئەمە پیشەت بووە، وڕەو گاڵە لە دەرگەی حەوشێدا هاتە گوێ. کاك ڕەسووڵ ڕۆیشتە دەرەوە، لەگەڵ دوو سێ کەسی دیدا بەرەو لای ورچە ڕۆیشتن.. کـــاك ڕەســووڵ بەهێمنی پەتی لە دڕەخت کردەوە، ورچە بە چاوی گومان و بێ باوەڕییەوە دەینواڕی. کاك ڕەسووڵ نەختێك پەتەکەی ڕاکێشا ورچە لە جێگەی نەجووڵا و نەختەکێك مۆڕ بوویەوە، کاك ڕەسووڵ ڕەگەزی ورچەی دەناسی و دەیزانی زۆر و توند گۆیی و تـوند خوویی لە گەڵیانا سوودگەیێن نـــابێت دەستی شل کردەوە.. وردە وردە لێی نزیك بوویەوە، لەبـــەر خۆیەوە گۆرانیی بۆ دەوت، بە جۆرێك نزیك بوویەوە دەستی خستە سەر مل و گەردنی و چەند جارێك ناز و نەوازشی کرد و دەیوت:

– ورچە سەگی چاکە

قولەپای ببەستی دەنگ ناکا.

ورچەش لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– کەر خۆتانن! زۆرتان نەماوە ڕسواکرێن.

ورچە تا لە توانایدابایە دەکۆشا لەگەڵ کاك ڕەسووڵ تێکی نەدا.. دەیزانی مل نەدانی بەزیانی تەواو دەبێت – لەگەڵ دەستیا کەوتە ڕێ. کاك ڕەسووڵ کە دی وا ورچە بێ گرێ بەدوایەوە دێ شادمانانە بەرەو پیکابی ڕاوەستاوی دەمی دەر وەڕێ کەوت و ئازا لە پیکاب سەرکەوت و ورچەش بە دوایدا. سەری پەتەکەی بە میلەی دواوە بەستەوە و بە لێخوڕە یەکێك لە پیاوەکانی وت:

– ڕێ کەون بڕۆن. پێم وایە هیچ گرفتارییەکتان بۆ پێش ناهێنێت.. لە بیری نەکەن، بڕوانامەی شرینقە لێدانی دەبێ بە ئینگلیزی بێت. دەبێ بڕوانامەکەش وێنەی پێوە بێت. ئەمانە دەیڵێم – نەیکەن– هیچتان نەکردووە.. ها؟

پیکاب وەڕێ کەوت، ورچە دیسان پاشەڵی بە گوێی نەکرد و تەختی نێو دوای پیکاب بوو.. سەد جنێوی بە تەقەکەری نامەرد دا کە بەم ڕۆژەی گەیاندووە.. پیکاب چەند شەقامێکی بڕی، لە گۆڕەپانێکدا ڕاوەستا و لێخوڕ و کابرا دابەزین. ورچە کەوتە جموجۆڵ، لێخوڕ و کابرا بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدەنەوە خۆیان کردە چایخانەیەکدا، تاك تاك و دوو دوو بەشەر لە ورچە گلێر بوویەوە، ورچە وای دەزانی هاتوون شرینقەی لێ دەن! ئەو دیبووی شرینقەیان لە تووڵەکانی مام وەڵفی دەدا.. ئەمانەی وا لێی گلێر بوونەتەوە هیچیان لەوان ناکەن، خەڵکەش تا دەبوو زۆرتر دەبوون.. بازێکیان شووشەی خاڵییان تێ دەگرد، بڕێ داریان پێوە دەژەند ورچە زانی وا بڕوات کڵاوی با بردوویەتی.. هەستایە سەر چوار پەل تێیانی حەپان، خەڵکەکە دڕنیان دا و بەسەر یەکدا کەوتن و ڕمان.. پۆلیس هاتە سەر مەرافەکەداو لێخوڕ و کابرا بەحەپین دا لە چاپخانە هاتنە دەرەوە.. پۆلیسیش وەك گەنە چەسپا بەیەخەی لێخوڕدا و بڕوانامەی لێخوڕینی لێ وەرگرت، هەرچی پاڕایەوە، تکایەوە پۆلیس ئاوڕیشی لێ نەدایەوە. لە تاودا کردی بەدەم پایەکەدا و بە هەرچی توانایەوە ماڵی بەسەر و گوێلاکی ورچەدا و وتی: هاتم شاخ بکەم گوێشم خستە سەری.. نەحەپیتایە چەند دینارێك کاسب بووین.. باوەحیز خێوە.

ورچە نیوە ڕاپەڕینێکی کرد و ویستی پەلاماری دا کە پەتی گەردنی خۆی دی ساردبوویەوە و کینەکەی قووت دایەوە.. لێخوڕ مەغروورانە دەستی درێژ کردبووە دەم پایەکەی. هەر لەلاوە بێ وزاق و بێ تەکان بە خۆدان ورچە بازووی برد بەدەما و چوار گردە کونی لە مەچەکیدا نەخشاند. لێخوڕ هاواری گەیشتە ئاسمان، خوێن بە بازوویدا چۆڕی دا دەهات. پەلاماری سندووقی ئاچەرەکانی دا تا ئاسنێك وەدەربهێنێ و پەلاماری ورچە بدا. کابرای تر دەستی گرت و کێشایە لاوە وتی:

– ماڵ وێران.. توخنی بکەویت هەڵت دەدڕێ. بڕۆ شوکری خوا بکە مەچەکتی نەقرتاندووە. سەعاتێکە خۆت خەریك کردووە تا وات بە سەر هات.

– من ئەمانە نازانم. دەی تووی ئەم باوە حیزخێوە لە پیکابەکەم بهێنیتە خوارەوە. خوا یەکە و بە دوو نابێت هەنگاو نانێم تا دای نەگری.

– کابرا! وڕکەکەت گەوجانەیە، بەمن و تۆ دانـاگیرێت نزیکی بینەوە دەمانخوات.. هەستە ڕێ کەوە شتێکی زۆرترت لە کاك ڕەسووڵ بۆ دەسێنم.

– ئەگەر ئەوەندە شڕەتە.. شرینقەی چۆن لێ دەدەن؟

– خەمی ئەوەت نەبێت. نان بۆ نانەوایە و گۆشت بۆ قەساوە. ئەوان دکتۆران و کاروباری خۆیان بە چاکی دەزانن.

بەغا لەژێر باری تەپۆتۆزێکی تێر و تاریکدا پەلی دەکوتا ترومبێلەکان چراکانیان داگیرسابوو، قیرتاوەکان توێژێکی لماویی دوو لێواری گرتوبوویەوە، تەنیا توێزی ناوەڕاستەکانی بە دەرەوە بوون. نایلۆن و وردە کاغەز و کیسەی ڕەنگاوڕەنگی سووك و بابردەڵە با loولی دەدا و چەرخی دەدا و تەنوورەیان بەرەو ئاسمان دەبەست، هاژە و هووژەی تۆز و باو پەلوپۆ درەختی دارخورما و کالیپتوس و لوورە لووری گوێسەبانانی چینکۆی خانووەکان ترسیان دەختە دڵەوە. وڕچە خۆی گرمۆڵە کردبوو، سەر و پۆزەی خستوبووە ناوگەڵی جێگەی سووژنی شرینقەکەی هەڵئاوسابوو سۆزی ژانی مووچڕکەی بەلەشیدا دەهێنا و دەکزایەوە.. پیکاب لە بەردەرگەدا ڕاوەستا. وڕچەیان بە پەتەوە بەرەو حەوشی ڕاکێشا و بەهەمان دارەوە بەستیانەوە. سندووقێکی پەنجەرەداری زل زەلاميش لەولایەوە ئامادە کرابوو.. کە وردبوویەوە زانی دەبێ ئەمە قەفەس بێت!! باقەفەس بێت.. قەفەس قەفەسە گەورە یا بچووك چ فەرقێك دەکات؟

کاك ڕەسووڵ لە پشتی شووشەی پەنجەرەکەوە دەینواڕییە وڕچەدا و دەیوت:

– وڕچە هەر ئیمشەو لێرەیت پڕ بەسنگت هەناسە هەڵکێشە.. سبەی بە ئاسمانەوەی.. زۆرم دەربارەت وتووە.. بە درۆم نەخەی.

پشیلەیەك لە شەقامەوە چاپك و چالاك هاتە سەر دیواری حەوشێ و لەسەر پاشووی موتکەی دایەوە. کە وڕچەی دی لە چیمەنەکە ڕاکشاوە.. دوودڵ وەستا داکەوێتە خوارەوە.. یا نا؟ هاتوچۆی نێو چێشتخانە و مووبەقی دەدی و چزە و فزەی گۆشت و دووکەڵ و بۆنی دەهاتە لووتیدا ئۆقرەی لێ دەبڕا.. خۆی لە نێوان قەپۆزەی وڕچەدا دەهاتە بەرچاو چاوی جن جن دەبوویەوە و دەیوت:

– فره تێر و پڕین! ئەم کاولبووەشمان لێ گیرا. زۆر نییە؟! نان بە ناوچاوانمەوە نییە. داکی ئەوە لە کەر دەکێشم دەڵێت زیانی مەکە و شت مەڕفێنە. لە دیوار بە دیوی شەقامدا پەڕییە خوارەوە تا دوورکەوتەوە هەر دەیوت:

– خوا هەزار ژیانی وا ببڕێت! سەد خۆزگەم بە تۆپین تا ژەمێك گیر دێنین قیڕ سپی دەبێ.. بەس نییە یەك جار دەتۆپی و تەواو! کوڕە خۆ هەر سەعاتێکمان تۆپینێکە چ ڕۆژگارێکە تێی کەوتووین. گلۆپی سەر شەقامەکان زەرد دەنوان، هەرچی سایە و سێوەر هەیە گردبوویە خۆ.. ناڵە و نکەی ڕەنگە بێ ڕەنگەکەی تێکەڵی هەناسەی بەیان بووبوون.. شار بۆنی بیابانی دەدا.. چرای دوو لای شا قیرتاوەکەی نێو فڕۆکەخانە بە درێژ داگیرسابوون.. لە دوورەوە چەند گڵۆپی سوور چاوەفلیچکەیان دەکرد. بەشەرێکی زۆر هاتبوون.. چەند کەسێکیان ماچ دەکرد. ورچە کەوتەوە بیری ڕۆژانی لای ڕان و بازە و مام وەڵفی و گورگە و قوتە و گورزە و قالەش.. پیکابی قەفەس هەڵگر لە فڕۆکە نزیك بوویەوە.. لەژێر دەمی عەمارەکەدا وەستا. خولانی پەروانەی فڕۆکە توێژی خۆڵی سەر قیراتاوەکەی بەخش و بڵاو کردبوویەوە.. لە چەق دوو ڕیزە چرادا بە شاقیرتاودا کەوتە ڕێ توندتر و.. تیژتر و.. تیژتر.. پاچکەکانی لە زەوی بڕا.. شاری ئەفسانەیی هاروون و زوبێدە و هەلاج لە شەفەقێکی خوڵاویدا خەوی بارانی ڕەحمەتی دەدی.

## ١٥

لە دوورەوە گوڕەی ترومبێل و سەرە سەڕی نێرەکەرێك تێکەڵ دەبیسترا سەرە تا دەبوو نزیکتر دەبوویەوە، کە گەیشتە نێو داڵانە سەر داپۆشراوەکە، تەواوی دەر و پەنجەرە دەلەرزییەوە.. ورچە لە دوورەوە گوێی لە سەرە بوو دڵی تازە بوویەوە. خۆ ناکرێ ئەم سەرە سەرە کەر نەبێت.. تۆ بڵێی لاسکایی سەرەی کەر نەبێت، یا ئاژێڵێکی تر بێ و من نەمدیبێ.. یا من نەزانم.. سەرە فرە نزیك بوویەوە.. ورچە لە بەینی تەلبەنی قەفەسەکەیەوە خاوەن سەرەی دی و لەبەر خۆیەوە وتی: نەموت خۆیەتی! جەنابی نێرەکەر. ئەی بەخێربێی بە سەرچاوان.

تۆنی سەدای سەرەکە لە دەم و قوروویەکی متمانە بەخۆ و مەغروور و فشەبازەوە دەهاتە دەرێ، نە یەکێك نە دوو، نە جارێك نە دە، سەرە بە دوای یەکدا... هەر بینێکی دەخواردەوە دەمێکی تری بۆی دەسەڕی.. داڵان هەژابووە سەریەك. هەموو ئاژێڵەکان دەستیان لە قەفەزەکانەوە هێنابووە دەرەوە و، دانە شاش و واشەکانیان بە نیشانەی نارەزایەتی وەدەردەخست.. جانەوەرە زل زەلامەکەش زنجیرە سەنگینەکەی پاو پێوەنی دەلەرزانەوە، تاوتاو لووتە درێژەکەی بە چەپ و ڕاستدا سوورڕ دەدا.

ورچە تا ئەو حەلە گیانلەبەرێکی بەو زل و زەبەلاحییە نەدیبوو کە لووتی لە کلکی درێژتر بێت.. پێش ئەوەی دێیەکەیان بسووتێ و بکرێتە قەرەبرووت بە زۆری «فەرەج» چەند جارێك بردبووی بۆ ڕاوە بەراز و لە نزیکەوە شفرەی بەرازی دیبوو.. بەڵام ئەوەی لە کوێ و ئەم شفرانە لە کوێ.. هەی هووی دەوێ. هەر یەکێکیان بە درێژای مژانێك دەبن.

نێرەکەر گەیشتبووە لای قەفەزەکەی ورچە، کابراکە ڕای دەکێشا رەشمۆکەی بەتەختەکەی ورچەوە بەستەوە و بوو بە دراوسێی، کەرە راوەستا و ئاورێکی

گەوجانەی دایەوە و بینێکی دی خواردەوە و سکی لە بادا هەڵئاوسا و لە دواشەوە وردە ئاهەنگی بۆ بەرەڵلا دەکرد، هێندەی سەڕاندبوو کەفی دەچەڕاند.. سەرەی کردە لوشکە لوشك و خولێکی بە دەوری خۆدا خوارد و دیسانەوە چەرخایەوە بەولادا و ئنجا گەوجانە ئاوڕێکی لە ورچەدایەوە.. ورچە بێ تاقەت و ئاڵۆز بە ئاوڕێك وەڵامی دایەوە.. تێ دەفکرا:

«کەری نەفام و گەوجم زۆر دیوە.. بەڵام ئەم کەرە یەکجار پەت بڕەو.. کەربابیشە»

کەرە فشەبازانە رووی کردەوە ورچە و وتی:

– کوێنەریت؟

ورچە چەند رۆژێك بوو دەیویست بزانێت لە چ وڵات و زەوییەك دابەزیوە.. هەرچی دەکرد نەیدەزانی.. باوەك زۆری مەراقی بوو بزانێت.. کەمتەرخەم و بێ تاقەت نەکو وەڵامی نەدایەوە رووی وەرچەرخاندەوە بەولاوە.. کەرە بە سەرەوە.. کە نەڕاندی:

– وتم.. کوێنەریت؟!

ورچە بە نەرەدا هەستایە سەر چوارپەل و ئەگەر لە قەفەسدا نەبووایە شلکەی ڕانی دەبرد بەدەما و پڕ بە دەمی گۆشتی لێ هەڵدەکەند، بەڵام چ دەڵێی؟ لە قەفەسدایە و دەست بەسەرە و گیرۆدەی داوی بەشەرە.

نێرەکەر دەستبەردار نەبوو. بەرزتر و بەرزتر دەیسەڕاند و دەیسەڕاند:

– کوێنەریت.. کوێنەریت؟

ورچە لووت و قەپۆزەی لە نێوان قەفەسەکەوە بردە دەرەوە و وتی:

– بێ قیمەت هەر کوێیی بم... بەتۆ چی؟

– نا بەمن زۆر شت.. دیارە لەسەر کەللەشەقی ئاوارەی وڵاتانیان کردوویت. یا هەروا پەژموردە و زویری؟. یا لە سەرەی من ئاڵۆزی؟!

– بەتەمای ئاڵۆزیش نەبم؟

– ئێمە سەفامان سەرِینەکەیە. ئەگەر نەسەرێنین شریخە دەکەین و دەتەقین!

– خوا بکا شریخە بکەی ئینشائەڵڵا.

– ئاخر ناتوانم نەسەرِێنم. تازە من لەناو رەگەزی خۆما بە دەنگخۆش بەناوبانگم و تەواوی جۆرەکانی سەرِینم رەوانە و لەبەرە.. کە بەهار دێت بەرناکەوم لەبەر دەعوەتی ئەملاولای نازی ماکەران.

– کێ دەڵێت مەسەرێنە. بەڵام نەك بۆ تاوێك وچان نەدەیت و دەم بە یەکدا نەنێیت. با دەنگیشت خۆش بێت.

– ئەگەر نەڵێی کوێنەریت سەرە دەست پێ دەکەمەوە.

– تۆ هەر مەسەرێنە هەرچی بڵێی دەکرێ. من لەو بناری زاگرۆزەوە هاتووم و دەمبەن بۆ لوندەرە. ئەی تۆ کوێنەریت و ئێرە چی پێ دەڵێن؟

کەرە پێکەنینێکی تێکەڵ بەسەرەی سەرِ لێ دا.. هێندە دەمی کردبوویەوە تەواوی کاکیلەکانی وەدەرکەوتووبوون، ورچە خەنجەرت لێ دایە خوێنی لێ نەدەهات، ئاخری خۆی پێ رانەگیرا و وتی: خوێنی باوکت بەلامەوەیە. دەست لە سەرم کەرەوە.. دوور کەوە ناخۆشت کرد ها؟

– ئێمە بەختمان نییە. زوڵم و زۆرێکی مێژووییە لێمان کراوە ناوی ئێمە بە کەر دەرچووە و کەچی لە ئێمە کەرتری هێندە زۆرن لە حیساو نایەن.

– باست لە کێیە؟

– باسم لە هەرچی گێل و گەوجی ئەم دنیایەیە ئەم زوڵمەیان لە رەگەزی ئێمە کردووە.

– وا دیارە زۆرت پێیە و کەمی وەدەردەخەیت؟

( تێ بوو) لە مەیموونەکانی تر جیابوبوویەوە و ترنجابوویە سووچی قەفەس تا بەچاکی لە راوێژی کەرە و ورچە تێ بگا و بزانێت لە چ ولاتێکدا دابەزیون و کەی بەرێیان دەکەن.. لە خۆرازیبوونی کەرەکە لە سەرەکانی پەستتری کردبوو قیژاندی:

– کابرا تۆ جانەوەری کوێی؟ ئەم درێژدادڕی و فەلسەفەبافییەی پێ ناوێ.. بەسە ئیتر هەی خوێڕی.

کەرە خەریك بوو دیسانەوە سەرە قاقایەکی تر لێداتەوە ( تێ بوو) مۆڵەتی نەدا و نەڕاندی بەسەریا.. کەرە ڕاچڵەکی. فیلی پێوەن کراویش بە تووڕەبوونەوە خەرتوومەکەی بەرز کردەوە و کە پیشکانی دالانی هێنایە حەشۆکە. کەرە زانی بە سەرە هەمووی ئاوس کردووە بزەیەك کەوتە سەر لپ و لەوس و قەپۆزەی و سیاسەتمەدارانە وتی:

– نەختێك تامووڵ کەن.. ئێوەی ئاژێڵ. لە جێی ڕەگەزی ئێمە بانایە چیتان دەکرد؟

تێ بوو هەردوو دەستی لە نێوان تەلبەنەکەوە هێنایە دەرەوە و وتی:

– بیکە لە ڕای ڕوحی پاکی باو و باپیرتا.. لێمان گەڕێ، گوومان خوارد هیچمان ناوێت.. هەر بیبڕەوە.

– نا پێتان دەڵێم. بەڵام منیش حەقمە بە قسەی ئێوە و ئەم سەگە قەویلانەیە پێ کەنم.. ئاخر هەیە کەرێکی وەك من بەم قەد و قەڵافەتە ببینێ و بپرسێت ئێرە کوێیە؟

ئاژیڵەکان بە سەرسامییەوە نواڕییانە یەکتردا وەك بەیەك بڵێن: من تێ نەگەیشتم.. تۆ چی؟

کەرە ئنجا سەرە قاقایەکی تر بۆ لێ دا و وتی:

گێلینە.. مەعلوومە ئیتر. ئێرە قیبروسە. قیبروس. لە ئاسیا و ئەفریقاوە هەر ئاژێڵێك بهێنن و بیانەوێ بەرەو ڕۆژاوای هەواڵە کەن. دەبێ ماوەیەك لێرە لەم دالانەدا لەژێر چاودێریدا بێت، ئەو حەلە بەرەو مەقسەد ڕەوانەی دەکەن..

– ئەی جەنابت بۆ کوێ ڕەوانە دەکرێت

کەرە ڕووی وەرگێڕایەوە لای ورچە و وتی:

– بەقسەی ئەم سەگە زل زەبەلاحە، لوندەرە.. بۆ ئەنستیتۆکەی لوندەرە.. ئنجا

رووی دەمی کردە (تی بوو) و وتی:

– جەنابی مەیموون. بەخەیرەت تۆ بۆ کوێ؟

– من و چەند دانەیەکمان هاوسەفەری جەنابتین و ئەوانی تریشمان بەرەو باخچەی ئاژیڵی بەرلین.. کەی دەڕۆین.. نازانین؟!

– تا لەوێوە بەڵگەنامەی هەناردنتان نەگاتە ئێرە لە خزمەتی یەکتردا دەبین.

تێ بوو لە جەرگەی جەنگەڵی ئەفریقاوە هاتبوو، سۆزی سەرما لێی دەدا.. دەلەرزی، هەردوو لەپی دا بەیەك دا و وتی:

– سەرما نەمانکوژێت، سەرەی تۆ بە ئێوارەوە کوشتووینی؟!

– جا دەڵێی چی؟. نەسەرێنم؟

– با... بەڵام بە ئەندازە و بەگوێرەی جێگە... ئەگینا لێت قبووڵ ناکەین.

– قبوول ناکەن، چی دەکەن؟

– زۆر شت هەیە دەتوانین بیکەین و تۆی پێ عاقڵ کەین.

– وەکو؟.

– تا تۆ تێ گەیەنم.. دەبم بە تۆ.. هەی لە کەر کەرتر.

– کەر.. بابتە.. تێ گەیشتی؟

ورچە کەوتە ناوبژییەوە و وتی:

– هەڵی گرن بۆ وەختێکی تر.

کەرە وتی:

– ئاخر نازانێت چۆن قسە دەکا ئێوە هەرچی بڵێن دەیکەم، بەڵام نەك بەم شێوە. لەبەر ئێوە قەینا تەنیا رۆژی دە جار دەسەرێنم. باشە؟.

– نەخێر.

– کاکە من ئەگەر بە گوێرەی نیاز نەسەرێنم جوانەمەرگ دەبم. مەجبوورم مەجبوور. بۆ تێ ناگەن؟

– ئاخر ئێمە مەجبوور نین گوێ لە دەنگی تۆ بگرین. وەك دەڵێیت رەنگە زۆر لە خزمەتی یەکتریشدا بین:

– باشە نۆ جار

تێ بوو لە پشتی تەلبەندەوە قیڕاندی:

– کەرباب یەك جار.

– نە. حەوت جار

– یەك جار

– برا پێنج جار.

– یەك جار

– قەینا چوار جار

– باشە دوو جار. بە مەرجێك لە پێشدا ڕای گەیەنیت سەرەت هاتووە و دەسەرێنیت.

## ١٦

شەوی سەفەر کاك رەسووڵ بەسەر پەڕەیەك کاغەزی سەوزەوە چەسپاندو لە ژێرییەوە بە ئینگلیزی نوسیبو:

ناو: ورچە

رۆژی لەدایکبوون: ٢٠-٦-١٩٧٣

قەد و بوڵەندی: ١٣٠سم

بەکلکەوە درێژی: ٢مەتر

رەگەز: هەوشار «گەماڵ»

قورسایی: ٩٠کیلۆ

پیشە: شەڕ و پاسکردن.

لە سەرەتاوە سەری سوڕمابوو بەرامبەر پیشەم چی بنووسێت زۆری بیر کردەوە.. زۆر ماتەڵ بوو.. شەڕ و پاسەوانی نووسی و خستییە نێو نایلۆنێکی رۆشنەوە و لەگەڵ بڕوانامەی شرینقە لێدانی کردیە ملم.

کەرە بە نوارینی کاغەزەکەدا دەیزانی ناوم ورچەیە، بەڵام لە پیشەم ورد نەبوویەوە، لەم دوایانەدا بۆی دەرکەوت، بەڵێ وا پیشەم شەڕ و پاسدان و پارازتنە و بۆ خۆم بەنیوە سەربازێك دەژمێردرێم و کە دەیدی وا بۆیشی دەشەلم. وا دەزانی هەر نەبێت فەرماندەیی چەندان شەڕم کردووە و هەر لە شەڕیشدا بریندار کراوم.. رێز و حورمەتم بەلایەوە چەندان بەرامبەر بوو، بە ئەندازەیەك رەفتاری گۆڕا و ناسك لەگەڵما دەجووڵایەوە بوو بە مایەی سەرسڕمانم. مافی دوو جار سەڕینی پێ درابوو، تا مۆڵەتی لە من وەرنەگرتایە نەدەسەڕی، بەڕێزەوە و ئارام و لەسەرخۆ لێم دەهات پێشەوە و دەیوت:

بەیارمەتی. ئەگەر لات ناخۆش نییە دەمەوێت دەمێك بسەرێنم . ئاخر ئێمەی کەر کەنین و گریانمان لە ڕێگەی سەڕینەوە وەدەردەخەین. سەڕینە پشتوپەنامان و هاندەری ململانێی ژیانمان.

کلۆدیۆس وەك هەر کەرێك سەڕین و تڕین و لووشکە لووشکی لێ نەدەبڕا و بگرە بەپێچەوانەوە گەلێك خۆیشی پێوە هەڵدەکێشا و بە مایەی سەرفرازی ڕەگەزەکەی دەزانی و لە بارودۆخی تریشدا بتدواندایە دەمی لە زۆر باس و مامەڵە دەکوتا و لە زۆر شتدا سروشتی ناسك و دەروونی ئازار دیدەی خۆی هەڵدەڕێژا و مامۆستایانە باسی زەرافەتی سەڕینی دەکرد.

نێوان من و – کلۆدیۆس تا دەبوو گەرمتر و پتەوتر دەبوو، هێندە لەبارەی بناری زاگرۆز و دەوروبەری پرسیاری کردبوو، ناوچە و ڕووبار و دێ و دیاری لەبەر کردبوو.. دانی بەوەدا نابوو کە قەڵای هەولێر زۆر لە پەرستگای «پارتە نون»ی یۆنان و هەوارە کۆنەکانی لای ئەوان کۆنترە و دەیوت: سەیر! چاوت لە ڕۆژگارە چۆن دەچەرخی و دەخولێتەوە؟ وڵاتێك بێشکە و جووڵانگای گیانلەبەرانی سەر زەوی بێ ئێستا چەوساوەی ژێر باری ستەمە. ئێمەش وا بووین. دوای چەندان سەدە ژێردەستە بوون و چەوساندنەوە بە هەزار حاڵ داگیرکەرکەرمان ڕەت پێوەنا.. نەبەزین و.. بتانەوێت و کۆڵ نەدەن. ئێوەش دەتوانن.

دوێنێ غزنەفەریان لە فڕۆکە بار کرد و بردیان.. چەند ڕۆژ پێش وەڵامی بەڕێکردنی گەیشتبووە دالان و دەمانزانی وا دەڕواو بەڕێی دەکەن.. هەرچی دڵمان دەدایەوە نەدەکرایەوە، دەیوت:

– بۆ من هیچ کوێ نابێتە هیندستان. بە هەواری ئەو ساتەوە دەژیم پڕ بە سنگ و سینەم هەوای هیندستان هەڵمژم و بین بنێمە ئاوی رووباری «گنگ»ەوە ئەو حەلە بمردمایە! شوورەیی و ناڕەواییە بەم قەد و قەلافەتەوە بکرێمە گاڵتەچی و پیتە خەنەی ڕەگەزی بەشەر!. چۆن دەتوانم لە سێرکدا ژیان ببەمە سەر و لە لۆتی بازاڕیدا بەردەوام بم.. لێم گەڕێن.. خۆم دەزانم کوێم دێشێ؟

تێ بوو سەری دەنا سەری و دەیوت:

– نازانی لە ناوچاو خوندنەوە و فاڵ گیریدا چ سەرڕشتەیەکم هەیە؟! ئاتۆ تـاوێك سمـتـم بـۆ بـەرز کـەرەوە تـا دەهـاتـووت بـۆ بـڵـێم.. بـۆت ڕۆشن کـەمـەوە! مـەیموونـەکـان قـەشمـەرییـان دەکرد و دەمیـان گێڕ دەکردەوە و قـەڵـەمبـازیـان بـۆ دەکـوتـا.. غـزنـەفـەر بـە خـەرتـوومـەکـەی تـونـد تـونـد لـە درەختـی کـۆنـە سـاڵـی خـەم ئـاڵابوو.. لێی نەدەبوویەوە. هەر هەموو گیانلەبەران کەوتبوونە تەقالا تا خەم و نائومێدی لە غزنەفەر دوورخەنەوە. کلۆدێوس بە تەواوی توانایەوە دەیلووشکاند و هەڵی دەتیزاند و وردە ئاهەنگی پاشۆی درێژ و بچڕ بچڕ بۆ مەرەخەس دەکرد و لەسەر ئاهەنگی قاقا دەیسەڕاند، غزنەفەر ساردو بێ تاقەت و پەژموردە دەینواڕی و لـەگـەڵ هـەر هـەنـاسە هـەڵـکـێشانـێکدا خـەرتـوومـەکـەی هـەڵـدەدایـە سـەر سـەر و گەردنیدا. کلۆدیۆس کە زانی لۆتی بازاڕی نایجووڵێنێت کەوتە باسی گرفتاری و بۆ نەهاتەکانی خۆی:

– تۆ هەر پارچەیەك لە دەردەسەرییەکانی من دادڕە. ئەو کابرایە وا هەموو هەفتەیەك بە ئالیك جۆراوجۆرەوە سەرم لێ دەدا.. خاوەنەکەمە.. هەر لە چاشییەوە بـە دەستـی خـۆی گـەورەی کـردووم و گـەیـانـدمـیـەتـە ئـەم دەم و سـەردەمـە دوای عومرێك. فرۆشتمی.. ئا.. فرۆشتمی بە ANST وا دەبینی لەیەك جوێ بووینەوە. چ بکەم؟ نەسەرێنم.. خۆم بکوژم؟ ژیان ئەمەیە.. دەبێ گوزەران کەین.

ئێوەی گیانلەبەرانی ڕۆژهەڵاتی و ئاسیایی لە تار و پۆتانا یەشتا بیروڕای ئەفسانە و خەیاڵ پڵاویتان لێ نەبڕاوە، هێندەش سەختی مەنوون.. هێندەمان بە دەمەوە نییە! خەمی غزنەفەر لەوەدا نەبوو بە چەند سەرمە قولانج و ئەدا و ئەتوار دەرهـێنـان بـڕەوێـتـەوە.. زامـەکـانـی دەمـیـان کـردبـوویـەوە لـوورەیـان دەهـات و ڕۆژ بەڕۆژ توانا و تاموولی غزنەفەریان یەغماو چەپاو دەکرد، لەم دوادواییەدا مەیلی بەلای خواردنیشەوە تۆرا و تا دەبوو دەچرووسایەوە. کاربەدەستانی دالانی دالان ئـاگـەداری غـزنـەفـەر و گـرفـتـارییـەکـانـی هـەبـوون، ئـەوان لـەوەدا نـەبـوون دەستـی یـارمـەتـی بـۆ درێژکـەن و خـۆیـانـی لـەگـەڵـدا خـەریك کـەن. تـێکرا ڕۆژ بـەڕۆژ بارودۆخمان خراپ و بەرەو خراپتر دەڕۆیشت. نەماندەزانی کەی بە ڕێمان دەکەن. تاکەی لەم دالانەدا رامان دەگرن؟ چەندان مانگ بوو برێك ناو قەفەسدا و برێك

پێوەنکراو، برێك بەرەڵای ناو دالآن بەیەكدا دەهاتین و دەخولاینەوە.. هەر داوا و نیازێکمان بە رەقی وەڵام دەدرایەوە و بەڕەقی لەگەڵماندا دەجووڵانەوە.. گەیشتوومە ئەو باوەڕە لە گوێرەی بیروڕای چوار تەنیشت ڕەفتاری قاڵە لە کاربەدەستانی دالآن پەسەندتر و نەرمتر بوو. مەیموونەکان مۆزیان لە خەویشدا نەدەدی. هاتوچۆ بێ دەرخواست یاساغ بوو.. خواردن و خۆراك كەم و بێ چێژ و تام. نە ئاوێكی خاوێن نە چاودێریی پزیشك، هەر لە ئێوارەوە چراكانیان دەكوژاندەوە، سۆزی سەرما زۆری لە چوارپێیەكانی نەخۆش و دەردەدار كردبوو.. ئیتر توانا و تامووڵی زۆروتن و تەلی ساردی قەفەسمان پێوە نەمابوو.

تێ بوو لەناو قەفەسەكەدا خواروژووری دەكرد و لەسەر هەردوو پاتاوێك ئارام و دەمێك ژڵیژاو دەستی لە پشتیدا گرێ كردبوو دەهات و دەچوو. ئەم هاتوچۆیە هێندە بۆ ساتێك نەدەبڕایەوە.. مەگەر خەو زۆری پێ بهێنایە و لە جووڵەی بخستایە شوێن پا و ڕێچكەی هاتوچۆكەی زەوی ڕەشەوە كردبوو. ڕۆژێك لە پڕ تێ بوو قیژەی لێ هەستا، زریكاندنەكەی بە جۆرێك كوتوپڕی بوو وام زانی مار پێوەی داوە.. ئنجا چەند جار لەسەر یەك وتی:

– «دۆزیمەوە! دۆزیمەوە! كورینە دۆزیمەوە.» كلۆدیۆس لە هەمووان چەقە چناوەتر و قەرەچناختر بوو هەڵی دایە:

– لێم دەكەی بە هەرا... چی؟ چیت دۆزییەوە؟ خەزنەكەی ئەسكەندەر یان زەڕ و سامانی سوڵتان سلێمانی ئەستەمبوڵ.. كامیان؟

ترررر ترِی پیاهێنا و لەگەڵیا سەرین.

تێ بوو دوو پەنجەی شایەتمانی خستبووە كونی هەردوو گوێی و دەینواڕییە دەم و قەپۆزی كلۆدیۆس و سكی هەڵئاوساویدا كاتێك بینی دەخواردەوە هەر كە سەرەسەر براپەوە تێ بوو دیسان نەڕاندی:

– كورینە ڕێم دۆزییەوە. ڕێ.

دەمزانی كلۆدیۆس قسەكەم دەبرێت، بەپەلە وتم:

– چ دەڵێی؟ ڕێی چی؟

– رزگاربوون.. لەم جەهەنمە قوتاربوون.

– بە ڕاستە.. یان گاڵتەمان پێ دەکەی؟

– نەخێر کاکە برا. زۆریشی بە ڕاستمە و نەشبێتەوە. ئێمە لە بیر چووین ... ئێمە دەنگمان ناگاتە هیچ کوێ و هیچ کەس. ئێمە سپێراونیتە دەست فەرامۆشییەوە. ئەگەر بتوانین هەڵقەی ئابلووقەدانەکە بشکێنین و هاوارمان بگەیەنینە گوێی گوێداران گەیشتووینەتە مەراز.

– کێ گوێ لە ئێمە دەگرێت؟

– مام ورچە وا مەڵێ. لەم دنیایەدا هێندە ڕێکخراوی جیهانی ئاژەڵ دۆست هەیە نەبێتەوە. ئەگەر نەختەکێك ئاشکرا زوڵم و زۆر و دزی و دەخەڵی کاربەدەستانی دالانیان بۆ ڕۆشن بکرێتەوە لەسەرمان دێنە جواو و ئەم وەزعە قبووڵ ناکەن و دەیکەن بە گۆبەن.

– مام وەڵفیش وای دەوت، بەڵام من باوەڕم نەدەکرد. لەم دەور و زەمانەدا کەسێك یان ڕێکخراوێك لەسەر ئێمەی ئاژێڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یا جیهانی سێیەم بێتە جواو. قەت ناچێتە عەقڵمەوە.

– ئەمەی ئێوە دەیڵێن لەم وڵاتەدا پێی هەڵناسن. ئەمن بۆ خۆم خەڵکی ئەم وڵاتەم و وڵاتی لای ئێمەش شتێکی ئەوتۆی لەگەڵ وڵاتانی لای ئێوەدا جیاواز نییە. جا پێم وا نییە بە ئاسانی بتوانین دەنگمان بگەیەنینە جێگەی خۆی.

تێ بوو کەم تاقانە وتی:

– جیاواز نییە با نەبێت. هەر نەبێت دەتوانین لە کاربەدەستانی دالانی تێك دەین. ئەمەش بۆ خۆی سەرکەوتنێکە.

– ئاخر ناڵێی چۆن؟

تێ بوو رووی چەرخاندەوە لای کلۆدیوسەوە و وتی:

– سەرکەوتنەکەمان بەستەگی بە رەفتار و کرداری کلۆدیوسەوەیە کلۆدیوس کە ناوی خۆی لە تێ بوو بیست بزەیەکی گەوجانەی کەوتە سەر لێوان، لووشکەی

دەست پێ کرد و خەریك بوو بیکا بە سەرەسەرِ . تێ بوو قیڕاندی:

– بیکە لە ڕێگەی خێری باوکتا! تامووڵ کە و مەسەڕێنە تا تەواوی دەکەم.

کلۆدیوس هەناسەکانی لە گەروودا خنکاند و ئنجا وتی:

– من.. بۆ من.. ؟

– گوێ بگرن چی دەڵێم.. ئێمە هەموو دەزانین نێوان کلۆدیوس و خاوەنەکەی چەند خۆشە و برایانەیە.. کابرا لە ناچاری کلۆدیوسی فرۆشتووە و واش دەزانێت داهاتووی لە ANSTدا چاکتر و خۆش گوزەرانتر دەبێت. وەك دەشبینن هەفتەی دوو سێ جار بە ئالیکی جۆراوجۆرەوە دێ بۆ سەرلێدانی.. لەم دەور و زەمانەدا ئەمە بەکەم دامەنێن. دەڵێم ئەگەر بتوانین بەشێوەیەك سرنجی ڕاکێشین ئەو کابرایەی من دیومە ئارام ناگرێ و دەیکاتە گۆبەن. ئەمەش مەرامەکەمانە. گۆبەنە چارەسەرمان.. مەرافە و گاڵە و قاڵەیە دەرمان.. ئێمە دەبێ مان بگرین.. مان. دەبێ بە درۆ و ڕاست خۆمان نەخۆش و پەژموردە و پەرێشان نیشان دەین. بەتایبەتی کلۆدیوس دەبێ وا خۆی نیشان دا دوا هەناسەیەتی و دوا دەمی ژیانیەتی.

– من تا ئێستا نەخۆش نەکەوتووم.

– کەری خوا.. کەری نەخۆشت نەدیوە؟.

– با.

– دەبی تۆیش هەروا.. یەك دوو ڕۆژێك ناسەرێنیت ئالیك ناخۆیت، لەسەر سك بۆی دەکەوی، هەردوو گوێی شل و شێوا لەق و لۆق دەکەیت، ئاو لیکاو بە دەمدا دێنیتە خوارەوە، قەپۆزت لە زەوی دەخشێنیت، تاو تاو نرکەیەکی بۆ دەکەی، ئەمانەی وا وتم کاتێك خاوەنەکەت هات خەستری دەکەیتەوە.. ئێمەش دوور و نزیك جۆراوجۆر لێی دەرمێین و هەر یەك بە دەنگێك نووزە و ناڵەی لێ دێتە دەرەوە.

– دەڵێی چەنێك.. نەسەرێنم.

– دوو سێ ڕۆژ..

– ئەی براڕۆ. دەتوانم حەفتەیەك هیچ نەخۆم، بەڵام نەسەرین ئاسان نییە.

– دەی.. تامووڵ کە بە دوو سێ ڕۆژ نارەحەتی داهاتووت مسۆگەر دەکەی.. ئەوە دێنێت خۆتی بۆ بخەیتە زەحمەتەوە.. نایهێنێت؟

– باشە برا.. قەول بێت.. هەرچی ئێوە بڵێن بە موویەك لانەدەم!! بە دڵتانە؟

– ئافەرین کلۆدیوس. با خاوەنەکەت ئالیکی نەخوراو و نکە و ناڵەی دوور و نزیکی ئێمەی چاو پێ بکەوێت خۆ نەفام نییە.. تێ دەگا ئێمە لە چی وەزعێکی زارداین.

ورچە تەقالاکەی چووە بیرەوە و سوودگەیێن هاتە بەرچاوی و وتی:

ئەم تەقالایەم لا پەسەندە و ئەوە دێنێ خۆمانی بۆ ماندوو کەین دەڵێن.. کەی دەستی پێ بکەین، ئەمن بەشبەحاڵی خۆم ئامادەم.. هەر لە ئێستاوە.

– لە سبەینێوە خواردن.. بێ خواردن!.

هەر وەك بڕیاریان دابوو ژەمی بەیانی ئالیك هەروەك خۆی ماوەیەوە هیچ ئاژێڵێك دەمی بۆ خواردن درێژ نەکرد و ئالیکی تریش هێنرا هەروا.. وردە وردە سەرنجی لێپرسراوانی ڕاکێشا و لە نێوان خۆیاندا کەوتنە ڕاوێژ و چپ و هوڕ و لێدوان. بێ ئەوەی وەدەری خەن.. دوور و نزیك دالانیان خستبوویە ژێر چاودێرییەوە. کەمتەرخەم و بێ دەربەست خۆیان نیشان دەدا.. تا یەك دووانێك لە بێچووە مەیموونەکان کەوتنە بێ هۆشییەوە. کاربەدەستان بە هەڵەداوان دوکتۆریان هێنایە سەریان.. پەرێشانی لە ڕوویاندا سایە و سێوەری خستبوو.. ئاژێڵێکی زوو گوزەر و ڕەوەند.

لەژێر سەرپەرشتی ئەواندا، لە برسا تیاچێت.. تاوانی بە کەم نادرێت لە قەڵەم ئەگەر ئاژێڵەکە خاوەندار بێت.. ئەم خاڵە لێپرسراوانی دالانی تۆقاندبوو.. یەك دوو ڕۆژێك بەسەر مانگرتنا تێپەڕبووبوو، بێ ئەوەی بە ئەنقەست خۆیان پەرێشان نیشان دەن زۆربەیان برسیەتی و بێ تاقەتی و بێ هێزی لە لەش و ڕوویان دەباری، خاوەنەکەی کلۆدیوس توورەکە بە دەست هاتە دالانەوە. کلۆدیوس خرمەی پای کەوشەکانی دەناسی لەگەڵ خرمەدا سەرەیەکی لێ دەدات شووشە و پەنجەرەی دالانی دەلەرزاندەوە.. خاوەن هات و هات و هات.. نە سەرەی گوێ لێ

بوو، نە جووتە و هەڵتیزانی وەدی کرد و نە گوێی لە تەپتەپەی پاشووی کلۆدیوس بوو.. تا دەهاتە پێشەوە نیگەرانی و دڵ وا پەستی زۆرتر دەبوو.

کلۆدیوس لەسەر چوارپەل بۆی ڕمابوو، بێ هێزانە چاوی هەڵدەهێنایەوە، قەرسەقول بە چواردەوریدا بەخش و بڵاو بوبوویەوە، ئالیك نەخوراو دەم لێ نەدراو چۆن هێنرابوو، هەروا مابوویەوە، هەردوو گوێی شل و شەڵەقاو بە هەردوو لا قەپۆزەیدا شۆڕ کردبوویەوە، تاوتاو نرکە و نکەیەکی بۆ دەکرد. مەیموونەکان دوور و نزیکی یەکتر تەپ و ڕم لێی ڕمابوون و ئای و ناڵەیان بۆ یەکتر دەسەندەوە.. ورچەش بۆ هاودەمی و هاوڕاییی قۆزەیەکی لێ بەرز دەبوویەوە.. دالان.. بۆنی مەرگی دەدا کابرا تموورەکەی فڕێ دا و خۆی گەیاندە کلۆدیوس، دەستی کێشا بەسەر لووت و قەپۆزەیدا پەنجەکانی هەر هەموو بوون بە چڵمی کلۆدیوسەوە، لەم کاتەدا کلۆدیوس دوو سێ پژمەی لەسەر یەکە کرد و گوێلێك ئاو لە دەمییەوە هاتە دەرەوە و چاوی بێ حاڵەتانە نواڕییە خانەوادەکەی بە زمانی بێ زمانی پێی ڕاگەیاند چییان بەسەر هێناوە ئیتر کابرا لەوە زۆرتر خۆی پێڕانەگیرا و بەهاوار و جنێودان بەرەو لای لێپرسراوان بۆی دەرچوو.

تێ بوو ورچە و کلۆدیوس ئاوڕێکیان لە یەکتر دایەوە. بێ هیچ ورتەیەك گوێیان هەڵ خستبوو بۆ نیخە نیخی نێوان کابرا و کاربەدەستانی دالان.. کابرا دەی قیڕاند:

– رسواتان دەکەم. ئاوڕووتان بۆ ناهێڵمەوە.. سبەی شکاتیان دەگەیەنمە تەواوی ڕێکخراوەکانی دنیا، هەر هەموو دنیا. سەرلێپرسراو دەکۆشا ئارامی کاتەوە، بەڵگەی بۆ دەهێنایەوە. کابرا دەیقیڕاند و دەست و سەری رادەوەشاند دەینەڕاند:

– ئاتۆ چاوم لێ کەن. بزانن چۆن دنیاتان لێ دەئاڵۆزێنم. سبەی تەواوی رۆژنامە نیگاران و هەواڵدەرانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی دنیا هەیە دەخرۆشێنمە ئەیرا.. بۆچی هەرکەس بۆ خۆیەتی؟ قەینا شار بێ خاوەنە.. یەکجار وایش بێ دەر و دەروازەش نییە.. تا دەڕۆیشت دەیوت:

– ئاتۆ سەیرم کەن.. بزانن چیتان بەسەر دێنم؟

تێ بوو لە خۆشیدا بێدەنگ پێ دەکەنی. دەمی تالای هەردوو گوێی کردبوویەوە و دانەکانی بەسەر یەکدا دەچووقاند. هەردوو لە پی بە یەکدا دەهەسوی و دەیوت:

– ئافەرین تێ بوو!. چاوتان لێیە چ گۆبەنێکم ناوەتەوە؟ کلۆدیوس بێ تاقەتانە وتی:

– ئەشهەدو.. گۆبەنت ناوەتەوە. ئەگەر ئەم وەزعەش بە درێژا بکێشێت.. تەمەنی هەر هەموومانیش براوەتەوە.

– ئێوە هەر تەنیا ئەم دوو رۆژی داهاتووە ئۆقرە بگرن و دان بەسەر جەرگتانا بنێن.. هەموو شت بە گوێرەی دڵمان دەبێت. بە دوو رۆژ هیچمان بە سەردا نایەت... دێت؟

– چیت عەرزکەم.. سواربوون عەیبێکە و دابەزین دووان.

– لەم قسانە گەڕێ.. ئەگەر هەموو شت بەدڵمان نەبوو بەردبارانم کەن، نفرینم کەن.. من دەزانم کار بەرەو کوێ دەکێشێت. یاساوڵەکانی نێو دالآن نزیك بوونەوە، هەر یەك بەرەو قەفەسێك چوون و دەرگە و زنجیریان کردەوە بە دوایاندا لێپرسراوانی ئازووقە و ئالیك قەفەسی مەیموونەکانیان پڕ لە مۆز و بازێك میوەی تر کرد قەسیلی سەوز و جۆی نمداری پڕ دانە و شیرەیان خستە بەردەمی کلۆدیوس و خۆراکی جۆراوجۆری تریشیان لەلای ورچەدا کۆمەڵە کرد و دەرگەی قەفەسەکانیان بە ئاواڵەیی هێڵایەوە. برسیەتی ئۆقرەی بۆ نەهێڵابوونەوە. نەوسیان هاتبووە سەما و جوولآن، دوودڵ لە خواردنەکانەوە نزیك دەبوونەوە و دیسان پاشگەز دەکشانەوە هەم دەگەڕانەوە سەری، تێ بوو کەوتەوە تەقالا و خۆی بە تەلی قەفەسەکەدا هەڵواسی و وتی:

– گەوجینە! وا مەزانن ئەم خواردەمەنییەیان لەبەر ئێمە و هەڵڕیژاوە بو شکاندنێ مان و بێ نرخی و بێ ئەرزشی سینەکەمان هەڵڕێژاوە. نا.. وا نەزانن.. ئەم کاربەدەستانی دالآنە ئەو نرخە بۆ ئێوە دانانەن وا تێ نەگەن.. ئەمە بۆ پڕوپاگەندەیە.. بۆ چاوبەست و درۆ و دەلەسە و فێڵە فێڵ.. بۆ هەڵخەڵەتاندنی رۆژنامەوان و هەواڵدەران و ڕاپۆرتچییەکانە.. دەڵێم.. بۆ ئەوەی سەرکەوتنی

مانەکەمان مسۆگەرتر کەین و بە چاکی هەستی بەزەیی لە دڵی ڕێکخراوەکاندا بجووڵێنین کارێکی تریش هەیە بابیکەین.

کلۆدیوس خۆی پێ ڕانەگیرا و وتی:

– دیارە زۆرت پێیە و کەمی وەدەردەخەی؟

– مەسەلە سەرکەوتنمانە.. کارێکە دەستمان داوەتێ دەبێ بیبەینە سەر، ئێمە دەبێ روونی کەینەوە.. تەنیا گرفتاریی ئێمە.. خواردن نییە.. بگرە چەوساوەیەکی راستەقینە و مێژوویین. زۆر شتمان دەرحەق دەکەن. بێ ڕێزی، کەمتەرخەمی، لێدان.. ئا– کاکە – لێدان.. لێمان دەدەن شەوی لێ دێت هەڵمان دەواسن.

ورچە قسەکانی پێ بڕی وتی:

– ئەوی راستی بێت ئەوەتەی لەم داڵانەداین نە لێدراوم نەدیومە لە یەکێك درێ.

– دەزانم.. لێ نەدراوین.. بەلای منەوە لێدان و تێهەڵدان لە زۆر ڕەفتاری ناپەسەند شیاوترە.. لە خۆت ناپرسیت ئەوە چەندان مانگە لەیرایت. ئەم خواردنانەی وا هەڵڕێژراون دیوتن؟ ژەمێك چەشیانت کردووە؟

– ئەڵبەتە.. کە نا!

– کەواتە بۆ دەخەڵبازی و چاوبەست و هەڵخەڵەتاندن و فریو هێناویانە نەیان هێناوە؟

ئنجا تێ بوو ڕانەوەستا ورچە وەڵامی دایەوە وتی:

– بێگومان با.. کەوایە.. ئێمەش دەبێ پا بە پا ململانێیان لەگەڵدا بکەین.

– دەڵێی چی بکەین؟

– دەڵێم.. من لەو سەر سەرینی قەفەسەکەوە خۆم دەهاوێژمە خوارەوە. تا سەر و رووم لە زەوی کەوێ و برینداربم کلۆدیوسیش جووتەیەك لە دەم و قەپۆزەی ورچە بدا بە جۆرێك بە ڕوویەوە دەرکەوێت.. کە خەڵکەکە هاتن و بوو بە پرسیار و وەڵام کلۆدیوسیش لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا وا بۆی بشەلێت لپ و لەوسی لە زەوی خشێت جا ئەو حەلە سەیرکە و سەفاکە.

کلۆدیوس وتی:

– کێ دەڵێت خەڵکمان لێ گلیر دەبێتەوە؟

– من دەڵێم.. دڵنیام لەوەی..

– باشە کاکە تێ بوو منیش موافیقم. بە مەرجێك بەزمی تازەمان پێ نەگێڕێت ئیتر.

– دڵنیابن.. ئەمانەی وتم بیکەین.. هەرچی لێپرسراوان ڕێساویانە شی دەکەینەوە.. کوڕینە! بە گوێم بکەن زەرەر ناکەن.. دەیکەن؟

سەر و کلك لەرزاندنەوەی کلۆدیوس و ورچە نیشانەی ڕەزایەت و مۆری دەست بەکاربوون بوو. لێپرسراوان سۆندە بەدەست کون و قوژبنی داڵانیان ئاوپرژێن و دەشۆرد، مێز و کورسییەکیان لە چەقی داڵاندا دانا و بەشەرێکی بەروانکەی سپی لەبەر لە پشتی مێزەوە میرزانە لێی دانیشت شووشەی ڕەنگاوڕەنگی پڕ لە دەرمانیش ڕیز و ڕێك بەسەر مێزەکەوە چنرا، دەر و دەروازەی قەفەسەکان دوای گاڵە و قاڵەی خاوەنەکەی کلۆدیوس شەوانەش نەدەبەسراو هەموو کات بۆ چاوبەست ئاواڵە دەکرا شەو کە داهات داڵان چۆڵ کرا و ئاژێڵەکان بە دەم دەردی برسیەتییەوە سەخت شەوگاریان لێ دەگوزەرا، تێ بوو لە قەفەس هاتە دەرەوە، دانە دانە شووشەی دەرمانەکانی ڕێژاوە ناو جۆگەی ئاوەڕەوەکەی دەرەوەی داڵاندا و شووشەکانی وەك پێشوو ڕێز و ڕێك بەسەر مێزەکەوە لێ چنی و گەڕایەوە نێو قەفەس.

بەسبەینێدا نیگەرانی و ترس و ختووره لە ڕووی زوربەی زۆری. کاربەدەستانی داڵاندا دەبینرا.. تا ڕۆژ تێپەڕی لە تاوی ڕسوایی و بێ ئاوڕووییدا دڵۆپ دڵۆپ عەرەقیان دەڕێژا.. دەچوو دڵنیا بن ئەوڕۆشیان بێ هەرا و بەزم تێ پەڕاندووە و بۆ سبەش خوا کەریمە و بەپێچەوانەوە ئاژێڵەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی سات و سەعاتێکدا بەو ئەندازە نائومێدتر دەبوون. برسیەتی، دوودڵی، نائومێدی، بێکەسی، وەڕسی، نامۆیی، دەربەدەری، بێ خەبەری، دڕییەتی، سڕییەتی، هیوا، تەڵاش، تەقالابوون، بەرانبەرکێ، ناڵە، گاڵە، دەروونیان گێژی دەخوارد و لوولی

دەخوارد و مان و نەمانیانی ڕادەپێچا.

لە چێشتەنگاودا زەللەو زایەڵە هاتە گوێ، گوڕە و گرمەی ترومبێل دەبیسرا.. تێ بوو سەری بەلای شانی راستییەوە ڕاگردبوو، چاوی زەق کردبوویەوە زاری ئاواڵە کەپۆی فش و فیشاڵ کردبوویەوە بەدەست ڕای دەگەیاند بێدەنگ بن.. هەرچی دەستی ڕادەوەشان وڕەوڕ نەدەبڕایەوە.. تا نەڕاندی بێدەنگ بن.

ئاژەڵەکان هەناسەیان لەخۆ بڕی.

تێ بوو هەروا هوشیارانە گوێی دەگرت وتی:

– واهاتن.. پێم وایە ئەوانن. هەر دەبێ ئەوان بن. ئەوانەی وتوومە لە بیری نەکەن. ئەم هەموو زەحمەتەمان کێشاوە بۆ ئەم ساتە. کوڕینە! بە گێلی بە فیڕۆیدا نەدەن! کلۆدیوس تا دەنگی گرم و هوڕی خاوەنەکەی نەبیست، باوەڕی بەسەرکەوتنی مانەکەیانی هێندە نەبوو.. خرمەی پاو، تەقە و چیرەی دەرگە و دەنگی لەرزۆکی سەرەك لێپرساو هەر هەموو هرۆشیان کردە نێو دالآنەوە و کلۆدیوسی لە دوودڵی و پەرێشان حاڵی هێنایە دەرەوە. عەشامێکی دووربین بە دەست و سێ پایەی چرا و پرۆژەکتۆری تیشکدار و کاغەز و قەڵەم بەدەست خرۆشانە نێو دالآنەوە کلۆدیوس بە جۆرێك چووە پێستی دەرماندەگی و بێ چارەگییەوە بەزەیی بەخۆیدا دەهاتەوە.!! دووربین و کامێرا و پرۆژەکتۆر کەوتوبوونە گڕ. بەهەر چیدا دەگەیشتن وێنەیان لێ دەگرت دەر و دیوار و سەر و خوار و زنجیر و تەل و دار و جل و کەلوپەل و زەوی و سووچ و ئاسمان و بنمیچیان وێنە لێ دەگرت کامێرا بزیسکە و بریسکەی دالآنی هەژاندبوو بە یەکدا. خاوەنەکەی کلۆدیوس بوبوو بە سەر دەلیلە و لە پێشەوە دەستی ڕادەوەشاند و دەیوت:

– ئەم پاکی و خاوێنییە دەبینیت دەست هەڵبەسە و درۆ و ساختەیە.. تەنیا لە ترسی ئێوەیە و لەبەر خاتری ئێوە ئەم ناوەیان دەستماڵی کردووە:

خۆزگە هەفتەیەك لەمەوپێش ئەیراتان دەدی.. ناوسکتان دەبووە قاورمە. یەك پارچە گڕ و ئاگرتان تێ بەردەبوو.. ئەو مێز و دەرمانانەی دایان ناوە هێندە تازەن

جێگیر نەبوون.. یەشتا!!

یەکێك لە ڕۆژنامەوان لە نزیکی مێزەکەوە ڕاوەستابوو دەستی درێژ کرد بۆ یەکێك لە شووشەکان و بەرزی کردەوە تا نووسراوی سەر قامەتی بخوێنێتەوە.. شووشە سووك هاتە دەستییەوە، ئاوڕی لێ دایەوە خاڵی و بۆش و بەتاڵ هاتە بەرچاوی، دای نایەوە و یەکێکی تری هەڵگرتەوە و ئەویش هەروا.. یەکێکی تر و یەکێکی تر.. ڕووی کردە لێپرسراو و وتی:

دیارە ئەم شووشە ڕەنگاوڕەنگانە بۆ قەشەنگی و ڕازاندنەوە داتان ناوە؟ نا.؟

پرسیاری ڕۆژنامەوان سەرنجی دووربین بە دەستانی دەزگای تەلەڤزیۆنی ڕاکێشا و زەرەبینەکەیان هەواڵەی مێز و شووشەکان درێژ کردەوە.. هەر هەمووان دایان لە تریقەی پێکەنین و لاقرتێکردن!! بە تۆپەڵی گەیشتنە لای کلۆدیوس و ورچە و قەفەسی مەیموونەکان دیمەنی سەری هەڵئاوساوی تێ بوو ورچە نیشانەی لێدان و ئەشکەنجەی نیشان دەدا.. چەخماخەی کامێرای وێنەگرەکان پەیتا پەیتا بەدوای یەکدا دەبریسکایەوە!! کابرای کۆنە خاوەنی کلۆدیوس، کلۆدیوسی بەو ژاکاوی و هەرۆژاوییە وەدی کرد خۆی پێ ڕانەگیراو هاواری لێ بەرز بوویەوە.. دەم گریانەوە دەیووت:

– خوێن خوارانە! قەسابینە! سەیر.. چیتان بەسەر ئەم ئاژیڵە بەسەزمانەدا هێناوە، دەستی برد کلکی کلۆدیوسی گرت و تالە زەوی بەرزی کاتەوە نرکە و ناڵەی کلۆدیوس هێندەی تر ئاڵۆزتری کرد و یەکێك لە ڕۆژنامەوانەکان هاتە هانایەوە و کلۆدیوسیان لە زەوی بەرز کردەوە و لەسەر چوار پەل خۆی ڕاگرت و بێ تاقەتانە یەك دوو هەنگاوی بێ تاقەتانەی نا و بە شەلەشەل لەولاترەوە گرمۆڵە بوو. بەڕێوەبەرانی دالان گێژوویژ بیر و ئاوەزیان نەدەگەیشتە هیچ کوێ، هەرچییان دەرحەق ئاژیڵ کردبێت بۆچی وایان بە سەر هاتووە؟ کێ وای بەسەر هێناون؟.

کابرای لێپرسراو کاتێك بە خۆیدا هاتەوە، خاوەنی کلۆدیوس دەستی نابووە بینی و لرخەلرخی پێ خستبوو.. چرکە و چەخماخەی وێنەگرتنی ڕۆژنامەوانان

چوو چرکەی سەعات یەك بە دوای یەکدا ڕیزیان دەکرد.. ورچەیان لە قەفەس هێنابووە دەرەوە لای چەپی قەپۆزەی هەڵئاوسابوو، بە ئەنقەست چاوی چەپی نەدەترووکاند، قەد و قامەت و قەڵافەتی ورچە سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا و نەیاندەزانی پەروەردەی چ زاد و بوومێکە؟ ئەوە.. تا کاغەزەکەی گەردنیان خوێندەوە.. زاگرۆز، پیشە: شەڕ و پاسەوانی و چاودێری.

دوای چەند ڕۆژێك لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان وێنەی تەواو ڕواڵەت و نێوڕووی ورچەی تیا ڕەنگاو بوو، سەر و گوێلاکی باکردوو و هەڵئاوساوی تێ بوو، گوێی لەقی کلۆدیوس، شێواوی و شپرزەیی بەچکە مەیموونەکان هەر هەمان هەر یەکە بەشێوەیەك گویاییی زوڵم و زیان و زۆری دالآن سەرایانی قیبروسی وەدەردەخست و بەزیێکی تێکڕایی لە دەروون و بیر و ئەندێشەی ئاژیڵدۆستەکانی دنیادا جووڵاند و خرۆشان... ڕاپۆرتەکان بە ئەندازەیەك ناخبزوێن و زوڵم نوێن بوون.. زۆر ناسراوانی کووشە و کەنار کەوتنە تەقالاوە.. ڕزگارکردنی ئاژیڵەکانی دالآنی قیبروس داوا و نیازێکی تێکڕای ئاژیڵدۆستانی گێتییە. دالآن سەرایانی قیبروس سزاواری سزان، ئیتر لە هەرچوار لاوە دەروون کولاّ و، هەست جوولاّ و، ئینەستیتو هاتە مەیدانەوە.

## ١٧

– خۆزگە پەنجەرەی تیابایە و سەیرێکی خوارەوەمان کردایە، بێگومان بەسەر ئاوەوەین.

– هەم فاڵت گرتەوە..؟

– گێلە. فاڵی ناوێت، زوربەی زۆری زەوی ئاوە.

– باشتر.. بەسەر ئاوەوەین، خوا نەکەردە ئەگەر کەوتینە خوارەوە رەنگە نەمرین.

– مردن؟ کە دەمرین!. نەشمرین هەر نەهەنگ دەمانخوات.. جا ئەوحەلە سەرەکانیش بە فریاتا ناکەوێت. تازە بیری وا گێلانە بۆ دەکەیتەوە. خوا یاربێت یەك دوو سەعاتێکی تر دەگەینە قۆنا غ.

– دەزانی ئەگەر مانمان نەگردایە و وا سوور نەبایناینە لەسەر سین و تەقالاکەمان بە تەواوی لە بیر چووبووینەوە ئەشهەدو هەموو پێت قەرزارین. ئافەرین تێ بوو بۆ وردەکاریت بۆ دارشتنی بەرنامە و بەزم و پرۆگرامت.

کلۆدیوس هەستی جوولا و سەرەی دەست پێ کرد. تێ بوو بەپەنجەکانی هەردوو کونا گوێی گرت و ورچەش سەری بەولاترەوە وەرگێرا.. وتووێژ راگیرا تا جەنابی کلۆدیوس هەستی دامرکایەوە و هاتەوە سەرخۆی و هەناسەی ئارام بوویەوە و تێ بوو رووی تێ کرد و وتی:

– لەم تەنگەبەرییەشدا دەست لە سەرین هەڵناگری.؟ ئاخر هەر نەبێت بابە سەلامەت بنیشینەوە. ئەو حەلە هەر نەیسە.

– کاکە تێ بوو لێم گەرێ.. خۆشحاڵم... کە ئێمە لەدەستی ئەو جانەوەرانە رزگار بووگین؟ ئەلحەق و ویژدانەن خاوەنەکەم هێڵەی کرد. ئافەرین بۆ شیرێ دایکت!

چاوت لێ بوو چی بۆ کردین و چەند چاك بوو.. قەت لە بەشەر نەدەچوو پێشم وا نییە رۆژێ لە رۆژان بچێتە سەر بەشەر و لە بەشەر بکا.

فڕۆکە هاتە لەرزین و حەشۆکە. زرەی بازێك تەنەکەی لەرزۆکی نێو فڕۆکەکە تێکەڵ بە هاژە و هووژەی پەروانە و پەنکە و باو هەور و هەلا سام و ترسی خستە نێو دلانەوە. کلۆدیوس هەر دوو گوێی شەلەقا و لە ترسا دەمی کرابووبوو و لیکاوی پێدا دەهاتە خوارەوە. مەیموونەکان زللەیان تێ کەوت تێ بوو بە هەردوو دەست تەلی قەفەسەکەی گرتبوو.. دڵنیایانە وتی:

مەترسن! هیچ نییە... فڕۆکەمان دووچاری چالی هەوایی بووە و زۆر ناخەیەنێت لێی وەدەردەچین.

ورچەش وەك ئەوان دەترسا. کەمتر وەدەری دەخست. ئەو خۆی بە نیوە سەربازێك دەزانی. سەربازیش دەبێ لە لێقەومانا لەگەڵ خەڵکی تردا جیاوازییەکی هەبێت.

پێش خزمەتانی نێو فڕۆکە بەلارە لار خۆیان گەیاندە لایان و یەك یەك پشتوێن و تەنگە و ڕەشمۆ و پابەندەکانیان سفت و تاقی کردەوە.

کلۆدیوس خراو ترسی لێ نیشتبوو، کەوتبووە لووشکە لووشك وەك منداڵێکی ترساو وتی:

– تێ بوو!. تێ بوو گیان.

– ها چییە؟

–دەڵێی چی.. لەمە خراوتر.. نالێی کەی دەگەین؟ تێ بووش کەم نەدەترسا.. بە تووڕەیییەوە وتی:

– چووزانم.. خۆ فڕۆکەوانیم نەکردووە. کردوومە؟ دەبێت چالی هەوایی بێت.

چەند مەیموونێك قوڵپ و قوڵپ ڕشانەوە دیواری فڕۆکەکەیان پیس کرد و ملەلارەیان پێ کەوتبوو.

فڕۆکە وردە وردە لەرزین و لەرزینەوەی کەمتر بوویەوە.. کەم کەم لە هێلێکدا دەقی بەست. متمانە کەوتەوە ناو ئاژێلەکان.. کلۆدیوس دیسانەوە ڕووی کردەوە

تێ بوو و وتی:

– چاڵی هەوایی یانی چی؟

– تۆ خەڵکی ئەم دامێنی ئەوروپایەی.. لە ئێمەی ئەفریقایی دەپرسیت؟. ساوەڵڵا پێت ناڵێم.

– تو شەرەفی هەرچی مەیموونە.. ئەگەر نەڵێیت؟

– راستت بوێت ئەمنیش نازانم.. کاتێك بەرەو قبروس دەیان هێنایـن. فڕۆکەکەمان دووچاری دابەز و هەڵبەزێکی توندوتیژ هات. گوێم لێ بوو پێش خزمەتان دەیانوت: هیچ نییە.. چاڵی هەواییە.. ئێستا لێی وەدەردەچین.

– تۆ بڵێی دوو سەعاتی تر بگەین؟

– نا.. وا گەیشتین.

– ئایای.. چۆنت زانی؟

– ئەی نازانی جادووگەرم؟

– دەزانم.

– لووتی فڕوکەکە بەرەوخوار بووەتەوە.

کلۆدیوس دوو سێ جار لووشکانی و خەریك بوو هەم پووی پیاکاو سەرەی لێ بخاتەوە گڕ.. تێ بوو نەڕاندی:

– کەر مەبە. بەسە.. لە کوێتە جارێك.. دوو سێ چاڵی هەوایی ترمان لە پێشە.. بە چوار سەعاتی تریش ناگەین! کلۆدیوس لە لووشکە چوویەوە، ناوچاوانی دا بەیەکدا. پێش خزمەتانی نێو فڕۆکە بە چاو پشتوێن و تەنگە و پالانی هەر هەمووانیان تاقی دەکردەوە.. زۆری نەخایاند پاچکەی فڕۆکە لە زەوی کەوت. فڕۆکە توندوتیژی کەمتر و.. کەمتر بوویەوە تا بە تەواوی لە خۆڵ کەوت و لە گۆشەیەکەوە ڕاوەستا چەند بەشەرێك هاتنە نێو فڕۆکەکەوە.. جگە لە کلۆدیوس هەر هەمووانیان هێنایە خوارەوە. کە خۆی تاك و تەنیا دی و لە دۆستانی جیا کراوەتەوە سەرەیەکی تابڵێی ناهاڵ و بچڕ بچڕی دەست پێ کرد، ترس و دوودڵی

و سەرلێشێواوی تیا وەدەردەکەوت. زۆری پێ نەچوو یەك دووبەشەرێك دیسانەوە هاتنە ناو فڕۆکەوە و ڕەشمۆکەی کلۆدیوسیان ڕاکێشا تا لە دەرگە و پلەکان بیبەنە خوارەوە، کلۆدیوس نەیدەتوانی سەربەرەو خوار لە پلەکانەوە دابەزێت و پای لە دەرگە گیر دەکرد و سەر و کەللەی بەرەو ئاسمان ڕادەگرت و تاوتاو بەرەو دواش دەکشایەوە. بەشەرەکان هەرچی کۆشان نەیانتوانی دایهێننە خوارەوە و دەستبەرداربوون و ڕۆیشتنە خوارەوە و چەند راستە تەختەیەکی پان و درێژیان هێناو لە ناوسکی پلەکانەکەدا شان بەشانی یەك ریزیان کرد و ئنجا دیسان ڕەشمۆکەی کلۆدیوسیان بەرەو دەرگەی فڕۆکەکە کێشاو کلۆدیوس نەرم و نیان داکشایە خوارەوە، هەر کە چوار پەلی لە زەویی (هیثرۆ) کەوت سەرەیەکی ئەوتۆی لێ دا.. هەمووان کاس و مەنگ وەستان تا سەرەی شەیپووری کەشتی ئاسای کلۆدیوس تەواوبوو ئەو حەلە یەك بە دوای یەکدا ئاژێڵەکانیان لە دوای ترێلەیەك سوار کردو بە ڕێ کەوتن.. ترێلی لە دوو لای قەفەزەکەیەوە وێنەی دوو کەللەی گایان لێ کێشابوو بە نیشانە ترۆمبێلی تایبەتی ANSTیە تەمومژ ئاسمانی شاری گرتبوویەوە، هەور سنگی داهێڵابووە سەر ساختمانەکانی شاردا و بێ جموجووڵ سارد دەینواڕی.. لۆری لە دەرگای پان و پۆڕ و زل زەلامیANST لووتی ڕۆیشتە ژوورەوە، چەند بەشەرێك پێشیان بە لۆری گرت و لووتی لۆرییان هەڵ چەرخاندەوە بەرەو باریکە ڕێگەیەك لە دەرەوەی دیواریANST ەوە بەرەو باکوور دای کیشابو، درەختی کۆنە ساڵی فراوان لە دوو لای قیرتاوەکەوە چووبوون بە هەلهەلەی ئاسماندا، جار جار ترومبێلێکی سپی فیقەی دەهات و تیژ تێ دەپەڕی، نیو سەعاتێك ڕێ ڕۆیشتن. ئاژێڵەکان ئاشوفتە و نیگەران نەیاندەزانی بەرەو کوێ دەبرێن، لەپڕ سەرەی ناوەختی کلۆدیوس شریتی بیریانی پچڕاند.. تێ بوو خۆی پێ ڕانەگیرا و وتی:

– ئەم کەرە بێ شعوورە.. ناتۆپێت هەتا هێندەی تر ئاوڕووی هەرچی کەری دنیا هەیە نەیبا. ئاخر بڵێ هەی لە کەر کەوتوو ئەمە وەختی تڕین و سەڕینە؟

کلۆدیوس بە تووڕەبووونەکەی تێ بوو لووشکەیەکی تێکەڵ بە بزەی بۆ کرد و وتی:

– من کەرم و ئێوەش ژیر! هەردەم گا بە گونا ناسراو بووە، قەینا باوابێت! ژیر ئەوەیە بزانێت بۆ کوێمان دەبەن؟

ورچە و تێ بوو ئاورێکیان دایەوە و هیچیان نەوت، کلۆدیوس هەروا سەیریانی دەکرد لەسەرخۆ وتی:

– ئا من دەزانم بۆ کوێمان دەبەن. شەقیش بەرن پێتان ناڵێم.

تێ بوو باوەڕی بەقسەکانی کلۆدیوس نەبوو بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ و سەیری کا لەبەر خۆیەوە وتی:

– جا بۆ نایڵێی؟ بڵێ.. زۆر دەزانی بۆ کوێمان دەبەن؟

– وەك وتم.. درەنگەتان کردووە.. پێتان ناڵێم.. ئەگەر زرنگ و زیرەکن بۆ خۆتان هەڵی بهێنن.

– کەر مەبە... بڵێ بۆ کوێمان دەبەن؟

– باشە دەیڵێم بە مەرجێك یەك جاری تر بسەرێنم. ئیتر چاوەڕوانی ئا.. یان نەخێری تێ بوو نەبوو دەستی پێ کرد.. هەر کە لە سەرە کەوتەوە بە هەناسەبڕکەوە وتی:

– بیمارستان!

– بۆچی بیمارستان؟ خۆ ئێمە نەخۆش نین.

– خاوەنەکەم دەیوت: پێش ئەوەی لە ANST دا بەرەڵا کرێین، هەشت نۆ رۆژێك لە خەستەخانەدا لەژێر چاودێریی دوکتوردا دەبەینە سەر، نەکا نەخۆشیی وا گیرمان هەبێ و ئاژێڵەکانی تریش دووچار کەین.

ئاخرANST دنیایەکە بۆ خۆی، ئەوەی ئاژێڵی سەر زەوی هەیە تێی دایە، چەندان ساڵی دەوێت تا کووچە و کۆڵان و شەقام و گەڕەك و گۆڕەپانەکانی بناسیت.. ئەوەی بەشەر هەی بێت تیادایە!. دەیوت:

بەهەشتێکە بۆ خۆی نە زۆر و زوڵمی بەشەری تێدایە نە جەور و چەوساندنەوەی، ئازادیی بێ حەد و سنوور، خواردن فراوان.. پێم وا نییە بیسەلمێنیت تا بە چاو نەیبینی. ئەی من خۆ گەوج نیم لە خۆمەوە بسەرێنم.

## ١٨

– جێگای دەرزییەکەم دێشیت، خراو هەڵئاوساوە..

گوێی مەدەرێ.. هێندەمان نەماوە.. ئەوە دوا چزەی بەشەرە پێتەوە پێم وا نییە بۆ لەمەولا بتوانن بە ئاسانی دەستیان پێ بگات.

– خۆمانین.. بەشەرەکانی نێو بیمارستانەکە فرە بە دەورمانا دەهاتن. رەنگە بۆ چاوبەست و پڕوپاگەندە وایان دەکرد، یان بەڕاستی لەگەڵ هی لای خۆمان و ئەوان و ئەوانەی قیبروسدا جیاوازن؟ حەزم دەکرد ئەمە نەڵێم.. نەمتوانی!!

– راست دەکەی قسووریان نەبوو. ئەگەر دەتوانی بیر لە بەدبەختییەکانی رابردوو مەکەرەوە.. هەر لەو تەلبەنە بڕۆین بەودیوا دنیای رەگەزی بەشەرمان بەجێ هێڵاوە.

– ناتوانم بەدبەختی و کوێرەوەرییەکانم لە بیرکەمەوە دەزانی ئێمە چیمان پێ کراوە و یەشتا لافاوی خوێنمان تیادا هەڵهەڵەدەکا. کارەساتی رەگەزەکەم و وڵات و بوومەکەم، لەکەی نەنگیی ناوچاوانی سەدەی بیستەم و فەرهەنگی بەشەرە هەروا بە ئاسانی دەڵێی لە بیری کەم؟

– کاکی خۆم.. ورچەی ئازیز.. پارچەیەك لە ئێمە دادڕە، ئێمەی کەر. ناوباو و شۆرەتی گەوجی و گێلیمان بەسەرا سەپێنراوە. قەینا بەجێگەی خۆی تەنیا تاوان و گونای ئێمە ئەوەیە شتمان زوو لە بیر دەچێتەوە. بە سەرینێك مۆری رابردووی پیا دەماڵین. ئەمەیان بە کەرییەتی بۆ داوین لە قەڵەم.. لە کاتێکدا لێ بوردن و دەروون فراوانی و کینە هەڵنەگرتن.. بەهەموو کەس ناکرێ و رەفتاری ڕەوشتی گەورە کەسانە! ئەتۆ بنواڕە.. زوڵم و زۆر و کار و بێگاری یەك بەشەر دەرحەق بە رەگەزی ئێمەی کەر ڕەوای دیوە، لەبارەی هیچ ئاژێڵێکی تر نەیکردووە، بەسەر

ئـەوەشدا بـە دەرمـانـی ئـەفسانـەیی لێبووردن و لـەبیرکردن دەردەکـانمـان سارێژ کردووە و ئومێد و هیوامـان بە داهـاتوو پتەوتر بووە!

– من یەکێك لەوانە نیم. پێم وا نییە بتوانم چاو لە تاوانەکانیان بخشێنم و کـەمـتـەرخـەم بم. لـە بـیرمـە تـوولـە بـووم دایکمـیـان هـەروا بـە نـارەوا لـەنـاو برد، منداڵێکی تەنیایان لە ماڵ دانابوو، باوکی منداڵ کە گەڕایەوە دەمی دایکمی خوێناوی دی دەست و پەلوپۆشی سووربوو لە خوێندا وای زانی دایکم منداڵەکەی خواردووە، گوللـەیەکی لێ داو بە بەرچاوی ئێمەوە کوشتی. کە رۆیشتە ژوورەوە مـنـداڵـەکـەی نـوستـبـوو پـاشمـاوەی لـەشی مـارێکـی چـەند گـەزیش لـەلایـدا پارچەپارچەکراو کەوتبوو!. ئەمما چ فایدە؟! ئەمانە خوێنخوارن.. خوێنخوار!!

– کاکە ورچە.. لێبووردن بە هەموو کەس ناکرێت.. ئێمەی کەر ئاوا دەروونمان بەربلاو و فراوانە و لەگەڵ نابەرابەریدا دەگونجێین. ئومێدەوار.. بەهەرحاڵ کەمی رۆیشتووە و زۆری ماوە... خاوەنەکەم دەیوت: (لە ANST دا ئەوەی بە بیرا بێت هەیە و دەستکەوێ ئاژیڵ دوور لە بەشەر ئاسوودە دەژی، کاروباریان بە پێی یاسایەکی تایبەت دەبەن بەڕێگەوە، بۆ خۆیان فەرمانبەر و فەرمانڕەوان.

– دیارە خاوەنەکەت زۆر شتی پێ وتوویت نالێی لە پشتی ئەم تەلبەنەوە بۆ ڕایان گردووین؟

– لای خۆی ئەمساڵ ساڵی مەیموونە، بۆ خۆتیش فاڵگیر و جادووگەری. دەبوا زۆر شتت بزانیایە. لە منی کەر دەپرسیت؟

– ئەمن دەزانم تا ئەو ڕۆژەی دەتۆپی بەکەری دەژیت و بەکەری دەمێنیتەوە و دڵـنـیـام کـەرانـەش دەتـۆپـی.. ئـەممـا ئـەو خـاوەنـەت یـرە زۆر شتـی پـێ وتـوویت.. بەرەکەت کا.

کـلـۆدیـوس ئـاورێکی گـەوجـانـەی دایـەوە و کونـە لـووتـەکـانـی فشۆڵ کردەوە و خەریك بوو بسەرێنێت، سەرەکەی کردە هەناسە هەڵکێشانێکی دوور و درێژ و ئنجا وتی:

ئەی نەتاندی کابرای بیمارستان کە لە گەڵماندا هات بڕوانامەی سەلامەتی و

خاوێنیمانی برده ژووره‌وه. پێم وایه هه‌ر بێنه ده‌ره‌وه بێ دره‌نگ له ته‌لبه‌ن ڕه‌تمان ده‌که‌ن و ده‌مانسپێرنه کاربه‌ده‌ستانیANST و ده‌بێ ئه‌وه‌ش بڵێمANST تا بڵێی پانوپۆڕه و زل زه‌لامه نه‌کا هاوڕێیه‌تی و برایه‌تیمان له بیرکه‌ین و یه‌کتر فه‌رامۆش که‌ین؟ کابرای بیمارستان له‌گه‌ڵ دوو پۆلیسی شه‌بقه له‌سه‌ردا له ژوور هاتنه ده‌ره‌وه و یه‌کڕاست به‌ره‌و لای مه‌یموونه‌کان چوون و یه‌کێك له مه‌یموونه‌کانیان جوێ کرده‌وه. ورچه و کلۆدیوس ده‌یاننواڕییه زریکه و په‌له قاژێ و مل نه‌دانی مه‌یموونی جیا کراوه‌دا و سه‌ریان ده‌رنه‌ده‌کرد چ باسه و چ خه‌وه‌ره.

تێ بوو ئه‌وه‌ی لێی ده‌ترسا قه‌ومابوو، په‌یان به گوزه‌رنامه ساخته‌که‌ی (لولی) بردبوو ده‌ستی به‌یه‌کتردا ده‌هه‌سوێ و ده‌یوت: هاوارم کرد. فیزاعم کرد.. فایده‌ی نه‌بوو. ده‌یوت تۆ هاوڕێی نیوه‌ڕێیت و نامه‌رد حه‌ز ناکه‌ی (لولی) منیش له‌م مه‌ینه‌ته رزگاری بێت.. ده‌موت.. به‌شه‌ری لونده‌ره له‌وانه نین ساخته‌ی وایان لێ تێپه‌ڕبێت.. (بومبی) نه‌ده‌چووه ژێر و قسه‌ی نه‌ده‌چوو به‌گوێدا. ئه‌مه‌ش ئاکامه‌که‌ی.. ئێستا وه‌ڵامی (بومبی) چ بده‌مه‌وه؟

ورده ورده مه‌سه‌له‌که له کلۆدیوسیش ئاشکرا بوو.. خه‌ریك ده‌بوو ده‌هاته لووشکه. ورچه کوتایه بنده‌ستی و تێی گه‌یاند وه‌ختی نییه. کلۆدیوس ژیرانه له تێ بوو نزیك بوویه‌وه و وتی:

هیچ نیگرانی پێ ناوێت.. هه‌ر له ده‌روازه‌یANST ڕۆیشتینه ژووره‌وه، لێیان ده‌که‌ین به هه‌را. ئه‌نجوومه‌نه‌کان له‌سه‌ری دێنه جواو.. خاوه‌نه‌که‌م ده‌یوت: پارێزه‌ری وا هه‌یه له ANST دا ڕه‌شت بۆ ده‌کاته سپی. زوڵمی وا گه‌وره‌مان لێ ناکرێ.. هه‌ر گوێی مه‌ده‌رێ.

– کابرا تۆیش سه‌یری.. به‌شه‌ر ریخۆڵه‌یه‌کی راست له سکیدا نییه، ره‌وانه‌یان کردووه چی بکه‌م؟ هه‌ر له ژێر دارا ده‌یکوژن؟

– ئه‌وه هه‌ر نابێت.. له ترسی رۆژنامه و ده‌می ئاژیڵدۆستان و رێکخراوه جۆراوجۆره‌کاندا کاری وا ناتوانن بکه‌ن.. دوای ئه‌مانه‌ش لولی یه‌کێکه له مانگیره‌کانیان، ناوی له لیسته‌دایه.

دەنگوباس و ناوباوی مانی ئاژیڵەکانی نێو دالانی قیبروس لە ANSTدا بەباشی دەنگی دابوویەوە و مانگرەکانیان بە قارەمان دابوو لە قەڵەم. زۆر لە ئاژیڵ لە پشتی ئەودیوی تەلبەنیANSTدا گلێر بوو بوونەوە و هاتوبوونە پێشوازی. لافیتە و پەرچەمی رەنگاوڕەنگ و دروشمی ئەنجوومەنی ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی ئاژیڵیان دەشەکاندەوە. دوو سەگ دوو داری نووسراوێکیان هەڵگرتبوو، لە سەری نووسرابوو:

«ئەنجوومەنی سەگە ڕۆشنبیرەکان بەخێرهاتنیان لێ دەکا...».

تی بو لەسەر دوو پا وەستابوو سەری خوار کردبوویەوە، ماندووانە هەنگاوی دەنا، مەیموونەکانی تریش بە گوێرەی قەد و قەلافەت لە پشتی سەری یەکترەوە هەنگاو هەنگاو دەچوونە پێشەوە.. کلۆدیوس لە دوای هەموانەوە بە چاکی، خەڵکە بە پێشواز هاتووەکەی نەدەدی.. چوار پێنج بەشەری چاوشینی ڕوومۆنی گرژ ڕوو ڕواڵەت و ڕوخسار، بە وردی سەیری وێنە و پێ ناسینەکانیان دەکرد و مۆرێکیان لێ دەدا و دەرگەی تەلبەنیان دەکردەوە.

لە نێوان تەلبەنی بەشەر و ANST دا سەد مەتر زەویی بێ لایەن تەرخان کرابوو لەسەر هیچ لا بە حیساب نەدەهات و هیچ لایەکیش مافی ڕاگوزەری تێدا نەبوو مەگەر لەسەر بڕیاری هەر دوو لا! لەودیوی تەلبەنی ANST ەوە کاربەدەستان ڕاوەستابوون، لە دالان و ڕاڕەو و شەقام و کووچە و کۆلانی نزیکدا، حیلکە و پرمە و، بۆڕە و قاڕە و سەڕە و لووشکە تێکەڵ بووبوون و بە ئاسانی لە یەك جیا نەدەکرانەوە، هەر لە تەلبەن ڕۆیشتنە ژوورەوە. هووڕا و بژی و بڕووخێ و بەردەوام بێ بەرزبوونەوە. کلۆدیوس کە چاوی کەوتە یاڵی زەردی ماکەر و جاش ماکەرە جۆراوجۆرەکان بازێکیان دەیانلووشکاند و بازێکیان بنێشتیان دەجوی و دەتەقان وا تێفکرا بۆی هاتوونەتە قەوچە.. دای لە سەڕە، نە یەك و نە دووان!

لێپرسراوان کەوتنە پێشیان بەرەو میوانخانەی ANST لە دواییدا بە یەکجاری بەپێی ڕەگەز سەقامگیر دەکرێن!! میوانخانەکە بە پێی ئاژیڵە جۆراوجۆرەکان دروست کرابوو، چ لە بارودۆخی فسیۆلۆجی و چ سایکۆلۆجییەوە ژووری حەسانەوە و ئەندازەکانی و بەشێوەی ئۆتۆماتیك خواردن هەڵڕژان لە کاتی

تایبەتدا بەگوێرەی نیاز و تێربوون، چەندان نهۆم بەسەریەکەوە، ئەسانسۆری پان و پۆڕ و پلەی هاتوچۆی ئاچوخ و ڕەوان. ڕاڕەوێکی سافی مارپێچ لە دەرەوەی ساختمانەکەوە مارئاسا ئالا بوو بە کەمەری ساختماندا و دەرکێکی خۆکاری شووشەی بەسەر هەر نهۆمێکدا ئاوەڵە دەبوو دیسان دەگێڕایەوە!

کلۆدیوسیان بەرەو سارداوی ژێر ساختمان ڕێنوێنی کرا تا بەرەو خوار دەچوو لپ و لەوسی بە یەکدا دەدا و ناڕەزایی لە سەر و گوێلاکی دەباری.

کابرای چاوساقیANST و هەستی بە نیگەرانیی کلۆدیوس کردبوو زۆر بە ڕێزەوە لێی پرسی:

– ناساقی.. یا.. ماندوویت؟

– هیچ کامیان!

– ئەی بۆ وا نیگەرانی و داوتە بە یەکدا؟

– راستت بوێت هەرچی دەیبەم و دەیهێنم گوزەرانم لە سارداودا پێ ناکرێ ئاخر وەك دەزانن.. ئێمەی کەر هەستمان بە ئەندازەیەك ناسکە و زەریف بێ حەد و ئەندازە. هەرچی شوعەرا هەیە ئەمەی درکاندووە. بەهار بێ ئێمە ناتەواوە و ئێمەش بێ شینایی و بەهار نەمانکراوە و ناشمانکرێ!. لەژێر زەویدا دیقی مەرگ دەکەم.

– لێزانانیANST ئەمە بە چاکی دەزانن و لە رووی زانیارییەوە ژێر زەوییان بۆ رەگەزی ئێوە تەرخان کردووە.. من گومانم نییە جێگەکەت بە دڵ دەبێ.

– وەك وتم بێ سەوزی و شینایی نامکرێت.. ئەمە تێدەگەی؟

– کاکی بەڕێز ئێمە لە رووی ئاسایشی ئێوە و ئاژێڵەکانی ترەوە ژێر زەویمان بۆیان تەرخان کردووە. لەوێدا بەکەیفی خۆتان دەتوانن لە وەخت و ناوەختدا بسەرێنن.

– جا کوا لەزەت و چێژی سەرە، ئەگەر تەنیا هەر خۆمان گوێگری بین.

– ئەمەش بە جێگەی خۆی. بەڵام دەبێ ئەوە بزانیتANST بەپێی یاسایەکێ لە

یەکدراوە و زانیارییانە دەبڕێ بەڕێگەوە، کەس حەقی پێ شێلکردنی مافی ئەوی تری نییە، هەمووان ئەندازەی خۆیان دەزانن. ئەگەر وا نەبێ بەس ئێمەی ئاژێڵ لەگەڵ بەشەردا جیاوازیمان دەبێ چی بێت؟ لەمANST دا هەزاران ئاژێڵی پیر و نەخۆش و ئاوارە و کۆس کەوتوو هەیە، هەزارەهای بەهێز و چوار پەل قەویشی تێدایە.. هەر جووڵانەوەیەك بە پێی یاسایە، یاسایە مافی هەمووانی ڕاگرتووە.

– وتت لەژێر زەویدا سەڕین قەدەخە نییە؟!

– لە شەقامیشدا قەدەخە نەکراوە.. بەڵام ئەگەر شکاتت لێ بکرێت تووشی وەڵام و پرسیار دەبی.

– بۆ بەدبەختی، یا خۆشبەختیی من.. دەنگم یەکجار بە توانا و وەحەرەکەتە. دەترسم هاوسێکانم شکاتم لێ کەن، ئەو حەلە چی؟

– لەوەی مەترسە.. هەرچی هاوسێت هەیە هەموویان لە ڕەگەزی خۆتن. تەواوی دەر و پەنجەرەکانیش دوولایەن و دەنگ هەروا بە ئاسانی ناڕواتە دەرەوە، بۆ ئاگەداری لەژێر زەویدا تا چاوی هەڵدەی سەوزە و پەلوپۆی درەختی جۆراوجۆر دەبینی. لە بیرت نەچێت مافی قەپ لێدانیت نییە. چونکە پلاستیکن و ناخورێن!

– ئا بە قوربانت بم.. سکم پڕ لە داخە نەسەڕێنم و نەیدەم بە بادا درەنگە دەکەم.

ورچە لە نهۆمی دووەمدا بوو بە هاوسێی دێڵەسەگێکی ڕۆمانی و تێ بوو وەباقی مەیموونەکانی تریش بەرەو دوا نهۆمی ساختمان بەرێ کران.. بە هەمووان ڕاگەیەنرا سبەی و دوو سبەی شەموو و یەکشەمەیە تاتیڵە و ڕۆژی دووشەمە سەعات نۆی سەر لە بەیانی لە بارەگادا ئامادەبن بۆ ڕووبەڕووی لەگەڵ لێپرسراوانیANST دا.

## ١٩

ورچە لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە ویستی بە ئەسانسور بڕواتە خوارەوە و بیری کردەوە لە دوگمە و قوپچەکانی نازانێت، وای بە چاك زانی جارێك خۆی لە قەرەی نەدا و با یەك دوو جار لەگەڵ خەڵكدا سواربێت و رەسم و ڕەواڵی فێربێت ئەو حەلە بە پلەکاندا سەرە و خوار بوویەوە، پاشووی لەنگی قورسیی لەشی لەسەر بەرەو خواری پلەکاندا باش ڕانەدەگرت و لە داهاتنەوەدا شل و شێواو، دوودڵ پەلی دەنا.. دەنگێکی ناسك مێنگینانە وتی:

– دیارە لە ڕووداوی ئۆتۆمبێل دا لێت قەوماوە؟

ورچە گەیشتبووە پاگەردانی پلەکە و بە ئاسانی توانی تەرازووی لەشی وەدەست بهێنێتەوە، هەڵچەرخایەوە لە خاوەن دەنگ، قەد و قامەت و کوڵك و تووك و پەرچەمی زێڕینی خاوەن دەنگەکەی وەدی کرد، سەرسامی و مەنگی بۆ تاوێك دای گرد و خاوەن دەنگ زانی ڕەنگ و ڕوو رواڵەتی کاری بووە، بەناز و ئەداوە لەسەرخۆ بە متمانەیەکی زۆرترەوە، سەرێکی راوەشان و کلکی بەلای رانیدا چەرخان و بەرز و نزمیی کەفەڵ و کلوك و پاوپلی بە چاکی نمایانتر کرد و بە ناز و عیشوەیەکی خۆگرانەوە دیسان وتی: من هاوسێتم، لە ژووری سەرەوەی ژوورەکەی تۆم، بە دەستی ڕاستدا. پێرێ کە هاتن چاوم لێتان بوو. هەرچی بیرم لێت دەکردەوە، نەمدەزانی خەڵکی چ وڵاتێکی! با وەك ناوباوی مانەکەتان پێش خۆتان گەیشتبووە ئێرە. دوێ شەو فرە بێ تاقەت و بێ حەوسەڵە بووم. هەستم بە تەنیایی دەکرد. ویستم بێم و لەگەڵتا ئاشنابم و دەمەتەقێیەکت لەگەڵدا بکەم. بەچاکم زانی هەڵی گرم بۆ کاتێکی تر!

– سەد خۆزگە بهاتایەی.. منیش لە تەنیاییدا تاقەتم چووبوو. هیچ کوێشم نەدەناسی بۆی بڕۆم، بە دەردی خۆمەوە شەوگارم بردە سەر.

– وا نازانیت گە بە ئەسانسۆر برۆیتە خوارەوە رەحەتتر دەبیت و ئاسانترا؟
ورچە دیسان هەستی بە تەوژم و تەنگەبەری کرد و کۆشا وەدەری نەخا. وتی:

– بە ئانقەست بە پلەدا هاتمە خوارەوە، ماوەیەکە نەجووڵاوم، بە زۆر بەرەزا لە بیمارستاندا لێی رمابووم بێگومان تۆیش دەورانی بیمارستانت گوزەراندووە و دەزانی خەوتن و خواردن و نەجووڵان چی لە لەش و ئەندام دەکا؟

– دیارە بەرەو بارەگا دەڕۆیت؟

– کە هاتین پێیان راگەیاندین ئەورۆ سەعات نۆ لەوێ بین پێم وایە ئۆتۆمۆبێلمان بە دوادا دەنێرن.

– منیش بەرەو ئەوێ دەڕۆم. ئەگەر حەزت لێیە با بە پیاسە برۆین خۆشترە. رۆژێکی خۆشە، نە ساردە نە بارانە، دەوروبەریش دەبینی و چاوێك گڕدەدەی بە چوار دەوردا. ئنجا شان بەشان لە ساختمانی هەنۆزگا هاتنە دەرەوە بەرەو باکوور کەوتنە ڕێ.

ورچە هەموو شتی لا تازە و دیدەنی بوو.. ساختمان شەقام دار و درەخت، باخچە و کۆڵان و کۆگا و هاتوچۆی خەڵکی.. ئیتر هەر هەموو جووڵانەوەیەکی لا سەیر و تازە دەهاتە بەرچاو.. بە وردی دەینواڕی.

– ئەوە لە بیرم نەبوو.، من ناوم لوشایە و خەڵکی رۆمانیام و لەوێوە ڕام کردووە. ئەی تۆ؟

– منیش ورچەم ناوە و خەڵکی ئەو بناری کوردوستانەم.

– ڤرچە؟

– نا. ورچە.

– کوردوستان کەوتووەتە کوێوە؟

– ئەولای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

ورچە کەوتبووە باسی کوردوستان و دەرد و مەینەتی گیانلەبەرانی بناری زاگرۆز و گرفتارییەکانیان. برێك مەیموون و کەری خەت خەت و ئاسك و گا و

گوێرەکەیەك لافیتە بە دەست ڕەگی گەردنیان هەستابوو پڕ بە دەم دەیانقیڕاند:

خواردن بۆ ئاژیڵەکانی ئەفریقا.. با برسیەتی ریشەکەن کرێت بڕووخێت درندەگی و شەڕ هەڵگیرسێن و ڕەگەزپەرستی. بژی.. بڕووخێت.. هەرا و بە شەقامدا بەرەو گۆڕەپانی تێکراییANST دەڕۆیشتن. چەند ئاژیڵێکی بەروانکەی قایش لەبەر بەدوو لای شەقامدا شان بەشانیان ئارام و لەسەرخۆ خۆپێشاندەرانیان بە چاو دەپێوا.

لوشا وتی:

– منیش زۆر نییە هاتووم. ئەمە سێیەمین خۆپێشاندانە لە شەقامدا دەیبینم. هیچیش نەکرێت هەر خۆشە خۆنواندن و بە ئازادی قیڕاندن. نیشانەی بوون و زیندەگانییە. ورچە و لوشا گەیشتنە بارەگا.. خۆیان ناساندە پرسگەو بەرەو دالانێکی پان و پۆڕ ڕێنوێنی کران و لە گۆشەیەکەوە چاوەڕوان چنچکەیان دایەوە.

لە سنگی دالاندا پێش خوانێکی چەند مەتری نیوە بازنەیەکی پێك هانیبوو. چەندان میکرۆفۆنی بە سەردا چەسپێنرابوو. دیوارەکان بە وێنەی جۆراوجۆر ڕازابوویەوە. بەرخ، کاوڕ، مەڕ، گوێرەکە و ئاسك درابوون لە سیخ و بەسەر ئاگرەوە دەبرژان و چەند بەشەرێکی بادە بەدەست ئاگریان دەگەشانەوە ژنگەلی پێستی ئاژیڵ لەبەر، ژانتای پێست بە دەست و پێست و کولکی نەرم و نیانی ئاژیڵ لەبەر و لاگەردنی ئافرەتاندا چاوە شووشەیەکانیان سارد سارد دەینواڕییە کردەوەی بەشەردا. وێنە هەڵواسراوەکانی نێو دالان گویای زوڵم و زۆری بەردەوامی ڕەگەزی بەشەری نیشان دەدا دەرهەق بە ئاژیلان. سەد ئاژیڵێك لە دالاندا کۆبووبوونەوە. کلۆدیوس کە هاتە ناو دالانەوە لووشکە لووشکی دەست پێ کرد تا بەسەرەکەی بە بەرەوە گەیشتنی خۆی ڕاگەیەنێت. ئاوڕی لە دیوار دایەوە وێنەی نێرەکەرێکی دی دەمی شەتەك درابوو.. زانی لەو دالانەدا سەرپین قەدەخە و یاساغە.

لە پشتی پێش خوانەکەوە دەرگەیەك کرایەوە، چوار پێنج مەیموونی چاو زەردی کوڵك زێڕین و یەکێکی ڕەشتاڵەی دێزەش بە دوایاندا هاتنە ژوورەوە لە پشتی پێش خوانەوە بەرێز لێی دانیشتن، یەکێکیان چرچ و لۆچێکی فراوان بە ڕوویەوە

دەردەکەوت هاتە قسە و وتی:

لە سەرەتاوە بە ناوی خۆم و بەڕێوەبەرانی ANST وە هەروەها بە ناو دانیشتوانییەوە بەخێرهاتنتان لێ دەکەم. بۆ مەڵبەندی ئازادی و دیموکراسی بەخێر هاتوون.ANST چاوگەی هیوا و ئومێدی تەواوی ئاژێڵەکانی سەر زەوییە. بوو بە هوتاف و بژی و بڕووخێ و پڕم و هووڕ.

ئازیزان!. ئەی دەڵ و گەماڵە خۆشەویستەکان.. ئەی گا و مانگاو مەڕ و بزن و نێرەکەر و ماکەرە چەوساوەکان! موژدە بێ کاتی زوڵم و زۆر و نابەرابەری بەسەرچوو تێپەڕیANST قەڵای ئومێدی ئاژێڵە ئازادیخوازەکانی تەواوی گێتییە، ANST باوان و بارەگای تەواوی ئاژێڵەکانە..

لە خۆتانە و بۆ خۆتانە و هی خۆتانە.

یەکێك لە گاکان شاخی ڕاوەشاند و بۆڕاندی: با بڕووخێت توانا و دەسەڵاتی ڕەگەزی بەشەر! بشکێ چەقۆ! بشکێ خنجەر.

زرمەی سەر و چوقەی کەڵبە و نرکە و نووزە ئامێختە بوو، تا دەبوو زۆرتر دەبوو.. مەیموونی ڕوو پڕ لە چرچ و لۆچ چەکوشێکی داری چەند جار ماڵی بەسەر پێش خوانەکەدا و ئاژێڵەکان بێدەنگ بوونەوە.. ماوەیەك ڕاوەستا و قومێك ئاوی خواردەوە و ئنجا وتی:

ئەی کەڵ و مامزە نازدارەکان!. ئەی ئەسپ و ماینە ڕەسەنەکان!. ئەی مەڕ و بەرانە شاخ ئەستوورەکان! دیسانەوە بەخێربێن و بەخێرهاتوون بۆ جولانگای ئازادی و سەربەستی. بە هەلی دەزانم بەو هۆیەوە چەند مەرج و یاسایەکیANST تان پێ ڕاگەیەنم. وەك لە پێش دا وتمANST بۆ ئێوەیە و لە ئێوەیە. کەواتە ئەرکی سەرشانی هەمووانە ڕێزگرتن لە یاساکانی، دەبێ مۆڵەت بە یاساشکێنەر نەدرێت، گێرەشێوێن دەمکوت کرێت.. ئەگەر وانەبین ئەی جیاوازیی نێوان ئێمەی ئاژێڵ و بەشەر دەبێ چی بێت؟

ئێمەی چەوساوەی دەستی بەشەر دەبێ بە رفتاری پەسەندمان عەرەقی شەرم بە ناوچاوانی بەشەردا بتکێنینە خوارەوە ئێمەی چەوساوە ناکرێت ببینە

چەوسێنەر. نابێت ناڕەوایی دەرحەق بە کەس ڕەواکەین.

داخەکەم یەشتا تاك و تەراك ڕەفتاری ناپەسەند دەبینرێت، هیواداریـن بۆ لەمەولا وەدی نەکرێ.. ANST هیچ جۆرە مەرز و سنوورێك بۆ ئازادیی زیادە دانەناوە. ئازادی نیعمەتە، ئازادی ئومێد و ئارەزووی ئەندێشەپاکانە، ئازادیی خواردن و خۆراکی ناخ و ڕەوانە، ئازادن هەرچی دەڵێن ئازارن چۆن چۆن تێ دەفکرین ئازادن. چۆن دەخۆن، چۆن دەخەون، چۆن ڕەفتار دەکەن ئازادن بەمەرجێك زەرەر و زیانت بۆ خەڵکی تر نەبێ. نەبێتە مایەی ئازار و دەردەسەریی گیانلەبەرانی تر. ئێمە هەمووماس بەرامبەر یاسا وەك یەکین و هام کێش و هاوتاین. وتەی پەسەند، ڕەفتاری پەسەند، کرداری پەسەندە دەچێتە دڵانەوە.. کردەوەی باشە سەرمایە و مایەیە، بەو شێوە ئازیزتر دەبێ.. کەواتە با پێکەوە دڵ و دەروونمان بە کردەوەی باش زاخاو دەینەوە.

ANST توانا و دەسەڵات و دەر و دەروازەی ئاواڵەیە بۆ بەختەوەری و ئاسایشی ئێوە.. خواردنتان... نەخۆشیتان.. گرفتاریتان هەمووی بەبێ بایی لەلایەنANST ەوە ئەنجام دەدرێ نەك بۆ ڕۆژێك و دووان بگرە بۆ هەموو کات دواڕۆژی ژیان.. ئەوەش بابڵێم لە ANST دا ماوە و مەیدان دراوەتە هەموو کەس بۆ کاروبار و سازندەگی هەڵسووڕان. ئەوانەی بیانەوێت دەستی یارمەتی درێژ کەن و شان بخەنە ژێر کارەوە. ئێمە باوەشمان بۆیان کردووەتەوە و کاریان بۆ هەڵدەسووڕێنین.. ئەمەش مانای ئەوە نییە باوەشمان بۆ ئەوانەی تاقەتی کارکردنی نییە نەکردبێتەوە! نا و هەزار نەء.. هەر هەمووان ئازیزن، هەر هەمووان لێهاتوو کارامەن.. وا یەك یەك دەست بەناو خوێندنەوە دەکەین.. ئەوەی گوێی لە ناوی خۆی دەبێ بێتە پێشەوە.

گڵمەگڵمێك لە دالاندا بەرز بوویەوە، وەك ئاژیڵەکان لە یەکتر بپرسن کار دەکەی؟ نایکەی؟ بیکەی باشە!. نەیکەی چاکە!؟ ئیتر گاڵە بوو.. دەست کرا بە ناو خوێندنەوە. لە پێشدا ناوی چەند بەرزە ولاخێك خوێنرایەوە.. یەك دووانێکیان ناویان بۆ کار نووسی. چەند دانەیەکیان ملیان نەدایە ژێر باری کار و پیشە.. ناوی کلۆدیوس خوێنرایەوە پڕی سکی کرد لە با تا سەرە لێ دا! وێنەکەی کەری

سەر دیواری دی بە قەپۆزە شەتەك دراوی ئارام چووە پێشەوە.. ئەویش نەڕۆیشتە ژێر باری کاروبار، نۆرە گەیشتە سەر تیّ بوو.. فەیلەسووفان بەرەو پێش خوان هەنگاوی نا و ڕۆیشتە پێشەوە عەینەکێکی زەڕەبینی یەك چاو شکاوی نازانم لە کوّی وە چنگ هێنابوو لە چاوی نابوو.. تاوتاویش لەسەری زەڕەبینەکەوە دەینواڕی لێیان پرسی: کار دەکەیت؟

– من هەر یەك کارم پیّ دەکرێت.

– چ کارێك؟ تا بۆت هەڵسووڕێنین.

– کاری من بە ئێوە هەڵناسووڕیّ.

مەیموونەکان ئاوڕیان لە یەکتر دایەوە.. تیّ بوو نەیهێڵا زۆر لە گێژاوی بیردا بخولێنەوە.. ئازا وتی:

– کاکە من فاڵگیرم.

برادەرانی مەیموون هەر تیّ نەگەیشتن. تیّ بوو دیسان هەڵی دایە و وتی:

– دەست و ناوچاو دەخوێنمەوە. چۆن چۆنین تێتان گەیەنم توانای بازێك کاری سەیر سەیرم هەیە بە هەموو کەس ناکرێت. بەهرەیەکە یەزدانی.. ئاسمانی.

ئنجا مەیموونەکان لەگەڵ یەکدا چپە و ڕاوێژێکیان کرد و کابرا وتی:

تیّ گەیشتین.. ئێمە پێی دەڵێین پاراسایکۆلۆجی.. یانی دەتەوێت بڵێیت ئەو هێز و توانایە لە خۆتا شك دەبەی؟ ئەگەر وایە بێگومان لە ڕێگەی حەسانەوە و شادی و سەلامەتی گیانلەبەراندا بە کاری دێنیت. وەك ئازادیخوازێك وتوومانە هەمووان ئازادن هەرچی دەکەن.. بە مەرجێك زەرەر و زیانی بۆ خەڵکی دی نەبێت.

ناوی لوشایان خوێندەوە. ڕۆیشتە پێشەوە و وتی:

– وەك دەزانن لە سێرکدا کارم دەکرد و بە سەر تەل و تەنافدا قەڵەمبازم دەدا، پیشە و کاری سەرەکیم ئەوەیە. ئەگەر کاری واتان لانەبێت هەر کارێك ئێوە بڵێن دەیکەم.. ئەمن بیّ کار نامکرێت.

نۆرە هاتە سەر ورچە، بەلارەلار خۆی گەیاندە بەردەمی پێش خوانەکە. ڕیّ

رۆیشتن و یاڵ و گۆپاڵی ورچە هەیکەل و هەیبەتێکی پێ دابوو، پرسییان:

کار دەکەی یا نا؟

ورچە لەسەرخۆ بە دەنگێکی گڕی زەنگڵەدارەوە وەڵامی دایەوە:

– من فێری نانی مفت خواردن نەبووم و گۆش نەکراوم، بۆ کار سەرم پێوە نییە.

کابرای ڕوو چرچ رووی تێ کرد و وتی:

– لەسەر پێناسەکەت نووسراوە کار شەڕ و پاسەوانی وەك وتمان دروشمیANST لاشەڕییە و دوژمنی شەڕ هەڵگیرسێنە. بەسەر ئەمەشدا لە ناوANST دا چاودێرانی تایبەتمان هەیە و پارێزەرانی یاسا و بەرژەوەندی گشتییان پێ دەڵێن.. ئەوانەی بەروانکەی قایشیان لە بەرۆك دایە. ڕەنگە لە شەقامدا دیانت بێت.. ئێمە وا دەزانین توانا و هێز و هەرەکەتی تۆ بۆ ئەو کارە چاك دەست بدا. جا ئەگەر لات خۆشە وا.. با ناوت بنووسین؟

– هەر لە سبەینێوە ئامادەم.

– بەو ئاسانییەش نییە. فێربوونی دەوێت. هەر نەبێت دەبێ شەش مانگ لە پەیمانگەدا بی. ئەو حەلە بڕوانامەت دەدرێتێ.

– ئەی شەش مانگی بۆ چییە؟

– ئێمە بە گوترە ناڵێین شەش مانگ، پەردانی تایبەت و لە یاسا و بڕیارنامەکانیANST دوان و لەبەرکردنی و جووڵانەوەی وەرزشی و چالاکیی لەش و ئەمانە هەمووو دەبێ وەك ئاو پێت ڕەوان بکرێ ئەو حەلە..!!

## ٢٠

مانگەشەوێکی دڵپەزێر و نیگاگەرم.. دەخەملّی چوو ئەوریشمی دەست بافتی بوخارا و کشمیر، نەرم نەرم لەنگی داکشابووە سەر شاریANST ی لە بەفرنیشتووی خەواڵوودا شەو خانمانە ڕاکشابوو، تەگەرە و ترس و سامی خستبووە دڵی شەوبگیران و دەڵە و دەخەڵ و ڕەفتاردڕ و ملهوڕ و شەوگەردان و کردار هەڵەوە.

شەو بۆ خۆی بادەی لێوان لێوی هەستی نابووە سەرەوە و بەرەو کەهکەشان گالیسکەی تار و تاریکی تل دەدا و پل دەدا و خول دەدا، شەو شنەی شەماڵی خەیاڵی ئارام لە روخساران دەخشاند، شەو لە ناخ و قووڵاییت تاریکییەوە لە ئاوەز و ئەندێشەی پڕداخی غەریبییەوە سایە و ڕۆشنایی لە بن و بێخی ئاسماندا دەنەخشاند، ڕەشمۆ و لەقاوی لە کاکیلەی سوارەی کینە و تۆڵە دەجەڕان.. بێ باك لە پڕمە و گرمە و قین، شەو مەخمەڵێکی شینی کێشاوەتە باڵا و قامەتا، چ مەشخەڵانێکی ناوەتەوە بۆ هەتا هەتا تا بن و بێخ و بنەڕەتی.. جوڵانگای جریوەیە ڕێی کاکێشان و کەون و گێتی، نا.. نا.. دەرمانی دە روونی ئاشوفتە و جەرگی لەتلەتە شەو.. نا نەخێر قیامەتە شەو ئەمشەو، شەو لە پێخەفی پان و پۆڕی گێتیدا باوێشکی دەدا... سارد دەینواڕییە پەلەقاژێی گیانلەبەرێکی چەوساوەی ژێر باری ژانی دووردیار و ئاوارە و نامۆ و دوورکەفتەی یاران.

راستی.. گیانلەبەر بۆ وا دەروون ئاشوفتە و ڕوو سارد و گلاراویەتی؟ لەودیوی ڕووی ڕچاویدا چ دەردێکی بێ دەرمانە؟ چ گەردێکی لێ نیشتووە؟ بۆ وا پەرێشانە؟ بە دوای چ جادوو چاوگە و کانییەکدا وێڵ و سەرگەردانە؟ کام راز و نیاز هێناویەتە جۆش؟ بۆ وا هەڵدەکوڵێ و هاتووەتە خرۆش؟ خولیای کام دیار، کام تەبار، کام دۆست، کام ئاشنا، کام خوێش کردوویە بە یەکپارچە لە ئیش؟

ساتەکان چ دژوار دەگوزەرێن!. ڕۆژ و مانگ و ساڵ بێ قەوارە پڕ پەژارە چ تیژ بەفیڕۆ دەڕۆن و دێن! باوەشی کردووەتەوە چ شیرینە مەرگ!. دەهات و دەچوو.. لەبەرخۆیەوە دەیوت:

پێم خۆشە ئارام بگرم ئای چ ماندووم! ڕاستی، بۆ نەمرم؟ نا. باچاوەڕوان بم. پەلە ناکەم، مەگەر بۆ خۆی دێ، دەستم چۆن. لە یەخە دەکاتەوە؟ ئەویش وەك من لە یەك ساتدا لە دامێنی دایکم کەوتووەتەوە. سات سات، تاو تاو، پێ پێ، هەنگاو بە توێشووی پڕ ژان و ئێشەوە بێ پەراو لێم دێتە پێشەوە.. وەك بەرەو ئاوێنە بڕۆم. من و مەرگ بێ ململان ئامێزمان بۆ یەکتر کردووەتەوە. نا.. مەگەر بێ مەودایە، هاوڕێی نێوەڕایە، هەرگیز ڕووبەڕوو نەهاتووە بەرانبەر هەرگیز یەخەی نەگرتووە مەرگ بێ ڕووڕواڵەتە بۆیە بێ ترس هەمووان بەرەو ڕووی دەڕۆین.. چ نامەردە مەرگ! خۆزگە شیرەی مەرگم دەگردەوە، لە کێڵگەی زیندەگانیدا ئاوم پێدەدیرا!!

گیانلەبەر هەڵپلایەوە خۆی بەسەر نەرمە جێگەکەدا پەخش و بڵاو کردەوە، گەڵی فش و هلۆڵ دا بەدەم باوە و چاوی بڕییە بنمیچی ژوورەکە و بە خۆی وت: چتە لوشا! چیت قەومـاوە! چ ئارەزوویەکی خام و گەوجانە! چ خۆزگەیەکی نەفامانە! ئەوە وا بڕۆیت دەگەیتە کوێ؟

سێوەر پێ شێل دەکەی؟ با، بە خنجەر هەڵدەدرێ؟ لە دەریادا گێرە دەکەی.. مەرگ هەر.. بووە و هەیە و دەش بێت بۆ هەتا هەتا لوشا وزاقێکی دا و هەڵپلایە سەر گوانی چەپیدا و نائارامانە وتی: چ بەمن دەکرێ.. دەکرێ؟

نە.. بابە یەشتا زۆر شت هەیە نایزانم، زۆر کاریش لە پێشە نەمکردووە.. خەڵکی کوێم و بە کوێ گەیشتووم؟ بنواڕە ئەم ANST یە هەموو شتی تیایە، کۆگای جوان، نان، خوانی بێ دەردەسەر، ئاسایشی فراوان، ئازادی، کاکە.. ئازادی؟ سەیرکە چ بەهەشتێکی ڕووی زەوییە دەر و دەروازەی لە ئێمەی ئاژێل کراوەتەوە؟! دەم بۆ هەرچی دەبەیت بزانە چغەیەك دەبیسی؟ تووڕەبوون لێدان و تێهەڵدان دەبینی؟ لێ گەڕێ حەقم بوو هاتم!. بۆ نەیەم؟ بۆ من بۆ هەر کوێ بڕۆم ئاسمان یەك ڕەنگە. تاکە هاوڕای ترس و لەرز و دڵەکوتە هەنگاوم دانایە؟ تاکەی نەوێرم و نەتوانم کلکم بخەمە سەرشانم و خانمانە بەسەر شەقامدا بێ ترس گوزەرکەم؟ دەستم

خۆش بێت، چاکم کرد هاتووم.. تۆ بزانە گەماڵەکانی باوەگەورە چییان پێ کردم؟ چەند جار بە زۆر لوکاندمیانەوە؟ هەر چییان بەسەر خزم و خۆیشان هێنابێت بە من چی؟ هەر ئەوەندەم لە توانادا بوو.. هەر ئەوەندە بەرگەم گرت و مامەوە، چ شیرینی ئازادی!. دەتوانم بڵێم « نەء».. دەتوانم پێ کەنم، بگریم، سەماکەم، گۆرانی بڵێم، شیوەن بکەم. دەتوانم پڕ بە دەم بڵێم بڕووخێ «بەڵێ» بڕووخێ بت، هەموو بتەکانی رووی زەوی.

لوشا لەسەر جێگەکەی هەستایەوە و دەم و قەپۆزەی لە پەنجەرە بردە دەرەوە ئاوڕێکی لە قووڵاییی ئاسمان دایەوە ئەستێرەی کاروانکوژەی بە ئاسمانەوە وەك سەری بزمارێك و لە تابووتی زەمان و ئاسماندا بێت هاتە بەرچاوANST بۆنی بەیانی گرتبووە خۆ.. بەرەو لای جێگەکەی وەرگەڕایەوە ماندوو، تێك پێك شکاو چوو پاڵتاوێك لە بزماری سەر دیوارێك بکەویتەخوارێ لە زەویدا پەخش و بڵاو بوویەوە!

چەند سەگێکی وێل گەردی مەیخوارە بەلارەلار، بە سەختی لە شەقامدا هەنگاویان دەنا. یەك دووانێکیان خاوخلیچك، لەسەرخۆ دەحەپین. ورد گوێت ڕاگرتایە حەپینەکانیان لە قەتار و ئەڵڵاوەیسی دەچوو. بە ریتم و نەوای ئاهەنگەکەدا دەردەکەوت ڕۆژهەڵاتین و خەڵکی بناری لاهوور و کەلکەتەن و لە مەیخانە دەگەڕانەوە! شەو شپرزە بووبوو، لە دوا نهۆمی هەنۆزگاوە قیرە و قریوەی مەیموونەکان دەهاتنە گوێ بەسەر تەلبەن و کۆترە دارە داچەقێنراوەکان دا بەن بازیان دەکرد و یەکتریان دەوژنی، دانیان بۆ یەکتر وەدەردەخست.. هاتوچۆ کەوتبووە شەقامەوە پۆل پۆل و تاك تاك گیانلەبەران تیژ و ئارام سەرەو خوار و بەرەو ژوور بەیەکدا دەهاتن.

ورچە لە ژوورەکەی هاتبووە دەرەوە ڕاڕەوەکەی دەپێوا، دەهات و دەچوو چاوی لە دەرگەی ژوورەکەی لوشا هەڵنەدەگرد ئاخری خۆی پێ ڕانەگیرا و لە دەرگە نزیك بوویەوە گوێی نا بە درزی دەرگاوە.. دەنگ نەدەبیسرا.. دوو ڕۆژ بوو لوشا لە ژوور نەهاتبووە دەرەوە.. لە خۆی پرسی:

بڵێی شتێکی بە سەردا هاتبێت؟ کێ دەڵێت پێویستی بە یارمەتیی من نییە؟ لەم

غەریبایەتییەدا هەر دۆست و هاورێیە جێگەی برا و خوشك و كەس و خۆیش دەگرێتەوە.. لێ گەڕێ با لە دەرگە بەم..

دەرگە كرایەوە، لوشا بێ تاقەتانە و خەواڵوو لە تاقی دەرەكەدا نمایان بوو هەر دوو چاوی بووبوو بە گۆمی خوێن، نەختەكێك ریپۆق لە قووڵاییی چاویدا وەدی دەكرا. مشەیەكی كردو سەر لووتی سوورەوەبووی بەلای چەپیدا هەسوی بێ تاقەتانە بە درێژاكێشی خۆی هێنا و باوێشكێكی دا و ئنجا دیسان خۆی گلیر كردەوە. ورچە وای دەردەخست نیگەرانی تەندروستییەتی بێت بێ سەبرانە وتی:

– دەزانی چەندە لە بیرتا بووم.. ئەگەر نەخۆشیت با دوكتۆرت بۆ بهێنمە سەرا! یا شتێكت لێ رووداوە و ئێمە نازانین. وەك دەزانی هەرچیمان لە دەست بێ درێغ ناكەین.

– نە ڤیرچی. نا. دڵنیابە كە نەخۆش نیم!

– روو و ڕواڵەتت گۆیای نەخۆشییە. با بڕۆم دوكتۆرت بۆ بهێنم.

– دەردی من بە دوكتۆر چارە ناكرێ.

لوشا لە نێو دەرگە كشایە دواوە كلكێكی ڕاوەشاند و ورچەی بە دوای خۆدا كشانە ژوورەوە. ورچە تا دەبوو خۆی نیگەرانتر نیشان دەدا و نەختەكێكیش دەست هەڵبەستی لە خورپە و نیگەرانیدا وەدەردەكەوت بە نەختەكی توورەبوونەوە وتی:

– دە بڵێ چی رووی داوە؟ ئاخر ناشوكریی خوا نەبێت خۆمان بە هاوڕێ و دڵسۆزی تۆ دەزانین.

لوشا نامەیەكی لەژێر دۆشەكەكی دەرهێنا و بەرەو ورچە درێژی كرد و وتی: بیخوێنەوە!!

ورچە یەك دوو جار سەری بە راست و چەپدا چەرخاند و مڕەمڕێكی كرد و شەرمەزارانە وتی:

– سەوادم نییە. بەداخەوە ناتوانم. لە پەیمانگەدا لەگەڵما خەریكن.

لوشا نەیهێڵا زۆر لە شەرمەزاریدا بمێنێتەوە وتی:

– ئاوو.. ببووره. هەرچی کەسوکارم هەیە، هەموویان گیراون و خراونەتە بەندیخانەوە. ئەویش بەندیخانەی بۆخاریست؟!

– لەسەر چی؟

– لای گەماڵەکانی (چاو) بۆ.. یا... لە سەرچی.. مانایەکی ئەوتۆی نییە. هەرچییان پێ چاك بێت دەیکەن و دەیبەن. لەو وڵاتەدا هەر کەسێك یان هەر تیپێك – وەرزشی بێت یا ئەدەبی یا زانیاری– لە رۆمانیا بڕواتە دەرەوە دەبێ بارمتە و متمانەی هەبێت، ئەگینا مافی سەفەری پێ نادرێ. من کە لەگەڵ تاقمی«سێرك»دا هاتمە دەرەوە بە هەلم زانی و نەگەڕامەوە و پەنام هێنا.. ئێستا هەرچی کەس و خۆیشم هەیە لە بەندان و هەر هەموویان گیراون.

– زۆر بیری لێ مەکەرەوە. چەند رۆژێك گلیان دەدەنەوە و بەرەڵا دەکرێن. ئەمڕۆ نا سبەی.

– نە. ڤێرچی.. تۆ کار و کرداری گەماڵە بێ ئابڕووەکانی (چاو) نازانیت چییە و چۆنە و چۆن چۆنینە.. لەو وڵاتە هەر کەس کەوتە بەندیانەوە رزگاربوونی بۆ نییە! سەرنوقمی دەکەن. نە دادگا. نە پرسیارێك. نە لێکۆڵینەوەیەك. نە پارێزەرێك.. هیچ.. هەر هیچ!!

لوشا دڵۆپ دڵۆپ فرمێسك لە چاوییەوە دەتکاوە سەر زەوی و بە قۆزە و نووزەوە وتی:

گرتن و کوشتن و سەرتیابردن هەر هەمووی پێکەوەیە. ورچە لە لوشا نزیك بوویەوە.. لپ و لەوس و سەروچاوەی لێسایەوە. نەرم و نیان چەند جارێك سەر و ملی لە گەردنی خشاند و وتی:

– ئێمە لەیراوە هیچمان پێ ناکرێ.. دەکرێت؟

– ئا.. پێمان دەکرێ، دەتوانین هێندەی تر ڕسوایان کەین، بێ ئابڕوویان کەین. بێ نرخی و خوێن خوارییان بگەیەنینە تەواوی ڕەگەزەکانی سەر زەوی.

– کەواتە.. یەڵڵا.. دەست لە دەست و هێزیش لە خوا.

## ٢١

ئاگر و کڵپەو گڕ، ناڵە و نووزەی لەشی چەوساوەی بێ تامووڵ و سڕ، تەپو تۆزی سمی ئەسپی هێرش و چەپاو، بزسکە و بریسکەی تیژی شمشێر، پەلامار. پەلامار. هاواری خنکاو، دیسان هاوار، ئومێد، تەقالا، تێکۆشان، تامووڵ، هێزی مەرگ و هەستی مان، بەردەوامیی ژیان، قامچی. کۆت. زنجیر. زام. خوێن. مەرام. مەینەت. برسیەتی پەت پەتی. هەرا و هاوار و ناڵە و قووڵە؟ وەبا. گرانەتا. سێوەڕۆ. کەچەڵی. چاوەقووڵە. چەوساوە و چەوسێنەر هەمووان گشت، شان بەشان، بێ وەستان دەڕۆیشتن.

سەرما و سۆڵە و تۆفان، رەهێڵەی باران، هەرەس، لە هەر چوار لاوە هێرشی ئاو، سەرەوخواربوونەوەی لرفەی لافاو، کشانەوە. نووکی خنجەر و تیژیی شمشێر و ژینێ تاڵ. حیلەتی ئەسپی سەرکێش.. ڕم و قەڵخان و برین و ئێش، ئاو. ئاسن. ئاگر. هەناسە و با. گەردەلوول. کانی زەلاڵ و رۆخانەی کەف چەرێن، قامچی شەحنەو یاساوڵی قەڵانشینان ترس لە زۆرداران و دێومێرنشینانی سەرپۆپەی کێو. بیگاری هەزار ساڵە و هەزار جۆرە لە گەردن، گرانی، مەرگ، مردن، گیانلەبەران، چەق و رەق و تەق، رەش و ڕووت.. رەجاڵ و بێ بەرگ.. هەموو هەر هەمووان بۆڕ دراوی شاسواری مەرگ، بێ تامووڵ و حەوسەڵە و تاو، توانا چەپاو. نەفامی. پیری. ناپوختەیی. جەوانی. خاك و خۆڵ و خوێن. دووکەڵ. لەناوبردن. براکوشتن. شەڕ و هەرووژان، وێرانکردن، روح چنین، دادگاکانی پشکنین، قەشەی قەڵەوی زنجیری زێڕ لەمل، خاچی زێڕین، کردەوەی نەنگین و ناڕەوا، کۆمپیالەی بەخشین کڕین. کەوای زەربافتی سوور و سورمەیی. بادەی گەوارای شەرابی خۆش رەنگی پەمەیی، کۆمەڵ. تۆپەڵ. تاك تاك، دوو دوو. بەرەو داو و دەزگای فاڵ و دوعا و جادوو. فەرمانڕەواییی کڵێسا. دڕی و ملهوڕی چاوساقانی پاپا. دوور لە میللەت

چاوگەی پڕ جۆشی ئازار، عەیش و نۆشی هەرزە هەوەسانی دەربار. کودەتا، راپەڕین. هەڵواسین. سەربڕین. بۆ سەداوو. پیلان. شان تەکان. رەندی. بێ باری و عەیاری، بەرژەوەندی، تەمەڵی. فێڵ. دزی. دەخڵی. هەڵبژاردنی رێگەی گڵاو. کڵاو. کڵاو، شۆڕش، هێرش. پەلاماری سوارەی رینساس و خولقاندن. نووسین، نووسین. هەڵبەستی جوان. رۆمان. پێکهاتنی قوتابخانەی ساختمان. لەدایکبوونی شاکارەکانی هونەری. پەیکەر. تابلۆ. شانۆیی. تراجیدی. کۆڵەواری. کەنین و قاقا. خولقاندنی شاکارەکانی. مۆسیقا، شەپۆلی پرشنگداری رینساس. سایە و سێوەری تاریکی رۆشن کردەوە. کوێرەوەریی هەزاران ساڵەی مرۆڤی لەبیر بردەوە. دیسان شۆڕش شوڕش. دروستکردن، راپەڕینی سازاندن. زەوار هات و هات تا گەیشتە ئەم دەم و سەردەمە. لوشا ئەندازەیەك خواردنی نێو قوتووی لە بەردەمدا بوو لێی دەخوارد و دەیوت و دەیوت!! لە پڕ بە ورچەی وت:

– ناخۆیت؟

ورچە سەرێکی بە مانای نەخواردن راوەشاند ئنجا وتی: دەی توخوا هەم بۆم بڵێ.. دیارە زۆر شت هەیە یەشتا نەمبیستووە. نازانم، زۆرم لاخۆشە ڕابردووی ئەم وڵاتانە بزانم کە چییان بەسەردا هاتووە و چۆن گەیشتونەتە... ئەم دەم و سەردەمە؟

تیکەی زلی نێو قەپۆزەی لوشا ماوەی پێ نەدەدا. دوای قووتدانی چەند پاروو ملچە ملچی دەم و هەناسەی کەم بوویەوە وتی:

بەشەری ئەم دەوروبەر و بنارە دەرحەق بە ئێمەی ئاژیڵ بە ڕەحمتر و بە بەزەییتر دەبینی– لە چاکەیان نییە، لەبەر ناز و نرخی ئێمە نییە. وا تێ نەگەی؟ لەبەر هاووەردێ و هەستی ئاژیڵدۆستی و بێ دەرەتانیی ئێمە نییە ئەمانەی دەیبینی چاوبەستە. غرووریان تێر دەکەن.. دەیانەوێت گەورەیی و پایەبەرزیی خۆیان بسەلمێنن مۆری بێ دەسەڵاتی و هیچ تیا بەسەر نەبوویمان پیابچەسپێنن.. دەیانەوێت گەورەیی و پایەبەرزیی رەگەزی خۆیان پایەدارتر کەن، ئەگینا بەشەر بەبەشەر نازانێت بەشەر نەبێ و لەگەڵ ئەم ڕەگەزەدا هەردەم ئاسمان یەك رەنگ بووە. رابردوویش رووبارێکە سەری براوی مێژووی لە نێودا دیارە و تەپاوتل

هێناویەتی تا گەیشتووەتە من و تۆ.

– ئەمنش دەزانم. بەشەر لە هەر کوێ بێ خوێنی ئێمە کلی چاویەتی. لە وڵاتی لای ئێمە برادەرێکم هەبوو – یادی بەخێر– دەیوت: (ئێمەی سەگ ئەگەر فێری سیاسەت نەبین، زۆر ناخایەنێت وەك رەگەزێك تیادەچین. ململانێی پڕ ملهوڕی تا بە ئەوڕۆ خراپی پێ کردووین. سەیری کەر کەن چەند بە ئاسانی لەگەڵ زرووف و زەمان و رۆژگاردا دەگونجێ و دەسازێت. خۆمانین راستیش دەکا ئەم بار و کار و زەحمەتەی بەشەر بەسەر کەردا هێناویەتی پێم وایە هەر کەرە تا بە ئەوڕۆ بەرگەی گرتووە. وردیش بیتەوە کەرگەلی دنیا، بارودۆخیان لە ئێمەی سەگ گەلێك باشترە. توانیویانە عاقلانە هەنگاو بنێن. بەشەرەکانی ئەم بنارەش وا نەرم و نیان و ئاژیڵ دوستن تا بە ئەوڕۆ کوڵەی کوتاوین. وا نازانی کاتی ئەوە هاتوبێت.. ئێمەی سەگیش فێری ئەم هونەرە پڕ لە درۆ و دەلەسەیە بین؟

– بۆ نا؟! ئێمە لە کێ کەمترین؟ ئەگەرچی ژیان دوور و درێژە و زیندەگیش کەم و کورتە، بەڵام یەشتا زۆری بە دەمەوەیە. هەر کارێکیش لە یەکەمین هەنگاوەوە دەستی پێ کردووە!.. کەواتە ئێمەی سەگیش با بکەوینە خۆمان. لەم دەور و بنارەدا کۆمەڵگەیە، یانەیەك چووزانم رێکخراوێك پێك بهێنین.

– خۆ راست دەکەی! بەڵام بەو ئاسانییەش خۆ نییە.. هێندە کۆمەڵگە و رێکخراو دروست کراوە دەڵێی بازێك کتاون هەر بە پەنجە دەخوێنرێنەوە.. خەڵکەکە وڕس بوون. وڕس.. نەبوون؟.

– با. بەڵام نائومێد نین.

– زوربەیان هەنگاوی ئومێد دەنێن و شانیان لەسەر پشتی و سەرینی نائومێدیش داناوە و رۆژگار دەگوزەرێنن.

دەنگی سەرەسەری نێرەکەرێك لە نهۆمی دووەمدا راوێژی لوشاو ورچەی بری و ورچە وتی:

– هەبێ و نەبێ خۆیەتی و بەدوای مندا دەگەڕێت.. ئەمەی وت و لە ژوورەکەی لوشا هاتە دەرەوە.. چەند دەڵ و گەماڵێك بە ناو چاوی گرژەوە تێ دەپەڕین و

دەیانبۆڵاند و دەحەپین. ورچە زانی سەرەسەری کلۆدیوس کاری خۆی کردووە، لە پێچی ڕاڕەوەکەدا دەمی چوو بۆقی سەربازخانە کردبوویەوە دەیسەڕاند ورچە نەیهێڵا دیسان بۆی پیاکا وتی.

– ماڵت کاول بێ! ساختمانەکەت هەژاندووە بە یەکدا. ناترسی شکاتت لێ کەن؟ دەزانی خراپت بەسەر دێنن؟

– دەزانم.. چارەم نەبوو، نەمدەزانی لە چ ژوورێك دایت هاتم بزانم دێی یان نا؟

– بۆ کوێ؟

– یەکێك لە برا– گاکانمان لە گۆڕەپانیANST دا لەبارەی کوشتاری گاکانی ئیسپانیا دەدوێ.. ڕەنگە باسەکەی دڵپەزێر بێت.

– پێم خۆشە بێم ڕاوەستە با بە لوشاش بڵێم ڕەنگە ئەویش لای خۆش بێت بێ.

ورچە بەرەو ژوورەکەی لوشا گەڕایەوە. کلۆدیوس خرمەی چوارپەلی لە ڕاڕەوەکەدا دوور دەبیسرا سمی دەنا. تەقەی ناڵە تازەکانی ڕێك و مەوزوون چوو چەقەوانەی پەنجەی ئافرەتێکی سەماکەر ڕیتمدار دەهاتە گوێ!! سێ کەسە لە هەنۆزگا هاتنە خوارەوە. هەر ئاژیڵ بوو بەرەو گۆڕەپان دەڕۆیشتن. کلۆدیوس دیسان دای لە سەڕین. لەگەڵ سەڕیندا بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە وەك یەکێك لە تاوی پێکەنیندا نەتوانێ خۆی ڕابگرێ و لەسەر زەوی بۆی دانیشێ. کلۆدیوس پاشووی نابووە زەوی، سەرەی قاقا ئاسای دەکرد. هەرچی دەکۆشا بێدەنگی کاتەوە بێ فایدە بوو ئاخری مرِی لێ بردەوە و وتی:

– کەربازی بەسە! من لە تۆ کەرترم کەوا لەگەڵ تۆدا دێمە دەرێ. بڕۆ خوێڕی! ئاوڕووت بۆ نەهێڵاینەوە. ورچە و لوشا چاوەڕوانی وەڵامی کلۆدیوسیان نەکرد و نەرم نەرمێك دوورکەوتنەوە و خۆیان نەکردە خاوەنی. کلۆدیوس یەرغەیەکی کرد و خۆی پێ گەیاندن ورچە دیسان مرِی لێ بردەوە و وتی:

– لاچۆ دەماغسز!!

– قەینا دەماغسزم، بەڵام ئاوڕێك لە دیواری تایبەتی پڕوپاگندەش بدەرەوە، بزانە ئەو وێنەیە دەناسی؟

ورچە هەر ئاڵۆز بوو و کەمتەرخەم، نەرم نەرم هەنگاوی دەنا.

– ئاتۆ سەیرێ کە. زۆری تێ ناچێت؟

ورچە وردە وردە چاوی بەرەولای دیوار چەرخاند و کەم کەم لە وێنە نزیک بوویەوە و تا نزیکتر دەبوویەوە سەرسامتر دەبوو ئنجا وتی:

تۆ بڵێی ئەو بێ؟

– ئەی باوکمە و لە قیبروسەوە هاتووە؟

تێ بوو عەمامەیەکی جادووگەرانەی لەسەر نابوو کەواو شنێلێکی ئەرخەوانی لەبەردا، هەردوو دەستی کراوە کردبووە سایەی سەرتۆپێکی بلوورین، چاوی تووڕە و تێفکرینی بەرە خوار تێ بڕیبوو، سپییەتی چاوی زۆربەی چاوی داگرتبووە. لۆشا نووسینی خوارەوەی دەخوێندەوە بە ناز و ئەداوە بە ورچەی وت:

ئەم کابرایە زۆر گرینگە و شورەتدارە، بەتایبەت لەناو مێنگینەکاندا دەڵێن کاری وای کردووە عەقڵ باوەڕ ناکا. دیارە دەیناسن؟

کلۆدیوس وەڵامی دایەوە:

– من ناینـاسم هاوڕێی گیانی بەگیانی مستەر ڤیرچی لای خۆتە! لوشا نەرم و نیان خۆی لە ورچە خشاند و نازێکی دەڵەسەگانەی کرد و وتی:

– قەول دەدەی بمبەی؟ دەمبەی؟

– دەتبەم.. نەك ئەورۆ!

لە گۆڕەپان نزیك بوونەوە بۆڕەی گایەك لە دوور دەبیسرا، زرمە و گرمەی سم تێکەڵ بە نووزە و قۆزە و حیلکە و قاڕە و باڕە بووبوو. بڵندگۆ بۆڕەکەی چەندان بەرامبەر رەساتر دەگەیاند و زاڵی کردبوو بەسەر تەواوی دەنگەکاندا. گوێگرانی خۆشەوست: و گیانلەبەرانی– بە شەرەفی رووی زەوی دەرکەوتووە رەگەزی ئێمەی گا گەلێك لە بەشەر ئازاتر و دلێرتر و نەترسترین. ئازانە هەڵمەت دەبەین، مەردانە بەشەڕ دێین، فێڵ نازانین، لە پشتەوە پەلامار نادەین، هەزاران و هەزارانمان لە مەیدانی ڕووبەڕوویدا قارەمانانە بوونەتە قوربانی شەرەفی شەڕی دلێرانە و

بەرانبەرکێ.. بژی، بڕووخێ.. نەمینێت.. بەردەوام بێت.

گاکە دیسانەوە لە پێش خوانی نزیك بوویەوەو دەمی لە مایکەکە نزیکتر کردەوە و وتی:

ئەی ئاژێڵەکانی سەرزەوی.

بنوارن و تێفکرین لە کۆنی کۆنەوە تا بە ئەورۆ لە ئیسپانیادا چ دڕندانە لەگەڵ ڕەگەزی ئێمەدا جووڵاونەتەوە و ڕەفتاریان کردووە. ئەم حەزە خوێناوییەشیان هاوڕای سوپاگەری و چەپاوگەریی وڵاتانی تر بە دیاری بردووە و کوشتنی نامەردانەی ڕەگەزەکەمانیان جیهانگیر کردووە، لاپەڕەکانی مێژوو شایەتە بۆ هەرزە هەوەسێکی دڕندانە چ کەڵەگایی بە ناوبانگ و دەمڕاستیان لە خوێندا تلاندووەتەوە. بە بیگاری و دەردەداری و جووت و وەردەبڕین و گێرە و بارکێشان و گالیسکە ڕاکێشانی چەندان هەزار ساڵەوە ڕانەوەستاون بێ شەرمانە غروور و کەسایەتیمان پێشێل دەکەن و هانی بەرەو مەرگ ڕۆیشتنمان دەدەن ..OLE OLE.. OLE تا لە پشتەوە نامەردانە دوور لە ڕەسم و ڕەواڵی ڕووبەڕووی ڕەسەن شمشێری نامەردی لە بڕبڕاکەی پشتمان بدەن.

چەندان سەدەیە ململانێمانە یەشتا لە خوێن تێر نەبوون. یەشتا مەردانەگی و شەڕی ئازانە فێر نەبوون.. هەرگیزیش فێر نابن! ئێمەی ڕەگەزی گا تا ڕادەیەك لە برا ئەسپەکانمان بە گلەیین لە کوشتاری ئێمەدا پردن.. دەستەگیرەن. دەبێ برا ئەسپە ڕەسەنەکانمان لەم ڕووەوە بیرێك بکەنەوە. بەشەر هەرچی بێت بەشەرە! وا نەکا کەی بەشەرە؟ ژەمی ئالیك و ئاخوڕێکی پڕ، ئەوە ناهێنێت لە خوێنی کەڵەگا بەشەرەفەکاندا پاوپلیان ڕەنگین بێت پەیامێکە دەینێرین، شکاتێکە دەیگەیەنین، نەمامێکە دەیچێنین.

ئێمەی ئاژێڵ دەبێ هەموو بۆ یەکێك بین و یەکێك بۆ هەمووان، ئەگەر وا نەکەین لەگەڵ بەشەر و دەسەڵاتیدا ململانمان پێ ناکرێ.. ئاخۆ دەکرێ؟

بنوارە ژیانی مەیموونەکانی ئەفریقا (دوو مەیموون و گایەکی پیری بێ هێزی ناوچاو ماروو لە ڕیزی پێشەوەی ئاژێڵەکانەوە بەرەو پێش خوان وەڕێ کەوتن.)

گاکە ئاوڕێکی لێ دانەوەو لە مایکەکەدا دیسان وتی:

«تکاتان لێ دەکەم لێم نزیك مەبنەوە. بڕیارێکە داومە و گەڕانەوەی تیا نییە، کارێکی وا مەکەن لە لەزەت و چێژی خۆ بە قوربانیکردن بێ وەریم کەن!!»

تك تك بانزین بەسەر و شاخ و شان و مل و کلکیدا دەچۆڕایە سەر چوارپەل و سمیدا. ئنجا وتی:

«ئازیزان! بە دوعا.. هاوڕێ گەل.

با پایەبەرزتر بێت خەباتی ئاژیلانی سەر رووی زەوی دژ بە زوڵم و زۆر و ناڕەوایی!» شاخێکی بەرەو مەیموونی شقارتە بە دەست چەرخاندو ئەویش شقارتەی لێ دا. گا گڕی گرت، گڵپەی بەرز بوویەوە، بزیسکە و بریسکەی وێنەگرتن و ڤیدیو و فیلمسازان و تەلەفزێون تێکەڵ بوون.. بۆڕەی ژان و بۆن و چزەی تووك و گۆشتی سووتاو زللەی پڕ سۆزی ئاژێلان ئاسمانی گرتە بەر و پسان لەژێر باری ئیشا ئاسمان و هەتاو کەوای خەم و دووکەڵ و تەمیان لەبەر کێشا.

هەور و هەڵا توورە و ئاڵۆز دابووی بە یەكدا. مۆن و گرژ سنگی نابووە زەوی. سەنگینی بەسەر لەشی گیانلەبەران و دار و درەخت و شەقام و كۆڵاندا هەست پێ دەكرا. پەلوپۆی درەخت رووتەل دەلەخشینەوە، قامەتیان ئاوی پیا دەچۆڕا. پەلەورەكان ئاشوفتە و پەرێشان كورتە فڕیان دەكردو كەوتبوونە تەقالای پەناگایەكەوە، پرزە پرزە باران دای دایوو. تەمومژێكی ئەفسووناوی ترسی خستوبووە دڵانەوە، ترومبێلەكان چراكانیان داگیرساندبوو ڕێ گوزەر لە ترسی خلیسكاندن ورد و ژمێراو هەنگاویان دەنا.

لوشا نەرم نەرم هەنگاوی دەنا و تاو تاو خۆی دەهەسوویە شان و ملی ورچەدا. بڕبڕاكەی پشتی باران تەڕی كردبوو. ساتێك ڕاوەستا و سەر و قەپۆزەی بەرەو ئاسمان بەرز كردەوە و ناوچاوانی بەیەك دادا و بێ ئەوەی روو بەلای ورچەوە كا وتی:

– پێم وا نییە بەم زووانە خۆشی كا.. ئەتو لەیرەدا ڕاوەستە ونەجوولێی تا دێمەوە.

گەماڵە تاوێكی كرد و بۆی دەرچوو، ورچە حەپەسا و تێی نواڕی و سەری لە رەفتاری سڕما و مڕە و بۆڵەیەكی كرد و بەرەو ژێر سایەبانی كۆگایەك ملی نا و چووە نێو كۆمەڵێك سەگ و مەیموونی دۆش داماوی دەست بارانەوە و چاوەڕوانی وەستانەوەی بارانیان دەكرد و بێ تاقەتانەش لە پشتی شووشە و جامخانەوە دەیاننواڕییە شتومەكی نێو كۆگاكەدا.

لوشا چەتر لە سەر شان گەڕایەوە، چاوێكی گێڕدا و ئنجا بەدەوری خۆدا وەرچەرخایەوە. ورچە لەژێر سایەبان هاتە دەرەوە و بەرەو لوشا وەڕێ كەوت.

پێکەوە سەر و خوار بوونەوە. هەرچی لوشا دەکۆشا ورچە نەدەچووە ژێر بازنەی چەترەکەوە و لاتەرازکەی دەبەست و کەناری دەگرت لوشا لە جێگەی خۆی راوەستا و وتی:

– چیتە ئەوە ڤیرچی؟ خۆ بە تەواوی تەڕ بوویت. چەتریان بۆ رۆژێکی وا وتووە.

– راست دەکەی. بەڵام نەك چەتری گاڵۆکدار!

– گاڵۆکدار و بێ گاڵۆك فەرقی چییە.. تازە گاڵۆکدار بۆ ئێمە خۆش گیرترە.

– گاڵۆك دەبینم.. خۆمم پێ ڕاناگیرێت. هەر خۆم دەزانم چەندە گاڵۆکم پیا ماڵراوە بارانەکەم گەلێك لا خۆشترە. تا ژێر سایە و سێوەری چەتری گاڵۆکدار.

– چەتر چەترە و گاڵۆکیش گاڵۆکە.. بۆ تێکەڵیان دەکەیت؟

– ئەوەی ژانی گاڵۆکی نەچێژابێت دەردی منی بۆ هەڵناسەنگێ! خۆم دەزانم کوێم دێشی.

– باشە. ئەمە زۆری تێ ناچێت.. هەر ئێستا دەیگۆڕمەوە.

لوشا دیسان پڕتاو گەڕایەوە، ورچە لەژێر سایەبانێکدا هەڵمووتا.. زۆری نەخایاند لوشا بە چەترێکی دەستەدارەوە گەڕایەوە و وتی:

– نە گاڵۆك و نە تەڕەماش. وەرە ژێرییەوە.

شان بەشان مل و لاپەراسوویان هەسوو بە یەکدا و بەرەو خوار بوونەوە. ورچە دەم و قەپۆزەی باران تەڕی کردبوو زمانێکی بەلپ و لەوس و سمێڵیدا هێنا و دیسان کێشی خۆی هاورد و لە نێوان کەڵبەکانییەوە زمانی کەوانە کرد و باوێشکێکی دا و بێ تاقەتانە وتی:

– دەڵێم، پێش ئەوەی بڕۆین بۆ لای تێ بوو با سەر پایەك چاوێك گڕدەین بە عەنتیکەخانەکەدا.. لە ڕێگەماندایە دەڵێن شتی سەیر سەیری تێدایە.

– باشە بە مەرجێك هۆشی کاتەکەمان پێوەبێت بە هەزار تکا و تەمەنا کاتیان پێ داوم. کابرا گەلێك سەری قاڵە. دەترسم لە کاتی خۆماندا نەگەین و نۆرەکەمان بدەن بە یەکێکی تر. پێیان ڕاگەیاندووم ژمارەم تێ پەڕبێت.. تێپەڕیوە؟.

– بۆچی تێ بوو وای لێ هاتووە بەم دژوارییە کاتی لێ وەردەگیرێت؟

– چ دەڵێی؟ بە ئەندازەیەك سەری قاڵە ئەگەر لە مانگێك لە پێشەوە کاتت بۆ تەرخان نەکەن، پیا رانەگەن.. چەندان کەس بەکاریدا ئالاون سەخت گرفتارن و لۆقەشیان دی.

– وا بێت.. لە کاتدا دەڕۆین. تاقەتی بۆڵەبۆڵیم نییە. دەزانم سەرم کەچەڵ دەکەیت! ورچە و لوشا لە کەناری شەقامدا هەروا بەرەو خوار دەچوون. مەیموونێکی چوارپەل ئەستوور بە سواری مۆتۆڕێکەوە ڕووبەڕوو توندوتیژ هات و هەرچی باراناوی جادەکە بوو پەرژاندییە سەر و شانی ورچە و لوشادا.

مەیموون لەو لاترەوە مۆتۆری راگرت و بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە ورچە و لوشا و بە ئەوپەڕی ڕێز و ناسکییەوە داوای لێبووردنی لێ کردن و تیژ ڕۆیشتنەکەی پاسا و دەدایەوە دەیخستە ئەسکۆی کاری پێویست و گرینگ تا دەبوو دەلالایەوە.

لوشا و ورچە گەیشتوبوونە مۆزەخانە هەر لە دەمی دەرگەوە تابلۆیەکی زل زەلام بە دیواردا هەڵواسرابوو بە پێی سەدەکانی مێژوو.. ناوچەکانی رووی زەوی.. مۆزەخانەیان دابەش کردبوو نهۆمی یەکەم تەرخان کرابوو بۆ ئەبزار و ئالات و جەڕ و تفاقێك بەشەر بۆ ئاژیلانی دانابوو.. وەك زنجیر و رەشمو و پێوەند، لەقاو و قامچی و پووزەبەند، نیلە و هەوجاڕ و گاسن. قورمە و نەقیزە و مژان. هۆڕ و هەگبە و شەڵتان. زین و ئاوزەنگی و کورتان. تێلا و گالۆك و کۆپان. گالیسکە و گاری و پایتۆن. جەنجەڕ و چەقۆ و هەورین و خنجەر. بزمەك و گەردنبەند و رەس، تەڵە و داو و گەبکەو قەفەس. ئیتر زۆر وردە شتی تری دەستکردی بەشەر.

ورچە و لوشا بەرەو نهۆمی یەکەم داکشان. نهۆم پڕ بوو لە گیانلەبەرانی جۆراوجۆر. گەورە دالان جوممەی دەهات. بە وردی سەرگەرمی تەماشای ئەبزار و ئالاتە دانراوەکان بوون. ئەبزارەکان بە سەلیقەوە چنرابوون، هەر دانەیەکی لە شوێن و جێگەی تایبەتدا خرابووە بەرچاو، دیاربوو لێزانێکی پیشەڕەوان سەرپەرشتی کردووە. ورچە مەنگی تەماشابوو، بەرەو نهۆمی دووەم ملی دەنا و.

لوشا ئاورێکی لە سەعاتە هەڵواسراوەکەی سەردیوار دایەوە و وتی:

بۆ کوێ مل دەنێی؟ هەندەمان نەماوە. ناوچاوت مەدە بە یەکدا. ڕۆژێکی تر بەتایبەت بۆی دێینەوە. لێ گەڕێ بابڕۆین.. ئیتر چاوەڕوانی نەکرد و لە مۆزەخانە ڕۆیشتە دەرەوە. ورچەش بە ناڕەزاوە کەوتە دوای دوو قۆڵی سەرەو خوار بوونەوە.. دەم دەم ئاورێکیان لەناو شەقام و ژمارەی ساختمانەکان دەدایەوە و دیسان ملیان دەنا و دەڕۆیشتن و دەڕۆیشتن. لە سەری کۆڵانێکدا بەریان لە پیرە مانگایەکی سەر و مل و کەفەڵ قەڵەو و خرپن گرت و پرسیاری ژمارەیماڵی ( تێ بوو)یان لێ پرسی.

مانگا لووس بوو لە گۆشتا، لەشی خزەی دەهات، چاوە ڕەشە بە کل ڕژاوەکانی بە نازەوە هەڵهێنایەوە سەری بەرەو لای ژمارەی نێو کاغەزەکە چەرخاندەوە زرنگەی زەنگی ملی و مورگ و زنجیری زێڕین هەر هەموو تێکەڵ بوون. ئنجا ژمیراو وتی:

– ئی.. ئی.. دەڕۆن بۆ لای مامۆستا.. تاوێك لەمەوبەر لە خزمەتیدا بووم.. بلیمەتە بلیمەت! تا نەبینن نازانن چەند لێزانە و دەست ڕۆیشتووە! گرێ نییە نەیکاتەوە هەروا سەرە و خوار بڕۆن کۆڵانی دووەم دەستی ڕاست دەرگەیەکی ڕەشە و دوو گۆریلای زل زەلام بە ڕم و سپەرەوە لە چەپ و ڕاستی دەرگاکەدا چوو بت ڕا وستاون.. ئیتر پیرە مانگا دەیوت و هەر درێژایی دەدایە. ورچە ژەندییە بندەستی لوشاوە و نەرم و نیانی بۆی کشانەوە.

دوو گۆریلای زەبەلاح بە ڕم و سپەر و کڵاوخودی سەردەمی ئەسکەندەری ماکەدۆنییەوە لە چەپ و ڕاستی دەرگەدا پەیکەر ئاسا نقەیان لە خۆ بڕیبوو مێش بەسەرلووتیانەوە دەنیشت دەستیان ڕانەدەوەشاند و کشەیەکیان لێ نەدەکرد. مۆن و گرژ گلێنەی چاویان سووڕ دەدا. هەر کەسێك بیویستایە لە دەرگە بڕۆیشتایەتە ژوورەوە دوو گۆریلا دەستی ڕم بە دەستیان بەرەو یەك دەهانی و دەیانکرد بە خاچ و بەریان لێ دەگرت و دەبوا ژمارەکەی بووتایە، ئەو حەلە مۆڵەتی بە ژوورەوە چوونیان پێ دەدا.

ورچە و لوشا بە وتنی ژمارەی خۆیان ڕۆیشتنە ژوورەوە.. جوانە پارینەیەکی زەردوو بەرپرسیار بوو، هەڵەشانە پرسی:

– ژمارەکەتان چەندە؟

لوشا وەڵامی دایەوە BX

پارینە چەند پەڕەیەکی هەڵدایەوە دوو سێ جار لەسەر یەکە چاوی پرتاند و ئنجا وتی:

– بەڵێ.. لوشا خانم. باش بوو لە کاتدا هاتوون. نۆرەتان پێ گەیشتووە.

زۆری نەخایەند ماینێکی کوێتی قەد و قامەت بەرزی کێشراوی خۆش لەش و ئەندام دیاربوو بنچەکی لە دورگەی عەرەبسانەوە هاتوون.. دوودڵ و بێ متمانە هاتە دەرەوە ئاشوفتەگیی سەر و یاڵ و هەنگاوەکانی ئاڵۆزیی دەروونی وەدەردەخست. تاڵی یاڵی سەرگەردنی ئاڵۆزاو و پەریشان بووبوو بە چەپ و راستی گەردنیدا، مووی کلکی بە دوو لای کەفەڵیدا بەخش بووبوویەوە وەك باران لێی دابێت یا چەند کەسێك لێزانانە یاڵ و کلکیان بەخش و پەرێشان کرد بێت بێ ئەوەی لا بەلای جوانە پارینەکەوە کا بەرەو دەر ملی نا.. پارینەی لێپرسراو بە خانم کەوتە دوای، بە بیری خستەوە پارەی نەداوە؟! ماینەکوێت دەستە پاچانە سەرو یاڵێکی راوەشاند و داوای لێبووردنی کرد و تاوانی خستە سەر بیر و ئاوەز پەرێشانی و بلیمەتیی مامۆستا تێ بوو.

لوشا و ورچە چوونە ژوورەوە. ژوور تاریکستانێك بوو بۆ خۆی، تەواوی دیوارەکان بە رەنگی ڕەشی قەترانی بۆیاخ کرابوون. لە سنگی دیواری ڕووبەڕووی دەرگەی ژوورەوەچوون دا وێنەی کەللە سەرێکی بەشەر بەڕەنگی سوور کێشرابوو، لە حەناس دوو چاو و دەم دیوار هەڵکۆڵرابوو، گڕ و بڵێسەیەکی دەستکرد لە چاڵی چاوەکاندا گڵپەی دەهات. مێزێکی شووشەیینی وەك تۆپی زەوی و بەسەر شانی ئەتلەسەوە بەسەر قەڵاندۆشانی دو(ئاسکلت)ی بەشەرەوە دامەزرابوو. تۆپێکی بلوورین لە چەقی مێزەکەدا دانرابوو. لوشا و ورچە لەمدیوی مێزەوە لێی دانیشتن. لوشا ترسی لێ نیشتبوو، تاو تاو خۆی لەو ورچە دەخشاند و بەگورجی چاوی

دەپرتان. ئامادەی رووداو بە چوار تەنیشدا دەینواڕی دەرگەیەك لە سنگی دیوارە رەشەکەدا کرایەوە. وەك دیوار شەق ببا. کابرایەکی سەرتاپا رەشپۆش لە درزی دەرگەوە هاتە ژوورەوە، سەروملی بە کڵاوقوتێکی رەش رەنگ رەنگ هەڵپێکابوو لەسەرخۆ لەدیوی مێزەکەوە بەسەر کورسییەکەوە لێی دانیشت، ژوورەکە جگە لە گڕە نارنجییەکە تاریکی تاریك دەنوا!! رەشپۆش دەستی بە دوگمەیەکدا نا و دوو پرۆژەکتۆر لە بنمیچەوە راستەوخۆ تیشکیان کەوتە سەر لوشا و ورچە، ورچە نەڕاندی.

تێ بوو بە دەنگی ورچەدا سەری بەرز کردەوە و ئاوڕێکی دایەوە و ئازا لە پشتی مێزەکەوە راپەڕی و خۆی گەیاندە ورچە و بەسەر و ملیدا خۆی هەڵواسی. ئنجا دەستی نا بە دوگمەیەکدا و گڵۆپی تێکرای ژوورەکەی رۆشن بوویەوە دەستی بۆ تەلەفۆن برد و بە جوانە پارینەی وت:

نامەوێت کەس بێتە دەورمانا و سەرمان قاڵ نەکا و هیچ تەلەفۆنێکم لەگەڵا پێوەند نەکەی. تەلەفۆنی دانا و ئنجا کەوتنە باسی رابردوو گوزەشتە و ئێستاوە. تێ بوو جارەوبار دوولەپی بەیەکدا دەهەسواند و سەرێکی لێ بادەدا و زەردەخەنەیەك دەکەوتە سەر لێوانی و لەپڕ لە ورچەی پرسی:

– لە کلۆدیوس چ خەوەر ؟

ورچە وەڵامی دایەوە:

– ئەوە شەش مانگ دەبێ نەمدیوە.

– من جارەوبار دەیبینم. دیارە گرفتاریی زۆرە؟.

– چۆن دەزانی؟ ناو چاوانت خۆندووەتەوە یا ناڵەکانی؟

وا بڕوات کاری تەواوە. دەم دەم دێ و پارە و پوولێکی دەدەمێ. تا بە ئەوڕۆ درێغم لێ نەکردووە، هەموو کات ئاخ بۆ خاوەنەکەی دەخوا، پەشیمانە لە هاتنەکەی. دەیوت: (ئێمەی کەر ئەوە چەند هەزار ساڵە خاوەندارین و بێ خاوەن نەمانکراوە.. ئێستا بەم دەم و دەستە چۆن بێ خاوەن دەمانکرێت؟) هەرچی دەموت پێش ئەوەی بە زۆر خاوەنتان بۆ پەیدابێ هەزاران ساڵ رەگەزی بۆ ئازادانە و

سەروەرانە خۆیان بۆ خۆیان گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەی ژیانیان ئاسان دەکرد بە بوونی هەزاران هەزار جانەوەرانی خوێنخوار و هەزاران هەزار دیناسووریشەوە یا تۆ فێری نانی لەگامی و کاسەلێسی بووگیت؟ ئاو بە چاویدا دەچۆڕا و دەیلوشکاند و نەدەچووە ژێر بار.

– جا خۆ ئێستاش لە زۆر گۆشە و کەناری دنیادا زۆر لە رەگەزی ئەو لە مێژەوە تا بە ئەورۆ سەربەخۆیانە و بێ خاوەن ژیاون و دەژین و کێویلە و دوور لە ئاوەدانی بەختیاریشن.

– ئەم قسانە ناڕواتە گوێی کلۆدیوسەوە.

– دەزانم بەڵام خۆمانین کلۆدیوس بە تەواوی رەفتار و کرداری ناشیرینییەوە حەقی بە سەرمانەوە هەیە. ئێمە نابێت چاکەی خۆی و خاوەنەکەی لە بیرکەینەوە.. بەشبەحاڵی خۆم دەرحە ق بە کلۆدیوس هەرچیم لە دەست بێت دریغی لێ ناکەم.

# ٢٣

هەستیان بە پەلوپۆیان نەکرد، ئەندامیان سڕ و تەزیو بەسەریەکدا تۆپەڵ و تێکەڵ بووبوو.

تەنیا هەناسەدانێکی بێ تاقەتانە و چاو هەڵهێنانەوەیەکی نائومێدانە نیشانەی ژیان و مانی وەدەرخست، چەند دانەیەکیان هەر لە هەفتەی یەکەمدا سەری تەسلیمیان داهێنابوویەوە و گیانیان ساردبووبوویەوە، لە ئەنجامی جووڵانەوەکاندا لەشە ساردەکان داخزابوونە ژێرەوە، زیندووەکان سفت و سەخت ترنجابوونە یەك، تەنگی و ترشیی قەفەسەکە بە ئەندازەیەك سەخلەت بوو، گمێز و گوو.. لەشی ساردەوە بوو.. نیوەگیان و بێ هێز و دەرماندە و برسی، هەر هەموو چوو گلۆڵە بەنێك پەلوپۆیان یەك، پۆزە لەناو گەڵدا، کلك بەلای برناخ و کەپوو لووتەوە، پەنجەی پا لە نێوان تێ ترنجاویی شان و ملی دوو گەماڵەوە هاتبووە دەرەوە پۆزە بە سەخلەت کونە لووتەکانی روو بە ئاسمان رەشی دەکردەوە بە دژوار هەناسەی دەدا و نەرمە جووڵانەوەی پەڕەی کونە لووت نیشانەی تەنگەنەفەسیی وەدەرخست. هیچ کامیان خاوەنی ئەندامی خۆیان نەبوون، هەر جووڵانەوەیەك دەبووە هۆی تێکچوونی دەق و تەرازووی تۆپەڵەکە و ناخۆئاگا دەکەوتنە تەقالای هەناسەدانەوە، بازێك لرخەلرخیان پێ دەکەوت و سەرئەنجام وردە وردە دەتاسان و بێدەنگ دەبوونەوە.

مام وەڵفی بێ هێز و ناتوان و نائومێد نەرم چاوی هەڵهێنایەوە پۆزەی سەگێکی لە خۆ بێ تاقەتتری بەلای قەپۆزەیەوە هەست پێ کرد، هێند ده ترنجابوونە یەك سمێڵەکانیان تێکەڵ بووبوون، ئاوڕێکی وردتری دایەوە بە ل ەرزینی پێستیی سەرچاوی سەگەکەدا زانی یەشتا گیانی تیا ماوە. بێ تاقەتا نە وتی:

– هەی.. هەی هەی.. تۆ.. گوێت لێمە؟

سەگە هەراو بێدەنگ لە خەوی تێکەڵ بەبێ هۆشیدا گێژ و مەنگ و لوول بوو!

مام وەڵفی بەقەپۆزەی پێوەیژەندو دیسانەوە وتی: لەگەڵ تۆمە.. یەشتا ماویت؟

سەگی نیوە بێ هۆش.. چۆن تاو لنگەی دەروازەیەکی قەبە و سەنگین و پانوپۆڕ لەسەر گێژەنگە بچەرخێ و بە جیڕ جیڕ بکرێتەوە، گوێی سووك چیرەی پێستی چاوی دەبیست چاوی هەڵهێنایەوە. نائومێدانە وتی: چیتە کابرا! بۆ دانامرکێیت؟

– دەڵێم ئەمانە تاکەی لە ئێمە ناپرسنەوە؟

– تا گیانت تیا بێت. کە تۆپیت ئەو حەلە بە دوای پێناسەتا دەگەڕێن و ورد دەبنەوە.

– لەسەر چی وامان لێ دەکەن؟ ئاخر بابە. پرسیارێك، لێکۆڵینەوەیەك، پشکنینێك، دادگەیەك؟! تۆ هیچ لە خۆتا شك دەبەی؟ من کە نایبەم؟.

– ئا.. دەیبەم.. تۆش وەك من تاوانباری. ئێمە سەگین سەگ. بۆ تێ ناگەی؟ بۆ ئەمانە دەڵ و گەماڵ و توولە و پیر و رەش و سپی و زەرد و بۆریان لا یەکە! سەگ سەگە.. چ خاوەندار و چ بێ خاوەن بە یەك دار لێ دەدرێن. تۆ دیارە خاوەنداریشیت.. هەیشی؟ نا.. ؟

– با.. راست دەکەی. خاوەندارم و لای خۆی بە دەست رۆیشتوو و دەمرا ستش دەزانێ.. دیارە ئەویش دەستی خستووەتە سەر کلاوەکەی تا با نەیبا، ئەگینا بە دواما دەهات.. ئێمەیان لە ماڵ هێنایە دەرەوە خۆ نە ئەهلی نێو کۆلانان بووین، نە کارمان بەکاری کەسەوە بوو. دیارە رەشبگیرییە.. رەشبگیری.

– لە کوێی کاری.. لە بێ خەبەر دەچی؟ تا بە ئەمڕۆ دەخلیان نەکردووین لەبەر برادەران بووە.. وا کران بەودیودا، ئەودیویش نان بە نرخی رۆژ دەخۆن، هەر چەنێك بن لە ئێمە لە ناوبردنا یەکن و واش دەبینی تۆڵە لە ئێمەی پیر و پاتاڵ دەکەنەوە.

– چ تۆڵەیەك؟ ئەوەتەی لەم وڵاتەدا ژیاوم.. رۆژانە کۆمەڵ کۆمەڵ لەناوبراوین. تاوانبار و بێ تاوان وەك یەك لە قەڵەم دراوین!

– بەلای ئەمانەوە. ئەوەی تۆ دەیلێی قسەی موفت و خۆڕاییە ئەگینا خوێنەخوارەش وا لە دوژمنی خۆی دەکا؟

– بێ خاوەنین بێ خاوەن. تۆ بزانە چییان بەسەر هێناوین کەسێك لەسەرمان هاتە جواو.. کەسێك وتی بارتان بە چەند؟ بڕوخێت هەرچی ئەنجوومەن و ڕێکخراوی بەرگری لە مافی ئاژێڵانی دنیا، بڕوخێت بتە ناسراوەکان

– تا بە چاوی خۆم نەمدیبا باوەڕم نەدەکرد ئەم هەموو ڕێکخراو و کۆمەڵگەی پارازتنی مافی ئاژێڵ و بەزەیی بە ئاژێڵ هەر هەمووان ماڕکەیە دەینێنە ژێر مریشك تا ببێتە هێلکە. حەیف بۆ ئەو هەموو ئاوات و ئارەزوو لەبارچووانە. حەیف بۆ ئەو هەموو ڕێز و حورمەتەی لە ئەندێشەمدا دەمپەروەراند... دەنواڕی لەم چوار تەنیشتەدا بێ نرخترین و هەرزانترین شت روح و ڕەوانی ئێمەی سەگە.. تۆ دەڵێی چیمان لێ دەکەن؟

– ئەوەی ترسیان لێ بێ و بزانن کەڵبەدارە لە ناوی دەبەن. پیر و پاتاڵەکانیش بەرەو خواردە بەن.

خرمەی چەکمەی پای چەند کەسێك لە قەفەس نزیك بوونەوە.. یەکێکیان سۆندەی ئاو بە دەست، دەمی سۆندەکەی بەرەو نێو قەفەس گرد و ئاوپڕژێنی دەست پێ کرد. کلیل بە دەستێك دەرگەی قەفەسی کردەوە، چەکمەڕەقان دووان دووان چوونە ژوورەوە، هەر یەکە گوێی سەگێکیان دەگرت و لە حەوشەی بەندیخانەدا تووڕیان دەدا. لە پشتی بەندیخانەوە چاڵیان کەندبوو.. هەرچی لەشی بێگیان هەیە لە پیکابیان بار کرد و لە چاڵیان هەڵڕێژا و سەریان داپۆشی.. بە سبەینێدا هەرچی سەگی بەندیخانەکانی تر بوو.. ئەوانەی گیان سەخت بوون و تا ئەو حەلە مابوون.. لە جێگەیەکدا کۆ کردەوە و بەرەو خوار ڕەوانە کران.

## ٢٤

لای ئێمە و ئەم دەور و بەرەدا..

ئەو دڵەی وای دەردەخست لێوان لێوی میهرە.. لە عاستی ئێمەدا. ئەو کەسەی وا دەزانێ شمشێری رەوایە.. ئاگری کوانووی بلێسەدارە و گڵپەی بۆ هەتا هەتایە.

خواوەندی سەرزەوییە.. زەردەشتە.. ئاهورایە.. سێوەری خوایە، بەو هەموو وتە و بەڵێن و پەیمانەوە.

چ ئاسان رەشماڵی شڕۆڵ و کۆنەساڵی دا بە دەم با و گەردەلوولی زەمانەوە!

کاکە.. بەفیرۆ بەهارە ریز کراین.. پایز دەستی ناوەتە بینمان نامەرد چەقۆی گیر کردووە لە برینمان.

دالانەکان پڕ لە ئێمە.. بە نەك بڕاو. رسکراو. شەتەکدراو هەموو تێکڕا بێ چاوساقە.. بێ سەرە.. بە پسووڵە بڕۆ. بە پسووڵە وەرە.

هەر خەڵکە و بەرەو کوێرەدێ هەواڵە دەکرێ.. هەناسەدان بێ پسووڵە ناکرێ. بۆ هەر کوێ دەڕۆین سیخورمەیە ژانی بندەست و قەبرغەیە.. زمان چەرخان لەبارەی ژیان یاساغە و قەدەخەیە. پسووڵە ئاغا و چاوساق و کوێخای سەردەمە.

وشەی (بۆ) بڤە. یاساغە. نەبووە. نییە. نامۆیە. گومە!.

لەنێو دەست و بازووی پڕ درۆ و دەلەسە و پەنجەی بەشەردراین تێکڕا لە بەندێکی راستەقینەی بێ دەر و دەروازە و پەیکەردراین هەروا لەش و روحلەبەرانی بێ روحە. هەر هەموو کە ژێکن لە گۆڕستان. گۆڕ و مەزاری ئارەزوو جوانەمەرگەکان.

کاکە ورچە...

لە ڕاڕەوی دالان و خەیمە گا و هۆڵا دەسووڕێین و دەچەرخێین بەدەوری داهۆڵا!

ئیتر مەپرسە!

لە هەرچوار لاوە حەیرانە. لاوکە. هورەیە. ئای ئای دەمی برینە. لاچۆ. مەکە. نییە. نابێ. ناکرێ. تێخوڕینە. برا..

پەل و پۆمان لە ژێر ئاوارایە. بانگەوازی نەمانە. زەبوونی سارەبانە و شۆڕەسواری گۆڕەپانە.. رووخانی ئەندێشە، هەڕوژانی باوەڕ ڕامالێنی نەء.. هەرەسی هیناوە.

نییە دادرەس.. لوورەمان ناگاتە کەس.

من و ئێمە و ئەوان.

بڕکە بڕکە، کۆمەڵ کۆمەڵ. یەك و تاك و دووان

شار، دیار، رۆژهەلات، خۆرنشین. ژووری ژوور، دووری دوور. سەربەرەوخوار دەپارێینۆ.. دەلالێینۆ. هاوار هاوار.

نییە دادرەس. لوورەمان ناگاتە کەس.

برا.. بێ شەرمانە خوێڕیی زەمان تێ بۆ راومان. چ بە ئاسان نێچیری راوین.. جۆبلاوە.. تەب دراوین. هەزاران هەزارمان لێ مرد. نەبوو بانگەوازێ بلێ ئادەی خەلکینە گەنم گرد.

کاکی برا.. ورچەی ئازیز:

ئێستاش چاوساقانی دەستگاهـ هەر هەموو پەلەکێش دەکن، تەپاوتل پایان ناوەتە رێسی مل.

کڕنوش بۆ بت و بتخانە و پەرستگاهـ

هەر توانایە و توونا و توونە..

هەر نێرە گیانلەبەرە داماو و زەبوونە..

جۆ بلاوە.. تەب دراوین

هەڵ دەدرێین، تووڕ دەدرێین، بەرەو هەزار بە هەزاری هەڵدێر گاهـ.

«لە هەر چوار لاوە شاییە بەڕیزە

خەنەبەنانیان خوێنی ئازیزە»

کاکی برا..

ئاوایە ژیانەکەمان.. هەی بەر ئاوردی دەکەم و هەڵی دەسەنگێنم پێم وا نییە جارێك بەم زووانە بمان هێڵن لە کەژ و کێوەکانماندا ئاسوودە بژین. بە ئاسانی لێمان ناگەڕێن.. نا گەڕێن.

جا بۆیە من و گورگە وا بە چاك دەزانین ئەگەر بتوانی و بۆت بکرێ بەڵکو پسووڵەیANST مان بۆ هەواڵەکەیت تا بەرەو لاتان وەڕێ کەوین.

ئیتر سەرت نایەشێنم

دالانی سنە

قوتە/ ١٩٧٥

– چاوت لێیە چییان بەسەر کەسوکار و خوێش و دیاری ئێمەدا هێناوە؟ دەنواڕی چ بێ نرخ و بێ بایی، بە خۆڕایی بە هەزاران تووڕ دەدرێینە خانەی پڕوپووچ و پڕ لە رسوایی؟ چەند هەزارەیە بێدەنگ پێشێل دەکرێت.

– وا نازانیت زۆربەی زۆری ئاوابوونتان خەتای خۆتان بێت؟

– با بەڵام لە بیری نەکەین زۆر جێگە و شوێن و دەست و توانا لە تەقەلادایە بۆ ئاوا ڕاهاتنمان. گەرچی ئێمەش بۆ خۆمان وەنەبێت بێ تاوان بین.

– لەم رۆژەدا (نەزانین) تاوان و گوناحێکی گەورەیە! بەتایبەت بۆ ئەوانەی خۆیان بە دەم چەرموو و چاوساق دادەنێن.

– قسە هەزارە و یەکێك بەکارە. بۆ کاری ئەو برادەرانەت لە کوێوە دەست پێ دەکەی؟ وەك دەزانی پسووڵە هەناردن بە هەموو کەس ناکرێت و بە ئاسانی نادرێت.

– جارێك گێژم و کەس شك نابەم، بەڵام هەروا ڕاناوەستم. دەبێ لە جێگە و شوێنێکەوە دەست پێ بکەم.

– جا بۆ گێژی؟ تۆ کە برادەرێکی دەست رۆیشتوو و سەرشوناسی وەك تێ بووت هەیە خەمت چییە..؟ خۆمێنگینەی ناسراو لەم ANST نییە نەیناسێت، یان

نەیكردبێتە دەروێش و پەیڕەو و سەرسوپوردەی خۆی.

– لەو بیرەدا نەبووم.. خۆ وەڵڵا ئەم كارە هەر بە ئەو دەكرێت دڵنیام تێ بوو هەرچی لە دەست بێ بۆمی دەكا.

– دەڵێم با بەسەرپایەك سەرێ لە مەیخانەی ئەسپی سپی بدەین و دەم لێوێك تەڕكەین.. دەڵێی چی.

– خراو ناڵێی فرە تێكەڵ و پەرۆش و ئاشوفتەم. نامەكەی قوتە گڕی تێ بەرداوم!

– سەختی لی مەنوە! زۆری بە دەمەوە ماوە. لێ گەڕێ با بڕۆیین! زوربەی زۆری ئاژێڵەكانی رۆژهەڵاتی دوور مەیخانەی ئەسپی سپییان كردبوو بەمۆڵگەی خۆیان لەوێدا كۆ دەبوونەوە و دەمیان تەڕ دەكرد و خەڵوەتیان دەكرد. ئەسپی سپی لەلایەن پیرە گەماڵێكی هیندییەوە دەگێڕاو دەبرا بە رێگەوە.

هەر لە دەر و دەروازەی مەیخانەی ئەسپی سپی دەرۆیشتی بە ژوورا حورمەت و رێزی بیروڕای فەلسەفی و زەرافەت كاریی ئەفسانە و جادووی رۆژهەڵات ترسێكی روحانی و تەوازوعێكی راستەقینەیی دەخستە دڵانەوە. نەرمە مۆسیقا و نەی و سازی پڕرازی فەلسەفەی رۆژهەڵات خەلسەیەكی سوكر ئامێزی دەدا. رەنگە ئاینییە توندوتیژەكانی دەر و دیوار و بنمیچ و زەوی و تابلۆ، سنگ و پێش خوانی باڕ.. هەر هەموو.. بۆن و هەناسەی شەرقی دەدا. شەرقی زستان و پایز و بەهار و هەتاوەكەی.. شەرقی خەمگینی ئەفسووناوی! مەیخانە زللەی دەهات، بە سەخڵەت هاتوچۆ دەكرا. ورچە و لوشا لە كەناری پێش خوانەوە جێگەیەكیان وەچەنگ هێنا و لەنگەریان خست و چاوەڕوان چاویان بە دوای نۆما ماینە یاڵ زەردە بادەگێڕەكاندا دەگێڕا.. لە پڕ دەنگێكی كەرخ و گرێدار وەك لەناو بەرمیلەوە وەدەربێت لە پشتی سەریانەوە وتی:

– بەخێرهاتن بەسەرچاوان.

ئنجا بە ورچەی وت:

– هەر لە دەرگە هاتیتە ژوورەوە. ناسیتم... دیسان بەخێر هاتی.

ورچە بە سەرسامی ئاورێکی لە لوشا دایەوە و رووی وەرچەرخاندەوە لای پیرە گەماڵ و وتی:

– ببوورە. لەگەڵ منتە؟

– بەڵێ. برای ئازیز. دۆستی فامیلیام!

– من یەکەمین جارە دێمە ئەیرا. پێم وایە تا بەئەورۆ یەکترمان نەدیبێت.

– راست دەکەی یەکترمان نەدیوە بەڵام بۆ من رەگەز و کەسووکار و وڵاتی تۆ ئاشنایە و بێگانە نییە. باپیرەم هاتووەتە وڵاتەکەتان. لەبارەی رەگەز و وڵاتی ئێوە یاداشتی فراوانی نووسیوە و چەندان وێنەشی لەگەڵ نێرە گەماڵانی ئەودەمی لای ئێوەدا گردووە. هەر هەموویانم ماوە. سەیر دەکەی ئەم دنیایە چەندە بچووکە. بەئاوات بووم یەکێك لە ئێوە ببینم. باپیرەم تەواوی رووداوەکانی ئەو سەردەمەی نووسیوەتەوە لەبارەی خەڵك و بناری زاگرۆس و رەفتاری سوپای لیڤی و ئاو و هەوا و دار و بەرد و تل و دەوەن و ئیتر هەر هەموو شت.

دەنگێکی گڕی خاو و خلیچك نەوای سەرخۆشی تیا دەبیسرا قسەی پیرە گەماڵی هیندیی بڕی و کلۆدیوس لە تەنیشت ورچەدا پەخش و بڵاو و شل و شێواو لێی دانیشت. لە سەرخۆشیدا بە حاڵ چاوی هەڵدەهاتەوە.. لیك بە دەمیدا دەهاتە خوارەوە. خەوەنووچکە دەیبردەوە. پیرە گەماڵ چاوێکی لە ورچە داگرت و بە هێمنی وتی:

– دیارە لە مێژەوە یەکتر دەناسن و لەوەش دەچێت هاورێ بن؟.

– راست دەکەی. هەر واشە.

– کەوایە. بابزانیت.. ئەم برادەرەت وا بڕوا کاری تەواوە. کات و بێ کات سەرخۆشە. پێویستی بە یارمەتی هەیە.

کلۆدیوس سەرخۆشانە قەپۆزەی بەرەو دەر چەرخاند و یەکێك لە گوێیەکانی شل و شێواو و تەپیو بەلا پۆزەیدا وەك خاولییەکی ژاکاوی بە دیوارا هەڵواسراو شۆڕ بوویەوە، لەسەرخۆ وتی:

– ئەمە وەزعە تێی داین؟ ئەو هەموو تەقالا و کوێرەوەرییەمان بۆ ئەمە چێژا؟

دەنواڕی چەندە هیچین؟ چەنێك سەردەرگومین و.. خویڕیی وڵاتانین.

– باشە چیت لێ قەوماوە؟ چیت کەمە؟ نە تێخوڕینێك.. نە بێگارێك.. نە زۆردارێك؟! ئازادی.. ئازادی.. ئازاد نیت؟ بۆ وات لە خۆ کردووە؟ هەر نەبێت بە من بڵێ. لای خۆ ئێمە هاوڕێی تێکۆشانی یەکترین. دەبێ بە دەم یەکەوە بین؟.

– کاکە ورچە تۆ تێم ناگەی. من ماندووم. ماندوو. تا دەڕوا ماندووتریش دەبم!

– ئاخر کام کار، کام بار؟ ماندووی چیت؟ کابرا تۆ نەگبەتتە نەگبەت یا لێت قەوماوە.. کامیان؟

کلۆدیوس هاتە لووشکە و فرمێسك بەچاوە خەواڵووە داقلیشاوەکانیدا چۆڕایە خوارەوە بە دەم گریانەوە وتی:

– نە. وا نییە. قەینا کەرم. بەڵام وا نازانم نەفام و نەگبەت بم. ڕاست دەڵێی دەم بۆ هەرچی دەبەم بێ دەردەسەر دێ بەدەممەوە، هەرچی بە دەمیشما بێت دەتوانم بیڵێم، هەرچی هەوەسیشم هەبێت دەیکەم.. ئەم ئازادییە بێ دەر و دەروازەیە کوشتوومی، هاڕاندوومی ئێش و ژانی بێ ترسی بە کەم دەزانی؟ ترسی بێ ئالکی. ترسی تێهەڵدان.. بەستنەوە. بێگاری. نەسەڕین. ئەم ژانانە هەروا بە دەم ئاسانە. ئەمە بەرەڵاییيە.. بەرەڵایی

– کابرا نەگبەتتە.. نەگبەت!

– کاکە تکایە تێم بگە. غوربەت. ئا.. غوربەت. پەرێشانی کردووم. بیری خاوەنەکەم دەکەم.. لەیرا زیندەگانیم پێ ناکرێ.. سەختم لێ دەگوزەرێ.. دەمەوێ بگەڕێمەوە! ئەم جورە ئازادییە دەست کردە

– بۆ کوێ؟

– بۆ لای خاوەنەکەم. نامەشم بۆ نووسیوە.. زۆری لاخۆشە بگەڕێمەوە.

– ئیتر مەیرێسە! وا بڵێ.. بڵێ بێ خاوەن نامکرێ.

– تن مەڕۆ!!

– نەخێر ئەمە کاسەلێسیی پێ دەڵێن. هۆکارەی ئاخوڕی نامەردی بووگیت، بۆیە ئەوەندە بێ دەربەستی.

– ئاگات لە قسەی خۆت بێ!

– دیارە بە ڕەنگ و ڕواڵەت و پەرۆشیدا دەردەکەوێ چەندێك بە عەزرەتی دیسانەوە کورتانی خاوەنەکەتیت. ئەگینا غوربەت بۆ من و تۆی بێ هێلانە و هەوارگە هەموو جێگەیەك وەتەنمانە. تازە لەم هەوارگەدا هەر نەبێ.. هەر نەبێ خۆ ئازادی.

– ڕاست دەکەی ئازادم. بەڵام ئەم کراسەی لەبەریان کێشاوم، ئەم کورتانەی لە پشتیان ناوم بەلەشم گەورە و زلە، بە قەرز پێم دراوە، خۆم دەخەڵەتێنم مادام لە وڵاتی خۆمدا ئازادییەکی دەستی دووم پێ سازکارتیرە هیچ لام پەسەند و بەنرخ نییە! ئاوا ئازادییەك

ورچە و لوشا هەستانە سەر پا و چەند هەنگاوێك ڕۆیشتن، ورچە دیسانەوە گەڕایەوە و وتی:

– دەمەوێت ئەوە بزانیت من تام و چێژی ئازادیم چێژاوە و لە ڕێگەیشیدا دەکۆشم و ڕێزیش بۆ بیروباوەڕی خەڵکیش دادەنێم، بەڵام تۆ بەم بیروباوەڕەوە شەرمە باسی کەسایەتی و ئازادی دەکەی. ئێوەمانان هەموو کات هاوڕێی نیوە ڕێگەن. بابەتی ئێوەیە نرخ و باییی ئێمەی بەلای بەشەرەوە داوە بە بادا. زۆر نییە ئێوەمانان پەروەردەی ژێر سێوەری داری زەقنەبووتن.. زەقنەبووت. ورچە بە پەلە بەرەو دەرگە وەڕێ کەوت کلۆدیوس هەستایە سەر پا و دەیوت:

– ئاتۆ مەڕۆ با لەیەك تێ گەین.

ورچە هەڵوێسایەوە و بە تووڕەبوونەوە وتی:

– لاچۆ.. خوێڕی!

– قەینا ڕەنگە خوێڕی بم، بەڵام خوێڕیبوونی من.. هەر دەمێکە و سەردەمێکە. ئەتۆ خوێڕیی ڕاستەقینەی بێ ئەوەی بەخۆت بزانیت کاسەلێسیشی.. دڵنیا بە.. بناری کوردوستانەکەت ببێتە بەهەشتی رووی زەوی.. تۆ و ئەوانەی وەك تۆ وان بۆی ناگەڕێنەوە.. تازە فێری ئەم نان و نەوایە بووگن بە دەست و چنگ گردوتانە و بە جێی ناهێڵن.. دونیاش زۆر بچووکە.. یەکتر دەبینینەوە! ورچەی بەڤیرچی بوو

# ٢٥

هەر گوریسێك ڕێ چرایەكی پرۆژەكتۆریان بڕیبووە تەلبەنەكە و لە چوار سووچی تەلبەنیشدا یاساوڵ و قەرەوڵیان پەخشاندبوو. تەلبەن بەرزەباڵایەك تەیمان چنی تەلی دڕكدار كرابوو.. دڕكی تەلەكان موو و تووك و كاغەز و گونیە و نایلۆنی پێوە چەسپابوو. لە بنیشەوە قوتووی خاڵیی ڕۆنی شاپەسەند و كارتۆنی قوتوو شووشەی سەوزی ئاوجۆی بۆش و بەتاڵ دوور و نزیك وەدی دەكرا.

باكە دەهات كاغەز و نایلۆنە هەڵواسراوەكان ترپە ترپێكی ناڕێك و نامەوزوونیان لێ بەرز دەبوویەوە.. تا با دەیلەخشاندن باشتر لە دڕكی تەلبەن دەچەسپان و پێوە شەتەك دەدران.. بازێكیان هەڵەشانە لە دڕك دەبوونەوە.. چوو كارە كۆڕپە و بەرخێك لە كۆزەوە دەربێن با گەوجانە دەیهانینە سەما و دەیڕفاندن و پێچ و لوولی پێ دەدان و لە دالان تەلبەن دووری خستنەوە! تەنیا دەرگەیەكی سەرەكییان لە باشووری تەلبەنەوە كردبوویەوە بەچەپ و ڕاستد دەرگە بەچاو دەپێورا لەلایەن چاوساقانی كۆمەڵگەی هەشتەمەوە هەر هاتوچۆ كەرێكیان پرس و جۆ دەكرد و پسووڵەی گوزەریان لێ داوا و هەواڵ پێچ دەكردن. خەڵكەكە نیازیان بەپسووڵە پەیدا كردبوو. دەكۆشان بە هەر جۆرێك بووە هەوڵ و هەناسەیەك دوور لە ژێر چاودێریی یاساوڵانەوە تازەكەنەوە، زۆر كەس بەیانیان لەبەر دەرگەدا كۆ دەبوونەوە و كەم كەس پسووڵەی وەچنگ دەهێنا. پسووڵە بە دزی و ئاشكرا دەفرۆشرا.. هەشتەمییەكان چەند دەڵاڵێكیان لەناو ئاژێڵەكاندا بڵاو كردبوویەوە. بۆ بە باییكردنی نرخی پسووڵە ڕۆژ بە ڕۆژ هاتوچۆیان سەختتر و دژوارتر دەكرد و قەدەخەیان دەخستە سەر هەموو جووڵانەوەیەك و ڕەفتاریان توندوتیژتر دەكرد و نرخی پسوولەش ڕۆژ بە ڕۆژ بەرزتر دەبوویەوە.

دالان لە كەوانەی شارەوە لە پشتی كوچكەرەشەوە چوو جانەوەرێكی بێزیاو و

واگیردار پەلوپۆی پەخش کردبوویەوە و نرکە و ناڵەی لە گەروودا تاسێنرابوو. ئەگەر نووزەیەکیشی لێ وەدەرهاتایە باری گران و سەرما و سۆڵەی بەفری لە زەوی نیشتوو دەیرچاند و لە ئاسماندا سفت و سەخت دەیبەست.

چادرەکان ڕووپۆشێکی نایلۆنیان بەسەردا کێشرابوو. سەرما و سۆڵە چوو تەختەدار ڕەپ و ڕەق هەڵیانی وەستاندبوو تاروپۆیان ئەڵماسەی ئاوی ڕچاویان تیادا دەبریسکایەوە. سەرمابەری نەرمە لەخشین و سەماو هەر جووڵانەوەیەکی بڕیبوویەوە. هەموو شت ئاوتێزاو، ڕەپ و ڕاوەستاو، بەستوو سارد و بێ گیان جگە لە بریسکە و بزیسکەی گەوجانەی ئەڵماسەی ڕەچاونەبێت سەرما و سۆڵە کەنینێکی ساردی دەنواند، دەروون و ناخی سڕ دەکرد. چمکی چادرەکان. پەلوپۆی بەن و گوریسە شەتەك دراوەکان بە زەنگوڵەی بلوورینی ئاوی ڕچاوی چلچرا پیا هەڵواسرابوو. نەخش و نیگارێکی سروشتی شکڵ و شەمایلی جۆراوجۆری پێك هانیبوو.

تووڵە ڕێگە لە نێوان داڵان و چادرەکاندا بەستو داکشابوو، بە دوو لای تەپۆلکەی بەفری بەستوو نەرمە توێژی بەفری فشۆڵی تازە داباربوو کفنی لەبەر گۆشە و کەنار هەڵکێشابوو خاڵ وەدی نەدەکرا، هەموو شت ڕچاو. بێ گیان. بێ جووڵە بێ ڕوح. بێ تاو.. دەموچاو تفت و تاڵ و ترش دەینواڕی، ساردوسڕ و سست. پەست و بێ مەبەست هاتوچۆکەران بێ دەربەست لە ساردی بۆ متمانەی زێنووبوون بە تووڵەڕێگەدا خوار و زەبوون دەهاتن و دەچوون.. لە دوورەوە دامێنی کوچکە ڕەش شین دەنوا، تارمایی تل و گابەرد و تاش و کوچکەکانی چوو گیانلەبەرانی ڕچاو دەهاتنە چاو. گورگە بە چووقە چووقی کەڵبەوە خۆی کرد بەچادرا، قوتە کەرخی سەرما لمۆزی دابوو تەمەڵانە چاوی هەڵهێنایەوە. گورگە تووڕە و ئاڵۆز وتی:

– ئیتر پێمەوە نەماوە. سەیر دەکەی چ لۆتی بازاڕێکە. خۆ دەبێ بە هەزار ساز هەڵپەڕین تا خۆراکێك وەدەست بهێنین.

– لە کوێتە جارێك. با ئاوارەگیمان درێژا کێشێ و ماوەیەکی تر بمینێینەوە و هەراشەکان وردبنەوە ئەو حەلە سەیرکە چۆن کۆرپە بە بەری دایکەوە دەفڕینن.

یەشتا تازەین و رووومان لە یەکتر نەکراوەتەوە.

ئەمانە توخماتی قزڵباشن. قزڵباش؟!. حەوسەڵەت هەبێت، مانگانمان کێشاوە رۆژانیش دەبەینەسەر.. وا ورچە پسووڵەی بۆ ناردووین و چەند رۆژێکی تر وەرێمان دەکەن. دان بە جەرگی خۆتا نێ.

– دەڵێم خۆ دەڕۆینە سەر وەعدەکەی ( زیتەڵ)دا..؟

– ناڵێی چۆن؟ کڵاوی سەخرەجن لەسەر کەین.. بەم هەموو چاودێری و سیخوڕەوە بەبێ پسووڵە چۆن بڕۆین؟ یا هەڵفڕین؟.

– خەمیت نەبێ. بە ئاسانی بۆی دەردەچین.

– پسووڵەت بە دەست هێناوە یا چی؟

– قسەی عەجایەو دەکەی! رووتەیەکی وەك من پسووڵەی چۆن پێ دەستێنرێت؟

– ئاخر وتم بەشکەم بۆت چەرخابێت؟

– هەر کاتێك شەموو لە مانگ بڕا.. ئەو حەلە بۆ ئێمەش دەچەرخێت. با شەموو لە مانگ ببڕێت.

– کەواتە هەڵدەفڕین. لێ گەڕێ لەسەر سەفەرین.. دوای تۆش دێین.

– نەخێر هەر دەڕۆین. زەویی ژێر تەلبەنەکەم هەڵدڕیوە و داشم پۆشیوە.

– لابە.. لێ گەڕێ.. بەم سەرما و سۆڵە بۆ کوێ بڕۆین؟ تف هەڵدەی دەمەیی. زیتەڵ ئاگاداری وەزعەکەمانە.

– من هەر دەڕۆم.. دەمەوێت دوور لە تەلبەن، چاودێری هەناسەیەك دەم. هەناسە.. وا بڕۆم دەپڕووکێم.

– قەینا دەڕۆین، بەڵام بەم شەوە لە شاردا وێڵان دەبین. کێ دەڵێت زیتەل دەدۆزینەوە. تازە سبەی دەیانەوێت ئازووقەمان بەسەردا دابەش بکەن.

– هەی باوە.. تۆیش بەم قسانە دڵت خۆش کردووە. ئەوە بیست رۆژە دەڵێن ئازووقە دابەش دەکەن. سبەی.. سبەی چیتە؟ سبەیشیان ناو. سەوز نەبوو.

لەژێرییەوە بە ئاسان تێپەڕ دەبیت.

– با بڵێین راست دەڵێن و ئازووقەش دابەش دەکەن. لە دز و دەخەل دەمینێتەوە تا بگاتە من و تۆ؟ ئێمەی هەردەم برسی باکێکمان لە برسیەتییە؟ سەمەندەر و لە ئاگر ترسان؟ زۆری لە یەك مەدەرەوە..

دەمەوبەیان بۆی دەردەچین.

سۆزێکی ژاناوی.. ئای ئای و قەتاری دەوت: چیرۆکی دەرد و گەردی غەریبی و ئازاری دەوت.. ئای.. یی.. ئای وەخۆم ئای.

گڕ و گڵپەی دەروونی من

فرمێسکی گەرمی روونی من

هەزار بیر و بۆچوونی من

دەردی دەروون دەوا ناکا

تۆفان خەمم بە با ناکا

کەژی داخم

بیر و ناخم

پرووسکاوە

باخچە و باخم

مەرگیش دەردم دەوا ناکا

زەمان ناڵی ڕزاندووم

منم ماوم. نەمردووم

گیان سەختم یەشتا زیندووم

مەستییش دەردم دەوا ناکا

تۆفان خەمم بە با ناکا.

تۆێژێکی ناسك بەفر بەسەر زەوییەوە بەستبووی. گورگە بە کەڵپە توێژی سەر کەندرەکەی شکاند و پەیتا پەیتا بە هەردوو چنگ خۆڵ و کۆڵ و بەفری لە نێوان

پاشوویەوە خەرمانە کرد و تاو تاو ئاوڕێکی لە چەپ و ڕاست دەدایەوە. بوردی پـرۆژەکـتـۆرەکـان نـەدەگـەیشتـە حـەنـاسی گورگـە و کـەندڕی بـە وردی خستبـوویـە تـارمـاییـیەوە. زۆری نـەخـایـەند قوتـە و گورگـە لـەژێر تـەلبـەنـەوە فرتـەیـان بۆ کرد.

ئـاسمـان سـایـەقـەی سـامـاڵ.. ئـەستێرەکـان عـەجوولانـە جریوەیـان دەهـات، زەوی لـە سـەرمـا گرمۆڵـە و گرژ و خـاو دەهـاتـە چـاو، بـا سـەری کرنۆشی بـە درەختـەکـان دادەهێنـایـەوە. دەشتودەر، دۆڵ و کـەمـەر کڕکـای کڕك سپی دەکردەوە. لـە ئـاسۆی کوچکە رەشەوە تـاڵی ڕۆشنـایی دەهـاتـە بـەرچـاو و بینـایی. تـوولـە نیگـاری دەرد و ئـازاری لـە لـەش و دامێنیدا تۆمـار و نـەخشـاندوو بوو. قوتـە و گورگە بـە پێچ پێچی بـاریکـەڕێدا گـەیشتوبوونـە نێو قـەدی و پـەیتـا پـەیتـا بـەرەو ترووپکـەی هـەڵدەکشـان، زمـانیـان لـەنێو کـەڵبـەکـانیـانـەوە شۆڕ بووبوویـەوە و تك تك عـەرەقی لـێ دەچۆڕا. گـەیشتبوونـە لووتکـە. لـە ئـاسۆی دوورەوە ڕۆشنـایی وەدی دەکرا. قوتـە هـەڵوێسـایـەوە و ئـاوڕێکی لـە بـاشووری دایـەوە.. خـاڵ نـەدەبینرا. جگـە لـە تـارمـایی خـەیمـەگـای دالان نـەبێت.. چۆن پۆلـە ریشۆڵـەیـەکی برسی و ئـاوارە سـەریـان کردبووە یـەك.

پوپـەی (ئـاویـەر) زەردیی شـەفـەقی لـێ نیشتبوو.. بـاوەهـوی بـەور چـاڵی و چۆڵی و گت و تلی پڕ کردبوویەوە. لووس و خز پۆپە و قەد و قامەتی تۆپز و گردەڵ نیو نیگا نـازی بـە کوچکە رەشی کۆنـەسـاڵ و بێ پـەڕ و بـاڵ دەفرۆشت. ڕۆشنـای « بـەیـان» شـاری سفرەتڵیش کردبوو.. شار خـەواڵوو تـاو تـاو لـە پێخـەفی خـەمدا نـەرمـە پـەلی دەکوتـا و هوشیـار و نیمـە نووستووبوو.. دووکـەڵ و هـەڵم و هـەڵا توێژێکی چڵکنی بـەسـەر شارەوە دەق پێ بـەستبوو.

گوڵدەستـەی منـارەکـانی (دارولئیحسـان) چـە قیبـوو بـە توێژی هـەڵمدا و لێڵ دەهـاتـنـە چـاو.. هـەتـاو خـانمـانـە سەری لـە دەروازەی گێتـی وەدەرهـانـی بـوو.. ئـەڵمـاسـەی بـەفری «ئـاویـەر» بریسکـە و بزیسکـەی چـاوی شـەرمـەزار و لـە عـاستی بـەرەو خوار و چوو کوچکە رەش ئـەفسوونـاوی دەکرد. هێندەی هـەنـاسـەی گـەرم و زەبوونـانـەی هـەڵکێشابوو لـە تـاوا.. لـە عـەزرەتـا کوچکە رەش عـاشقـانـە بـەرگی رەشی لـە بـەرکێشابوو.

کوچکە ملیۆنـەهـا سـاڵ تـەمـەنـای کرد، تـەقـالای کرد، سـەیری قـەد و بـالای کرد..

هیچی پێ نەبڕا کوچکە ڕەش جگە لە توانای باڵاتەنەی.. جگە لە نیوە ئاوڕ و زەردەخەنەی.. ئاویەری تەلەسماوی نەبێت!

شاری دەسەمۆی ژان لە ژیانێکی بێ بەهارا گوێگر و پەیامبەر بوو لە نێوانی دوو دڵدارا.. شاری عاشق، شاری شەیدای هونەر و بەستە و گۆرانی. شاری نەی و نەوا و هەزار ڕەنگ و مۆڵگەی ئاهەنگ.. شاری شیرین زمانی و جوانی.. شاری تاڤگە و چاوگەکانی.. سنەی بەزیوی دامێنی کوچکە و ئاویەر.

گورگە لە پشتەوە بەرەو خوار بوویەوە.. قوتە هەروەها مەنگی تەواشای شار بوو. گورگە هەڵوێسایەوە و وتی:

– تا باڵبازەکان نەکەوتنەتە ناو شار ڕێ کەوە بڕۆین.

– لێ گەڕێ باتێری تەماشا بم. بنوارە شار چ سەلار لەنگەری خستووە، بێ دەربەست لەوەی لە مێژا چی چێژاوە.. سەیر دەکەی چەن خانمانە پای ڕاکێشاوە؟!

– درەنگە، دوایی تووش دەبین.

گورگە خێرا کشایە خوارەوە. قوتەش بەدوایدا گل بوویەوە.. گەیشتوبوونە گۆڕستانی (نیو زیارەتان) پەلوپۆی درەختەکانی ناو گۆڕستان رووتەڵ با و سەرما هێنابوونییە سەما. کێلەکان بەفریان بە سەرەوە تۆپەڵ و مێزەرێکی سپییان بەستبوویەوە. ژنانی نێو گەڕەکی (خەسراوا) لە بەر دەرگەکاندا بەرزەباڵا ڕاوەستابوون. دووان و سییان بێ وەستان دەیانوت و دەیانوتەوە.. زرمەی دەهۆڵ و سرنا و بوقی و تەپڵ و مۆسیقا.. لە شەقامی شاپوورەوە دەهاتە گوێ. قوتە وتی:

– ماڵی خاوەنەکەی ( زیتەڵ)ت لە بیرە و دەیدۆزیتەوە؟

– پێم وایە لێم گوم نەبێت. لە نزیکی کۆشکەوەیە.. هەر ئەم کۆڵانە سەردەکەین کۆشکەکەمان لێوە دیارە. لە دۆزینەوەی ناترسم. دەترسم زیتەڵ لە ماڵ دەرچووبێت.

– مەگەر خۆی لێمان بشارێتەوە.. ئەگینا دەبێ چاوەڕوانمان بێت.

لەمانەش وەدەر زیتەڵ کەی ئەوەندە گورج و گۆڵە بەم بەیانییە بۆی دەرچووبێت.

زیتەڵ بەپێچەوانەی ناوەکەی تا حەز بکەی خاووخلیچك و لەسەرخۆ بوو بە توولەیی چاوێکیان دەرهانی بوو.. دەیوت لە شەڕەگەڕەکی نێوان قەتارچییان و جۆرئـاوادا لـە خـڕکـە بـەردی بـەردەقـانیدا پێکراوە، بەشەری نێو شار چاویان دەرهێناوە. ڕەقەڵ و لەڕ و لاواز.. گوپکەی پێشەکانی کلۆکی.. تووکی لە حەناس خۆ رووتاندبوویەوە. کۆکەی لێ نەدەبڕا.. گلێنەی تاکە چاوەکەی لەناو فرمێسکدا بەردەوام زللەی دەهات. هێندە لەسەرخۆ بە متمانەوە قسەی دەکرد و لەسەر قسە ڕادەوەستا گوێگری دەخستە گومانەوە کە قسەکانی لە بیر چووەتەوە. جاروبار خۆی لە ماڵی خاوەنەکەی گوم دەکرد.. ئەویش بە دوایدا نەدەگەڕا و دەیزانی پیر بووە و ئەگەر لەبەر قسەی خەڵکی نەبا دەمێك بوو خوێڕی کردبوو! چەند جارێك خۆی گەیاندبووە کەژ و کێو و هەر لەوێشەوە لەگەڵ قوتە و گورگەدا بووبوو بە ئاشنا.. باوەڕی بە ململانێی ملهوڕانە و خوێنڕژان و بیگرە دەری مەکە نەبوو. بە متمانەوە دەیوت:

– ئێمەی ئاژێڵ بەبێ خوێنڕژان تا چەند ساڵێکی تری دەگەینە مافی ڕەوای خۆمان.. ئەگەر باوەڕمان بە پێوەندی تێکڕایی و لێکۆڵینەوە و لە یەکدانەوەی زانستانە هەبێت. دیمەن و دیواری کۆشکی (خەسراوا) نیشانەی دەمڕاستی و دەسەڵاتی خوسرەوخانی والی دەگێڕایەوە، پەنجەرە و دەر و دەروازە و نەخش و نیگاری شاکاری ئاوازەی ڕێك و ڕۆشن دەدا بەدەستەوە... زیتەڵ لەبەر دەرگەدا لمۆزی دابوو.. هەر کە چاوی بە قوتە و گورگە کەوت نەرمە تاوێکی بەرەوڕوویان دا و چوو بە پیریانەوە.

– کەوتبوومە باوەڕێکەوە کە نایەن. وام دەزانی بە ئاسانی پسووڵە وەچنگ ناهێنن.. باش بوو وەدەستتان هێناوە؟

– نەخێر بێ پسووڵە هاتووین.

– ئایای.. کەواتە با خۆمان لە شەقامی شار نەدەین، لە شاردا هەرایە، جەژنی لەدایکبوونی شای بەشەرەکانە دەڵێم بەرەو زەفەرییە بڕۆین باشترە.

زیتەڵ چاوەڕوانی ئاو نەئی ئەوانی نەکرد و کەوتە پێشەوە و ئەوانیش بە داوایدا.

## ٢٦

نەرمە نەوای سێ تار ئارام ناڵە ژانێکی لە ناخ و پەلوپۆدا دەبزواند و کراسی خەمێکی ئەفسووناوی لە پەیکەری بیر و ئەندێشەی دانیشتواندا هەڵدەکێشا و خەلسە و کرنووشێکی ویژدانی بە هەردوو لادا وەدی دەکرا.

ژێیەکانی سێ تار ناڵەی دەروونی کەف چەرێنی دەپالاوت پەیتا پەیتا دەیکردە هەناسەی گەرم و لە قەفەسی سینە دەهاتە دەرەوە.

هەر وانییە.. لە خۆڕا نەبووە ڕۆژهەڵات بە بێشکە و مۆڵگە و مەڵبەندی زیندەگانی و یەکەمین هەنگاوی فەرهەنگی رۆحلەبەرانی گێتی ژمێراوە.. لەوێڕا ئەندێشەکان زاخاو، تەن و لەشیش دەسەمۆی دەردی سازندە و گران و خۆشەی ژان و بە ئێش و دەردەوە ڕاهاتووە و توانا و تاقەت و تامووڵ بووە بە دروشمی رۆژانەی هەر رۆژهەڵاتییەك و سۆفییانە لە چاوگەی ئەفسانەییدا ئاوی حەیاتیان هەڵگوزاوە و بینیان پێوە ناوە.

تاو تاو مژێکی لە کاسەکەی دەدا و ئارام هەناسەیەکی هەڵدەکێشا و سەر و قەپۆزەی بەسەر مێزەکەوە داچۆڕاندبوو تا ئەو حەلە کەس ورچەی بەو شێوە ئاشوفتە و پەرۆش و پەرێشان نەدیبوو.

هاتوچۆکەرانی مەیخانەی (ئەسپی سپی) ئەوانەی دوور و نزیك دەیانناسی، بە چاو لە یەکتریان دەپرسی.. دەبێ چ ڕووی دابێت؟ ورچەی هەموو کات ئارام و لەسەرخۆ و نەرم و نیان چ دەردێکی کاری شەپۆلی بێزاری لە ڕووی لەسەرخۆی ورچەدا هوەیدا کردبێت؟ ورچە لەسەرخۆ بە دەنگی سێ تارەوە نەرم نەرم چاوی هەڵدەهێنایەوە بۆ سەیرکەر وا دەردەکەوت چاوی لەسەر خاڵێکە و دەیسمێت. جگە لە ڕووپۆشی خەمێکی هەزار بە هەزار کەس بیر و ئەندێشەی نەدەخوێندەوە.

پیرە گەماڵی خاوەن مەیخانە روخسار و رووی ورچەی خستبوویە ژێر زەرەبینەوە لە ماتی و مەلوولی زیاتر هیچی تری بۆ وەدەر نەدەکەوت و پەی بە هەڵهێنانی دەردەکەی نەدەبرد.. ئەو هەزاران سەرخۆشی جۆراوجۆری دیبوو.. هەزاران خەم لێدراو و پەژموردە و مەیخوارە و مەیزەدەی لاواندبوویەوە.. هاودەم و هاوبەزمی هەزاران هەرزە هەوەس و کەس و ناکەسی کردبوو.

ورده ورده لە ورچە نزیك بوویەوە، نەرم و ئارام ڕووبەڕوویی لێی دانیشت و هەروا دەینواڕییە ورچەدا.. ورچەش بێ ئەوەی هەست بە بوونی کا زاق زاقێك تێی دەنواڕی پیرە گەماڵی هیندستان دەیزانی بە دەنگ رشتەی خەیاڵی دەبچڕاند و راچڵەکاندنی رەنگە ئاشوفتەی کا.. جا لەسەرخۆ پێوە ژەند و ئارام وتی:

– هەی.. هەی.. هەی،، رەفیق.

ورچە سەرێکی سووڕ داو وەك لە خەوێکی قورس و گران هەستێتەوە بێ تاقەتانە وتی:

– ئای.. ئەتۆیت؟ بمبوورە نەتم دی.

– دەمزانی نەمت دەدی.. دەتوانم بپرسم چیت لێ قەوماوە؟

– هیچم لێ نەقەوماوە.. تەنیا ئەوە نەبێت لە بیردا بووم.

– بیرەکە چەند گوریس قووڵە؟

– گاڵتە دەکەی؟.

– باوەڕکە.. نەء.. پێم وایە هەزار بە هەزار بێت..

– وەك دەزانی ئێمە تۆمان زۆر خۆش دەوێ و جێگەی ڕێزیشی لای خەڵکی. پێمان گرانە مات و مەلوول دەتبینین.

پیرە گەماڵ و ورچە سەرگەرمی راوێژ و گفتوگۆ بوون لەپڕ سەریان بەرز کردەوە کلۆدیوسیان بەراسەری خۆیانەوە وەدی کرد و کەنینێکی گێلانەی نەخشی سەر دەم و قەپۆزەی کردبوو، یەکێك لە دانەکانی پێشەوەی سێ بەشی شکابوو کەلێنێکی ناپەسەند و ناحەزی خستبووە ڕیزی دانییەوە. بۆ خۆی دەیوت..

ئەسپێکی سەرخۆشی سەرسەری شکاندوویەتی..

بەڵام لە ڕاستیدا دانیان لەسەر سەرەسەرِی ناوەخت شکاندبوو، هێندە تووتنی هەرزانی پێ کێشابوو دەم و دانی زەرد هەڵگەڕابوونەوە بەرەو ژەنگ هەڵهێنان دەچوون.

کلۆدیوس لە تەنیشتیانەوە لمی دا و چاوەڕوان تا شتێکی بۆ داواکەن.. خەوەرێك نەبوو.. ئاخری خۆی پێ ڕانەگیرا و هاتە لووشکە و وتی:

– برادەری وا ئەبیت؟

ورچە بە دەنگی کلۆدیوسدا هاتەوە سەرخۆی و وتی:

– خۆ ڕاست دەکەی.. لێم مەگرە نەختێك بێ تاقەتم. ئنجا پیرە گەماڵی هیندوستان چاوێکی لە یەکێك لە نۆما ماینە بادەگێڕەکان هەڵتەکاند و ئازانە هاتە پێشەوە و فەرمانی بادەی وەرگرت و چوو.

هەرا و هوریا و گڵمە گڵمێکی تێکەڵ دەهاتە گوێ لە شەقامدا چەند گەماڵێکی بەروانکەی قایش لەمل سەگێکیان پەلەکێش دەکرد و ڕادەماڵی.. دەرکەوت سەگی پەلەکێشکراو خەڵکی باشووری سوودانە و قازێکی باخچەی مللی خواردووە و لە کاتی خواردنیشی دەسگیر کراوە و وا بەرەو دادگە و سزادان پەلەکێشیان دەکرد. کلۆدیوس چەند مژێکی لە پێکەکەی دا و ئنجا بە زەردەخەنەیەکەوە ڕووی کردە ورچە و وتی:

– ئێ.. برادەر مات و مەلوول دەتبینم.. تۆ چی؟ ئێوەمانان پەرچەمداری ANST بن ئەیرا بە بەهەشتی بەرین دەزانن و مۆڵگەی ئاوات و ئارەزووتانە. داخۆ دەبێ چ خەمێکتان هەبێت؟! سەیر لەوەدایە پێتان وایە دژی کۆیلایەتی ڕاوەستاون نازانن بۆ خۆتان هەڵقەی کۆیلاتی بیروڕای خۆتان لە گەردن کردووە و لە هەر بانگەوازێکی تر کەڕ و کوێرن.

– کلۆدیوس بیبڕەوە! کەم خەم و تەم لە دڵما نییە و تاقەتی فەلسەفەبافی تۆم نەهەیە و نە ئەیش بێت.

پیرە گەماڵ لە کلۆدیوس مڕ بوویەوە و وتی:

– ئەمە رەسم و رەواڵی برادەرایەتی نییە.. لە جوێی ئەوەی دڵخۆشی دەیتەوە. کەچی سم شێلی دەکەیت و زامی دەکولێنیتەوە؟

– زام؟ کام زام؟ بۆچی لە ANST دا زام و ژان و دەرد و گریانیش هەیە.. ئەمن بە چاوی خۆم بیبینم باوەڕ ناکەم.

– گاڵتە بکەی یا لاقرتێ هەر کامێکیان بێت. کاتێکی باشت هەڵنەبژاردووە.

– نە گاڵتە دەکەم و نە لاقرتێش!

– باشە، بیبڕەوە!

– نەخێر نایبڕمەوە. ئێوەش ئەوەندە قووڵی مەکەنەوە و سەختی لێ مەنوون.. ئەم ژیانە پڕ دەردەسەرە هەر وا بووە و هەر وایش دەمێنێتەوە.. زەویش ملوێنەها ساڵە بەسەر قلاندۆشانی (ئەتلەس)ەوە لەنگەری ختووە و سەریشی لەسەر بازووی (ئیزیس) و (پرۆمینۆس) و (ئەخناتوون)ەوە داناوە.. ئەورۆ ئەوڕۆیە! سبەی کە هات ئەو حەلە خەمی بخۆن راستی ئەوە لوشا لە کوێیە؟

– دەڵێم زام دەکولێنێتەوە و هەی خۆت ئاسا تێی دەکوتێ باوەڕت نایە. کلۆدیوس زانی شتێك قەوماوە و باشترە گاڵتەکانی هەڵگرێت بۆ کاتێکی تر. جموجووڵێکی کرد و خۆی لە ورچە نزیك کردەوە و پیاوماقووڵانە وتی:

– جا ئەم خەم و تەمەی بۆ چییە؟ شەڕی نێوان دڵداران تام و خوێی ئەڤینە من رۆژ نییە دە جار لەگەڵ دڵدارانمدا بە جووتە نەیەم و کاجیرەی یەکتر نەهەنوین.

ورچە بێدەنگ و بێ ڕەنگ لە ماتی و مەلوولیی خۆیدا دەتلایەوە.. ئارام وتی:

– ئەگەر وەك تۆ تێفکرامایە.. وام بە سەردا نەدەهات.

– ئەم بەزمە من و تۆی بۆ نییە.. تەنیا ئەوەیە من سەختی لێ نانوم و دەردەکانم فەرامۆش دەکەم و سەری تەسلیم دانانوێنمەوە.

– نە کلۆدیوس.. نەء مەبەستم لەوەی نییە! دەڵێم ئاخۆ تا بە ئەورۆ تام و چێژی عیشقت چێژاوە؟

– راستت بوێت.. نازانم.. لە بیرمە کاتێك جاش بووم، تازە سەر و گەردنم

گرتبوو. بۆ خۆتانیش دەزانن جاشایەتی دنیایەکە بۆ خۆی.. سەرین و ترین و هەزار بەزم و سەمەرەی تیادایە.. دڵێك تا سەد دڵ عاشقی جاش ماکەرێکی نازدار و تازە پێگەیشتوو بووم.. گڕی تێ بەردابووم. نەرۆژم هەبوو.. نە شەو.. ئای شەوگاری تاڵم رابوارد.. ئای نەقیزە و جووتە و تێلا و تێهەڵدانم خوارد.. داوای ریواسی کوێستانی بکردایە بۆم دەهێنا.

– ئاخری بە کوێ گەیشت؟

– وەك هەمیشە. بە هیچ کوێ!

– ئەی چۆن؟

– چۆنی ناوێت.. تۆ یەشتا لە بوارت نەداوە تەسلیم بوویتە و دەبیەت لیە داکەندووە، ئاگات لە خۆت بێ شەپۆلی رات دەماڵی.، نازانی ئاوی چاوی مینگینە چەندە بەهێزە و.. بێ بەزەییش؟

– کلۆدیوس.. خەتای خۆم نییە.. هەرچی خۆم سەرزەنشت دەکەم.. خۆمم پێ راناگیرێت.. لەلایەکەوە عیشقی لوشا برژاندوومی و لەلایەکی تریشەوە سەر بە هەوایەکەی گڕی تێ بەرداوم دەترسم کارێکی ناشایستەم لێ بوەشێتەوە.. ئەو حەلە وەڵامی ناسیارانم چی بدەمەوە.

پیرە گەماڵ ژیرانە سەرێکی لەرزاندەوە و وتی:

– دنیای ئێمە یەشتا پاك و خاوێنە و نەگەیشتووەتە مەرزی بێ دەربەستی ئێمەی شەرقی پەروەردەی بیروڕایەکی جیاوازین. ئەم جۆرە ئازادییانە بە بەرەڵڵایی و بێ بەند و باری دادەنێین. ئەمن بۆ خۆم ئەوە چەندان ساڵە لەم ANST دام.. وا پیریش بووم. زۆر کۆشام بازێك لە بیروڕاکانم تووردەم و رۆژئاوایانە هەنگاو نێم... هەرچی کۆشام نەمتوانی! هەروەها بۆ ئەوانیش ئاسان نییە وەك ئێمە تێ فکرین. رەنگە گاڵتەش بەکردارمان کەن. کە دەیکەن.

– ئەمانەی دەیفەرمووی هەر هەمووی قەبووڵە و لەسەر سەرم بەڵام قەپە گەری و بێ بەندوباری چ لە رۆژهەڵاتدا و چ لە رۆژئاوادا ئەگەر بە یەك ئەندازە ناشایستە و ناپەسەند نەبێت شتێکی وایان نێوان نییە. لەیراش خوار تێی دەنوارن. کلۆدیوس

خۆی پێ ڕانەگیرا و وتی:

– کاکە ورچە دەتەوێت چی بڵێیت؟

– دەمەوێت بڵێم لوشای لای من. باوەك دەزانم منی خۆش دەوێت.. هەرچیشی لا خۆش بێت بۆ خۆی دەیکا چەندان جار یەخەم پێ گرتووە و بێ فایدەیە و دەڵێت. ئەوەی پێم خۆش بێ و هەوەسم لێی بێت دەیکەم. ئەمن پەلەوەرێکی ئازادم و پابەندی هیچ مەرز و سنوورێك نیم. رازیت ئەمەم.... نیت؟ هەرچی بە چاك دەزانی بیکە.

– جا ئەو هەرا و هوریایەی بۆ چییە؟ دانی قرۆڵ چارەی تووڕدانە تووڕدان.

– ویستم.. نەمتوانی!

لەم باسانەدا لوشا لە دەرگەی مەیخانەوە وەدەرکەوت بە مەکر و نازێکی مێنگینانەوە نەختێك خۆی لە ورچە هەسواند، نیوە ئاوڕێکی لە نێو ئاوێنەی ڕووبەڕووی سەر دیوارەکەدا لە خۆی دایەوە و لەسەرخۆ بە ورچەی وت:

– ببوورە درەنگم کرد. سەرم گەرم بوو.

نۆما ماینێکی یاڵ زەرد سەوەتەیەك گوڵی لە مل دابوو لە مێز نزیك بوویەوە و کلۆدیوس تەلێك گوڵی لێ کڕی و دای بە لوشا و وتی: ئەمەش نیشانەی عیشقی کاکە ورچەمان، بۆ عاشقان هەموو ڕۆژ ڤالانتاینە.

## ٢٧

لە پایتەختی نامۆییدا لە شەقاما چایخانە دووریان و لاکێشی کەناری رێگە نامۆ و ئاوارە پەك کەوتوو. شل و شێواو شەیدا و ئاشوفتە بێ دەربەست لەنگەر خستوو. سەرسام. ئاوەزخەوتوو هەی دەنوارم و شێوە و ڕوو دەپشكنم رەش. سوور، سپی. ئاغر. شرشێت، لە جەنگەڵی سەختی ژیانا. تاوێك خونچە و گیای هەرزەو، زەردەسیری و پەیكول و درك بە خەرمان دەچنم. بە دوای لەش و لاری سێوەر ئاسای ئاواتی دڵڕفێنی مێشكی ماندووا، بە دوای پەرتووكی خەیاڵیی ئەفسانەیی پڕ لە راز و جادووا، خۆڵاویی گەردی دەردم لێ نیشتووە، بێ ناونیشان پەرێشان شەقامی شەو ئارام لەسەرخۆ دەپێوم، بێدەنگ، ماندوومەنگ، گێژ و ئازارچێژ. لە بیرم نەماوە. بیرم باوەڕم. نێوم. تەبارم. شارم. خزم و خۆیش. دوای دەردەسەری فراوان و دژواری ژیان و زەحمەتی، هەزاران كوێرەوەری ژان و پەتپەتی.. شیوەت بەسەر درەختی نائومێدییەوە سنگ بە چۆك، بێ متمانە و لەرزۆك، بای بێ دادی.. سەمای مەرگی پێ دەگێڕا.

ئەی ئاواتە ڕچاوەكانی دنیای نامۆییم! باری ئازار، جارەوبار سەهۆڵی مەینەت دەتوێنێتەوە و لە بیرم دەكا ژان و یەك دنیا ئێشەكەم. پای ئارەزوو هەڵدەگرم.. دەستی ئومێد ڕادەكێشم. بێ ئامان چەقۆی زەمان بازووم دەبڕێ لەبن و بێخدا.

ئەمما یاران،
ئەشكی عیشق ئاوی حەیاتە لە خشت و خۆڵ و گڵما
نەخشاوە ڕوو و روخساری لە دیواری بەرزی دڵما
هەناسەی بوونە، توانایە، راوەستانە

لە ڕشتەی دیوار و خشتا،

زەوی لەرزی...

کەون هەژا...

خانە خاپوور بوو هەڕۆژا!.

چ بوڵەندە دیواری عیشق..

بەرزی بەرزە و پا بەرچایەو دوای زەلزەلەش ماوە.. یەشتا!

ئافەرین کاکە ورچە.. دیارە خەم خراو دای کردوویتەتەوە.. ئێوە بۆ؟

بۆچی دنیای ANST یش وەك خۆمان خەم سازە و پڕ دەردەسەرە..؟ یا دەردێکی تایبەتت لێ قەوماوە.. کامیان؟

– لە ڕاستیدا هەردووکیان.. بەهەرحاڵ زیندەگانی بۆ خۆی پڕ لە دەردەسەرە و ڕەنگە بێ دەردەسەر و کێشەکێش تام و چێژێکی ئەوتۆیشی نەبێت.. ئەوە نەتوت زۆر لە قیبروس گل درانەوە یا نەء..؟

– ئێمەیان زۆر ڕانەگرد.. لە پێشدا ناومان لە لیستەدا تۆمار کرابوو، بەڵام برۆ و سەیرکە.. ئاشوفتە بازاڕێکە نەبێتەوە.. نە نان هەیە. نە ئاو هەیە. نە جێگە و قوژبنێك وەگیر دێت. لە هەرچوار لاوە خرۆشاوە.. چەندان داڵان و خەیمەگایان بەرپا کردووە و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی پەناهێنەرانی هەی.. زۆرتر دەبێ.

– ئەی داوودەزگای مافی جانەوەرانە چی؟

– مافی چی و.. قسەی قۆڕی چی.. ئەو دروشمانە تەپڵی ناو خاڵین و لێ دەدرێن. دنیا وەك جاران نەماوە چەقۆیان تیژە و بێ پەروا بەکاری دەهێنن. کێ دەڵێ نا. مەکەن؟ دەڵێن؟.

– نازانم.. بەڵام لە بیرتە لەسەر ئێمە چییان کرد و چەنێك دەمڕاستانە کردیانە قاڵە و گاڵە و گۆبەن؟

– ئەوە ئەوسابوو. دنیا بەم شێوە یەکالا نەبووبووەوە. بەشەرەکان لە یەکتردەترسان. بەرژەوەندییان لەوەدا بوو. جارەوبار گرفتارییەك لە گۆشە و

کەناری دنیادا بخولقایە و بیابکردبا بە دەستە گرەو بە پێی بەرژەوەندی خۆ نیازی پێ بەرئاورد دەکرا. ئەوە نەما لەم رۆژانەدا کەس بە کەس نییە و کەسیش خۆی ناکاتە خاوەنمان. رووداوەکان دەڵێی شانۆییيەکی داڕێژراو و نووسراوە و هەر کەسێك رۆڵێکی پێ سپێراوە.. وا بڕوا حیساو تەواوە.

– نیگەران و ناڕەحەت مەبە لەیرا دەیکەین بە هەرا ANST ئاگای لەم رووداوانە نییە.

– ئاگەداریش بێت هیچی پێ ناکرێت، کارەکە لەوە گوزەشتووە. دنیای ئەمڕۆ زۆر یەکلایی و توندوتیژ دەڕوا.. ANST یش بێ بە ئاگریش هیچ کوێی پێ ناسووتێت!

– دڵنیابە ڕەحەت دانانیشین و دەیکەین بە هەرا.

– کاکە ورچە بە مشت گری کردنی چەند مەیموون و سەر راوەشانی چەند ئاژێڵ و قیرە و بۆرەی ناهالی نێو شەقامەکانیANSTدا دەقی داڕێژراوی ئەم دەوروزەمانە ناشکێنرێت! ئەوە پلانە... پلان..!!

– جا دەڵێی دەست لەسەر دەست دانێین و سەری تەسلیمیش بۆ چەقۆیان ڕاخەین.. نا؟..

– نا من ئەوەش ناڵێم.. دەڵێم بەرد لە جێگەی خۆی سەنگینە هەر کارێك بکرێ لە ولاتی خۆتدا دەکرێ نەك لەم بنار و بەندەنەدا.

– ئەیراش نەبووایە. چی..؟ جێی شوکری باقی نییە؟

– بێگومان ANST جێگەی ئومێدی ئاژێلانی رووی زەوییە، ئیستگەی دەنگ گەیشتنە بە مەڵبەندەکانی ئازادی. ئاسایش– گایە جێگەی حەسانەوە و زاخاوی بیر و ئەندێشەیە.. ئەمانە هەمووی لەسەر سەرم. ئەما نەك تەواوی تەقالا بێتە ئەوەی چۆن خۆمان بگەیەنینەANST و مەبەستمان لە بیرچێتەوە. ئێمە دژ بە زۆر و زۆرداری راوەستاوین و راونراوین.ANST ئومێدە.. نەك ئاوات و ئارەزوو.. بەڵگەیە نەك مەبەست.

– جا قوتە برا.. وا تێ دەفکریت.. بۆ ئەم رێگە دوورەت خستە بەر خۆت و خۆت

گەیاندە ئێرە؟

– هاتنم هیچ لە بیر و ڕام ناگۆڕێت.. جارێك بارودۆخی وڵات ئەوە نییە وەك جاران ململانێ کەین.. پەنجە لە پەنجە بئاڵێنین. دڵنیام بە زووترین کات بار دەپلێتەوە لایەکی تردا ئەو حەلە سەیرکە و بزانە تاوێك لێرا دەمێنمەوە!؟

– گورگەش وا تێ دەفکرێت؟

– ئەو لە سەرەتاشەوە بە ناڕەزا هێناومە و پەلەکێشم کردووە.

– لە ڕووبەڕوویی لێپرسراوانی ANST دا چ جۆرە پیشەیەکت هەڵبژارد؟

– باخەوانی؟

– ئەی گورگە؟

– وەك دەزانی گورگە بێ سەوادە و نەخوونەوار، وای بە چاك زانی جارێك فێری سەوادەکە بێت چاکترە. تا ئەو حەلەش خوا خۆی دەمێنێتەوە و موڵکی!

– ئەوەی راستی بێت منیش لە سەرەتاوە ANSTم بە بەندیخانەیەکی گەورە و رازاوە دەهاتە بەرچاو.. وردە وردە ڕاهاتم. با ئاسایش و حەسانەوەی ANST لە دەمتانا تام بداتەوە، چەند جارێك کون و قوژبن و کۆگا و شەقامەکانی ببینن و لەگەڵ شەقامی بەربەرییەت هەڵی سەنگێنن و بەرئاوردی کەن دڵنیام بیروڕاتان دەگۆڕن.

– دڵنیا مەبە.

– باشە. یەکتر دەبینینەوە.

– تۆ بڵێی ئەم بەزمە بەم چەشنەی کە دەیبینین هەروا درێژە بکێشیت.؟ خۆ

## ٢٨

ئەگەر چەند مانگێکی تر بخایەنێت من یەکێکم.. دیقی مەرگ دەکەم.

– سەختی لێ مەنۆڕە. تاو و تامۆڵت هەبێت. ئەوان نانیان بە تەنوورەوە نەسووتاوە. هەرچی بەرژەوەندییان هەبێت دەیکەن و گوێیان لە دەرد و ژانی ئێمەش هەر نییە.

– ئەی ئەم هەموو پڕوپاگەندەیە چییە دەیکەن؟ ئەم هەموو درۆ و دەلەسەیەی پێ ناوێ.. هەرچییان بووێت یەك و دوویی لێ ناکەن و دەیکەن.

– گورگە برا. ڕاست دەکەی دەیکەن و بە ئاسانیش ناویان لێ ناوە سیاسەت. لەناو ئاوا سیاسەتێکدا و ئاوا سیاسەت بازێکدا جووڵانەوەی تایبەتی دەوێ. دنیای ئەوڕۆ دنیایەکی ترە و کەسێکی دەوێ زمانی ئەم سەردەمە بزانێت وەئیلا کڵاوی با بردوویەتی.

– جا ئێمە کەی کڵاومان هەبووە.. تا با بیبات!

– تا لێمانیان نەکرد بە کڵاو کڵاو هەمان بوو. دەستمان پێوە گرتبوو.. بەڵام ڕەشەبایەکی ناهاڵیان بۆ هەڵکردین.

– جا چ سوود سبەینەش هەمان ڕەشەبامان بۆ هەڵ دەکەن و ئەمجارە نەك هەرکڵاو خۆمانیش چوو باپووشکە دەبا بە ئاسماندا.

– ڕاست دەکەی.. ئەگەر بە هەنگاوی جاران هەنگاو بنێین و تێفکرین با دەمانبا.!

– دەڵێم هەوڵ و تەقالاکەمان ئاسنی سارد کوتانە.. چ پێویستی بە کۆبوونەوە و ڕاوێژ و ڕێکخستن هەیە.. ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبا.

– ئاو دەبا.. دەبا! بەڵام دەنواڕی چەندان ڕۆشنبیر و لاوخاس هاتووەتە دەنگی

بانگەوازەکەمانەوە و ئامادەی هاوکاری و جووڵانەوەی راستەقینەن.. دەزانی بۆ؟.

– نا.!

– چونکە نارازین و ترسیان لە سبەینێ هەیە. بێ باوەڕن بە چاوساقانی دوێنێ. دەترسن دیسانەوە بێ درایەتی کەن و کۆڵەوارییەکی تێکڕایی تر بهێننە کایەوە.

– دەتەوێت لە کۆبوونەوەی ئەمشەودا لەم بارانەوە بدوێیت؟

– تەنیا لەم رووەوە نا. هەرچی بە باشی دەزانم دەیڵێم.

نوما ماینێکی یاڵ زەرد لە مێزی گورگە و قوتەوە نزیك بوویەوە و بە نازەوە حیلاندی و وتی:

پێکیکی تر تازە ناکەنەوە؟

گورگە و قوتە سەریان بەرز کردەوە و بە بزە کەنینێکەوە نەرمە سەرڕاوەشانێکیان کرد و نومامایین ئاغر ئاغر کشایەوە. مەیخانەی ئەسپی سپی وەك هەردەم دەرزیت هەڵدایە لە زەوی نەدەکەوت.. تەواوی گیانلەبەران دەکۆشان ئاسایشی یەکتر و ئارامی تێکڕایی بپارێزن.

قوتە ئاوڕێکی لە دەوروبەر دایەوەو ورچەی لە سووچە هەمیشەییەکەیدا وەدی کرد شل و شێواو خەوەنەنووچکە دەیبردەوە. هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:

ئەم وەزعە بەم شێوە بەردەوام بێت هەراکەمان ئەنجامێکی سەرەو لێژمان دەبێت. گوڕ و توانا و هەستان و لێدوان و دڕی و ملهوڕیی ورچە بینەوە یاد و لەگەڵ ئێستادا بەرئاوردی بکە و هەڵی سەنگێنە. ئەو حەلە دەزانیANST چ گۆمێکی گەورە راوەستاوە و بێ رەحمانە بە بەردە ئاشی زەمان لەسەرخۆ دەمانهاڕێتە سەر یەکدا.. بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین راستە دەڵێن: ئاخری پیری و مەعرەکەگیری! تۆ سەیرکە مەرجەکانی ژیانی نێوTSNA چی بەسەر ورچەدا هێناوە؟ هەتاوەکو کەڵکی ئەوەی پێوە نەماوە بۆ ساتێك بیر لە خۆی بکاتەوە و هەڵە و ڕاست جوێ بکاتەوە. تا گەیشتە ئەم ئاکامە. کە دەیبینی.

– قوتە گیان! هەر کات ورچە وا دەبینم گرم تێ بەردەبێت. خەتای خۆم نییە.

خۆمم پێ ڕانا گیرێت.. ئاخر کام مێنگینەی سەر رووی زەوی ئەوە دێنێ وای بۆ بکرێت؟

– بە هەرحاڵ حەیف بوو وای بەسەرداهات. جێگەی ئومێدبوو، بەڵام بە داخەوە ڕووداوخراو گڵاندوویەتی و پای لە بەردەئاشی زەمان هەڵکەوتووە.. زۆر ناخەیەنێت دەکوژێتەوە.

لە شەقامدا هەرا دەبیسرا.. بۆڕە و قاڕە و حەپە و حیلکە تێکەڵ بووبوو قوتە و گورگە لە مەیخانەی ئەسپی سپی هاتنە دەرەوە ریژەی سەد ئاژێڵێك لە چەقی شەقامدا بەرەو گۆڕەپانی ANST پەرچەم و لافیتە بە دەست دەڕۆیشتن لەسەر لافیتەکان نووسرابوو: (بژی برایەتیی بەشەر و ئاژێڵ).

(با بەردەوام بێت دۆستایەتیی هەتا هەتایی ئاژێل و بەشەر!) لە دوو لای شەقامەوە ئاژێڵان تووڕە و ئاڵۆز خوێن تێزابووە ڕەگ و دەماری لاگەردنیان، پڕ بە دەم هاواریان دەکرد:

(برووخێت کاسەلێسان. بمرێت خۆفرۆش و بابردەڵە!)

دانەدانە تەماتەی گەنێو و هەڵووژەی پلیشاوەشیان تێ دەگرتن. گورگە و قوتە بە جووتە بەرەو خوار کشانەوە هەروا ئارام دەڕۆیشتن. قوتە وتی:

– دەبینی بەشەر دەستبەردار نەبووە و ناشبیت. شەو و ڕۆژ خەریکە.. ئەمەش وا دەیبینی نیشانەی تەقالای دام و دەستگا نهێنییەکانی بەشەرە لە دنیایANST دا خوا بکا لەمەدا بیهێڵنەوە و نەبێتە گومڕایی تێکڕایی؟

بارانێکی توندوتیژ دای دا و قوتە و گورگە خۆیان ترنجاندە ژێر سایەبانێکەوە بەسەر دیوارێکەوە وێنەیەك هەڵواسرابوو لەسەری نووسرابوو ( ئەگەر دەتەوێت هونەر و سەمای ئەفریقای ڕەش ببینیت لە ڕۆژی بیست و یەکی ئەم مانگەدا لە تەلاری هونەر هونەرنمایی مەیموونەکانی ئەفریقای ناوەڕاست ئەنجام دەدرێت. بۆ هەر یەك کەس حەوت پاوەندە.. لە بیرت نەچێت)

تەمومژ شەقامی گرتبووە خۆ. پرووزەی ریزەریزەی باران دادەباری. تاك تاك و جووت جووت ئاژێڵ بەرەو تەلاری ئاکادیمی دەڕۆیشتن. تەلار پڕی پڕ نەبووبوو..

ڕێزەكانی دوا بە خاڵییەتی مابوونەوە. چەند گەماڵێكی بەروانكە لەمل لە دەر و ڕاڕەوی تەلاردا بێدەنگ ڕاوەستابوون ئامادەی هەر ڕووداوێك.. لە سنگی تالارەوە پارچەیەك هەڵواسرابوو بە خەتێكی زل زەلام لە سەری نووسرابوو (پڕۆژەی كودەتایەكی دەروونی).

گڵمە گڵم لە گۆشە و كەنارەوە دەبیسرا. زۆری پێ نەچوو باس دەست پێ كرا. چەند كەسێك هەڵبەست و بیر و ڕای خۆی وت و نۆرە هاتە سەر قوتە.. زۆربەی خەڵكەكە بۆ ئەوە هاتبوون گوێ لە قسەكانی قوتە بگرن.. كە ڕۆیشتە پشتی میكرۆفۆن خەڵكەكە هەناسەیان لە خۆ بڕی، قوتەش ئاوڕێكی ئارامی لە تێكڕای خەڵك دایەوە و لەسەرخۆ وتی:

ئازیزانی بەڕێز...

من ئەمشەو زۆر سەرتان نایەشێنم. ڕاستەوخۆ دەچمە نێو چەقی باسەكەمەوە!

داخەكەم وام دەزانی لەم بنار و بەندەنەدا.. لەم شەقام و كۆڵان و دەور و بەرەدا.. لە دنیایANST دا دەتوانم لە كێشە و دەردەسەری هەمیشەگیم دووركەومەوە و ڕێچكەی ژیانێكی ڕاستەقینە هەڵگرم و لەم خاڵەوە دەست پێ بكەمەوە! من هەموو كات وام زانیوە (خاڵ) گەورەترین و گرینگترین ژمارەیە لە ژیانی هەر گیانلەبەرێكدا.. گیانلەبەری ئازادە و تەقالاكەر. كاتێك گەیشتمە ANST ئاوڕی چوار تەنیشتم دایەوە بۆ سەردەمێك مەنگ و سەرسام نەمدەتوانی دنیای ANST بسەلمێنم هەموو شتم بەلاوە تازە بوو. تا ڕادەیەكیش بێ باوەڕ بەوەی دەیبینم. یاساكانیANST دارژتنی ژیانیANST.. ئازادی بەیان، تێفكرین، هەست دەربڕین، هەڵبژاردن.. بە كورتی ئازادیی بێ مەرز و سنووری تێكڕای ژیان.

سات تێ پەڕی ڕۆژگار و مانگ وساڵی.. وردە وردە گەیشتمە باوەڕێك دەبێت خۆم لە ئاوا ئازادییەك ڕزگار بكەم. من دیسانەوە گەیشتبوومەوە سەر ژمارەی (خاڵ) بە دوای یەكدا هانگاونان و پا هەڵكەوتن و گلان و گەیشتنەوە سەر (خاڵ) و تەقالایەكی تر و لەدایكبوونی ساوایەكی تر و دەم و سەردەمێكی تر.. یەك بەدوای یەكدا بووم بەخاوەن ژمارەیەكی زۆری خاڵ. بۆم دەركەوت یەشتا دیل و كۆت لە ملی ئارەزووە هەرزانەكانم، شەتەك دراوی سات و سەردەم و زەمانم.. لە

لیتاوی زەڕ و بەندی ئابووری و تەنگوچەڵەمەی رەگەزایەتی هەرزان و هەوا و هەناسەی رەنگا و ڕەنگ و جۆراوجۆردا دەخولێمەوە و دەتلێمەوە.

لەدایکبوونەکان یەك و دووان نین.. سفرەکانە گرینگترین لەدایکبوون.. هەستی راستەقینەی بەبوونکردن یەکەمین هەنگاوی ژیانە. لەدایکبوون لە پێناوی ئازادی دا ئازادیی راستەقینەی خۆماڵی بێ پەرژین و سنوور.. ئایا لە کۆڵانەکانی ANST دا تا کەی و تا چ ئەندازە دەتوانین ژمارەی (خاڵ) گلێرکەینەوە؟

لەدایکبووەکان– نەوزادەکان– زمان و واژەی راستەقینەی بناری لای خۆمان تێ ناگەن.. تێشی بگەن گوێگرێکی ئاراستە و باش نابن.. جا وا من و چەند برادەرێك بڕیارمان داوە دیسانەوە لە ژمارەیەکی بێ ژمارەوە لە (خاڵ)ەوە دەست پێ بکەینەوە.. نەك لە کۆڵان و کۆگا و مەیخانە و شەقام و کۆڵانەکانیANST دا بگرە لە بنار و بەندەنی زاگرۆزەوە. لەوێڕا دیسانەوە لە خاڵی راستەقینەی ژیانەوە دەست پێ دەکەینەوە.. خاڵی ژیان بۆ مەرگ و مەرگ بۆ ژیان.

ئیتر بەدووعا ئازیزانم. وائێمە گەراینەوە بو وڵات

کۆتاییی بەشی یەکەم

١٩٩٢/ لەندەن